سەرچاوە
Serchawe



# پێڕست


١- وتووێژی تایبەتیی "کوردستان" لەگەڵ بەڕێز ئەحمەد شێربەگی ........................................ ٧
٢- بیرەوەرییەک لە ژیانی خۆم لە گەڵ نەمر کاک تەها ................................................ ١٧
٣- کورد کاناڵ و شێواندنی مێژووی دەنگی کوردستانی ئێران ........................................ ٢٣
٤- پەردە لادان لە مۆنومێنتی شەهید دوکتور"قاسملوو"و ئەرکی ئێمە ................................ ٢٦
٥- ئایا بێدەنگی ئەمجارەی خەڵکی کوردستان لەساڵرۆژی شەهید بوونی دوکتور قاسملوو .................... ٢٩
٦- چەند پەیڤێک لە سەر بیر و ئەندێشە و روانگە و بۆچوونەکانی د.سادق شەرەفکەندی .................... ٣٣
٧- دوکتور سەعید بوێرانە پشتیوانی لە بیرۆکەی "کورتە باسێک لەسەر سوسیالیزم"ی کرد .................... ٣٧
٨- فرمیسکی باران بۆ ئاوپرژێنی روحی شەرەفکەندی ................................................ ٤٠
٩- من و شێرکۆ بێکەس ............................................................................. ٤٢
١٠- ئەمرۆ ٢٨ی دێسامبر سێ ساڵ بە سەر مەرگی کاک تەهای عەتیقی دا تێدەپەڕی ........................ ٤٤
١١- ئێرەدەنگی کوردستانی ئێرانە .................................................................... ٤٧
١٢- خەرمانەیەک ئەزموون و داهێنانی بە خۆیەوە بینەوە ................................................ ٤٩
١٣- دەنگی کوردستانی ئێران، لەدایک بوونیکی مێژوویی ................................................ ٥١
١٤- یادێک لە مەهەندیس خەیاتی ..................................................................... ٥٥

**ساڵی: ٢٠١٤ و ٢٠١٥ ..................... لاپەڕەی ................ ٥٦**

١٥- کۆماری پەت و سێداری ئیسلامی ئێران پەتەی کەوتە سەر ئاو...

١٦- مانگرتنێک لە پشت میلە ئەستوورەکانی بێدەنگێکی دا...
١٧- لە مەکتەبی دوکتور قاسملووی مەزن دا ناو زڕندان و زمانی زبرنامۆیە...
١٨- دەنگێکی ئارام و قەڵەمێکی سرک...
١٩- دیسان پیلانێک بۆ شکاندنی هەیبەتی پێشمەرگە...
٢٠- مەهاباد تەنیا نێ و دڵی هەموو کوردستانی لە گەڵە...
٢١- سەرەڕۆیی پێ کاکا بوو بە هۆی لێدانی ستارتی شەری قرێژی براکوژی...
٢٢- شکستی هەڵبژاردەنەکانی پەرلەمانی حیزبی ئۆردۆگان...
٢٣- بۆمباباران کردنی بنکەو بارەگاکانی پێ کاکا...
٢٤- ئاژانسی هەواڵدەری "ایرنا"...
٢٥- یادێک لە شەش ساڵەی کۆچی لەنەکاوی کاک تەها...

## ساڵی: ٢٠١٤..................... لاپەڕەی ................ ٧٨

٢٦- پەیمانی سایکس - پیکۆ...
٢٧- چاوپێکەوتن لەگەڵ ماڵپەڕی ڕۆژی کورد...
٢٨- ئەوەی لە تورکیا رووی دا کودەتا بوو...
٢٩- خەڵاتێک کە خودا بۆ ئۆردۆغانی نارد!!!...
٣٠- دێمۆکرات پێی نایە ٧١ ساڵەی تەمەنی...
٣١- دیسان بۆسۆی سووتانی هەناوی دایکی کورد...
٣٢- بە بۆنەی مەرگی فیدل کاسترۆ...
٣٣- کەلاشی خوێناوی چمان پێدەلێ؟...

## ساڵی: ٢٠١٧ ..................... لاپەڕەی ................ ٩٣

٣٤- جێگای مشکان کادێنە...

٣٥- ڕەفسەنجانی مرد...

٣٦- هەڵکرانی ئالای کوردستان لە کەرکووک...

٣٧- سڵاو لە مەحمەد سەدیقی کەبودوەند...

٣٨- عیرفان قانعی فەردی قەڵەمفرۆشی جاشە...

٣٩- ڕادیوی دەنگی کوردستانی ئێران...

٤٠-"کە من مردم کورد نامرێ"...

٤١- چ غەدرێکی گەورەیە...

٤٢- سەربەخۆیی لە نێوان دوو هزری دژ بە یەکدا...

٤٣- سەربەخۆیی کورد...

٤٤- کورد یا نازانێ چی دەوێ یا دەزانێ چی ناوێ...

٤٥- بۆ فەرهاد سەنگاوی: ئێستا رۆژی تۆیە هاواربکەی بۆ سەربەخۆیی...

٤٦- "مام جەلال" کۆنە سیاسەتوان...

٤٧- کاک کۆسرەت عەلی رەسووڵ...

٤٨- خاتوو شەفیقە خان هاوژینی فایەق بێکەس...

## ساڵی: ٢٠١٨ ...................... لاپەڕەی ................ ١١٤

٤٩- بۆ هاوڕێیانی هەر دوو بەشی "حدکا" و "حدک"...

٥٠- فرخ نگهدار چۆن پێناسە دەکرێ؟...

٥١- عەفرین وانەیەک بۆ سبەینێی ئەم نەتەوەیە...

٥٢- برینی بە سۆترو جەرگبڕتر...

٥٣- "اقتصاد مال خر است"...

٥٤- بۆ ماڵئاوایی صارم الدین صادق وزیری(سارم خان)...

٥٥- بڕیاری ڕێفراندۆم بۆ سەربەخۆیی...

٥٦- دەمامکی ڕووناکبیریی و گۆڕانخوازیی...

**ساڵی: ۲۰۱۹ و ۲۰۲۰ ..................... لاپەڕەی ................ ۱۳٦**

٥٧- ژن، ڕێز گرتن لە ٨ی مارس...
٥٨- کاک "سمایل شەریفزادە" و هاواڵانی...
٥٩- ترامپ لە بەرجام هاتە دەر...
٦٠- نێچیروان بارزانی...
٦١- وتووێژ لە گەڵ کۆماری ئیسلامی...
٦٢- دوکتور شەرەفکەندی...
٦٣- وەفاو ئەمەگی کاک سەعید بۆ گەورەیی دوکتور قاسملوو...
٦٤- سووریا گۆڕەپانی ململانیەکی گەورەی نێوان زلهێزەکان...
٦٥- نا بۆ لێکترازانی شەقامی کوردی...
٦٦- نادیە مراد!...
٦٧- هەرگیز چیرۆکی گەورەیی ژنی کورد ناگاتە کۆتایی...
٦٨- دەسەڵاتی تاران بەرامبەر بە کورد قین لەزگە...
٦٩- تاوان و غەدرێکی ئاشکرا...
٧٠- دۆخی عێراق و کۆمەڵە پرسیارێک کە پێویستە وەڵامیان بۆ بدۆزرێتەوە...
٧١- گۆیا هۆکاری خستنەوە خواری فرۆکە ئۆکراینیەکە ئاشکرا بووە...
٧٢- لە پەراوێزی پێشانگاکەی لۆزانی سویس دا...
٧٣- ئەحمەدی شاملوو و ژان پول سارتر...
٧٤- مەرگی سیامەند ڕەحمان و چەند قسەیەک...

**کۆمەڵێک هونراوە ............................ لاپەڕەی: ۱٥۹**

* سەردەشت...

❊ سوورە شنگاڵ...

❊ مەرگی قاسملوو، مەرگی خۆرە تاوە...

❊ شەرەفکەندی رووبارێک لە جوانمێری، تاڤگەیەک لە بەڵێنی...

❊ کۆبانێ!...

❊ ٥ ساڵ بەسەر نەمانت دا تێپەڕی بەلام تۆ هەر ئەو ئەستێرەی پڕشنگدارەی کە بە دایم لە ئاسمانم دا دەترووسکەیەوە...

❊ فرین بە ئاسمانێکی تەماویدا...

❊ داگیرسانی مۆمێک...

❊ شینێک بۆ پەپوولە باڵ سووتاوەکانی "شیناوێ"...

❊ وەچەی دوای قاسملوو

❊ "مەحەممەدی نەزەری"

❊ یادت هەرمان هاورێ...

❊ ژانێک بە روحی بریندارى شارێکەوە...

٧٥- وێنەیەکی زیندوو و ئاواتێکی کۆچکردوو ........................................................................ ١٩٢

٧٦- داگیرسانی مۆمێک بۆ یادەوەری یەکانی خوسرە ........................................................................ ١٩٤

٧٧- بۆ دایکم ........................................................................................ ١٩٦



## وتووێژی تایبەتیی ڕۆژنامەی "کوردستان"

**ئا: ڕەحیم ڕەشیدی**

**کاک ئەحمەد شێربەگی خۆشەویست، سوپاس کە لە بیرەوەری کارەساتی تێرۆری دوکتۆر شەرەفکەندیو هاوڕێکانیدا، ئیزنتاندا ئەم وتووێژەتان بۆ ڕۆژنامەی "کوردستان" لەگەڵ ساز بدەیین.**

**منیش سوپاسی ئێوە دەکەم بۆ ئەو دەرفەتەی بۆتان ڕەخساندم بۆ ئەوەی لە ١٥هەمین ساڵوەگەری شەهید بوونی سەرکردەی ماندوویی نەناس، ڕێبەری هەمیشە زیندوو، دوکتور صادق شەرەفکەندی کە لە نێو کۆڕی هاوڕێیانی بە کاک سەعید ناسرابوو، چەند لاپەرەیەک لە خەباتو تێکۆشانی ئەو سەرکردە شۆڕشگێرە هەڵدەمەوە، بێگومان ئەمەی لێرەدا دەگوترێ گۆشە نیگایەکی زۆر بچووکە لە ژیانو تێکۆشانی ئەم نەمرە.**

**پرسیار: کاک ئەحمەد ٢٦ی خەرمانانی ئەمساڵ ١٥ ساڵ بەسەر تێرۆری دوکتۆر شەرەفکەندی، ڕێبەری لێوەشاوەی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێرانو هاورێکانی تێپەر دەبێت، ئەم بیرەوەرییە بۆ ئێوە بەبیر هێنەرەوەی چییە؟**

**وەڵام: ٢٦ی خەرمانانی سالی ١٣٧١ی هەتاوی ڕۆژی یادکردنەوەی کارەساتێکی تاڵوگورچووبڕە کە گەلی کورد تووشی هات، ڕۆژی کولانەوەو سەر هەڵدانەوەی برینێکی قووڵە کە تازە قتماخەی گرتبوو دەهات سارێژ بێتەوە، هێشتا دایکی نیشتمانو گەلی کورد لە ژێر زامی پر لە ئێشوژانی مەلی لە خوێندا شەلاڵی ئاشتی، ڕێبەریی زانا دوکتور قاسملووی نەمر پشتی ڕاست نەکردبۆوە کە، دیسان ڕەشەبای زریانی نامۆ هەڵیکردو مۆمی تەمەنی ژیانی مەلێکی تری ئاسمانی خەباتی ئازادیخوازانەی کوردستانی کوژاندەوە، دیسان داوەڵی شەو لە بۆسەی پر لە قینوبوغزدا کەمینی نایەوەو گیانی لە ڕێبەرێکی دیکەی کورد ئەستاندو، دەگەڵ پۆلێک هەڵۆی سووری کوردستان خوێنیان تێکەڵ بەیەک بوو، کەسانێک بوونە قوربانی کە تەنیا تاوانیان وەدیهێنانی خێرو خۆشی بۆ کورد بوو، ئەم ڕۆژە ناخۆشترینو تاڵترین ڕۆژە کە تا ئێستا لە دەفتەری بیرەوەریی ژیانمدا تۆمار کراوە، غەدرێکی یەکجار**

گەورەیە کە لەم رۆژەدا دەرهەق بە کوردی بێبەش کراوە، بە راشکاوی دەتوانم بڵێم؛ برینی ئەمجارەمان زور لە برینی شە هید بوونی دوکتور قاسملوو قووڵترو بەژانترو دڵتەزێنتر بوو، ئەوکاتی رێبەری زاناو دانا، دوکتور قاسملووی مەزن دڵە گەورەکەی لە لێدان کەوت، دوکتور سەعید بە لێوەشاوەیەکی کەم وێنە بەهاوکاریو هاوفکری هەموو کادرو پێشمەرگە توانی حیزب بەرەو ئەو ئاقارە بەرێ کە دوکتور قاسملوو ڕێبەریی دەکرد، بە شاهیدی دۆستو دوژمن کاتێک کاک سەعید پێی نایە جێ پێی مامۆستاکەی هەستت دەکرد دوکتور قاسملوو لە هەموو جێیەکی ئەم حیزبەدا حزووری هەیە، راستە جسمی لە گۆرستانی پێرلاشێز بوو، بەڵام ئەوە رووحو ویژدانی دوکتور قاسملوو بوو کە هەموو رۆژێ لە کەل دەهاتە دەرێو لە کەل بوو ئاوا دەبوو.

**پرسیار**: ئێوە وەکوو دەنگی دلێری "رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران" ساڵانێکی زۆر لە بازنەی بەرپرسایەتی راستەوخۆی دوکتۆردا کارتان کردووە، لەم بارەوە دەتوانن بپەیڤن؟

**وەڵام**: دوو رۆژ بوو "رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران" دەستی بەوەشانی بەرنامەکانی خۆی کردبوو واتە ٢٩ی جۆزەردانی ساڵی ١٣٥٩ی هەتاوی، شاری مەهابادم بەرەو شاخ بە جێهێشت، ئەوکات رێبەرایەتی حیزب بنکەی لە دۆڵی "قەڵاتی ئە سنان"ی ناوچەی مەنگورانی مەهاباد بوو، من پێشتر لە ئێنتیشاراتی کۆمیتەی ناوەندی حیزب لە شاری مەهاباد کارم دەکرد، ئینتشاراتیش گوێزتبوویەوە شاخ، منیش پێوەستی هاوڕێیانم لە شاخ بووم، من تا ئەوکاتی کاک سەعیدم لە نیزیکەوە نەدەناسیو بە قسە نەم دیبوو، تەنیا ئەوەندەم دەزانی کە برای بچووکی ئەدیبو شاعیری نەمر مامۆستا "هەژار"ی موکریانیە، پیاوێکی مام ناونجی رەزا شیرینی رووح سووکم هاتە بەرچاو، تۆپەڵە ریشێکی ماشو برنجی دانابوو، هەتا خودا حەز دەکا سیمای مرۆڤێکی شۆرشگێرانەی تێدا بەدی دەکرا، هەر لە یەکەم نیگادا هەستت دەکرد ساڵانێکی درێژە دەیناسی، نامۆییت لێ نەدەکرد، هەر ئەو رۆژە لە لایەن کومیتەی ناوەندیەوە پێشنیاریی کار لە "دەنگی کوردستانم" پێکرا، بۆ بەیانی رۆژی ٣٠ جۆزەردان دەستم بەکار کرد، یەکەم رۆژی کارکردنم لە رادیودا لە هەڵکەندنی شاخ بە دەستی بەتاڵ پێ دژوارتر بوو، هیچ ئەزموونێکم نەبوو، سامی میکرۆفۆن گرتبوومی، باوەربڕاو ببووم، لە خوێندنەوەو ئەداکردنی رستەکاندا زۆرکلۆڵوو دەستە وەستان بووم، زۆر بە راشکاوی ڕامگەیاد ئەمە کاری من نیەو لە توانامدا نیە، بەڵام هاوکاریی سەخاوەتمەندانەو بێدریغیانەی کاک سەعیدو کاک تەهاو تەنانە ت مامۆستای نەمر دوکتور قاسملوو بوو بە هۆی ئەوە باوەر بەخۆم بێنم، لە رێنوێنێەکانیان کەڵک وەربگرمو بەسەر دێوەزمەی میکرۆفۆندا زاڵ بم، کاک سەعید

هیچکات لێم غافڵ نەبوو، کاتێک گوێی لە بەرنامەکانی رادیۆ رادەگرت، نە تەنیا هــەڵەکانی من بە ڵکوو هەموو وێژەرەکانی تریشی راست دەکردەوە، زور جاری وا هاتۆتە پێشێ کە وەک کلاسی دەرس شێوەی بەیانو ئەداکردنی وشەکانی پێدەکوتینە وە، بەراستیش لێی شارەزا بوو. کاک سەعید لە کاری رادیودا بەتایبەتی زۆر وەسواس بوو، هەموو هەوڵی ئەوە بوو ئاوێنەیەکی باڵانوێنی راستیی بێ، رادیو بۆ کاک سەعید زۆر خۆشەویست بوو، بۆیە بەدڵ بۆ ســەرکەوتنی رۆژ لە گەڵ رۆژ زیاتری تێدەکۆشا، رادیو دەنگی کوردستانی ئێران، بە ژمارەیەکی زۆر کەم کادری فیداکارو لە خۆبوردووماندوویی نەناس هەڵدەسوورا، دەتوانم بە راشکاوی بڵێم کە کاک سەعید دەورێکی گەورەی چ لە باری ناوەرۆکی بەرنامەکانیو چ لە باری تکنیکیو فەنییەوە لە سەرکەوتنی "دەنگی کوردســـــتان"دا هەبوو، جێی سەر سووڕمان بوو ئەو ئینسانە ئەو هەمووە هێزو توانایە لە کوێرا دێنێ؟، کاتێک کاک سەعیدت دەدی ئاوا خۆی ماندوو دەکا، پێت شەرم بوو خۆت لە کار بدزێوە.

**پرسیار**: دوکتۆر شەرەفکەندی جیا لە بەرپرس بۆ ئێوە چ بوو؟

**وەڵام**: کاک سەعید لە کاری رۆژانەی رادیۆدا وەکوو بەرپرسی یەکەم ئەرکی حیزبیو دوســـــتایەتی تێکەڵ بەیەک نەدەکرد، لە ســـــەر ئەرکی حیزبی چاوپۆشی لە نووری چاویی نەدەکرد، دەسەر کەســـەوە نەدەچوو، بەرگو مــەقام بۆ ئەو گرینگ نەبوو، لە کاری حیزبیدا بەرپرس، بەڵام خاریج لە دەرەوەی کاری رادیۆ رەفیق بازو موخلیس بوو، ئەرکی حیزبی لە جێگای خۆیو دوســـــتایەتیش لە جێگای خۆی، دەگەڵ ئەوەیکە دۆستی نزیکی بووم جاری وا هاتۆتە پێشێ کە لەســـــەر ئەرکی حیزبی لێک هەڵبەزینەوەو رەخنەی تووند لەیەکتری بگرین، هیندێک جار وا کـــەوتوومە بەر شاڵاوو وای هەڵپێچاوم کە با بەدەواری شرپی نەکردبێ، بەڵام لە ژیانی شـــەخسیدا ئەوەندە لێک نیزیک بووین کە تەنانەت لە نهێنیەکانی ژیانی بنەماڵـەیی ئاگادار بووین، کاک سەعید باوەرێکی قووڵی بە دۆستایەتی هـــەبوو، لە دۆستایەتیدا زۆر بێ غەلوغـــەش بوو، ئەوەندەی لە کاری حیزبیدا ئیدامە کارو بەبرشت بوو، لەمە زیاتریش لە دۆستایەتیدا خۆمانی، نیزیکو مەجلیس خۆش بوو، بە تەنگ چارەسەر کردنی گیرو گرفتەکانی ژیانمانەوە بوو، بۆیە دەتوانم بڵێم کاک سەعید جگە لەوەی بەرپرسم بوو، سکرتێرم بوو، مامۆستام بوو، دۆستم بوو، برام بوو، هێزو توانام بوو، هومێدم بوو، قینی شۆڕشگێرانەم بوو، هاندەرم بوو، رچەشکێنم بوو.

**پرسیار**: کاتی بیستنی هەواڵەکە چ هەستێک دایگرتیت و چت کرد؟

**وەڵام**: بەیانی رۆژی ٢٧ی خەرمانانی ساڵی ١٣٧١ی هەتاوی بوو، ئەمرۆژەش وەکوو هەموو روژەکانی دیکە خۆم بۆ کاری رادیۆ ئامادە دەکرد، بەتەنیا لە ژووری کاری رادیۆ بووم، چاوەڕوانی هاتنی هاوڕێیانی دیکەم دەکرد، هەستم بەدڵەراوکێک دەکرد بەڵام نەمدەزانی هۆکارەکەی چیە، پەنام بردە بەر دیوانی شێعری شێرکۆ بێکەس، قەسیدەی "داستانی هەڵۆی سور"م هەڵداوەو بەدەنگی بەرز دەمخوێندەوە، نووقمی بەسەرهاتەکە بووم، چووبوومە نێو قووڵایی ئەو پانۆرامایەی کە شاعیر وەسفی کرد بوو:

"ئەی تفەگەکەی موعینی،
تەنها ئەو وەختە ببوورە،
بلە پیاوکوژان،
گەر توانیان جارێکیتر،
"موعینیت" بۆ بهێننەوە،
بتکاتە شان"،

لە پڕێکا کاک تەها خۆی بەژووردا کرد، لە ڕەنگی بزرکاوی، سامێکی سەیر دایگرتم، موچرکێک بە هەموو لەشمدا هات، کاک تەها بە دەنگێکی کپ کراوو پەشۆکاو کووتی: "ئەحمەد ماڵمان وێران بوو، کاک سەعیدیان ترۆر کردوە"، هێشتا ووتەی کاک تەها تەواو نەببوو کە زریکەو گابۆری خەجیجم بەرگوێ کەوت، حەبەسا بووم، نەمدەتوانی باوەر بکەم، هەستم دەکرد خەونە، نابێ راست بێ،

"بە دلدارانی شەم بڵێن.
حەریقێ بەربۆتە دڵم.
هەر کە ئەدوێم.
ئەبێ بەوەرزی ژیلەمۆو پشکۆ بارین.
بە دڵدارانی شەم بڵێن.

لە بەر بۆنو بۆکروزی جەرگی منە.
باخان چاویان پڕ دەبێ لە ئاوو ژان.
هەموو وەکوو دایکم ئەگرین...".

بوغز گەرووی گرتبوو، فرمێسک لە چاومدا قەتیس مابوو، چاوم ڕێشکەو پێشکەی دەکردو وشەکانی داستانی هەڵۆی سوور تێکەڵ بە یەک دەبوون، نەمدەزانی لە کوێی زەمان ڕاوەستاوم، بیرم بە خێرایی هەموو ئەم کاتو ئەو سەحنانەی دەخستە بەرچاو کە کاک سەعید ســـەری بە ژووری ڕادیۆدا دەکرد، تووڕە بوونەکانی، پێکەنینەکانی، دڵپاکێکەی، ســـەداقەتەکەی، دوایین جار کە لە لامان بوو، وای چ ساتەوەختێکی ناخۆشو جەرگبڕو دڵتەزێن بوو، کێ بڕوای دەکرد ئیتر کاک سەعید نابینینەوە ئەمە سەفەری ئاخری دەبێتوو قەت ناگەڕێتەوە کۆڕی هاوڕێیانی؟. لە دوورەوڵاتیو لە هەندەران گۆڕغەریب دەبێو لە تەنیشت مامۆستاکەی دوکتۆر قاسملوو ئارام دەگرێو بەڵێنییەکەی خۆی بەجێدەگەیەنێ؟. "یان سەر دەکەوین، یان شەهید دەبینو لە ئامێزت دەگرین".

ئەو ڕۆژەی ڕێبەری زانا دوکتور قاسملوو شەهید بوو هەواڵە گورچوبڕو دڵتەزێنەکەم لە دەنگی کوردستانەوە خوێندەوە، سیمای کاک سەعیدم لەبەر چاو لانەدەچوو، هەمیشە ئەو ڕوژە ڕەشەم لەبەر ڕچاو بوو کە وەکوو کوندە پەپوو هەواڵی مەرگی کاک سەعیدیش بڵاو کەمەوە، چارم نەبوو، دەبوو ئەم هەواڵە جەرگبرە، بە خوێنی دڵم بە کۆمەڵانی کۆست کەوتووی کوردستان ڕابگەیەنمو پێیان بڵێم جارێکی دیش کۆستیان کەوت، هەر ئەوەندە شێت نابیو دڵت ناتەقێ، تاڵترین، جەرگبرترین، دڵتەزێنترین، ناخۆشترین بەیاننامەی دەفتەری سیاسی بوو کە بۆ دووهەمین جار کەوتبووە سەر شانم، بەڵام وەکی ئێرنێست هیمینگوی نووســـەری بەناوبانگی ئەمریکایی دەڵێ: " "ئادەمیزاد قەت بۆ ئەوە نەخوڵقاوە ببەزێ! لەوانەیە مرۆڤ تێکبشکێندرێ، بەڵام هەرگیز نابەزێندرێ".

**پرسیار**: دوکتور سەعید چ شوێنەوارێکی لە سەر بیرو ژیانی تایبەتی جەنابت هەبووە؟

**وەڵام**: یەکەم شت کە لە کاک سەعید فێر بووم؛ باوەر بەخۆبوون بوو، دەیفەرموو: "باوەر بە خۆبوون دەستەبەری سەرکەوتنە، تا باوەرت بە فەلسەفەی وجوودیی خۆت نەبێ مەحاڵە لە تەنگەژەو تاڵیی ژیان ڕزگارت بێ و بەسەر نەهاتییەکاندا زاڵ بی، دووهەم شت کە هەمیشە پەیرەوی لێدەکرد: "پرنسپ و ئەخلاقی شۆڕشـــــگێرانەی

بوو، هەر قسەیەکی لە زاری دەهاتەدەرێ، هەر کردەوەیەکی ئەنجامی دەدا شۆڕشـــگێری پێوە دیار بوو.

یەکێکی دیکە لە تایبەتمەندیەکانی کاک سـەعید ئەوە بوو کە نانی بە کەس بەقەرز نەدەدا، قسە لە رووبوو، لەگەڵ کەس تەعاروفی نەبوو، رەخنەی دەگرت، پێشنیاریشی پێبوو، قسەو کردەوەی یەکی دەگرتەوە، نەمبیستو نەمدی قسەیەکی بکاو عەمەلی پێنەکا، چاو چنۆک نەبوو، سادە دەژیا، بێ فیز بوو، سەداقەت لە هەموو کردارێکی دابوو، پێی لە سەر عەرز بوو، لە خەیاڵدا نەدەژیا، شانازی بەوەی دەکرد کوردە، نەخۆی وەک کورد بە کەم دەگرت وە نە زیاتر. زۆر جار لە بۆنەکانی حیزبیدا دەیکووت: "منی کورد بۆ دەبێ شەرم لە خۆم بکەم لە کاتێکیدا کوردستان تەنیا سەنگەرێکە کە لە دژی سەرەرۆترین رێژیمەکانی سەردەم راوەستاوە، بەربەرەکانێ دەکا، خوێن دەدا، قوربانی دەداو ماڵی کاوڵ دەبێ.

شەهامەتی کاک سە عید لەمەدا بوو کە پێی لە هەڵەی خۆی دەنا، زۆر بە راشکاوی دەست نیشانی دەکردو رەخنەی لە خۆی دەگرت، کاک سەعید قەت لە چوارچێوەی تەسکی بیرکورتیدا خۆی قەتیس نەدەهێشتەوە، باوەرێکی قوڵو بنەڕەتی بە دوارۆژی روونـاکو پڕشـنگدار بـە گەلەکـەی هـەبوو، زۆر بەرنامــەو گەلاڵــەی روونو گونجـاوو پێشکەوتووانەی بۆ بەرەکانی داهاتوو لە مێشک دابوو.

لە کاتی تەنگانەو لە ناخۆشترین هەلومەرجدا کاک ســەعیدم ناهومێدو دەستەوەستان نەهاتە بەرچاو، ئەوکاتەی رێبەری بلیمەت مامۆستای زانا دوکتور قاسملوو سینگە پاکەکەی بوو بە قەڵغانی گوللەو دڵی لە ترپە وەستا، کاک سەعید کە دەیزانی چ بەرپرسایەتێکی قورسی کەوتۆتە سەر شـــــان، بێئەوەی دوژمن بە گەلەکەی خۆش بکا، زۆر لێبراوانەو شۆرشگێرانە لە پەیامێکی کورتی بێسیمیدا کە بۆ هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستانی موخابەرە کرد نووسی: "دوکتور عەبدولرەحمانی قاسملوو، سکرتێری حیزبەکەمان چووە نێو کاروانی شەهیدانی کوردستانەوە، خەبات درێژەی هەیە".

کاک سەعید فێری کردم کە خۆم بناسم، لەسەر پێی خۆم بم، کوردستان و کوردم خوش بوێ.

**پرسیار**: تایبەتمەندی بەرچاوی دوکتۆر سەعید لە بەرێوەبردنی ڕادیۆدا، لە ڕوانگەی بەرێزتانەوە چیە؟

**وەڵام**: لە ماوەی ١٤ ساڵ و ٢ مانگ و ٢٣ رۆژ کە شەرەفی خزمەتکردنم لە رادیۆ "دەنگی کوردستانی ئێران"دا هەبوو، نزیک بە ١١ سال و چەند مانگ کاک سەعید بەرپرسی راستەوخۆی "دەنگی کوردستان" و رۆژنامەی "کوردستان"بوو، کاک سـەعید بایەخێکی زۆری دەدا بە پێگەیاندنو بارهێنان، هەموو ئەوانەی چ لە بەشی "دەنگی کوردستان" و چ لە بەشی ڕۆژنامەی "کوردستان" دا کاریان لەگەڵدا کردوە، شاهیدی بۆ ئەوە دەدەن کە چ مامۆستایەکی نیازپاکو دڵئاوالا بوو، چەندە بەتەنگ ئەوەوە بوو ئەوکەسەی کاری دەگەڵدا دەکات بە ئازادیو بە ئارەزووی خۆی بنووسێ، هاندەرت بوو، دەستی ئاواڵە هێشتبوویەوە بۆ دەربڕینی ئیدەکانت، نووسینی کەسی بەلاوە سووک نەبوو، کەسی لە نووسین دڵسارد نەدەکردەوە، بە سەخاوەتەوە چاوی بە نووسینەکەی‌دا دەگێرا، هەڵەکانی دەست نیشان دەکرد، راستەوەوانی دەکرد، ئینجا بۆی شیدەکردەوە، هانی زیاتری دەدا بنووسیو لە نووسین باکی نەبێ، شەهیدی زیندە یاد دەیگووت: "ئەو کەسە هەڵە ناکا کە کار ناکا، کەسێک کار بکا هەڵەش دەکا، بەلام مەرج ئەوەیەلە رەوتی کاردا هەڵەکان راست بکاتەوە، هەر بۆیە نووسین بۆ کاک سەعید جێگایەکی تایبەتی هەبوو، ئەو ئازادیی گەلی کوردی لە نووکی قەڵەمدا بەدی دەکرد، هەموو هەوڵی ئەوە بوو نووسەر پێ بگەیێنێ، نووسەرێک کە دەرمانی دەردی گرانی گەلەکەی ببینێتەوە.

کاک سەعید پەنجەرەی رووناکی گەلەکەی دیتبۆوە، دەیزانی کورد تەنیا بۆ دیفاع لە مانومەوجوودیەتی خۆی پەنای بردۆتە بەر چەک، کورد لە شەر بێزارە، هەموو رەنجو ئازارو چارەرەشی‌یەک کە بەسەری هاتووە لە شەرەوە سەرچاوەی گرتووە، بۆ کاک سەعید ئەمە روونو ئاشکرابوو، ئەوەی ئەمرۆ کورد زیاتر پێویستێتیو هەستی پێدەکا خوێندنە، تەیار کردنی مێشکێتی بە نووری زانست.

کاک سەعید لە کاری رادیۆو رۆژنامەی کوردستاندا زۆر وەسواس بوو، وردبینیو دیقەتێکی زۆری لە خۆی نیشان دەدا، هەموو تێکۆشانی ئەوە بوو کە هەڵەیەک لە پەخشی بەرنامەکانی رادیۆدا روو نەدا کە لەسەر حیزب ببێتە ماڵ، لە راستبێژیو پرستیژدان بە دەنگی کوردستانی ئێراندا دەورێکی کارای هەبوو، مودیرێکی شیاو بوو، دەیزانی چ دەکاو چیدەوێ، دەگەڵ ئەوەی دەنگی کوردستانی بە وتارەکانی دەوڵەمەند دەکرد، هەموو ئەو نووسراوانەی کە بۆ بڵاوکردنەوە ئامادە دەکران چاوی پێدا دەگێران، چ لە باری زمانەوانیو چ لە باری رامیاریەوە هەڵەکانی راست دەکردنەوە.

گوێی لێرادەگرتی ڕێزی ئیدەکانتی دەگرت ئەگەرچی هاوڕات نەبایە، فەزایەکی دۆستانەو پر لە برایەتی لە شوێنی کار پێکدەهێنا، بە قسەی خۆشوو نوکتەی جوان تەمی خەمی لە دڵان دەتاراند.

هیچکات هەستت بە ماندوویەتی نەدەکرد، بە بوونی کاک سەعید زیاتر شەوقی کار کردنت تێدا بەهێز دەبوو، بە دڵگەرمیەوە ئەرکە پێئەسپێردراوەکانت رادەپەراند.

**پرسیار**: دەتوانن هێندێک بیرەوەری خۆتان لەگە ڵ دوکتۆر شەرەفکەندی بۆ خوێنەرانی بەڕێزی "کوردستان" باس بفەرموون؟

**وەڵام**: لە ماوەی ئەو ١٣ساڵ و چەند مانگەی کە شانازیی ئەوەم هەبوو هاورێ و هاوکاری کاک سەعید بم، گەلێک بیرەوەریی تاڵ و شیرن هەن.

بەراستیی تێماوم باسی کامیان بکەم، گێرانەوەی هەر چرکە ساتێکی ئەم ماوەیە بۆخۆی چیرۆکێکی درێژە کە لە حەوسەلەی ئەم ئاخافتنەدا بەدەرە، باسی جوامێری بکەم؟ باسی ئینسان دۆستی بکەم؟ باسی ئازایەتی بکەم، باسی چاو نەترسیو بوێری بکەم؟ یان باسی خاکیی بوون، بێ ریاییو بێ فیزیی بکەم؟.

یەکێک لەم بیرەوەرییانە کە شوێنێکی یەکجار قووڵی لەسەر مێشکو هەستم داناو دەتوانم بڵێم بوو بە پێوانەیەک بۆ هەڵسەنگاندنی تایبەتمەندییەکانی رێبەرێک لە کاتی نەهامەتی لە رۆژە سەختەکاندا، دەگەڕێتەوە بۆ ٢١ساڵ لەمەوپێش واتە بۆ ٢٥ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٦٥ی هەتاوی، ئەوکاتەی بنکەی دەفتەری سیاسی لە گوندی کاولکراوی "گەورە دێ" پێم وایە "گاورە دێ" راست بێ، لە ناوچەی شینکایەتیی کوردستانی باشوور بوو، ئەو رۆژە رێورەسمی ئاهەنگی ٢٥ی گەلاوێژ ساڵوەگەری دامەزرانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران بە شکۆیەکیی تەواوەوە بەرێوە چوو، هێزەکانی پێشمەرگەی شەهید "ئە فشین" و شەهید"ئاوارە" لە دوو عەمەلیاتی جیا جیادا مزگێنی دوو سەرکەوتنی گەورەیان لە دژی هێزە مۆڵدراوەکانی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان، لە رێگای دەنگی کوردستانی ئێرانەوە دایە کۆمەڵانی هەراوی خەڵکی حیزب خۆشەویستی کوردستان.

هەموو لایەک سەرمەستی رێزگرتن لەو جەژنە مێژووییەو گوێبیسی ئەو حەماسە خوڵقاندنەی هێزی پێشمەرگە بوون، رۆژێکی خۆشو پر لە شادیان بردبووەسەر، شەو باڵی رەشی بەسەر وڵاتدا کێشابوو، هاورێیانی حیزبی بۆ دەستپێکردنەوەی رۆژێکی نوێ لە کاروتێکۆشانیان وچانیان گرتبوو لە خەوی گراندابوون، شەو لە نیوەی تێپەریبوو، مانگ لە تاقی ئاسمان بوو، ئەستێرە دەدرەوشانەوە، چرکەی زەمان بە هێوری لە تێپەریندابوو، کاتژمێر یەکو هەڤدە خولەک ١٧ : ١ دوای نیوەشە بوو، لە پرێکی بوو بە گرموهۆڕ، دنیا بوو بە ئاور، رەهێڵە بارانی ئاگرو ئاسن بنکەو بارەگاکانی دەفتەری سیاسی دەپێکا، لە خولەکێکدا سەدان گوللە تۆپو خۆمپارەو مووشەکی کاتیوشا شێتانە دەهاتنە خوارێ، کۆماری ئیسلامی لەم ئاوربارانەیدا تەنانەت لە چەکی شیمیایی کەڵکی وەرگرت، مەبەستێکی گڵاوی تاقیب دەکرد، تەمای قرکردنی هەبوو، دەیهەویست زەبرێکی کاریگەرو قەرەبوو نەکراو لە حیزب بوەشێنێ، نەفشورۆڵی شۆڕشگێرانەی کاک سەعید لەم کاتە حاستەمو چارەنووس سازەدا دەرکەوت، لەم جەهەنمەدا کە دنیا ببوە ئاورو دارو بەرد دەسووتا، بۆنی بارووتوو سووتانی داروو دەوەن هەموو لایەکی داگرتبوو، لە ژێر رەهێڵەی ئەم ئاورو ئاسنەدا کە کەس بە هیوای بەیانێکی گەشو رووناک نەبوو پەناگا بە پەناگا دەگەڕاو رێنوێنی پێویستیی لە مەڕ پووچەڵکردنەوەی ئەو پیلانە گڵاوەی کۆماری ئیسلامی دەدا، سەبارەت بەوەی لە ئەسەراتوشوێنەوارەکانی نالەباری چەکی شیمیایی کەم بکاتەوە، وجوودی کاک سەعید لەم کاتەدا وەکوو شوورەیەکی پۆڵایینوابوو کە لە پەنای ویدا خۆت لە ئاگری دوژمن بپارێزی، وەکوو کێوی ژێلوان قایم راوەستابوو بەسەخاوەتەوە سینگی کردبووە مەتاڵ، بوونی ئارامیشی پێدەبەخشین، هیوات بە ئاسۆی سەرکەوتنو دوارۆژێکی روونو گەشەدار زیاتر دەبوو، کاک سەعید بێگومان وەکی هەموو ئینسانەکان ترسی دە دەروونیدا بوو، بەڵام لە کاتی ئاوادا بێ ئەوەی خۆی بدۆرێنێ، بێئەوەی ورە بەردا، بەسەر ترسدا زاڵ دەبوو وە دەیزانی چۆن هەڵسوکەوتی دەگەڵدا بکا، شاهیدم هەموو ئەوانەن کە ئەو شەوەی کاک سەعیدیان دیتبوو.

ئەمە نموونەیەکی بچووکو مشتێک بوو لە خەروارێک، ئەگینا دوژمن هەر بەوەندە رانەوەستاوەو سەدان پیلانی دیکەی بۆ زەربەلێدان لە جووڵانەوە گێراوەو لە زۆریاندا کاک سەعید بە ئازایەتیو چاو نەترسانە بەرپەرچی پیلانەکانی داوەتەوە.

**پرسیار**: دوا ووتەتان بۆ کارگێرانی "کوردستان" و بەرێوەبەرانی ئێستای "رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران".

**وەڵام**: بێگومان میدیا رۆڵێکی گرینگو دیار لە وشیار کردنەوەی کۆمەڵدا یاریی دەکا، کاریگەرترین کەرەسەیە کە جەریانێک بۆ بەرەو پێشبردنی ئامانجو ئەهدافی خۆی کەڵکی لێوەردەگرێ، لە هەلومەرجی ئێستادا کە شنە بای ئازادیو نەزمی نوێی جیهانی لە رۆژهەلاتی ناوەراستیی گەورەدا هەڵیکردوە، ئاڵوگۆری زۆر بەرچاوو بنەڕەتی لە ناوچەدا روویداوە، کورد دەرفەتێکی زێرینی بۆ هاتۆتە پێش کە لەم هەلە بە قازانجی خۆێ کەڵک وەربگرێ، مێدیای کوردی بە گشتیی و، بە تایبەتی رۆژنامەی"کوردستان" و "دەنگی کوردســـتانی ئێران" دەبێ جارێ یەکێتیو برایەتی بدەنو لەوشیار کردنەوەی رووحی نەتەوەیی‌دا ئەرکی خویان بە شێوەیەکی مۆدێرن کە لەگەڵ سەردەمی ئێستا بگونجێ بگێڕن، ئێستا کورد بە قۆناغێکی هەستیاردا گوزەر دەکا، لە هەموو کاتێک زیاتر پێویستی بە یەکیەتی ریزەکانی خۆیەتی، بوونی بەرە یان هەر ئیتفاقێک لە نێوان هێزو رێکخراو کەسایەتی‌یەکانی نێو گۆڕەپانی خەباتی رزگاریخوازی گەلی کورد پێویستی‌یەکی مێژوویيە، ئەمە رەساڵەتێکە کە مێژوو خستوویەتیە سەر شانیان، تەنیا پتەوتر کردنی ریزەکانە کە گەلی کوردمان بەرەو ترۆپکی سەرکەوتن رێنوێنی دەکا، سەرکەوتن بۆ هەموو لایەکی دەخوازمو ماندوو نەبوونیان پێدەڵێم.

سەرچاوە: کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٢٢ی سێپتەمبەری ٢٠٠٧

---------------------------------------

## بیرەوەرییەک لە ژیانی خۆم لە گەل نەمر کاک تەها، ئەحمەد شێربەگی.

**ئامادە کردنی: ڕزگار شەریفی**

ڕۆژی شەممەی رابردوو ٦ی فێورییەی ٢٠١٠ زایینی بەرامبەر بوو بە ٤٠ رۆژ بە سەر لە ترپە کەوتنی دڵی گەورەی تکۆشەری دێرین نەمر کاک تەهای عەتیقی، بەم بۆنەوە رێورەسمکی بە شکۆ بە بەشداری سەدان کەس لە ئوگرانی رێگای ئازادی بۆ رێزگرتن لە نەمر کاک تەها لە ولاتی سویس پێکهات. بەرێز کاک ئەحمەد شێربەگی دۆستی نەمر کاک تەها یەکێکی دیکە لە بەشدارانی ئەم کۆریادە بوو کە بیرەوەری یەکی لە ژیانی خۆی لە گەل کاک تەها پێشکەشی بەشداران کرد.

بەشدار بوانی بەرێز! سلاوی برایەتی و ئەمەگناسیتان پێشکەش.

ئەمرۆ ٦ی فێورییەی ٢٠١٠ی زایینی بەرامبەر بە ١٧ی رێبەندانی ١٣٨٨ی هەتاوی پێمان نایە چلەمین رۆژی کووژانەوەی مۆمی تەمەنی کورت،بەڵام پر لە سەروەریی تێکۆشەری دێرینی رێگای ئازادیی کوردو کوردستان،نەمر کاک تەهای عەتیقی.٩٦٠ کاتژمێر بە سەر ئەو کۆچە ناوادەیەدا تێدەپەرێ، بەڵام ئێستاشی لەگەڵ بێ، بەگومانم کە کاک تەها لە نێوما نەمابێ و ماڵئاوایی یەکجارەکیی لێکردبی.

لەو ماوەدا لە زۆر شوێن لە سەر نەمر کاک تەها قسەم کردوە و بابەتم بڵاو کردۆتەوە. هەر چەند هەڵدەگرێ زۆر لە مە زیاتر لە سەر کەسایەتی و بیرو هزرو ئەندێشەکانی ئەو مرۆڤە تێکۆشەرو فیداکارە بگوترێ و بنووسرێ، چونکە هەمووومان کاک تەها مان دەناسی و کەم و زۆر لە هەڵسو کەوت و بیروباوەری بە ئاگابووین، دەمانزانی کێ بوو، چۆن هاتو چۆن رۆیی. بۆیە من نامهەوێ بۆ جاریکی دیکە بچمەوە سەر قسەکانی رابردووم و دیسان لە سەر ژیان و سەر بوردەی کاک تەهای نەمر قسان بکەمەوە.

دوێنێ شەو بە تەمابووم بابەتێک بۆ ئەمرو ئامادەبکەم،تێمابووم چ بڵێم دەربڕی ئەو هەستە بێ کە سۆزی سی ساڵ نیزیکایەتیو پێکەوە بوونی تێدا بەدی بکەم.

وەکوو موسافیرێکی بیر هەڵگرتووی شەمەنئەفەرێکی تیژئاژۆی تەمەن کورتی ژیان، هەڵکورماو لە بەر پەنجەرەی واگۆنی ئەندێشە، ڕووداوەکان و بەسەرهاتەکانی ئەم سی ساڵەم بە شەن دەکرد. دەمهەویست دانە دانە بیانهۆنمەوە و بیانخەمە داوە دەزووی ژیان و، ملوانکەیەک دروست بکەم، لە هەر چرکە ساتێکی هەر بیرەوەری یەکی تاڵو شیرینی ئەو مێژوو کورتەی تەمەن، زەنگیانەیەک هەڵبژێرمو پێوەی بکەم.

بەڵام هەرچی دەمکردو هەرچی بە ناخو قووڵایی بیرمدا ڕۆ دەچووم، نەمدەزانی کامە یەک لەو دەنکە زەنگیانانە هەڵبژێرم کە پڕ بە باڵای کەسایەتی ئەو زاتە بێتو، هەروەها ببێتە تەوەری کۆتایی ڕێورەسمی ئەو چلەی ماتەمینەو ئەو کۆر یادەمان.

گەرام، گەرامو گەرام، هەموو کەلێن و قوژبنی مێشکم سەنگو سووژن کرد، هەڵگێروا گێرو سەرەوژێرم کرد. یەکە یەکە هەڵم هاوارد.لە شەنم دا.بە دەم بای خەرمانم داکرد، بەڵام شەکەت بەدوای گەڕان،دەستە وەستان مابوومەوە، بێ هیوایی رووی تێکردم. ئەمجار پەنام بردە بەرئاڵبۆمی وێنەکانی شاخ و تاراوگەییمم.لە دانە دانەیان خورد بوومەوە، چاوم بە ڕێکەوتیاندا گێرا، هەر وێنەیەک هەڵگری بیرەوەرێکی سەردەمی خۆی بوو،

دڵۆپێک فرمێسک خوی خزاندە کالانی چاوم،بە ئەسپایی و بە بێدەنگی خوشی و کەوتە سەر گۆنام،لە سەر وێنەیەک هەڵوێستەم کرد،چووم لە ناخێوە.... لە پڕێکا تەزوویەک،موچورکێکو هەستێک ،نازانم لە شەوقی دیتنەوە،یان لە خەمی قوورسی ناخم،هەموو هەستو لەشمی داگرت،فرمێسک هاتە هانام.لە دەروونمدا خۆشحاڵ لە وەیکە دەنکە زەنگیانە وون بوکەی خۆم دیتۆتەوە.

ئە وێنەیە هەودای خەیاڵمی پەلکێشی ڕۆژێکی زۆر زۆر ناخۆش کرد.ڕۆژێک کە رووداوێکی تاڵو کارەساتێکی بە ژانی لێکەوتەوە.ڕۆژێک کە چارەنووسی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانی بە ئاقارێکی دیکە دا برد و شوێنی لە سەر ڕەوتی دوارۆژی تەمو مژاویی سەختی خەبات دانا.

من بە گێرانەوەی ئەو بیرەوەری یە تاڵە دەمهەوێ دوو تایبەتمەندییو دوو هەڵوێستی زەق کە لە دەروونی نەمر کاک تەها دا قوڵپیان دەدا،ئاشکرا بکەم.ئەو دوو تایبەتمەندی یە بەس بێ بۆ ئەوەی بە ناخی شۆڕشگێرانەی کاک تەها دا بچینە خوارێ ،هەتا باشتر و چاکتر بیناسین.

یەکەم بە قووڵایی ئیمانی پتەوەی کاک تەها بە ڕێبازی پیرۆزی کوردایەتی پەی بەرین.دووهەم ورە،نەترسی، گیانفیداییو هەستودڵناسکی ئەوزاتە پیرۆزە ئاشکرا بکەین.

ساڵی ١٣٦٢ی هەتاوی، دەبێ بە خوێناویترین و پڕ چالاکی ترین ساڵی هێزی پێشمەرگە و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان پێناسە بکرێ. لەم ساڵە دا بەرەیەکی بەرین وبەربڵاو، بە پانتایی کوردستان کرابۆوە، هەر رۆژەی شاهیدی خوڵقاندنی حەماسە و قارەمانەتێکی هێزی لە شکان نەهاتووی پێشمەرگە بووین. ساڵی سەرنج بدەن سەرنج بدەنە بە ناو بانگەکان بوو. ساڵی راوەدوونانو تێکشکانە یەک لەدوای یەکەکانی هێزە پەلاماردەرەکانی کوردستان بوو.ساڵی زەبری کاریگەرو گورچوو بڕی هێزی پۆڵایینی پێشمەرگەبوو لە پەیکەری هێزەکانی دوژمن.

کۆماری ئیسلامی کە زەبری قورسو گورچووبڕی لە هێزی پێشمەرگە خوارد بوو .هەموو هێزو توانای نیزامی خۆی خستە گەر ،بۆ ئەوەی قەرەبووی شکستەکانی بکاتەوە.

پاییزی ئەو ساڵە، هێزێکی یەکجار زۆر پۆشتەو پەرداخی کۆ کردەوە، پەلاماری بەرین و بەربڵاویی خۆی لە چەندین بەرەدا بۆ سەر ناوچە ئازاد کراوەکانی ناوچەی"ئالانی سەردەشت" کە بنکەی دەفتەریی سیاسی، نەخۆشخانە و ئینتیشارات و رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێرانی لێبوو، دەست پێکرد. لە هەموو بەرەکانی شەردا هێزی پێشمەرگە لە سەنگەریی بەرگری دا دامەزرابوون. دوژمن بە هەمە جۆرە چەکێکی قورس ،بست بە بستی ناوچەی ئالانی دەکوتا. پێشمەرگەش بە خوێنی گەشی خۆی پارێزگاری لە بست بە بستی ئەو ناوچەیە دەکرد.بەرەنگاریی شۆڕشگێرانەی هێزی لە شکان نەهاتووی پێشمەرگە بە رادەیەک بوو کە هێزەکانی کۆماری ئیسلامی بە تەواوی داماوو دەستە وەستان ببوون.

لە سەر بڕیاری سەرکردایەتی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستانی ئێران، بنکەکانی حیزب لە گەڵ ئەوەی کە لە ئامادە باشی تەواو دابوون، زۆرێکیش لە بنکەکان سووک کرابوون و بەرەو باشووری کوردستان کە ناوچەیەکی چۆلکراووبە دوور لە ئاوەدانی بوو، راگوێزرابوون. لەبنکەی رادیۆ ئینتیشاراتیش کە لە ناو خێوەت دابوو، بۆ ئەم مەبەستە کۆبوونەوەیەک پێکهات، لەو کۆبوونەوەیەدا باس لە وەکرا کە دەنگی کوردستانی ئێرانیش خۆی بۆ کشانەوە بۆ ناوچەی چۆلکراوی باشووری کوردستان ئامادە بکاو ئەم کارەش هەرچی زووتربکرێ باشترە، لەم کۆبوونەوەیەدا ژمارەیەک لە کادرو پەرسۆنێلی کۆمیسیۆنی رادیۆ و ئینتیشارات بە رۆیشتن و چۆلکردنی ناوچەی ئالان بە م شێوەیە رەزایەتیان نەداو بڕیاری مانەوەیان دا. نەمر کاک تەها یەکێک لە وانە بوو کە دەنگی خۆی لە دژی ئەو داوایە دەربڕی. زۆر ئازایانە و باوەر بە خۆ رایگەیاند: خوێنی من لە خوێنی ئەو پێشمەرگەیەی کە ماوەی مانگە نیوێکە لە کێوی "نۆڕی"وەک شوورەیەکی پۆلایین ڕاوەستاوە و سەنگەری گرتوەو بە خوێن و گیانیی خۆی پارێزگاری لە ئێمە دەکا. رەنگینتر نیە. هەتا یەک پێشمەرگە بەو کێوەوە مابێ، منێش دەمێنمەوە، هەر کەس پێی خۆشە با بڕوا، رادیۆ دەبێ دوایین ئۆرگانی حیزبی بێ کە ناوچەی ئالان بە جێ دێڵێ. لێبڕاوی نەمر کاک تەها ، بۆ مانەوە وای کرد ژمارەیەک لە گەڵی هاوڕا بن و ژمارەیەکیش بڕون. بەم جۆرە چەند کەسێکمان کە لە قامکەکانی دەست تێنەدەپەرین، بڕیاری مانەوەمان دا. رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران هەموو رۆژێ لە ژێر رەهێڵەی ئاوری قورسدا هەواڵیی چالاکیەکانی هێز ی بە ورەو کۆڵنەدەری پێشمەرگەی بە گوێی خەڵکی کوردستان دەگەیاند، مانەوەی رادیۆ هەم خەڵکی ناوچەی ئالانی هۆمێدەوار کردبوو، هەم کۆماری ئیسلامی ئێرانی هەراسان.

سەر ئەنجام کۆماری ئیسلامی ئێران بڕیاریی دوایی خۆی بۆ گرتنەوەی کێوی "نۆڕی"دا کە نۆختەیەکی ستراتیژیکی ناوچەی ئالان بوو. رۆژی سێ ی خەزەڵوەر، هێزێکی زۆر و تازە نەفەسی لە هەموو ناوچەکانی ئێران را کێشایە ناوچەی ئالان، هێزە پەلاماردەرەکان لە ژێر پشتیوانی ئاوری توندی تۆپ و کاتیۆشا و لە ژێر چەتری ئاوری خەستی مووشەکی هێلی کۆپتێر دادەستیان بە پێشرەوی بۆ سەر سەنگەری پێشمەرگەکان لە بەرزایی "نۆڕی" کرد. لە خۆلەکێکدا دەیان مووشەکی کاتیۆشا، گوللە تۆپ، خۆمپارە و مووشەکی هێڵی کۆپتێر لە ناو سەنگەری پیشمەرگە نەبەزەکاندا دەتەقینەوە.شەرێکی توند بەڵام نا بەرامبەر لە نێوان هێزی بەورە و بە ئیمانی پێشمەرگە لە لایەکوو، لەشکری زۆرو پۆشتەو پەرداخی کۆماری ئیسلامی لە لایەکی دیکەوە دەستی پێکرد. شەر لە گەرمەی خۆی دابوو، خەریکی تۆمار کردنی بەرنامەکانی دەنگی کوردستانی ئێران بووین، هێشتا چەند خولکێک بۆ کۆتایی بەرنامەکان مابوو، کە ڕێبەریی بە ورە و نەترس و رۆڵەی رۆژی تەنگانە و لێقەومان، شەهید کاک دوکتور سەعید

کە ئەوکاتە بەرپرسی کۆمیسیۆنی تەشکیلات بوو، بەڵام لە دژوارترین هەل و مەرجدا چاوو دڵی لە گەڵ دەنگی کوردستان دەگەرا.

بە هەڕەمە لە خێوەتەکەمان وەژوور کەوت و فەرمووی: کوڕینە وادیارە دەبی خۆمان کۆکەینەوە و بڕوێن، بە گوێرەی دوا هەواڵ کێوی نۆڕی لە لایەن دوژمنەوە گیراوە، پێشمەرگە لە کاتی پاشەکشەدایە. ئەم هەواڵە بە جارێک تاساندینی، هەرچۆنێک بوو پاشماوەی بەرنامەکانمان تۆمار کرد، هێندەی پێنەچوو هێزی پێشمەرگە ،شەکەت، ماندوو، تۆزاوی، خەمناک و لێو بەبار داکشانە خوارێ، ئەم دیمەنە تاڵترێن و بە ژانترینی ئەو دیمەنانە بوو کە دەمان دیت، ئەوەی لە وێ بوو وەکوو ژێی کەوانی وێکهاتبوو، چاو بە فرمێسک و دڵ پڕ لە ژان، خێوەتمان خستە خوار، هەرکەسە ئەوەی بۆی دیاری کرابوو بە ئەرکی خۆی هەستاو باروبنەی بە کۆڵەوە نا.

سەرنجێکی کاک تەهام دا.کە لە سیمای خورد بوومەوە.چ ببینم، کاک تەها ئارام دەگریا. بەر لە وە هیچکات کاک تەهام نەدیتبوو فرمێسک لە چاوانی چزێ. هیچکات نەمدیتبوو فرمێسک رووماى تەڕ کا،زۆر جار کە کزو ماتم دەدی، دەمزانی شتێک هەژاندوویەتی.دەمزانی خەمێکی گەورە لە دەروونیدا لە هەڵچووندایە.دەمزانی بە دەم ژانی ئەو خەمەوە دەتوێتەوە،بەڵام نەمدی دڵۆپێک فرمێسک هەڵرێژێ.

زۆر چاک دەمزانی چەندە بە هەست و بە رەحم و دڵناسکە، دەمزانی چەندە بە داخو بە پەرۆشە بۆ لە دەستدانی پێشمەرگەیەک، دۆستێک، دایکێک، سووتانی گوندێک، کەوتنی دارێک، لە نووزە کەوتنی کانی یەک، ئەو رۆژە کە تەلیس وگۆنیە پڕ لە کاسێت و شریتەکانی رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێرانی لە کۆڵ نابوو، ویستی دیسان نەگری، ویستی ئەمجارەشیان فرمێسکەکانی بخنکێنێو نە هێڵێ هەناسە هەڵکێشن.بەڵام کارەساتەکە لە وە بە هێزتر بوو، بتوانێ لە بەرامبەری دا خۆی رابگرێ. لە وە بەژانتر بوو،کانی فرمێسکی نەتەقێتەوە.

کاک تەها گریا،بە بێدەنگی گریا، وەکوو دایکێکی رۆڵە شەهیدی وونبوو گریا، وەکوو کۆرپەڵەیەکی بەر مەمکی دایکێکی بێچۆڕی شیر گریا، وەکوو ئەوینێکی جوانەمەرگی خەزان دیتوو گریا.

نەمر تەها بە دەم هەنگاو نانەوە دەگریا، بە دەم خۆزگەو هیوا بە جێماوەکانی دا دەگریا، بە دەم بیرەوەری یە

**تاڵو شیرینەکانی دا دەگریا.**

**ئاخە کاک تەها مرۆڤ بوو. مروڤێکی بە هەڵوێست و باوەرمەند بوو. مرۆڤێکی خاوەن تێگەییشتنبوو، دەیزانی هۆی ئەو گریانەی چی بوو. لە قووڵایی تراژیدیە کە گەیشتبوو، ئەو دەزانی لە پاش بڕینی ئەو سنووره دەستکرده چ داهاتوویەک و چ چارە نووسێکی نا دیار لە بۆسەو کەمینی بزووتنەوەی کورد دایە.**

**سەرچاوە: ماڵپەری گیارەنگ - ڕێکەوتی: ١٠ی فێبریوێری ٢٠١٠**

----------------------------

## کورد کاناڵ و شێواندنی مێژووی دەنگی کوردستانی ئێران

ڕۆژی ۲۷ی جۆزەردان واتە ۱۷ی ژوئەنی ئەمساڵ کاناڵی ئاسمانی "کورد کاناڵ" زمان حاڵی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان بە بۆنەی ۲۷ی جۆزەردان سیهەمین ساڵوەگەری دامەزرانی رادیۆی دەنگی کوردستانی ئێران بەرنامەیەکی تایبەتی بڵاو کردەوە و لە گەڵ ژمارەیەک لە وانەی دەستی پێرا گەیشبتووو سەردەمانێک لە دەنگی کوردستانی ئێران دا تێکۆشانیان هەبوە وئێستاش هەیانە سەبارەت بەو ڕۆژە وتووێژی پێک هێنابوو.منێش یەکێک لەم کەسانە بووم بە حوکمی ئەوەی کەلە سەرەتای دامەزارنی ئەم دەنگە دا لە گەڵی بووم و ساڵانێکی زۆر چاک یان خراپ کارم تێدا کردوە پێوەندیم پێوە گیرا. بەم بۆنەوە دەست خۆشی لەو بەرێزانە دەکەم کە بۆ یاد کردنەوەی ئەم ڕۆژە بەرنامەیەکی تایبەتی لەم چەشنەیان ئامادە کردوە و خستیانە بەر دیدی بینەرانی کاناڵەکەیان. بۆ من ئەوە گرینگ نیە چەندە پرسیارم لێکرا و وەڵامی چەندی ئەم پرسیارانە لەو بەرنامەیەدا بڵاو کرایەوە ،ئەوە لە سەلاحییەت و توانای ئامادەکارو پێشکەش کاری ئەو بەرنامەیە دایە کە بە گوێرەی بەرنامەکە، بابەتەکانی بگونجێنێ. ئەوەی منی هان دا و هێنامێ سەر نووسینی ئەم چەند دێرە مەبەستێکی تایبەتی بوو بەڕای من کە کۆرد کاناڵ دەیهەوێ یان ویستوویەتی تەقیبی بکا.

لەم بەرنامەیەدا کە هەموو قۆناخەکانی تێکۆشانی رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران لە سەرەتای دامەزرانی هەتا ڕۆژی سی ساڵەی ئەم دەنگەی لە خۆ گرتبوو لە نێوانی هەر برگەیەکی دا بە نیشاندانی وێنەی رادیۆیەکی ترانزیستۆری بچووک و نۆسراوەی "یادی ۳۰ ساڵەی رادیۆدەنگی کوردستان" لە دەنگی من بە کوتنەوەی ئەم رستەیە کەڵک وەردەگیرا "ئێرە دەنگی کوردستانە" پاشان برگەیەکی نوی لە بەرنامەکە دەستی پێدەکرد.

با لە پێشدا هەستی خۆم وەک خاوەنی سەرەکی ئەم دەنگە سەبارەت بە بیستنی ئەمرستەیە دەر ببڕم و پاشان بێمە سەر راو نەزەرەی ئەو بینەرە وشیارانەی ئەم ڕۆژە شاهیدی دیتنی ئەم بەرنامە تایبەتی یە بوون و لە ڕێگای جوراوجۆرەوە پێوەندیان پێوەگرتم و لەم پێوەندی یە دا پرسیاریان لا دروست ببوو.

کاتێک بۆ خۆم گوێم لەم رستە قرتاو وکلک بڕاوە دەبوو هەستێکی ناخۆش هەموو لەشمی دادەگرت و لە دەروونم

کاری دەکرد.هەستێک کە هەموو ئەو رۆژە رەشانەی دەخستەوە بیرم کە لە پێناو بەرز راگرتنی دەنگی کوردستانی ئێران دا گیانم خستبوە لەپی دەستم. بە راشکاوی دەتوانم بلێم بۆ تاقە جارێکیش نەبوە لە سەرەتای بەرنامە لە ماوەی ئەو ١٥ سالە دا کە رووحم لە گەڵ ئەو رادیۆیە دەگەرا کوتبێتم "ئێرە دەنگی کوردستانە" ئەوە بیری هەر کەسێک بوو بێ هەر کەسێک لە پشت ئەو بیرۆکەیەوە بێ بە رای من نەتەنیا نوێخوازی نەکردوە، بەڵکوو دەستی بە تەزویر و جەعلی راستییەکان بردوە و مێژووی دەنگی کوردستانی ئێرانی شێواندوە. پێمان خۆش یا ناخۆش بێ دەنگی کوردستانی ئێران بۆتە مێژوو . بۆ هیچ کەس و لایەنێکیش نیە ئەوە مێژوویە دەستکاری بکاو بیشێوێنێ.مێژوو چۆن بوە دەبێ وەک خۆی دەقاو دەق بگوێزرێتەوە بۆ بەرەکانی داهاتوو و جیلی نوێ. ئەمە ئەرکێکەو کەس ناتوانێ خۆی لێببوێرێ.

هەرچەند مروڤ ئێستا لە سەردەمی تێکنۆلۆژی دا دەژی، بەڵام تێکنۆلۆژی و زانست نەگەیشتۆتە ئەو رادەیە لە پێشکەوتن کە هەست و ئیحساسی مرۆڤەکان مۆنتاژ بکا. کاتێک گوێ لەم رستە چووکە بەلام پڕ لە هەستە دەگری دەبینی و بۆت دەردەکەوێ چەندە ئەو هەستە کوژراوە و بێ ناوەرۆک کراوە. راستە من ئێستا ساڵانێکە لە دەنگی کوردستانی ئێران دوورم و هیچ پێوەندێکی تەشکیلاتی و رێکخراوەییم بەو ئۆرگانە نەماوە.بەلام خاوەنی ئەسڵی ئەو دەنگەم کە لە ئارشیوی دەنگی کوردستانی ئێران داله رێکەوتی ٣٠ی جۆزەردانی ١٣٥٩ تا ٢٠ی خەرمانانی ساڵی ١٣٧٤ی هەتاوی مەوجوودە و بایەگانی کراوە و کەسیش ناتوانی نکۆڵی لێ بکا. هەر بۆیە بۆ هیچ لایەنێک نێ بۆ مەبەستی سیاسی مۆنتاژی ئارشیوی دەنگی کوردستانی ئێران بکا و کەڵکی ئەبزاری لێ وەر بگرێ. من هەموو ئەو خۆشەویست و دوست وهاورێیانەش ئاگادار دەکەمەوە کە لێیان پرسیوم: ئایا بە ویستی خۆم ئەم رستەیەی "ئێرە دەنگی کوردستانە"م بۆ کورد کاناڵ تۆمار کردوە؟ دەلێم نا، راست نیە و ئەوە هەمان ئەو رستە بەناوبانگەیە کە دەنگی کوردستانی ئێران لە رۆژی هەوەڵەوە لە سەری بنیات نرا."ئێرە دەنگی کوردستانی ئێرانە" کە مۆنتاژ و دەستکاری کراوە و ئێرانەکەیان لێ سریوەتەوە. وەنەبێ من لە سرینەوەی ناوی ئێران داخدار بم. ئەی چەندە بە ئاواتم ئەو رۆژە دابێ ئێرانی عازیز وا پارچە پارچە بێ کە لەتە گەورەکەی سەری پشیلە خۆشەویستەکەی دەبوو. تەنیا باس و مەبەستی من لە سەر شێواندنی مێژووی دەنگی کوردستانی ئێرانە و بەس،

هیوادارم بەرێوە بەرانی کورد کاناڵ و هەموو راگەیاندن و مێدیاکانی کوردی ئەمانەتدارێکی بەرپرس و راستەقینە

بن بەرامبەر بە گوازتنەوەی مێژووی ئەم گەلە مێژوو شێواوە. سڵاو لە ئامانجە بەرز و پیرۆزەکانی رادیۆی دەنگی کوردستانی ئێران و هەموو ئەوانەی لە راستبێژی و دلێر کردنی ئەم دەنگە دا تێکۆشان و لە پێناوی دا فیداکاریان نواند. هەروەها سپاس و پێزانیین بۆ ئەو دڵسۆزو هاورێیانەی ئەو هەڵەیەی کوردکانال یان دیت ونەیانتوانی چاوی لێ بنووقێنن و ئاگاداریان کردمەوە.

رێکەوتی: ٢٠ی جوونی ٢٠١٠

-----------------------------------

## پەردە لادان لە مۆنومێنتی شەهید دوکتور"قاسملوو"و ئەرکی ئێمە.

هەر وەک ئاگادارن رۆژی ١٧ی ژووییە لە رێ و رەسمێکداکە لە شاری "وییەن" پێتەختی وڵاتی ئۆتریش بەرێوە دەچی پەردە لە سەر مۆنومێنتی شەهیدی سەرکردە دوکتور قاسملووی زانا لادەدرێ.

بە بۆنەوە لە راگەیاندراوێکدا کە کۆمیتەی ئامادەکاری پەردە لادان بڵاوی کردۆتەوە داوا لە سەر جەم تێکۆشەرانی کورد کراوە لەو رێ و رەسمەدا چالاکانە بەشداری بکەن.هەر وەک ئاگاداران هەر دوو لایەنی دێمۆکراتیش هەریەک بە لەونێک تەمای بەشداری کردنیان هەیە.

بەڵام ئەوەی ئێمە هەموومان دەیزانین و لە هەڵسوکەوتیان ئاگادارین هیچ کام لەم دوولایەنە بۆ لایەنەکەی دیکە داناشکێ و خۆی بە هەقدار دەزانێ کە میراتگری راستەقینەی رێگای قاسملوویە. هەر بۆیە بە مافی خۆشی دەزانی پێشقەدەم بێ بۆ خۆ بە خاوەن کردنی رێ و رەسمەکە.لێشمان روونە کە ئاکامەکەشی بە چ ئاقارێکدا دەشکێتەوە. هەمووامان ئەوە دەزانین شەهیدی سەرکردە دوکتور قاسملوو، رێبەری حیزب و سکرتێری گشتی ئەم حیزبە بوە. بەڵام ئەمرۆ و لەم قۆناخەدا دەرکەوتوە کە ناو و کەسایەتی بەرزی دوکتور قاسملوو سنووری حیزبایەتی بەزاندوەو لەوەی چۆتەدەر تەنیا حیزبی دێمۆکرات بە هەر دوو باڵەکەیەوە خاوەندارییەتی بکا.

دوکتور قاسملوو ئەمرۆ بۆتە سەمبۆل و بۆتە هێما بۆ هەر تاکێکی کورد. بۆتە رەمزو نوێنگەی مرۆڤێکی خۆنەویست کە لە سەخترین کاتەکانی شۆرش دا لە بیری چارەسەری کێشەی کورد دابوو بۆ ساتێکیش لێی خافڵ نەبوو سەرییشی هەر لەم پێناوەدا دانا. هەروەک چۆن پێشەوا قازی بۆتە رەمزی نەتەوەیی، دوکتور قاسملووش هەروا. بۆیە هیچ لایەنێک و هێزێک مافی وەی نیە پاوانخۆزای بکا وناو و یادی دوکتور قاسملوو بکاتە چەکی تۆڵە کردنەوە لە لایەنی بەرامبەری. دوکتور قاسملوو بۆتە موڵکی نەتەوەیی بێ ئەم لاو ئەم لای ئەم گەلە. ئەمەش بۆتە ئەمرێکی واقیع و کەس ناتوانی نکۆڵی لێ بکا.

هەمووامان دەزانیین ئەوەی کە رۆژی ١٧ی ژوویيە لە وییەن دەکرێ و پەردە لە سەر مۆنومێنتی شەهیدانی وییەن

هەڵدەدرێتەوە، بەرهەمی رەنج و ماندووبوونی لەرادەبەدەر و تاقەتپڕوکینی رۆڵەیەکی رێبازی پر لە شانازی دوکتور قاسملوویە، کەسێک کە کەس ناتوانێ شک لە نیاز پاکی. سەداقەت و وەفاداری بە مامۆستاکەی بکا. رۆڵەیەک کە لەم بوارەدا لە زۆر شتی خۆی مایەی دانا. لەو دەرک و ئەم دەرکی دا. کارێکی گەورەو کردەوەیەکی شۆڕشگێرانە کە هیچ کام لەم دوو لایەنانە رۆحیان ئاگادار نەبوە کە هەنگاوێکی ئاوا گرینگ وجوا مێرانە نراوە. ئەگەر ئەوە بخەینە بەر دیدی خۆمان کە کۆماری ئیسلامی چەندە هێزو توانای خۆی خستۆتە گەر و دەهەوڵی ئەوەی دایە پێش بە دانانی ئەو مۆنومێنتە بگرێ ئەوکات بۆمان دەردەکەوی کە ئەم هەنگاوە چەندە گەورەو پڕ بایەخە.کە وابوو ئەمە مافی بێ ئەم لاو ئەو لای بەرێز و تێکۆشەر کاک "عەتا نەسیری" یە کە بۆ هەرچی بە شکۆتر بەرێوەچوونی ئەم رێورەسمە بەرنامە رێژی ئەو رۆژە بکا. باری ئەخلاقیو یاسایی ئەو ئەرکە دەخاتە سەر شانی هەموو ئەو لایەنانە پێرەوەی لەو پرۆگرامە بکەن کە بۆ ئەو رێ و رەسمە دیاری کراوە.

لەم چەند رۆژەی داهاتوو دا کە هەموو نیگاکان بەرەو "ویـیەن"ە، هەموو ئەویندارانی رێبازی پر لە سەروەری شەهید دوکتور قاسملوو بە دڵێکی پر لە قەدر و ئەمەگناسی یەوە بە رامبەر بەو گەورە پیاوەی ناوداری کورد خۆیان ئامادە کردوەو چاوەرێی ئەوە دەکرێ لە هەموو ئوروپا را بێن و بەشداری لە رێورەسمی پەردەلادان لەو مۆنومێنتە دا بکەن.

هەر بۆیە لە لایەک ئەرکی هەر تاکێکی کوردە بە دوور لە بیری حیزبایەتی بە روحێکی بەرزی هاورێ یانە و دۆستانە بەشداری ئەو رێورەسمە بکات و لە لایەکی دیکەش ناوەندی ئاشتی و کەمپینی یەکبوون لەم قۆناخەدا بۆ پێشگرتن لە هەرچەشنە توونـد وتیـژی یەک و هەروەها ئەهوەن راگرتنی فەزای رێورەسمەکە ئەرکێکی گرینگی دەکەوێتە سەر شان. لە لایەک هەروەک چۆن نیشانی داوە دەبێ ببێتە هێزێکی بێ لایەنی جێگای متمانە، پارسەنگی خۆی رابگرێ. ببێتە حەلقەیەکی راستەقینە و بە دلەوەی پێوەندی نێوانی هەر دوو باڵە لێکدابراوەکەی حیزب بۆ تەحەموول کردنی رووحی هاوکاری و پێکهێنانی فەزایەک لە تەبایی. لە لایەکی دیکەش پتانسێلی وزەو توانای کەمپین بۆ هەرچی باشتر بەرێوە چوونی رێ و رەسمەکە بخاتە گەرو هاوکاری بەرێز کاک "عەتا نەسیری" و کۆمیتەی بەرێوەبەری پەردەلادان بکا.

چونکە بمانهەوێ و نەمانهەوێ لەم رۆژەدا چاوی کامێرای نەیارانی کورد زوومی سەر تاک تاکی بەشدارانی ئەو

ڕێورەسمە کراوەو لەوەی دەگەڕێن وەک هەمیشە کێچێک بکەنبە گایەک. بۆیە وشیاری ئێمە ئەو هەوڵەی دۆژمن پووچەل دەکاتەوە.شتیکی دیکەش کە لێرە پێویستە ئاوڕی لێ بدرێتەوە و ئاماژەی پێ بکرێ ئەوەیە کە هەموو مێدیاکانی کوردی چ وەک ڕەنگ و دەنگ و چ وەک ماڵپەرەکانی تۆری ئەنتێرنێتی بۆ بانگەشەکردنی ئەو ڕۆژە بە دڵفراوانی زانیاری بدەن بە خەڵک و لە ڕێگای ئەوانەوە بیروڕای جیهانی لەم ڕووداوە ئاگادار بکەنەوە. میدیای کوردی وەک ئەرکێکی نیشتمانی لە سەرێتی ئەم کارە بکات و بە بێ جیاوازی دانان ئەم ڕۆژە بەرز بنرخێنێ.

هیوادارم ڕۆژی ١٧ی ژووییە ڕۆژی پەردە لادان لە مۆنومێنتی شەهیدی سەرکردە دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی لە "وییەن" ببیتە دەرفەتێک و هەلێک بۆ ڕۆژی لێک نیزیک کردنەوەی رووحی برایەتی و هاورێیەتی. ببێتە نۆختە گۆرانێک لە مێژووی تاڵی ئەم گەلە بۆ بنیاتنانی بناخەکانی یەکیەتی و یەکگرتوویی هەموو لایەنەکانی کوردی. با لەم ڕۆژەدا هیممەت بنوێنین و بەدوور لە دەمارگرژیی حیزبایەتی و ڕێکخراوەیی خەونە نەزۆکەکانی نەیار ودوژمنە ڕەنگاورەنگەکانی گەلەکەمان پووچەڵ بکەینەوە. بالەم ڕۆژەدا یاد و بیرهێنانی پێغەمبەری ئاشتی بکەینە ڕەمزی بە یەکەوە هەڵکردن. با گیانی پاکی ئەو گەورە شەهیدە کە بێگۆمان هەموو ساتێک لە گەڵمانە و لە یادمانە شاد بکەین.

بە هیوای یەکتر دیتنەوەمان لە ڕۆژی ١٧ی ژوویيە لە وییەنی پێتەختی ئۆتریش.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات تایمز - ڕێکەوتی: ٨ی جوولای ٢٠١٠

-------------------------------------

## ئایا بێدەنگی ئەمجارەی خەڵکی کوردستان لە ساڵرۆژی شەهید بوونی دوکتور قاسملوو،

### چ پەیامێکی ئاشکرای بۆ ڕێبەرانی دوو دێمۆکراتەکان پێیە؟

حیزبی دێمۆکراتم خۆش دەوێ بە قەد هەموو رابردووم، بە رادەی هەموو شەهیدەکان..خۆشم دەوێ لەبەر ئەو ڕووبارە خوێنەی لەبەری رۆیوە.خۆشم دەوێ سەبارەت بە و گشتە فیداکاری و قوربانی دانەی لە پێناوی دا کراوە. خۆشم دەوێ لەبەر گەورەشەهیدانی وک قازی و قاسملوو و شەرەفکەندی.

بەڵام ئەگەر داهاتووی کوردستانمان لەبەر چاوە با پێ لە هەڵەو عەیبەکانی خۆمان بنێن. با لەگەڵ خۆمان و لە گەڵ ویژدانمان ڕاستگۆ بین، با چاو لە ئاست راستی یە تاڵەکان نەنووقێنین. دوێنی ٢٣ ساڵەی ساڵرۆژی شەهید بوونی رێبەری زانا دوکتور قاسملوو و هاورێکانی بوو دیتمان و شاهید بوین کە ئەم ڕۆژە تاڵە بەبێ دەنگی لە لایەن کۆمەلانی قاسملوو خۆشەویستی کوردستانەوە تێپەڕی.

تۆ بڵێی خەڵک پشتیان لە رێبازی قاسملوو کردبێ؟ تۆ بڵێێ خەلکی کوردستان دەست بەرداری مافو ئازادی یەکانی خۆیان بن و لە خەبات وازیان هێنا بێ و بە چۆکدا هاتبن؟ با دەمارگرژی وەلانێین و بیرێک لەو چارەنووسە لێڵ و تەماوی یە بکەین کە بە سەر ڕوخساری حیزبەکانی ڕۆژهەلات و هەردووباڵی دێمۆکرات کشاوە،مەسەلێکی فارسی هەیە دەڵی: دۆست ئەوەیە بتگرێنی، دوژمن ئەوەیە بتکەنێنێ. با بە وتەیەکی مێژوویی شەهیدی نەمر دوکتور قاسملوو لە سەرپێگەی حیزب لە نێو کۆمەلانی خەڵک دا بچینە ناو باسەکەوە. شەهیدی ڕیبەر قاسملوو ی نەمر دەفەرموێ:

"ئێمە ئەگەرئەمرۆ بەوئاستە لەخۆشەویستی و پرستیژ لە ناو خەڵکی خۆمان دا گەیشتووین لە بەر ئەوەیە لەناو خەڵک داین وپێشەنگی خەباتین، خەلک پێشمەرگە لە باوەشی خۆی دەگرێ و لە خۆی دەزانێ و پێشمەرگە وەکوو ماسی وایە لە نێو دەریای ئەم خەڵکە دا."..

بەڵام ئێستاش وایە؟ ئەوە نیزیک بە دوو دەیە حیزبی دێمۆکرات کەسەردەمانێک ڕووگەی خەڵکی کوردستان بوو لە دەریای ئەم خەڵکە دابڕاوە و هیچ پێوەندیکی بە کردەوەی بەم خەڵکەوە نەماوە. لە دەرد و مەرگ و ژان و ئازارەکان و خواستەکانی ئەوکۆمەڵگایە دا بێخەبەرە و دوور کەوتۆتەوە. گەلۆ دەبێ بە چ هومێدو دڵخۆشی یەک و چ ئاکارێکی شیاو و خەڵک پەسەند ئەو چاوروانی یەمان لەو خەڵکە هەبێ وەدوای سیاسەت و بانگەوازەکانمان کەون.

بە سەرلێشواندنی خۆمان خەڵکیشمان تووشی سەرلەشێواوی کردوە، ئەو خەڵکە روو لە کامە یەک لەو دوو دێمۆکراتە بکا؟ هیچ گومانم لەمەدانییە کە خەڵک بە ڕاستی زگیان بەو حاڵە پەرێشان و دەستەوەستانی یەی حیزبەکانی ئێمە دەسووتی. جاران ئەگەر حیزبی دێمۆکرات خۆشەویست و جێگای ناو دڵی کۆمەڵانی خەڵکەکەی بوو بە هۆی پێشرەو بوون وپێشەنگیی لە خەباتی بێپسانەوە و لە دڵەوەی کادرو پێشمەرگە گیانباز و فیداکارەکانی یەوە بوە.

بەڵام ئێستا خەڵک بە هۆی پێگەیشتوویی و تێگەیشتووی و چوونە سەری پلەی شعووری سیاسی، حیزبە کانیان کردۆتە پاشکۆی خۆیان،ئیدی بێزار و ماندوو بوون لەو هەموە خۆ بەزلزانی و لووت بەرزی یەی حیزبە پارچە پارچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

حیزبی دێمۆکرات ئەگەر ئێستا تۆزقاڵە پێگەیەکی لە ناو خەڵکی وڵاتەکەی دا مابێ تەنیا باری ئیحساسی و نۆستالژی یە و بە خاتری ئەو رابردوویە پڕشنگدارەی شەهیدە سەربەرزەکانی یەتی. بە خۆشێوە خەڵکی کوردستانی ئێستا لەگەڵ خەڵکی سی ساڵ لەمەوپێش سەرەڕای ئەوەیکە لەگەڵ فشار و زەخت وزۆرێکی لەڕادەبەدەری دەزگا داپلۆسێنەرەکانی کۆماری پەت و سێداری ئاخۆندی بەرووەروون جیاوازێکی زۆریان هەیە و ڕادەی وشیارییان زۆر لە سەرێیە، کە واتە کۆمەڵگایەک کە رادەی وشیاری و تێگەیشتنی بەم رادەیە بێ باش دەزانێ چۆن هەڵسو کەوت لە گەڵ هەل و مەرج بکات..

ئەمە کە لە رۆژێکی ڕەش و تاڵی ئاوا دا خەڵکی دڵبریندارو بەپەرۆش بیدەنگی هەڵدەبژێرن وبەرەپیری بانگەوازەکانی هیچکام لە دێمۆکراتەکان ناچن دەبێ هەڵگری چ پەیامێکی ئاشکرا بێ بۆ سەرانی لە خۆبایی

دیمۆکراتەکان؟ مەگەر ئەو خەڵکە هەمان خەڵکی ساڵانی پێشوو نین کە لە جەریانی شەهیدکرانی شوانەی سەید قادر و جەریانی لە سێدارەدانی مامۆستا فەرزاد کەمانگەر و هاوڕێیانی کوردستانیان خرۆشاند و ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیان تووشی هەراس کرد؟

ئەوانە مەگەر هەر ئەو کچ و کورانەی دوێنێ نین کە سینگیان لە راست داگیر کەراندا دەکردە قەڵغانی گوللە ،هەر هەمان ئەو بازاری یە بوێرانە نین کە دوکان وبازاریان یەک بەر دادەخست و ئەو رۆژە یان بۆ داگیرکەرانی کوردستان دەکردە دۆزەخ؟ ئەوەی دوێنی کرا هەڵوێستی خەڵکی تورەیە، وەڵامێکی پڕ بەپێستە بۆ ئەوانەی پشتیان لە ویستی خەڵک کردوە، ئەوەیە ڕقی شۆڕشگێڕانەی جەماوەر، ڕێژیم ساڵانی ڕابردوو لە ترسی خرۆشی خەڵک لەو رۆژەدا هەموو شارو شارۆچکەکانی بە هێزە سەرکووتکەرەکانی دەتەنی و باری نائاسایی و حکوومەت نیزامی رادەگەیاند، بەڵام ئەمسال لەبەر بێ ئاسۆیی حیزبە پەسیوەکانی رۆژهەلات و لەبەر دووبەرەکی و شەڕە کورسی ئەرخەیان لەوەی کە هیچ بەرهەڵەست و ڕاپەرینێک لە لایەن خەڵکی کوردستانەوە نایەتە ئاراوە، پاڵی لێدایەوە و بە بزەی دزێوانەی سەر لێوی سەرلەنوێ داخی برینی قاسملوویان لێ زیندوو کردینەوە.

پەیامی روون وئاشکرای ئەوکاتی خەڵک بۆ حیزبەکانی ڕۆژهەلات بە هۆی ئەو ڕاگەیاندراوە هاوبەشەی ئەو حیزبانە بوو کە بەو بۆنەوە بانگەوازیان بۆ دا. ئەو تۆزقاڵە بەیەکەوە بوونەی لاینەکانی کوردی بوو بەهۆی هۆمێد و دڵگەرمی بە جۆرێک ئەم راپەڕینە بەرینەی جەماوەری خەڵکی کوردستان لێکەوتەوە. ئەگینا کەس هەیە لە رۆژێکی ناخۆش و تاڵی وەک ٢٢ی پووشپەڕ دادڵی ئاور نەگرێ و جەرگی کزەی لێهەڵنەستێ و چاوەکانی پڕ نەبێ لە فرمێسک ونەفرەت لە بکووژان و لەڕێژیمی کۆماری ئیسلامی نەکات؟

دڵنیابن هەتا ئاوا دژ بەیەک و شەرە جنیو بە یەکتری بن ئەم خەڵکە وشیارە نەتەنیا هیچ وەڵامێکی ئەرێنیتان پێ نادەنەوە بەڵکوو بە سیاسەتی بێدەنگەو بایکۆتکردنتان ئاوا تەنبێتان دەکەن. سووربزانین تەنیا زەرەمەند ئێوەن و زەحمەت بە خەسار هەر ئێوەن.

هەرکەسێک تۆزقاڵێک لە ئەلف وبێی سیاسەت بزانێ دەزانێ ئەمڕۆ ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەراست و ئەو وڵاتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە بۆتە بۆشکەیەکی باڕووت و ئەلحان نا ئەلحان ئەگەری تەقینەوەی هەیە. پێمان

نــاڵێن لەم هەل و مەرجە هەســتیارەدا بە چ یەکگرتنــو یەکێیتــی یەک، بە چ ئیتفــاق وپلاتفۆرمێــک و بە چ پوتەنسیەل و هێز وتوانایەک ئێوە وەک پێشڕەوانی ئەم گەلە دەتوانن ئەم هەلە لە قازانج و بەرژەوەندی یەکانی گەلی کورددا بقۆزنەوە؟ ئایا پێتان وایە بەم پرش و بڵاوی یە دەتوانن کەشتی سەرگەردانی شوڕش لەنێو تۆفانی ئۆقیانووسی پر لە گۆنگەڵی رۆژهەڵاتی ناوەراستدا بگەیەنە بەندەری ئاسوودەیی؟

ئێوە(هەردوولابالی دیمۆکرات) کە خۆتان بە ڕێبەریی ئەم خەلکە دەزانن چ دەکەن بۆ ئەوەی متمانەی سەر لە نوێی ئەم خەڵکە بەدەست بێننەوە؟

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ١٥ی جوولای ٢٠١٢

---------------------------------

## چەند پەیڤێک لە سەر بیر و ئەندێشە و ڕوانگە و بۆچوونەکانی د.سادق شەرەفکەندی.

ئەگەر بمهەوێ وەڵامی ئەم پرسیارە بدەمەوە وپێناسەیەک لە ڕوانگەو بیر و بۆچوونەکانی دوکتور سەعید وەک هاوڕێ و دۆستێکی ئەم چەند ساڵەی خۆم بکەم دەبێ بڵێم کە کاک سەعید خاوەن و هەڵگری گەلێک ڕوانگەو بیرو بۆچوونی شەففاف و ئاشکرا بوو کە باسکردنیان حەوجێی بە کاتێکی زۆر هەیە. بۆیە من بەکورتی تەنیا ئاماژەبە یەک ڕوانگەو بۆچوونی ناوبراو دەکەم.

دیارترین ڕوانگەی دوکتور سەعیدکە بەلای من گرینگتریانە هەستی نەتەوەییخوازیی و کوردایەتی ناوبراو بوو . ئەم هەستە بەتەواوی لە بیری دوکتور سەعید دا پەنگی خواردبۆوە کە دەکرێ بڵێم کەسایەتی وچوارچێوەی هزریی دوکتور سەعیدی تەنی بوو و شکڵی پێ گرتبوو..ئەمەش سروشتی بوو، دەکرێ بڵێم ڕیشەیەکی مێژوویی هەبوو و بیرێکی ئاوا بە بێ هۆ لە دوکتور سەعید دا سەری هەڵنەدا بوو. دوکتور سەعید لە نێو چوارچێوەی بنەماڵەیەکی نیشتمانپەروەری کورد دا پێ دەنێتە دونیا. سەردەمی منداڵی هاوکاتە لە گەڵ هەلایسانی شەری دووهەمی جیهانی و هاتنی هێزی هاوپەیمانان بۆ ناو خاکی ئێران، هاوکاتە لە گەڵ تێکشکانی نازیسم لە ئاڵمان و فاشێسم لە ئیتالیا، هاوتەریبە لە گەڵ پەرەگرتنی سۆسیالیزم و هەڵکردنی شنە بای ڕزگاریی زۆرێک لە گەلان و دروست بوون و شکڵ گرتنی زۆر وڵات، سەرئەنجام هاوکاتە لە گەڵ دامەزرندانی کۆماری کوردستان لە مەهاباد.

لە لایەکی دیکە کاک سەعید برا چووکەی عەبدولرەحمان شەرەفکەندی "مامۆستا هەژار" شاعیری نیشتمانی کۆماری کوردستان بوو. ناوبراو بە چاوی خۆی ئاڵای کۆماری کوردستان دەبینێ کە لەسەر دامو دەزگاکانی حکوومەتی دەشەکێتەوە. بە شەوقەوە پێدەنێتە قوتابخانە و بە زمانی شێرینی کوردی دەرس دەخوێنێ و مێشکی بە نۆتەکانی سروودی کوردایەتی سەردەمی کۆمار زاخاو دەدرێ. هەر بۆیە بوونی ئەودیاردانە دەبنە هۆی ئەوە کە کاک سەعید هەر لە تەمەنی منداڵی یەوە تێکەڵ بە کەشی سیاسەت و کوردایەتی بێ و یەکەم بەردی بناغەی کۆشکی کوردایەتی لە دەروویندا دابمەزرێ. بیری نەتەوەیی بۆ کاک سەعید دەبێتە یەکەم ئامانج ومەشغەڵی ڕووناکی ڕێگای تێکۆشانی دوارۆژی کەسایەتی کاک سەعید هەر لەژێر کارتێکەریی و ڕووناکی ئەم بیرەدا گەشە دەکا. بە جۆرێک کە چ ئەوکاتەی وەک مامۆستا لە بوارەجور بەجۆرەکانەوە مامۆستایەتی کردوە و وانەی کوتۆتەوە، چ

ئەوکاتانەش بە کردەوە دێتە نێو بزووتنەوەی کوردستان وتێکۆشانی سیاسی خۆی دەست پێدەکات و پاشان جڵەوی ڕێبەرایەتی حێزبی دێمۆکرات بەدەستەوە دەگرێ ئەو بیری نەتەوەخوازی یە بەتەواوی لە هەستان و دانیشتن و گوتارو نوسینەکانی دوکتور سەعید دارەنگ دەدەنەوە و دەردەکەون.

دوکتور سەعید شارەزای مێژووی کوردە وخوێندنەوەیەکی زانسیی یانەی لە سەر مێژووی سەرهەڵدان و بزووتنەوەکانی کورد هەیە.ئەو لە نووسینی "کورتە مێژوویەک لە جووڵانەوەکانی کورد" دا ئاماژە بە هۆکارەکانی سەرهەڵدان، کەمایەسی یەکان و تێکشکانەکانی ئەو جووڵانەوانە دەکا، هەر بۆیە لە گۆڕەپانی بە کردەوەدا بە دیدێکی زانستی یانەو واقێعبینانە دەروانێتە داهاتووی کورد. لە دووره روانینی خۆی دا کێشەی کورد و مافەکانی بەرامبەر بە نەتەوەی فەرمانڕەوا شی دەکاتەوە و ئەوانەی ئێران تەنیا بە فارسەوە دەبەستنەوە دەکاتە مەسەلەیەکی دیار و بەرجەستە.

دوکتور سەعید بۆ دامەزراندنی ئێرانی داهاتوو ناچیتە ژێر ئاڵای هیچ بەرەیەکەوە کە لایەنەکانی ئەو بەرەیە باوەڕیان بە چارەسەری مافی نەتەوایەتی گەلانی ئێران نەبێ.خەتێکی سووری پان بەسەر بیری سەڵتەنەتخوازی دا دەکێشێ و بۆ هەمیشە ئەو سیستمە بۆ داهاتووی ئێران ڕەتدەکاتەوە. بە خوێندنەوەیەک کە لەسەر ئەم سیستمە هەیەتی دەزانێ و لێی روونە مافی نەتەوایەتی و دیاریکردنی چارەنووس لە گەڵ سیستمی دواکەوتوانەی سەڵتەنەتی لە ناتەبایی دایە و بە هیچ شکڵێک ناتوانێ خۆی لە گەڵ مافی نەتەوەیی وپلۆرالیسمی سیاسی گەلانی ئێران بگۆنجێنێ. پاشان زۆر لێبڕاوتر و شەففافتر لەمە لەسەر مافی نەتەوەی کورد لە ئێران دا دەدوێ و بێ ئەوەی هیچ شک و گومانێک لای کەس دروست بکات زۆر بە ڕاشکاوی دەڵێ: ئەوە راستە کە ئێران بە درێژایی مێژوو لە یەکگرتوویی و موزاییکی نەتەوە جیاجیاکان پێک هاتووە، بەڵام هیچ شتێک هەتا هەتایی وئەزەلی نیيە، چ هۆیەک هەیە بۆ ئەوەی کە ئەگەر چەند نەتەوە ١٥٠٠ ساڵ پێکەوە ژیاون، نەکرێ لێک جیا بنەوە و جیا لە یەکتری بژین؟ مەسەلەکە ئەو هەلومەرجە کە ئەمڕۆ لە ئارادایە.

دوکتور سەعید باوەڕی تەواویی بە سەربەخۆیی و بە یەکپارچەیی کوردستان هەبوو. زۆرجار ئەو کاتەی بەرپرسی یەکەمی حیزب بووە ورێبەرایەتیی حیزبی وەئەستۆ گرتوە بە بێ ترس و دڵەڕاوکە و بە ئاگاهییەوە یارمەتیدەری ئەو بەشەی کوردستان بووە کە پیوستیی بە یارمەتیی حیزبی دێمۆکرات بووە. لەو جێگایەی پێویست بووە قازانجی

نەتەوەیی وە پێش قازانجی حیزبایەتی داوە و لەم ڕێگایەش دا باجی بۆ داوە. لەبەر ئەوەی دوکتور سەعیدلە حیزب›› وەک ئامرازێک بۆ گەیشتن بە مافی نەتەوایەتی دەیڕوانی. باوەڕی وابوو حێزب دەتوانێ بۆ قۆناخێک لە ژیانی کۆمەڵ کارساز بێ بەڵام هەتاهەتایی نیە ولە قۆناخەکانی دیکەدا کۆمەڵگە حیزبی خۆی دیاری دەکات.

با نموونەیەکی دیکە بێنمەوە بۆ ئەوەی بەس بێ کە دوکتور سەعید چەندە شانازیی بە کورد بوون دەکا. لە ڕێورەسمی ١٠ساڵەی دامەزرانی رادیۆدەنگی کوردستانی ئێران داکاک دوکتور سەعید لە سەرنەتەوەیی خوازی و مافی نیشتمانیی کورد دەڵێ:

...دەبێ شانازی بە خۆمان بکەین کە کوردین. خەبات بۆ مافی نەتەوایەتی خەباتێکی پیرۆز و ڕەوایە. تەنیا کوردە ئەمرۆ بە کردەوە لە گۆڕەپانی سیاسیی ئێران دا بۆ ئازادی خوێنی دەڕژێ و قوربانی دەدا.کەواتە هیچ کەس ناتوانێ لە ئێران دا خۆی بەسەر کورد دا فەرز بکات. من وەکوو کورد نە لە هیچ کەسێکی کەمترم نە زیاتر....

لەو سەردەمەداکە هێڵە فیکری یەکانی چەپی کلاسیک لە قاڵبی سوسیالیزمی مەوجوود دا باڵی بە سەر کەشی سیاسیی ئێران دا کێشا بوو و بیری نەتەوەخواز ی و دیاریکردنی مافی چارەنووس لە ڕوانگەی زۆرێک لە هیز و لایەنە ئێرانییەکانی سەر بەم ڕێبازە فکرییە ئیرتجاعی و دواکەوتووانە پێناسە دەکرا، ئەم بیرە لێبڕاوانەی دوکتور سەعید ئەوکاتەیە کە دەبێ هەڵوێستەی لە سەر بکرێ و گرینگی و بایەخیان پێ بدرێ.

دوکتور سەعید لەو سەنگەرەشەوە بێ ئەوەی بکەوێتە ژێر تەوژمی ئەو تێئۆریانە، لەبیری نەتەوەخوازی بە هەموو توانایەوە دیفاعی دەکردو هەڵوێستی دەگرت. راستی و درووستیی ئەم بیرەی دوکتور سەعید ئەو کاتە بۆ هەموو لایەکی سەلمێنرا و دەرکەوت کە دیتمان چۆن هەستی نەتەوەیی و سەربەخۆییخوازی لە نێو گەلانی بلۆکی شەرق داکە زیاتر لە حەفتا ساڵ بێدەنگ و کپ کرابوون تەقیەوە و بوو بە هۆی هەڵوەشانی ئەو بەرەیە و جیابوونەوە و دامەزراندنی دەوڵەتی سەر بەخۆی خۆیان؟

لەکۆتایی دا دەڵێم: شەهید دوکتور سادق شەرەفکەندی بەر لە هەموو شتێک کوردێکی دێمۆکراتی چەپ بە مانای

وشە بوو. باوەڕێکی یەکجار قووڵی بە دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی دادپەروەرانە لە سەر بنەمای سۆسیالیزمی دێمۆکراتیک هەبوو. بۆ ئەم مەبەستەش زۆر لێبڕاوانە و بوێرانە پشتیوانیی لەم بیرۆکەیە کرد. یەکێک لەو کەسانە بوو کە بەتەواوی پشتی دوکتور قاسملووی ڕێبەری بۆ پەسەندی کورتە باسێک لە سەر سۆسیالیزم›› گرت کە لە کۆنگرەی شەشەمی حیزبدا هاتە بەرباس و مشتومڕ و هەڵلایەکی زۆری لێکەوتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ٢٢ی سێپتەمبەری ٢٠١٢

---------------------------------------------------

**دوکتور سەعید بوێرانە پشتیوانی لە بیرۆکەی "کورتە باسێک لەسەر سوسیالیزم"ی کرد.**

باس لە کەسایەتیی دوکتور سەعید پێویستیی بە دەرفەتێکی زیاتر هەیە و لە نووسراوەیەکی کورتدا مەحاڵە بتوانم باسی هەموو لایەنەکانی ژیانی بکەم، بۆیە ناچارم زۆر بە کورتی تەنیا ئاماژە بە یەک روانگەی ناوبراو بکەم کە بە لای من دیارترین و گرینگترینیانە و دەکرێ بڵێم کە ستروکتور و چوارچێوەی هزریی دوکتور شەرەفکەندی لەسەر ئەم روانگەیە شکڵی گرتبوو، ئەویش بیری نەتەوەییخوازی و کوردایەتی ناوبراو بوو.

هەموومان دەزانین دوکتور سەعید لە نێو چوارچێوەی بنەماڵەیەکی نیشتمانپەروەری کورددا چاو هەڵدێنێ. هێشتاکانە منداڵە کە ئاگری شەری دووهەم عالمگر دەبێ و بڵێسە دەسێنێ. نازیسم لە ئالمان و فاشیسم لە ئیتالیا شکست دێنێ. هێزی هاوپەیمانان واتە سوپای سۆڤییەتەکان لە باکوور و ئینگلیسییەکان لە باشوور خاکی ئێران داگیر دەکەن، رەزاشا لە کورسیی دەسەڵاتی سەڵتەنەت دەخرێتە خوار و دوور دەخرێتەوە، شنە بای رزگاری لە زۆرێک لە وڵاتان دەست پێ دەکا و بیری سەربەخۆییخوازیی گەلانی چەوساوە و یەک لەوان گەلی کورد لە کوردستانی بندەستی ئێران دەبووژێتەوە و بە جۆرێک کە دامەزرندانی کۆماری کوردستان لە مەهابادی لێدەکەویتەوە.

لەلایەکی دیکە دوکتور شەرەفکەندی برا چووکەی عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی، "مامۆستا هەژار" شاعیری نیشتمانی کۆماری کوردستانە. کارتێکەریی کەسێکی وەک مامۆستا هەژار و دیتنی شەکانەوەی ئاڵای کۆماری کوردستان لەسەر دام و دەزگاکانی حکوومەتی و چوونی بۆ قوتابخانەی کوردی و خوێندن بە زمانی زگماکی و بیستنی سروودی نەتەوایەتیی "ئەی رەقیب"، دەبنە هۆی ئەوە کە دوکتور شەرەفکەندی هەر لە تەمەنی منداڵییەوە مێشکی پڕ بێ و تێکەڵ بە کەشی سیاسی و کوردایەتی بێ و یەکەم بەردی بناغەی کۆشکی کوردایەتی لە دەروونیدا دابمەزرێ. بە جۆرێک کە چ ئەو کاتەی دەبێتە مامۆستا و لە بوارە جۆربەجۆرەکانەوە وانەی کوتووەتەوە، چ ئەو کاتانەش بە کردەوە دێتە مەیدانی خەبات و تێکۆشانی سیاسی خۆی بە ئاشکرا دەست پێدەکات و پاشان دەبێتە کەسی یەکەمی حیزب، ئەو بیری نەتەوەخوازییە بە تەواوی لە هەستان و دانیشتن و نووسین و گوتارەکانیدا دەردەکەون.

دوکتور شەرەفکەندی شارەزایی‌یەکی تەواوی لە سەر مێژووی کورد هەیە و خوێندنەوەیەکی زانستییانەی لەسەر مێژووی سەرهەڵدان و تێکشکانی بزووتنەوەکانی کورد دەدا بەدەستەوە. ئەو لە نووسینی "کورتە مێژوویەک لە جووڵانەوەکانی کورد"دا ئاماژە بە هۆکارەکانی سەرهەڵدان، کەمایەسییەکان و تێکشکانەکانی ئەو جووڵانەوانە دەکا، هەر بۆیە لە گۆڕەپانی بە کردەوەدا بە دیدێکی زانستییانە و واقیعبینانە دەڕوانێتە داهاتووی کورد.

دوکتور شەرەفکەندی بۆ دابین کردنی مافی چارەنووسی کورد لە ئێرانی داهاتوو ناچێتە ژێر ئاڵای هیچ بەرەیەکەوە کە لایەنەکانی ئەو بەرەیە باوەریان بە چارەسەری مافی نەتەوایەتی نەبێ. زۆر لێبڕاوانە خەتێکی سوور بەسەر بیری سەڵتەنەتخوازیدا دەکێشێ و بۆ هەمیشە ئەو سیستەمە بۆ داهاتووی ئێران ڕەت دەکاتەوە. ناوبراو بە خوێندنەوەیەکی ورد کە لەسەر ئەم چەمکە هەیەتی دەزانێ کە دابین کردنی مافی نەتەوایەتی و دیاری کردنی چارەنووس لەگەڵ بیری دواکەوتوانەی سەڵتەنەتی لە ناتەبایی دایە و بە هیچ شکڵێک ناتوانێ خۆی لەگەڵ سیستمی پلۆرالیزمی سیاسیی گەلانی ئێران بگۆنجێنێ. پاشان زۆر لێبڕاوتر و شەفافتر لەمە لەسەر مافی نەتەوەی کورد لە ئێراندا دەدوێ و بێ ئەوەی هیچ شک و گومانێک لای کەس دروست بکات زۆر بە راشکاوی دەڵێ: ئەوە راستە کە ئێران بە درێژایی مێژوو لە یەکگرتوویی نەتەوە جیاجیاکان پێکهاتووە، بەڵام هیچ شتێک هەتاهەتایی نییە. چ هۆیەک هەیە بۆ ئەوەی کە ئەگەر چەند نەتەوە ١٥٠٠ ساڵ پێکەوە ژیان، نەکرێ لێک جیا بنەوە و جیا لە یەکتری بژین؟ مەسەلەکە ئەو هەلومەرجە کە ئەمڕۆ لە ئارادایە.

دوکتور شەرەفکەندی نەترسانە و لە رووی ئاگاهییەوە باوەڕی تەواویی بە سەربەخۆیی و بە یەکپارچەیی کوردستان هەیە. ئەو کاتەی کەسی یەکەمی حیزب بووە بە بێ ترس و دڵەڕاوکێ یارمەتیدەری ئەو بەشەی کوردستان بووە کە پێویستیی بە یارمەتی حیزبی دێمۆکرات بووە. زۆر جار لەو جێگایەی پێویست بووە قازانجی نەتەوەیی وە پێش قازانجی حیزبایەتی داوە، هەر چەند لەم ڕێگایەشدا باجی بۆ داوە.

دوکتور شەرەفکەندی لە ڕێوڕەسمی ١٠ساڵەی دامەزرانی رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران دەڵێ:

دەبێ شانازی بە خۆمان بکەین کە کوردین. خەبات بۆ مافی نەتەوایەتی خەباتێکی پیرۆز و ڕەوایە. تەنیا کوردە ئەمڕۆ بە کردەوە لە گۆڕەپانی سیاسی ئێراندا بۆ ئازادی خوێنی دەڕژێ و قوربانی دەدا. کە واتە هیچ کەس

ناتوانێ لە ئێراندا خۆی بەسەر کورددا فەرز بکات. من وەکوو کورد نە لە هیچ کەسێکی کەمترم نە زیاتر ...

ئەو گوتارەی دوکتور شەرەفکەندی ئەو کاتە گرینگی خۆی دەردەخا و بایەخی دەردەکەوێ کە لەو سەردەمەدا هێڵە فیکرییەکانی چەپی کلاسیک لە قاڵبی سوسیالیزمی مەوجوددا باڵی بە سەر کەشی سیاسی ئێراندا کێشا بوو و بیری نەتەوەخواز ی و دیاری کردنی مافی چارەنووس لە روانگەی زۆرێک لە هێز و لایەنە ئێرانییەکانی سەر بەم رێبازە فکرییە ئیرتجاعی و دواکەوتوانە پێناسە دەکرا.

دوکتور شەرەفکەندی لەو سەنگەرەشەوە بێ ئەوەی بکەوێتە ژێر تەوژمی ئەو تێئۆریانە، لەبیری نەتەوەخوازی بە هەموو توانایەوە دیفاعی دەکرد و هەڵوێستی دەگرت. لەدواییدا راستیی و دروستیی ئەم بیرەی دوکتور شەرەفکەندی بۆ هەموو لایەکی سەلمێنرا و دەرکەوت و دیتمان چۆن هەستی نەتەوەیی و سەربەخۆییخوازی لە نێو گەلانی بلۆکی شەرقدا کە زیاتر لە حەفتا ساڵ بێدەنگ و کپ کرا بوون تەقێوە و بوو بە هۆی هەرەس هێنان و هەڵوەشانی ئەو بەرەیە و جیابوونەوە و دامەزراندنی دەوڵەتی سەر بەخۆی خۆیان.

بۆ ئەوەی باسەکە کۆتایی پێ بێنم دەڵێم: شەهید دوکتور سادق شەرەفکەندی کوردێکی دێمۆکراتی چەپ بە مانای تەواوی وشە بوو. باوەڕێکی یەکجار قووڵی بە دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی دادپەروەرانە لەسەر بنەمای سۆسیالیزمی دێمۆکراتیک هەبوو. بۆ ئەم مەبەستەش زۆر لێبڕاوانە و بوێرانە پشتیوانی لە بیرۆکەی "کورتە باسێک لەسەر سوسیالیزم" کرد کە لەلایەن شەهیدی سەرکردە دوکتور قاسملووی زانا لە کۆنگرەی شەشەمی حیزب هاتە گۆڕێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١٩ی سێپتەمبەری ٢٠١٢

---------------------------------------------------

## فرمیسکی باران بۆ ئاوپڕژێنی روحی شەرەفکەندی

هەموو ئێوارەیەکی مات و بێدەنگ و تەمگرتووی دوارۆژەکانی خەرمانانی هەرساڵێک.هاوکات لە گەڵ هەڵفرینی پەڕەسلێرکە بێ ئۆقرەکانی ئاسمانی ساماڵی خۆشەویستیت بە دەم نەوای خەمگینی شمشاڵ ژەنێکی بناری تەنیایی دەکەومە یادت.یادێک کە تێپەرینی ئەو هەموە ساڵە لە کۆچی سوورت نەیتوانی تۆزکالێک لە رەنگ و بۆت لەسەر پەردەی دڵم کاڵ کاتەوە وبیسرێتەوە.. هەموو دەمێ و جارلە گەڵ جار دەبمە بارانی فرمێسک ونمە نمە بەسەر ئاوێنەی خەندەکانت دا دەرژێمە خوار. هەموو جارێ حەزەکانم بە یادی تۆ باڵا دەکەن. باڵ دەگرن دەبنە کۆتر لە سینگمدا دەگمێنن، بە ئاسمانی پر لە تەم ومژی کۆچت دا دەفڕن و بەسەر کێلی گڵکۆتەوە لەنگەر دەگرن.هەموو ئەو ئێوارە خەمگینانە ئەسپی رووحم بێ ئۆقرەیەو نائارامەو لە پێدەشتی "پێرلاشێز" دا سمکۆڵ دەکا و دەحیلێنێ و روحی شەهیدەکان دەهەژێنێ. هەموو دەمێ چۆک دادەدەم، ئامێز بە کێلت دادەکەم، سڵاوی پڕ لە بۆن و عەتری گوڵی یاسی کازیوەی بەیانی خاکەلێوەی چوارچرا و ئاوەنگی بەیانیانی سەر شکۆفەی دار گێلاسەکانی پووشپەر و گوڵە گەنمە کۆچەری یەکانی خەرمانانت بە ئارامی بە گوێ دا دەچرپێنم.

بە چاوی پر لە کریستالی ئەسرینەوە لێت دەڕوانم و سووک پێدەلێم:

کاکە گیان!

کە هاتن سینگتیان هەڵدڕی،
چاوی ئەستێرەیان کوێر کرد
کە لێدانی دڵتیان وەستاند،
بزەی منداڵیان هەتیو کرد
بەڵام کوێر بوون نەیانزانی:
لەوەتەی نێشتمانی کورد هەیە

**نە ئاسمانی بێ ترووسکەی ئەستێرەیە**

**نەدایکانیشمان نەزۆک و**

**نە ئامێزیان بێ کۆرپەیە...**

**ڕێکەوتی: ١٧ی سێپتەمبەری ٢٠١٢**

-----------------------------------------------

## من و شێرکۆ بێکەس

لە ماتەم و تاسەی سووتاندن و قڕکردنی بە کۆمەڵی پەپوولە ڕەنگاوڕەنگەکانی ڕۆژاوای کوردستان داچاوەڕوانی ئەوەم دەکرد کە "شێرکۆ بێکەس"ی کەسی بێکەسان بو سووکنایی و ئاوپرژێنی دڵی بێ ئۆقرەمان بە ئاوریشمی وشەکانی پۆپەشمینێکمان بۆ چێکات ،هەتا تەرمی بێ گیانی ئەو پەپوولانەی پێداپۆشین...

کە چی ئێستا کەژاوەی تەرمی پیرۆزی "شێرکۆبێکەس" لە سوئیدەوە بەرەو نیشتمانی دایک وەرێ کەوتوە تا لە پارکی ئازادی شاری سلێمانی تەسلیم بە خاک بکرێ. ئەمجارەشیان بە خۆم نەبوو ،دەبوو بۆ مەرگی نابەوەختی جوانووی قەڵەمە سرکەکەی شێرکۆبێکەس لە قووڵایی دڵمەوە بگریم. "شێرکۆ" یەک کە لەوەتی خۆی ناسیوە و چاوی هەڵێناوە بیر وهزری بۆتە زایەڵەی دەنگ و هاواری بێکەسان، شێرکۆیەک کە بێوچان لەکانی ڕوونی شێعرەکانیدا تیشکی ئازادیی، بیری خۆشەویستی وجوانی یەکانی ژیانی لێ هەڵدەقوڵێ. "بێکەس"ێک کە زۆر لەمێژە بۆتە هەستی سەرکێشی ئەو ئاسکۆڵە سرک و تۆڕەی چیا و پێدەشتەکانی نیشتمان، کە نەترسانە بە گژ گوللە دادەچێتەوە و وشەکانی دەبنە لوولەی گەرمی چەکی دەستی پێشمەرگە و چەشنی شمشاڵ دەچنە ژوانی ئەویندارانی چیا. شیرکۆ بێکەسێک کە دەمێکە وشەکانی بۆتە مۆمێکی داگیرساو بو ئەوەی درێ بە تاریکترین تاریکی یەکانی ڕۆژی کورد بدات.

دەمێک بوولە شاخ بە دوور لە چاوی شێرکۆ بێکەس بە ناخی "ڕەنگاڵە" دا نوقووم دەبووم و "کۆست و چرا"م لە "دەفتەری گورانییە غەمگینەکان" یدادەکردە گۆرانی، "کەشکۆڵی پێشمەرگە"م بە سەر دەکردوە و لە تابلۆی "ماڵ ئاوایی" دا تەرمی شەهیدم لە ئێوارە پایزێکا لە سەر پشتی وڵاخ دەبردەوە بۆ زێدەکەی خۆی تا لە وێ بنوێ. سەرم بە "ئاوێنە بچکۆڵەکان"ی دادەکردو دلۆپ دلۆپ دەتکامە سەر خۆر نشینی غەریبی خۆم. ئەمجارەیان بە باڵای بەرزی "بەردە قارەمان" دا هەڵدەزنیم وەک "داستانی هەڵۆی سوور"ی ناو هۆنراوەکانی لە شەقەی باڵم دەدا و هەڵدەفریم هەتا بێن و گوێ لە دەنگی خوێنم بگرن و تاوانەکانیان بنووسنەوە...

بۆ یەکەم جار کە مامۆستا "شێرکۆ"م دیت ،هۆبە و هەوارم لە شاخ بوو،ئەو کاتە شەوە پایزێکی غەمگینی بارانی بوو. لەبەر رووناکیی کەزەڵۆکەی گلۆپێک، دەفتەرەکۆنی هۆنراوەکانی دەرێنا و بە دەنگێکی ڕەساوسیمایەکی پێشمەرگانە دەنگی لێهەڵێناو بە حەماسە کۆپلە کۆپلە شێعری دەخوێندەوە. کاتێ لە سەنگەر ولە پێشمەرگە و لە ئاوێنە و لە هەڵۆ و لە باران ولە برووسکە دەدوا،ئاسمان هەر ئەوکاتە برووسکەی دەدا و هەور دەیگرماند و باران بە خوڕ دا دەباری وهەموو گوێگرەکانی دەورووبەریشی پێشمەرگە بوون...

زامەکانی ئەستێرەی سوور

تینوویانە

چاو بۆ کانیەک ئەگێڕن

کوڕەکانی خاکی زامدار

برسییانە

بۆ بنچکێ،

گژو گیایەک ...چاو ئەگێڕن...

سەرچاوە: دیواری فیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ١٠ی ئاگۆستی ٢٠١٣

-------------------------------------

## ئەمرۆ ٢٨ی دێسامبر سێ ساڵ بە سەر مەرگی کاک تەهای عەتیقی دا تێدەپەڕی.

ئەمرۆ ٢٨ی دێسامبر سێ ساڵ بە سەر مەرگی هەژێنەرو کوتوپڕو نابەوەختی دۆست وهاوسەنەگەر و مامۆستام نەمر کاک تەهای عەتیقی دا تێدەپەڕی و پێدەنێتە چوارەمین ساڵی ئەوسەفەرە بێ گەڕانەوە ویستم بۆ یادکردنەوەیە لەو ئیسانە گەورەیە کە سەخاوەتمەندانە لە ژیانی خۆی مایەی دانا و سادە ژیا و هیچیشی لە گەڵ خۆی نەبرد یادێک بکەومەوە.

نووسراوەیەکی کورتی کاک تەهاتان دەخمە بەر چاو کە بۆ پێشەکی وەرگێڕانی کتێبی زانستی "کوردستان و کورد" لە نووسینی رێبەری مەزن دوکتور قاسملووی مامۆستا نووسیوێتی. لەو مەتنە بچووکەدا لە گەڵ بیرو هزری نەمر کاک تەها عەتیقی ئاشنا دەبن...

----------

یەکەمجار کە لەگەل کتێبێ .کوردستان و کورد" ئاشنا بووم زستانی ساڵی ١٣٥٦ی هەتاوی سەرەتای دەستپێکردنی راپەرینی گەلانی ئێران لە دژی رێژیمی پاشایەتی بوو.بۆ من خوێندنەوەی پەرتووکێکی ئەوتۆ ،ئەویش بە زمانی کوردی خۆشی و چێژێکی تایبەتی هەبوو.

ناوەرۆکی وردی پەرتووکەکە و لێکدانەوە زانستیی یەکانی نووسەر لە هەل ومەرجی ئابووری،ڕامیاری و مێژوویی کوردستان کە پشتی بە بەڵگەو ژمارەو ئامارێکی حاشاهەڵنەگر بەستبوو،منیشی وەکوو هەموو خوێنەرانی بێ ئەژماری ئەو کتێبە بە زمانە جۆربە جۆرەکانەوە خۆلیای خۆی کرد، وای لێکردم کە بڕیاری وەرگێرانی بۆ سەر زمانی فارسی بدەم.

ئەو چۆنییەتە تارادەیەک دژوار بوو بەڵام ئیرادەی لێبڕاوانەم بوو بە هۆی ئەوە بە سەر ئەو گرفتەدا زاڵ بم و کاتێ لە وەرگێڕانەکەی بوومەوە کە نەلە تاجی پادشاهی شوێنەوارێک ما و نە لە تاج بە سەر.بەڵام هێندەی نەخایاند کە بووکی ئازادی ،بەرهەمی شۆڕشی گەلانی ئێران ،بۆ جارێکی دیکە کەوتە ژێر ڕووبەندی کۆنەپەرستی و سەرەرۆیی، "کوردستان" سەنگەری دێمۆکراسی و خودموختاری کەوتە بەر پەلاماری بێ بەزەیانەی پارێزەرانی بیرە

دواکەوتوەکانی سەدەکانی ناوەراست. شەڕێکی خوێناوی لە نێوان پارێزەرانی دێمۆکراسی و دیفاع لە دەسکەتەکانی شۆڕش لە لایەک و تاریک بیرانی ڕابوو لە گۆرستانی مێژوو لە لایەکی دیکەوە دەستی پێکرد . شارو گوندەکانی کوردستان کەوتنە بەرپەلامار،خەڵکی بێدیفاع قەڵاچۆ کران و پۆل پۆل لاوەکانی کورد دەگیران و تیرەباران دەکران. بەرەکانی شەری بێ ئەمانی خەباتگێڕان و پارێزەرانی راستەقینەی دێمۆکراسی لە شارەوە بۆ کێوەکانی کوردستان کە تەنیا یاری وەفاداری گەلی کوردن گوێزرایەوە.شەرێک کە تائەمرۆش درێژەی هەیە و هەتا سبەینێی سەرکەوتنیش هەر درێژەی دەبێ.

بیگومان لە چاپ دانی ئەو پەرتووکە لە هەلو مەرجێکی ئاوادا زۆر دژوار بوو. بەتایبەتی کە وەرگێر بۆ خۆی چووبوە نێو ریزەکانی پێشمەرگەوە. لە تەواوی ئەوساڵانەی شۆڕش دا سەرەرای هێرشە پەیتاپەیتاکان. بۆمبارانەکان. کۆچو کۆچبارەکان و تەنگو چەڵەمەکانی شۆڕش، وەرگێڕانی ئەو پەرتووکەم وەکوو گەوهەرێکی بەهادار پاراستوە و لاپەڕەکانی هەمیشە بەشیک بوە لە نێوئاخنی کۆڵە پشتی یەکەم. دەستنووسی ئەو پەرتووکە کە ئێستا کەوتۆتە بەر چاوتان شاهیدێکی نیزیک و یاری هەمیشەیی من بوە لە هەموو رۆژە سەختەکانی خەبات دا.

من لە هیچ هەلو مەرجێکدا هۆمێدی لە چاپدانی ئەو کتێبەم لە دەست نەدا و ئێستاش نیزیک بە ١٨ ساڵ کە لە رێکەوتی ئەو وەرگێڕانە تێدەپەرێ و. ئەو ئارەزوە لە مێژینەیەم وەدی هاتوەکە خوێنەرانی فارسی زمان وەک هەموو خوێنەرانی زۆرێک لە زمانەکانی دیکە لە گەڵ مەتنی ورد و دەقیقی ئاشنا دەبن. ناتوانم خۆشحاڵی خۆم بشارمەوە...

هەرچەند ساڵانێکی زۆر لە نووسینی ئەو پەرتووکە"کوردستان و کورد" تێدەپەڕێ، کۆمەڵگای کوردەواریی لە زۆر بواری ئابووری و کۆمەڵایەتی گۆڕانی بنچینەیی بەسەر داهاتوە و نێوئاخنی کتێبەکە و بەتایبەتی ئامارەکانی لە گەڵ راستی یەکانی ئەمرۆیی یەکناگرێتەوە، بەڵام بە وتەی نەمر "قاسملوو" هەر پەرتووکێک مێژووی تایبەتی خۆی هەیە و فەسڵە جۆراوجۆرەکانی کە نیشاندەری هەلو مەرجی ژیانی ڕامیاری و ئابووری و مێژوویی قۆناخە تایبەتی یەکانی ژیانی ئەو گەلە زۆرلێکراوەیە ئیستاش کە ئێستایە بۆ توێژەنەر و لێکۆڵەرانی پرسەکانی دۆزی کورد سەرچاوەیەکی جێگای بروایە..

لە کۆتایی دا بە پێوستی دەزانم لە بەرێز مامۆستا عەبدوڵا حەسەن زادە وەرگێری کوردی "کوردستان و کورد" کە لە چاو پێداخشاندنەوە بە پەرتووکە دا زەحمەتێکی زۆری کێشا و لە راستی دا ئامادەکردنی کتێبەکە بۆ لە چاپدانی قەرزداری زەحمەتەکانی ناوبراوە، هەروەها لە هاوڕییانی کۆمیسیۆنی چاپ و بڵاوکراوەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە لە تایپ و مۆنتاژ کردن دا یارمەتیان دام هەروەها لە دۆست و برای بەرێزم کاک ئەحمەد شێربەگی کە لە سەرلەنوێ نوسینەوەی مەتنی ئەو کتێبە زەحمەتیان کێشاوە و هەروەها لە هەموو ئەو کەسانەی کە هەریەکە یان بە شێوەیەک هاوکاریان کردووم پڕ بەدڵم سپاسیان لێبکەم.

بە هومێدی بەیانێکی رووناک بۆ گەڵی کورد

تەها عەتیقی


نخستین باری که باکتاب " کردستان و کرد" اشناشدم – زمستان سال ۱۳۵٦ شمسی سر اغازحرکتهای مردمی خلقهای ایران علیه رژیم شاهنشاهی بود . برای من خواندن چنین کتابی– انهم بزبان کردی – لذت بخش و شادی افرین بود.
محتویات دقیق کتاب و تحلیلهای علمی نویسنده از شرایط اقتصادی ، سیاسی و تاریخی کردستان که متکی به اسناد و ارقام و امار غیر قابل انکار بود ، مرا نیز مانند خوانندگان فراوان ان درزبانهای مختلف شیفته خودکرد واین شیفتگی، درادامه ی خود به تصمیم من درموردترجمه ی ان بزبان فارسی انجامید.
این کار، اندکی مشکل مینمودامامزم جزم من براین مشکلات پیروزامدوازکارترجمه ی ان زمانی فارغ شدم که دیگرنه ازتاج شاهی نشانی مانده بود ، نه ازتاج نشان ا دیری نپائید که " خجسته ازادی " این حاصل انقلاب خلقهای ایران ، نقاب ارتجاع و استبداد برخ کشید و کردستان – سنگردمکراسی و خودمختاری– مورد یورش بیرحمانه ی پاسداران اندیشه های قرون وسطایی قرارگرفت . نبردهای خونینی میان طلایه داران دمکراسی و دفاع از دستاوردهای انقلاب ازیکسو و سیاه اندیشان از کورستان تاریخ بر امده ازسوی دیگردرگرفت ، شهرها و روستاهای کردستان مورد تهاجم قرارگرفتند ، مردم بیدفاع قتل عام و انبوه جوانان به جوخه های اعدام سپرده شدند . اماجبهه ی رزم بی امان مبارزان و حامیان راستین دمکراسی این بازارشهربه کوه منتقل شدو پیشمرگان پیکارگردردل کوه – این یگانه یار وفادار خلق کرد – به رزمی برخاستند که تاامروزادامه داردوتافردای پیروزی نیزادامه خواهدیافت .
بیگمان ، چاپ کتاب درچنان شرایط و احوالی نامحتمل بود ، بویژه که مترجم خود نیز به صف افتخار امیز پیشمرگ پیوسته بود . درتمام دوران سالهای مبارزه مسلحانه ، علیرغم حملات مداوم سپاهیان تیرگی بمبارانها ، کوچ ، مشکلات و مصائب فراوان من متن ترجمه شده ی کتاب را چونان کوهری گرانبهاپاس داشتم و اوراق ان بخشی از محتویات همیشگی کوله پشتی پیشمرگانه ام راتشکیل میداد . درواقع ، دستنویس این کتاب که اکنون پیش روی شماست ، شاهدنزدیک و همدم دائمی من درهمه ی روزهای مبارزه ام بوده است .
من هیچگاه درچنان اوضاع و احوالی امیدم رابه چاپ کتاب از دست ندادم و اینك که باگذشت ۱۸ سال از تاریخ ترجمه ، این ارزوی دیرینه ام به تحقق میپوندد و خوانندگان فارسی زبان چون خوانندگان بسیاری از زبانهای دیگر بامتن دقیق و منسجم ان اشنا می شوند ، نمی توانم خوشحال نباشم .
گرچه سالیان زیادی که از تالیف کتاب می گذرد ، جامعه ی کرد در بسیاری از عرصه های اقتصادی و اجتماعی تغییراتی بنیادی بخود دیده و مندرجات کتاب بویژه امارهای ان با واقعیات امروزی منطبق نیست ، امابگفته ی زنده یاد " قاسملو " هر کتابی تاریخ ویژه ی خودرادارد و فصول گونه گونه ی ان که بیانگر شرایط و اوضاع سیاسی – اقتصادی و تاریخی مراحل ویژه ای از زندگی این خلق ستمدیده میباشد هنوزهم می تواندبرای پژوهشگران مسائل کردستان منبع قابل اعتمادی باشد .
در خاتمه لازم میدانم از اقای عبدالله حسن زاده – مترجم کردی – که دربازنگری کتاب زحمت بسیاری کشیده اندودرواقع اماده شدن کتاب مدیون کوششهای ایشان است ، همچنین از رفقای کمیسیون انتشارات حزب دمکرات کردستان ایران که در تایپ و مونتاژ ان مرایاری فراوان داده و از دوست و برادر گرامی اقای احمد شیربیگی که درپاکنویس کردن متن ترجمه شده زحماتی متحمل شدند و از دیگر کسانیکه هریك به گونه ای بامن همکاری نموده اند صمیمانه سپاسگزاری نمایم.

بامید فردای روشن خلق کرد
طه عتیقي
٧٤–٤–٢٧

٢٧ی پووشپەڕی ساڵی ١٣٧٤ی هەتاوی = ١٨ی ژوییەی ١٩٩٥ زایینی

سەرچاوە: دیواری فیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٢٨ی دێسەمبەری ٢٠١٣

## ئێرەدەنگی کوردستانی ئێرانە

من ئەو دەنگەم زادەی روحی شاخم، لووتکە بۆتە بێشکەم، بۆتە هەوارو جێ ژوانگەم. لە کازیوەی بەیانی را لەگەڵ یەکەم گزینگی خۆر لەگەڵ شەقەی باڵی هەڵۆ دەفرم، ناسنامەی من کوردستانە. من دەنگی نەتەوەی کوردم، بەڵگەی حاشالێنەکراوی زیندووم. من تاڤگەی حەقیقەتم هەمۆرۆژی دەرژێمە نێو دەریای خەڵک. من هەڵویستی لووتکەی هەرەبەرزی پێشمەرگەی خۆنەویستم هێزی فڕینم شاباڵی هەڵۆیە،رەگو ڕیشەم دارە بەڕوویە گەردەلوول بە چۆک دادێنم.. من ئەو نەعرەتە شێرانەیەم لە گەرووی بریندارى سەدان ساڵەی کوردستانم دەیمەدەرێ، بالاَم بە قەد باڵای نیشتمانە، بانگەشەی من بانگەشەی ئازادی یە، گوڕەم گوڕەی یەکسانی یە. من زایەڵەی هاوارو چریکەی گەلێکی ڕاپەڕیوم. من لەسەرپێم. باوەری من هێزی لەبڕان نەهاتوی گەلمە. ڕێبازی من بەیداخی سووری شەهیدانمە. من تەڤینەوەی ئەو کانیاوە م کە لە بەرزترین تەلانی ڕژدی زامەکانی شەهیدەوە سەرچاوە دەگرم و تەمی زامی برینەکانی دەشۆمەوە. من زمان و ناسنامەی لە بیرکراوەی هەزاران سەربازی ونی ئەم خاکەم کە کەس بە گەڵکۆیان نازانێ. من پێشەنگی کاروانێکی بێ ئۆقرەی گەیشتن بە تروپکی ڕزگاریم.. من ئەودەنگەم هەموو شەوێ دەبمە مۆتەکە. و دڵی شەوپەرستان دادەخورپێنم. هەموو دەمێ سواری شانو پیلیان دەبم خەو لە چاویان دەزڕێنم. من ئەو قەڵا پۆڵاینەم دەیان جار پەلاماریان دام هەر خۆم ڕاگرت،دەیان جار بۆمبارانیان کردم هەر دەنگم هات، لێم بوونە گورگ و گەلەکۆمەکیان لێکردم هەر بیسترام - ترپە و لێدانی دڵی من ترپەی گەلێکی گەورەیە. مردنی من بە پێوەیە. من. هەناسەی پر لەسۆزی دایکی شەهیدانم هەموو رۆژێ سەردانی دڵی بەخشەندەیان دەکەم، لەئامێزی خۆشەویستی خۆمیان دەگرم، لەبەر بەژنیان دادێمەوە کرنۆش دەبەم، مزگێنی ئازادیان دەدەمێ. من دەنگی زوڵالی نەغمەی ئارام بەخشی شمشاڵم هەموو ساتێ لە گەرووی بریندارى "قاڵە مەڕە" دێمە دەرێ دەبمە لایەلایەی دەخەوکردنی کۆرپەکانی نوستووی ژێر گرمە گرمی تۆپخانە و ژێر رەهێڵەی ئاوری دوژمن. من خەونە خۆشەکانی وەرزی گێلاس و گەنمە فەریکەکانی خەرمانانم. دەنگی سەردەمی داگیرسان وروناکی شەمەکانم کەلە شەوە تاریک و ئەنگوستەچاوەکانی "سەرماوەز" دادەبمە قیبلە نماو ڕێگای سەخت و تەمتوومانی خەبات بۆ پێشمەرگە رووناک دەکەم. من شەکانەوەی ئاڵای کۆماری کوردستانم. من روحی بەرزی "پێشەوا"م. من مێژووی تاڵی "چوارچرا"م. من قرمژنی چەکی دەستی بە هێزی پێشمەرگەم شەوەتاریکەکان ئەستێرەباران دەکەم. من هەوێنی ئەوین و خۆشەو یستی بە خاک بە ئازادی و بە کەرامەتی ئینسانم. من ڕاهاتووم دەستەمۆی مەرگ بکەم،

چۆک بە ترس و خۆف دادەم.. من دەنگ و زمان و قاسیدی ئەو تەوارە بەرزە فرە ڕچە شکێنانەم کە بەرز دەفرن، دوور دەڕوانن، ڕازو نیاز و سکاڵای دادەکانیان بۆ لای لووتکەدەبەن.

من ئەو دەنگەم هەموو ڕۆژێ دەچمە نێو هەناوی سووتاوی مامۆستا "دڵدار" و پڕ بە گەرووم هاوار دەکەم:

ئەی ڕەقیب هەرماوە قەومی کورد زمان
نایشکێنێ دانەیی تۆپی زەمان
کەس نەڵێ کورد مردوە کورد زیندوە
زیندوە قەت نانەوێ ئاڵاکەمان....

سەرچاوە: دیواری فیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ١ی ئەپریلی ٢٠١٣

---------------------------------------------

## خەرمانەیەک ئەزموون و داهێنانی بە خۆیەوە بینەوە.

بەبۆنەی دەساڵەی دەستبەکار بوونی ماڵپەری گیارەنگ پر بە دەڵ پیرۆزباییت پێدەڵێم و هیوای بەردەوامی و سەرکەوتنی هەرچی زیاتر بۆ گیارەنگ دەخوازم. هیوادارم ئەو چەند دێرەم وەکوو جێژنانەی دەساڵەی ماڵپەری گیارەنگ لێ وەربگری. لە گەڵ ڕیزم دا: ئەحمەد

ئەمسال گیارەنگ جێژنی دەساڵەی خۆی دەگرێ و مۆمی تەمەنی دە ساڵ کارو تێکۆشانی خۆی دادەگیرسێنێ ، لە دە ساڵەی ژیانی ماڵپەڕێکی "ساوای نەبووری کرچ و کاڵ دا ئێستا چاومان بە گیارەنگ"ێکی باڵا بەرزی گەردەن کێلی شۆخ و شەنگ دەکەوێ کە خەرمانەیەک ئەزموون و داهێنانی بە خۆیەوە بینەوە."گیارەنگ" ێک کە بۆتە باخچەیەکی رازاوە وپڕە لە گوڵی بۆنخۆشی کێویلکەی چیاکانی کوردستان...

دیارە بەرێوەبردنی ماڵپەرێکی ئەلێکترۆنیکی پێویستی بە شارەزایی و پسپوڕی و توانایەکی باش و پشوویەکی درێژ هەیە... ئەگەر "گیارەنگ"یش وەکوو مێدیایەک پێناسە بکەین و بیخەینە بەر مەحەک و نمرەی پێبدەێن، بەدڵنیایی لەو تاقیکاری یەدا سەرکەوتوو هاتۆتە دەر و توانیوێتی جێگای خۆی لە ریزی ماڵپەرەسەرکەوتوەکاندا بکاتەوە . بەڵام ئەمە بەتەنیا بەس نێ کە بڵێین "گیارەنگ" مالپەرێکی کامیل، پوخت، بێ نوقسانە و هیچ عەیب وئیرادێکی لەسەر نێ. "گیارەنگ" یش وەکوو بەشی هەرەزۆری ماڵپەرەکانی دیکەی ئەلێکترۆنیکی کە رۆژانە سەردانیان دەکەین لە ژێر تەئسیر و کارتێکەریی بیرێکی تایبەتی دا یەو ڕوانگەیەکی تایبەت بە خۆی وێنا دەکا. هیوادارم ماڵپەری "گیارەنگ" لە دەسپێکی دەهەمین ساڵی ژیانی خۆیدا زۆرتر ببێتە رچەشکێن و بایەخ بە مێدیایەکی ئازاد و تریبوونێکی هەموو بیرەکان بدات، لەبەر ئەوەی کورد لە سەردەمی ئێستا دا پێویستی بە مێدیایەکی ئەوتۆیە کە ببێتە پەلکە زێرینەیەک لە هەموو رەنگەکان و لە هەموو دەنگەکان.... ئەوەش لە سەرەتا دا زەحمەت خۆی دەنوێنێ بەڵام ئەگەر تۆلێرانس و تەحەمولی لەپشت بێ و باوەرمان بە بیری ئازاد هەبێ لە کۆمەڵگا دا زوو جێ دەکەوێ وبەدڵنیایی وەکوو ئاوێنەیەکی باڵانوێنی لێدێ و هەموو کەس خۆی تێدادەبینێتەوە.

بە پێی ئەو تێکنۆلۆژی یە خێرا و سەر سوورهێنەرەی مرۆڤی ئەمرۆ لەباری پێوەندی یەکان و بەجیهانی بوون

لەگەڵی بەرەورووبە ئێمەش دەبێ هەوڵ و تێکۆشانەکانمان لەم راستایە دا بێ بۆ ئەوەی لەو پێشکەوتنە خێرایە وەدوا نەکەوین. جیلی ئیستا بابەتی سەردەمیانە و نوێی گەرەکە، ئەوەش وامان لێدەکات کە بۆ راکێشانی سەرنج وڕوانگەکانیان لەبیری دابین کردنی ئەو نوێگەرایی و داهێنانەیان دابین. هەربۆیە ماڵپەری "گیارەنگ"یش نیازی بەوە هەیە شێوازو قەوارەیەکی نوێ بە خۆی بگرێ و لە دەهەمین ساڵی تەمەنی خۆی دا بە روخسارێکی نوێ ودیزاینێکی نوێ دەرکەوێ...

لە زۆربەی هەرە زۆری ماڵپەرە ئەلێکترۆنیکەکان داخوێنەر کە سەردانی دەکا و سەنگ وسووکی بابەتەکان دەکا گۆشەیەک بۆ بیرو بۆچوونەکانیان تەرخان کراوە کە پێوەندی خۆیان لەم رێگایەوە لە گەڵ ئەو ماڵپەرە پتەوتر بکەن. هەربۆیە ماڵپەری "گیارەنگ" خوێنەرەکانی لەم بیرو بۆچوونانە بێ بەش کردوە. ئەگەر کارگێرانی ماڵپەری گیارەنگ ئیمکانی ئەوەیان بۆ دەرخسێ بەکردنەوەی گۆشەیەکی ئاوا ببنە پردێک لەنێوانی خۆیان و خوێنەرەکانیان، بەدڵنیایی یارمەتێکی گەورە بە دەوڵەمەند کردنی ماڵپەڕەکەیان دەدەن.

لە کۆتایی دا وێرای پیرۆزبایی گەرم و لەکانگای دڵمەوە بۆ کارگێرانی ماڵپەری خۆشەویستی "گیارەنگ" بەتایبەتی بۆ خزم و دۆست و هاوڕێی چەندین ساڵ خەبات و بەرخۆدانم کاک حەمە رەسووڵی تێکۆشەرو خەباتکار، هیوای بەردەوامی و سەرکەوتنی هەرچی زیاتری ماڵپەری رەنگینی "گیارەنگ" بە ئاوات دەخوازم. هیوادارم مۆمی تەمەنی "گیارەنگ" هەروا بلێسەی بێ و رووناکیدەر و ڕی نیشاندەربێ...

سویس، ئەپریلی ٢٠١٣

---------------------------------------

## دەنگی کوردستانی ئێران، لەدایک بوونیکی مێژوویی.

رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران کە بە یەکەم میدیای دژەبەری کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان پێناسە دەکرێ کە لە سەر بنەمای پێویستێکی مێژوویی بزووتنەوەی میللی دێمۆکراتیکی گەلی کورد لەم بەشەی کوردستان لە شاخ لە دایک بوو. بەدوای هاتنە سەر کاری رێژیمی پاوانخوازی کۆماری ئیسلامی ئێران، کوردستان و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد کەوتە بەر هێرشیکی بێ بەزەیانە. لەلایەک لە باری ڕاگەیاندن پەردەیەکی ئەستووری بێ دەنگی بەسەر داکێشرابوو ولە لایەکی دیکەشەوە گەمارۆیەکی تووندی ئابووری،سیاسی و کۆمەڵایەتی خرابوە سەر. بیروڕای گشتی دنیای دەرەوە هیچ ئاگاداری ئەم ڕوداو و جینایەتانە نەبوون کە هێزە پەلاماردەرەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران دەرهەق بە خەڵکی راپەریوی کوردستان و ڕۆڵە کانی ئەم خاکە ئەنجامیان دەدا.

تەنانەت هیزە چەپ و پێشکەوتوەکانی ئێرانیش لە ژێر پاساوی خەباتی دژی ئەمپریالیستی بەڕواڵەت کۆماری ئیسلامی ئێراندا نەتەنیا لە قاوی ئەوجینایەتانەیان نەدەدا بەڵکوو ژمارەیەکیان هاوتەریب لە گەڵ ڕێژیم پرۆپاگەندی ژەهراویان لە دژی بزووتنەوەی رەوای خەڵکی کوردستان بڵاو دەکردوە...

ڕێژیم بە هەموو شیوەیەک دەیهەیوست ئیرادەی پۆڵایینی خەڵک تێک بشکێنێ و بزووتنەوەی کورد سەرکوت بکات. لە فەزایەکی پڕ لە خەفەقان و ترس و دڵەڕاوکەو کوشت وکوشتاری ئەوتۆدا گەلی کورد پێویستیی بە گە یاندنی دەنگی لە گەرووداکپ کراوی بۆ دنیای دەرەوە بوو. پێویستی بەوە هەبوو کە هاواری مەزلومیەتی خۆی بە بیرورای گشتی جیهان بگەیەنێ.هەر بۆیە دەنگی کوردستانی ئێڕان لەم فەزا سامناکە پڕ لە بێدەنگی یەدا دەنگی ڕەساو دلێری هەڵبڕی و لەدایک بوونی خۆی راگەیاند. لەدایک بوونێک کە بوو بە نوختە وەرچەرخانێک لە مێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی خەڵکی کوردستان دا، کە دوایی ئاسەوارە ئەرێنی یە بەرچاوەکانی ئەو لەدایک بوونە بە شێوەیەکی زەق خۆیان دەرخست.

یەکەم، ئەرکی لێبڕاوانەی دەنگی کوردستانی ئێران ئەوە بوو دیواری بێدەنگی وگەمارۆی توندی کۆماری ئیسلامی بۆ

سەر بزووتنەوەی کورد بشکێنێ. هەر بۆیە بە یەکەم وەشانی بەرنامەکانی خۆی لە ڕۆژی ۲۷ی جۆزەردانی ساڵی ۱۳۵۹ی هەتاوی سەرنجی خەڵکی کوردستان و دەرەوەی کوردستانی بۆ ڕووداوەکانی کوردستان و ڕەوایی خواستە بەرحەقەکانی ڕاکێشا. بوونی دەنگێکی ئەوتۆ لە فەزای پڕ لە سانتیمانتالی ئەوکات دا وەک گرینگترین دیاردەی بزووتنەوەی کورد هاتە ئەژمار. بەجۆرێک دەنگی کوردستانی ئێران تەکانێکی هەژێنەری هەم بە بەرەو پێشچوونی بزووتنەوەی کورد دا و هەمیش شوورەیەکی پۆڵاین بوو لە بەرامبەر بەرێوە بردنی پیلانە ترسناکەکانی کۆماری ئیسلامی لە دژی گەلی کورد.

**دووهەم:** ئەرک کە دەنگی کوردستانی ئێران لەو سەردەمە حاستەمەدا کەوتە سەرشانی و پێی هەستا نێڵدانی کورەی شۆڕش و ئامادەکردنی هیزی جەماوەری خەڵکی کوردستان و بانگەشە بۆ بەربەرەکانێکی تۆکمە و چڕ لە بەرامبەر پەلاماری بێ بەزەیانەی هیزەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر کوردستان دابوو. بە هۆی شەپۆلەکانی دەنگی کوردستانی ئێران و گەیاندنی هەواڵی چالاکی هەموو ڕۆژانەی هێزی پۆڵاینی پێشمەرگە و لەقاودانی جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامی هەستی خەڵکی کوردستان هاتە خرۆش. لاوان کە بڕبڕەی سەرەکی و مۆتۆری بە هێزی جووڵانەوەی کوردستان بوون پۆل پۆل ڕوویان لە ڕیزەکانی شۆڕش کرد و بەرگی پیرۆزی پێشمەرگەی کوردستانیان پۆشی و بۆ پارێزگاری لە بوون وناسنامەی کورد چەکیان هەڵگرت .

بە دامەزرانی دەنگی کوردستانی ئێران گوڕو تینێکی تایبەتی بەخشرایە بزووتنەوە. سەرتاسەری کوردستان بوو بە مەکۆی بەرخۆدان و سەنگەری بەربەرەکانی. گوڕەی بە هێزی شەپۆلەکانی دەنگی کوردستانی ئێران و ورەی پۆلایینی هێزی پێشمەرگە و لێبڕاوی خەڵکی کوردستان دوژمنی تاساند. دەنگی کوردستان بوو بە پردی نێوان بزووتنەوەی شۆڕشگێرانەی خەڵکی کوردستان و جیهانی دەرەوە. بوو بە دەلاقەیەک بۆ گەیاندنی ئازار و مەینەتەکانی گەلی کورد بە گوێی بیرورای گشتی.

بێگومان دەنگێک کەزادەی چیایە ولەنێو ڕەوزەبەرد ودوندی کێوەکانەوەلە دایک دەبێ، دەنگێک کەزمان حاڵی شۆڕش و خەباتێکی خوێناوی نابەرامبەرە، دەنگێک کە زمانی میللەتێکی ڕاپەڕیوە کە داوای ئازادی ومافی ئینسانی خۆی دەکا؛ دەبێتە دیاردە و عونسرێکی زۆر گرینگ و نەخش و رۆڵێکی کاریگەر لەم بەستێنەدا یاری دەکا. دەنگی کوردستانی ئێرانیش بە شێوەیەکی کارا ئەو ئەرکەی گرتە ئەستۆ. ئەم دەنگە لە هەنگاوێکی شۆڕشگێڕانەی دیکەی دا بوو بە قوتابخانەی زمانی شێرینی کوردی. لەو تریبوونەوە هەموو ڕۆژێ هاوکات لە گەڵ بانگەشەی کوردایەتی،

بۆ پاراستن و گەشەپیدانی زمانی کوردی کە ناسنامە و پێناسەی نەتەوەکەمانە تواناکانی خۆی چڕ کردەوە. ئەو ئەدەبیاتەی کە ڕۆژانە لە دەنگی کوردستانی ئێران بڵاودەکرایەوە بوو بە زمانی گەورەوچووکەی خەڵکی کوردستان. دەنگی کوردستانی ئێران ئامانجە پیرۆزەکانی خۆی باش پێکابوو، وشەی پاراوی کوردی هەموو ڕۆژێ لە ڕێگایشە پۆلەکانی رادیۆوە لەنێو دڵ و دەروون و بیرو مێشک وهزری خەڵکی کوردستانی داگیرکراو دا گەرای دادەکوتا و رەگئاژۆ دەبوو.

دەنگی کوردستانی ئێران هەرلەیەکەم رۆژەکانی دامەزرانی یەوە ئەرکێکی گرینگی دیکەشی گرتە ئەستۆ، ئەویش پووچەڵ کردنەوە و لە قاودانی ئەو سیاسەتە چەپەڵ و دژی گەلیانە بوو کە ڕێژیمە دژ بە کوردەکانی زاڵ بە سەر کوردستان لە رووی بەرنامەیەکی تۆکمە بۆ پاکتاوی ڕەگەزی و سڕینەوە وتواندنەوەی گەلی کورد ڕەچاویان کردبوو. وایان لە تاکی کورد گەیاندبوو کە بڕوای بە تواناکانی خۆی نەمێنێ و وا مێشکیان شیواندبوون و زو لە خۆیان بێگانەی کردبوون کە زمانەکەیان لە لا چرووک بێ و بە زاراوەیەک لە زمانی فارسی بیشوبهێنن. لەم بەستێنەدا دەنگی کوردستان هەموو تواناکانی خۆی خستە گەڕ کە هەستی باوەر و بڕوا بە خۆ بوون لە نێو تاکی کورد دا ببووژێنێتەوە و رۆڵەی کورد و کۆمەڵگا بەرەو داوڕۆژێکی ڕووناک و سەردەمیانە ڕینوێنی بکات .دەنگی کوردستان لەمبارەوە بوو بە مامۆستایەکی نیاز پاک، بوو بە دەنگێکی ڕەسای پێشکەوتوو.

ژنانی بێبەشی کوردستان بەشیکی دیکەی ئامانجەکانی دەنگی کوردستانی ئێران بوو.دەنگی کوردستانی ئێران لە بەرنامەکانی ڕۆژانەی خۆی دا ڕووی لە توێژی ژنانی کوردستان کرد کە نیوەی حەشیمەتی کوردستانیان پێک دێنا وسەرچاوەیەکی بە هێزی دابین کردنی بزووتنەوەی کوردستان بوون. ئەوانی بە ماف و ئازادی یەکانی خۆیان ئاشناکرد. ژنانیش بە کردەوە بۆ بەربەرەکانی لە دژی کۆنەپەرەستی و یاسادزێوەکان تواناکانی خۆیان وەگەرخست. لە دژی دواکەتوویی فەرهەنگی و سڕینەوەی داب و نەریتە ناشیرینەکانی کۆمەڵگای کوردستان ڕاپەرین و هاتنە مەیدانی خەبات. بە جۆرێک کە دیاردە دزێوە کۆمەڵایەتی یەکان کە ببوونە بەربەستێک لەبەرامبەر گەشەو پێشکەوتنی ژنان لە زۆر شوێنی کوردستان یان بەتەواوی بنە بڕ کران یان زۆر کەمرەنگ کرانەوە.

بەگشتی دەنگی کوردستانی ئێران لە دەنگێکی لاوازی نەبووراوی کرچ و کاڵ را بوو بە دەنگێکی ڕەسای بە هێزی پێشکەوتووی جێگای متمانە کە شوێنێکی یەکجار گەورەو کاریگەری لە سەر بەرەوپێشچوونی ڕەوتی ڕووداوەکانی کۆمەڵگای کوردستان دانا.... کۆماری ئیسلامی کە چاوەڕوانی ئەوەی نەدەکرد ئەم دەنگە لەو ماوە کورتە دا سەرەرای

ئەو کەیفییەتە لاوازەی کە لەباری تێکنیکی هەیەتی بتوانێ بە شێوەیەکی ئاوا کاریگەر شوێن لە سەر هەست و شعووری تاکی کورددانێ، هەموو ئیمکاناتی ماڵی، لۆجێستیکی و هێزی نیزامی خۆی خستە گەڕ کە ئەم دەنگە بەرهەقە کپ کات، بۆ ئەم مەبەستەش بەهێزترین رایەڵکەی پارازێتی خستە سەرشەپۆلە لاوازەگانی دەنگی کوردستان، بە دەیان جار پیلانی بۆ دارِشت و پەلاماری هەوایی و هێرشی تۆپخانەیی کردە سەر... دەنگی کوردستان بە هۆی لەخۆبوردوویی و خەمخۆری و مشوور و لێهاتوویی کارگێرانی بە دەیان جار ئەم دۆڵ ئەو دۆڵ و ئەم چیا و ئەو چیای پێکرا بەڵام بۆ تاقە جارێکیش بەرنامەکانی لە وەشان و لە تێکۆشان نەوەستا و توانی هەر وا دەنگی ڕەسای کورد بێ و ببێتە دڕکی چاوی دوژمنانی.

بە کورتی دامەزرانی دەنگی کوردستانی ئێران بوو بە هۆی ئەمە خەڵکی کوردستان هەناسەیەکیان بێتەوە بەرخۆ کە چیتر لە بێدەنگی دا خوێنی ڕۆڵەکانیان نارژێ وهەمووڕۆژێ زایەڵەی دەنگی کپکراوی خۆیان دەبیسنەوە. ئەوان بوونە خاوەنی دەنگێک کە لە قاوی ئەو جینایەتانە بداتەوە کە دەرهەق بە ڕۆڵەکانی دەکردرێ. هەربۆیە لەدایک بوونی دەنگی کوردستانی ئێران چەکەرەی هیوا و هۆمێد بە دوارۆژێکی روونـاکی لە دڵـی کۆمەڵانی هەراوی خەڵکی کوردستان داچاند. بزووتنەوەیەک کە بە زایەڵەی شوڕشگێڕانەی دەنگی کوردستانی ئێران گڕ وتینێکی دیکەی بە خۆوە گرت...

ئەمرۆ کەس ناتوانی نکۆڵی لە نەقش ورۆڵی کاریگەری دەنگی کوردستانی ئێران بکات کە سەردەمانێک تاقانە و تاکە مێدیای کوردی بوو کە لە شاخ و بە هیمەتی ژمارەیەک مرۆڤی خۆنەویستی ڕێبازی کوردایەتی دامەزراو و لە جەرگەی خەباتی ڕزگاریخوازانەی خەڵکی کوردستان دا ئەرکی نیشتمانی خۆی بەوپەری لێهاتوویی و سەرکەوتنەوە بە جێ هێنا. جێی خۆیەتی لە بەرەبەری نیزیک بوونەوەی ٢٧ی جۆزەردان ساڵرۆژی دامەزرانی دەنگی کوردستانی ئێران پر بەدڵ لاو بنێرین بۆ دامەزرێنەرانی ئەم دەنگە بە تایبەتی بۆ گیانی هەرگیز نەمریی دوو ڕیبەری مەزن دوکتور قاسملووی زانا و دوکتور سەعیدی بلیمەت و هەروەها کارگێڕی بە توانا و لێهاتووی دەنگی کوردستانی ئێران نەمر کاک تەها عەتیقی و هەموو کارگێرانی فیداکاری دەنگی کوردستانی ئێران کە نیازپاکانە و خۆنەویستانە لە پێگەیاندن و گەورەکردنی ئەم دەنگە دا لە خۆیان مایەیان دانا...

پیرۆز بێ ٢٧ی جۆزەردان ساڵرۆژی دامەزرانی رادیۆی دەنگی کوردستانی ئێران

سەرچاوە: دیواری فەسی بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ١٦ جوونی ٢٠١٣

## مەهەندیس خەیاتی شەپۆلەکانی رادیۆی دەکردە چەکی بەرگری پێشمەرگەی هەتا شەری ئازادی پێبکەن.

مەهەندیس رەزا خەیاتی، دایکی رووسووری رادێوی "دەنگی کوردستانی ئێران" ئەمرۆ بەپوولەی رووحی لە گەل شەپۆلەکانی ئەو دەنگە شۆڕشگێرو بەرزەفڕە باڵی گرت و هەردی نیشتمانی جێهێشت... دایکێک کە شەو و رۆژ بەدیار بێشکەی رۆڵە تاقانەکەی دادەنیشت و و نەوزی دەدا و مێهرەبانانە شیری پاکی بە زارێوە دەکرد هەتاچاو لە دەست نەبێ... دایکێک کە لە دژوارترین ساتەکانی شۆڕش دا وەک مۆمێک بۆی پێگەیاندنی دەسووتاو دەتوایەوە، بێ ئۆقرە بوو کە کۆرپە خۆشەویستەکەی گڕوگاڵی بێ، پێبگرێ و باڵا بکات...

ئەوەی ئەو دایکە بەڕحمە، ئەوەی ئەو دایکە مێهرەبانە بۆ پێگەیاندنی ئەو دەنگە شۆڕشگێرە کردی کەس نەیتوانی بیکا. ئەو شەپۆلەکانی رادیۆی دەکردە چەکی بەرگری پێشمەرگەی هەتا شەری ئازادی پێبکەن. ئەو شەپۆلەکانی ئەو رادیۆیەی کرد بوە باڵی بە هێزی ئەو تەوارانە کە هەڵفرن و کۆتایی بە نابەرامبەریەکان بێنن. کەسێ کە بیری لە رەگەز، لە زمان و لە ئایین نەدەکردوە ، کەسێ کە سنوورەکانی فیداکاری بڕی و لووتکەی ئینساندۆستی داگیر کرد، کەسێک کە دڵی بۆ خۆشەویستی کەرامەتی ئینسان لێدەدا و ئازادیی ئینسان بۆ ئەو لە هەموو شتێکی پڕبایەختر بوو.
نەمر مەهەندیس رەزا خەیاتی لە ڕێگای ئازادیی کورستان دا ڕەنجێکی زۆری کێشاو زۆری لە خۆی مایە دانا، بە دڵنیایی مێژووی خەباتی ڕزگاریخوازیی کورد هەتا هەتایە بە شانازی یەوە باسی ئەو نەمرە دەکات و چیرۆکی وانەکانی ئینساندۆستی و کورد دۆستی بۆ نەوەکانی داهاتووی ئەم گەلە دەگوێژێتەوە...

یاد و بیرەوەری هاوسەنگەری لە میژینەم مەهنەدیس رەزا خەیاتی بەخێرو هەزارن چەپکە گوڵی ڕێزو ئەمەگ بۆ سەر گڵکۆکەی و بەرامبەر بە رووحە مەزنەکەی سەری کڕنۆش دادەنوێنم...

سەرچاوە: دیواری فەسی بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ١٦ی نۆڤەمبەری ٢٠١٣

## ساڵی: ٢٠١٤ و ٢٠١٥

-------------------------------------

## کۆماری پەت و سێداری ئیسلامی ئێران پەتەی کەوتە سەر ئاو

عەلی ئەکبەری هاشمی رەفسەنجانی سەرۆک کۆماری پێشووی کۆماری پەت و سێداری ئیسلامی ئێران لە مەر تیرۆری ڕێبەرانی پایەبەرزی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئیران، لەرۆژی ١٧ی سێپتامبری ساڵی ١٩٩٢ی زایینی لە رەستورانی "مێکونووس"ی بێرلێنی ئەڵمان ، پەتەی ئەو رێژیمەی خستە سەر ئاو و ئاشکرای کرد کە تووندئاژۆکانی ئەو رێژیمە لە پشتی ئەو تێرۆرەوە بوون..

گۆڤاری "مەتالیعاتی نێونەتەوەیی" لە وتووێژێکدا کە لە گەڵ هاشمی رەفسەنجانی پێکی هێنا بوو ئەوەی لە زمان ناوبراوەوە ئاشکرا کرد کە کۆماری ئیسلامی ئێران دەستی لە تیرۆری مێکۆنووس دا هەبووە.

دەزگای قەزایی ئەڵمان رۆژی ١٠ی ئاوریلی ساڵی ١٩٩٧ی زایینی بە فەرمی لە بڕیارێکی مێژوویی دەگمەن دا، رێبەرانی پایەبەرزی رێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران ،عەلی خامەنەیی ریبەری نیزام ،عەلی ئەکبەری هاشمی رەفسەنجانی سەرکۆماری ئەوکات، عەلی ولایەتی وەزیری کاروباری دەرەو ە و عەلی فەلاحیان وەزیری دەزگای زانیاری رێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێرانی وەک تاوانبارانی سەرەکی ئەو تێرۆرە دەست نیشان کرد.

کۆماری ئیسلامی ئێران نەچووە ژێر باری ئەو بڕیارەی "دادگای مێکۆنووس"ی ئەڵمان وحاشای لەو تیرورانە کرد کە بەدەستی ئەوان کرابێ، تەنانەت سیستمی سەربەخۆی دەزگای قەزایی ئەڵمانیشی بەوە تاوانبارکرد کە ئەو بڕیارە لە ژێر تەوژم و تەئسیراتی ئیستیکباری جیهانی و سەهوێنیزم دا دراوە.

ئەم درکاندنەی هاشمی رەفسەنجانی کە لە دامەزرێنەرانی هەرە سەرەکی رێژیمی کۆماری ئیسلامی ئیرانە هەلێکی زێرینە و دەبێ بە شێوەیەکی شێلگیرانە بە دواداچوونی بۆبکرێ، بۆئەوەی پەروەندەی ئەو تێرۆرە بدرێتە دادگای جیهانی"لاهە" و لەوێشدا سەر لە نوێ کۆماری ئیسلامی ئێران وەک بکەری سەرەکی ئەو تێرۆرە و تێرۆرەکانی دیکە بریاری تاوانباربوونی بۆ دەربچێ.

سەرچاوە: دیواری فەسی بووکی نووسەر - رێکەوتی: ٢٢ ئاگۆستی ٢٠١٤

## مانگرتنێک لە پشت میلە ئەستوورەکانی بێدەنگێکی دا

ئەوە بۆ سێهەمین حەوتوو دەچێ بەندیخانەی ترسناکی ورمێ شاهیدی مانگرتنێکی چڕی زیندانییە بیرخوازە شۆڕشگێرە کوردەکانە لە دژی شێوازی نامرۆڤامەو بەدوور لە نۆرمەکانی زیندانیانی سیاسی. مانگرتێک بەدژی سیاسەتێکی چەپەڵی دژی گەلیانەی ڕێژیم بۆ شکاندنی کەرامەتی مرۆڤ . نیزیک بە سێ حەوتوویە ٢٩ زیندانی سیاسی کورد لە زیندانی ورمێ مانیان لە خواردن گرتوە بۆ ئەوەی وەک زیندانی سیاسی بیانخوێننەوە و هەڵس وکەوتیان لە گەڵدا بکەن و تێکەل بە دز وجەردەو بکوژوو و... قاچاخچییانی سەوداگەری مادەهۆشبەرەکانیان نەکەن. بەرپرسانی بەندیخانە لە هەموو شێوازەکانی توقاندن و شکاندنی بەندییەکان کەڵک وەردەگرن بۆ ئەوەی مانگرتوەکان لە درێژە دانی مانەکەیان پاشگەز کەنەوە هەتاکوودەنگیان نەگاتە دەرەوەی زیندان، بەڵام بەندییەکان سوورن لەسەر چەسپاندنی داخوازەکانیان هەرچەند لەباری جەستەیی تەندرووستیان کەوتۆتە مەترسییەوە. داخی گران ئەوەیە لە دەرەوەی زیندان کەس نێ هاواری بێدەنگیان ببیسێ، کەس نێ مانگرتنی خۆبرسیکردنیان بگەیەنێتە بیروڕای گشتی. نازانم داکۆکیکارانی بەرگری لە مافی مرۆڤ، ڕێکخراوەکانی مەدەنی،حیزب ولایەنە سیاسییەکانی کوردستان سەرقاڵی چن کە ئەو هاوارە بەرهەقانە نابیسن؟ هاودەردی وخەمخۆریتان بۆ ڕۆژاوا، باکوور وباشوور جێگای پێزانینە بەڵام خەمێکیش لە ڕۆژهەڵاتی بێکەسی نیشتمان بخۆن.

مانگرتنی بەندییە سیاسییەکانی بەندیخانەی ورمێ هەلێکی گونجاوە بۆ دەربرینی دەنگی ئێعترازی حیزبو ڕێکخراوە سیاسییەکانو چالاکانی مەدەنیی نێوخۆی وڵات. ئەوان دەتوانن ئەم هەلە بقۆزنەوە و چالاکترو کاراتر لە هەر کات ئاوڕێک لە رۆژهەڵات و لە خەم ئازارەکانی بدەنەوە، زیندانیانی سیاسیی نوێنەرو پێشەنگی خەباتێکی بەرهەقی شۆڕشگێڕانەن. لاگیری وپشتیوانی لێکردنیان مانای وەدەنگ هاتنە لە داخوازەڕەواکانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. با بە هاواری بەندییە مانگرتوەکانی زیندانی ورمێ بچین و کۆمەڵگای جیهانی لە مانگرتنەکەیان ئاگادار بکەین.

سڵاو لە مانگرتوە سیاسییەکانی زیندانی ورمێ

٦ی دێسەمبەری ٢٠١٤

## لە مەکتەبی دوکتور قاسملووی مەزن دا ناو زڕندان و زمانی زبرنامۆیە.

قسەکانی ناسری ڕەزازی لە وتوویژ لە گەڵ کاناڵی ئاسمانی ڕووداو لەسەر پرسێکی گرینگی جێگای داخ نارەزایەتی بەشێک لە خەڵکانی بەدوای خۆی دا هێنا و کەوتە بەر هێرشێکی بێ بەزەیانە کە شیاوی نەبوو. هەرچەند من لە گەڵ بەشێک لە قسەکانی ناوبراو جیاوازی بیرکردنەوەم هەیە، کە ئەمەش شتێکی سرووشتییە بەڵام لە سەر پرسی شەری ناوخۆیی بە تەواوی لە گەڵی کۆکم، بەو جیاوازییە کە لەم شەرە ماڵوێرانکەرە دا پەنجەی تاوان بەتەنیا ناخەمە سەر کەسێک و لایەنێک. شەری ناوخۆیی یەکەم کارەساتی هەژێنەری خەباتی سیاسیم بوو کە زەمینەیان بۆ خۆڵقاندو قەوما. کەس ناتوانێ پەنجەی تاوان بۆ ئەم شەرە بۆ لای کەسێکی دیاریکراو ڕادێرێ. تاوانبارانی شەڕی ناوخۆیی هەموولایەنەکانی دەرگیری شەڕەکە دەگریتەوە، لە بەرپرسی هەرە گەورەرا بگرە تا دەگاتە ئەندامی سادەی ریزەکانی خوارەوە،"من و ڕەزازی" شی لەگەڵ بێ. کەواتە با برینەکان لەمە زیاتر نە کولێنینەوە. من وەک تاکێکی سەربەخۆ بە دوور لە چوارچێوەی حیزبایەتی، بەش بەحاڵی خۆم شەرمەزاری بنەماڵەی قوربانیان و بەتایبەتی دایکی ئەو شەهیدانەم و داوای لێبووردنیان لێدەکەم. زۆر بەداخی ئەو ڕۆژە ڕەش و تاڵانەشم کە بەشێکی بەرچاو لە هێزو توانای پێشمەرگایەتیم لە شەری قرێژی ناوخۆیی دا بە فیڕۆ چوو، لە ڕاستی داکەس ئەو شەڕەی نەبردەوە، هەموومان دۆڕاوی سەرەکی بووین، ئەوەی براوەی ئەم شەرە بوو تەنیا کۆماری پەت وسێدارە بوو. بەشێکی زۆری نەهامەتی و شکستەکانیش کە بە سەر بزووتنەوەی ڕۆژهەڵات هات لە شەری ناوخۆیی سەرچاوەی گرت، چوونکە تۆوی بێ بروایی چاندو هومێدەکانی بەرەنگاریی لەتاکی کورد دا کوشت...

بەڕای من تەنیا بۆ سارێژی برینی قووڵی کارەساتی ئەم شەرە گلاوە، ددان پێدانانێکی بوێرانە پێویستە کە لایەنەکانی تێکهەڵچووی ئەم شەرە، ڕوو بە خەڵکی کوردستان و بنەماڵەی قوربانیانی شەڕی ناوخۆیی لە ڕاگەیەندراوێکی هاوبەش دا داوای لێبووردن بکەن. ڕاگەیاندراوێکی لەم چەشنە کاریگەریی ئەرینی خۆی دەبێ لە کۆتاییهێنان بەم شەرە ڕووخێنەرە کە کەسانێ "دیار ونادیار" بە مەبەستی تێکدانی ریزەکانی خەڵک لە ژێرەوە ئاگرەکە دەگەشێننەوە....

با چیدیکە یەکتر نەبوغزێنن و چیتر یەکتر نەخینکێنن، لەبەرئەوەی هیچ شتێ لە تاریکی دا گەشەناکات...

٣ی دێسەمبەری ٢٠١٤

## دەنگێکی ئارام و قەڵەمێکی سرک

سروشت ئارام و بووژێنەر پەروەردەمان دەکات...جوانی یەکانی ئێمە دەژاکێن،گوڵەکانمان پەر پەر دەبن...بەڵام چرۆی ئێمە دەبووژێتەوە دووبارە... مەودای نێوانی مەرگ و ژیان تەنیا یەک هەناسەیە. مەرگ دیاردەیەکە رووی لە هەموو گیانلەبەرێکە، کەس توانای خۆ لێ دەرباز کردنی نیە.بەڵام لە شێوازو چۆنییەتی مەرگەکاندا جیاوازیەکە ئەوەندە زەق و بەرچاوە کە ناتوانرێ بخرێتە تای تەرازوویەکەوە.زۆربەی هەرەزۆری ئەم مەرگانە ئەوەندە ئاسایی و رووتین دێنە ئەژمار کە لە پاشی نەمان ئاسەوارێک لە خۆیان بە جێ ناهێلن و تەنیاسۆزیان لە چوارچێوەی بنەماڵەکانیاندا قەتیس دەمێنێتەوە و بە تێپەرینی زەمان ئەوانیش لەبیر دەچنەوە.بەڵام زۆر دەگمەنن ئەو مردنانەی بە هەزاران جووتە چاو دەکەنە رووباری ئەسرین و بە هەزاران دڵ نوقمی خەفەت .تەنانەت تێپەرینی زەمانیش ناتوانێ یاد و بیرەوەری یەکانیان لە بیر و زەینی ناو کۆمەڵگاکەیدا بسرێتەوە. چرکە ساتەکان تەمەنیان کورتە و خێرا تێدەپەڕن بەڵام کۆی ئەم چرکانە وەک دەنکی زەنگیانە دانە دانە بە تاڵە دەزووی رۆژگارەوە دەکرێ، وەک ملوانکەیەکی رەنگین بە گەردنی مێژوووە هەڵدەواسرێ. هەر لە ژێررەنگدانەوەی تیشکی ئەو مێژوویەشە کە راستی یەکان خۆری روونـاکی دەبینن و راگوێزی بەرەکانی داهاتوو دەبن. کاک "تەهاعەتیقی"ش یەکێک لە وکەسانەیە کە دەنگی ئارام و قەڵەمی سرکی کردە مەشخەڵی روونـاکی دەری رێگای رزگاری کوردستان. چرکەکانی ژیانی بوونە پیت، پیتەکان بوونە وشەو وشەکانیش مێژووی پر لە سەروەری ئەم دەنگ و قەڵەمە بویرو چاونەترسەیان نووسیوە.

پێنج ساڵ لەمەو پێش بوو لە ٧ی بەفرانباری ١٣٨٨ی هەتاوی (٢٨ی دیسامبری ٢٠٠٩ی ز) لە بەرە بەربی نوێ بوونەوەی ساڵ پەیکی ناخۆشخەوەری زستان لە جیاتی مژدەی دەستپێکی ساڵێکی خۆش بەهەڕەمە هەواڵی دڵتەزێنی کووژانەوەی مۆمی تەمەنی برای گەورە،دۆست و مامۆستای شاخ نووسەر ،وێژەر،وەرگێر و کارگێری بە توانای "رادیۆدەنگی کوردستانی ئێران" تێکۆشەری نەمر "کاک تەها عەتیق"ی دامێ. ئەمجارەشیان وەکوو هەموو هەواڵە دڵتەزێن و جەرگ هەژێنەکانی تەمەنی رابردووم کەوتمە بەر زەبری تاقیکارێکی دیکەی چارەنووس و دەرگای ژانێکی تاڵی دیکەم بە سەردا کرایەوە. ئەمجارەشیان لە دونیای پر لە تاسانی ناباوەڕیمدا باوەڕم هێنا کە دڵێکی گەورەی پراوپڕ لە ئەوین بە ئازادی شۆرەسوارێکی چالاکی گۆرەپانی خەباتی کوردایەتی بۆ هەمیشە لە لێدان

بکەوێ.مەرگێکی کتوپڕی قەڵەمێکی بویری چاو نەترسی پر لە بەهرە، کە پاش بڕینی کۆڵەبارێک لەسەخڵەتیی ونەهامەتی ژیانی شاخ و پێشمەرگایەتی، لە تاراوگە وبە دوور لە زێدو نیشتمانی دایکی کۆتایی بە تەمەنی سەربەرزانەی بێ. قەڵەمێکی سرک کە سالانێکی درێژ لە حاستەمترین و دژوارترین ساتەکانی شۆڕش و لە سەنگەری بەرخۆدانی شاخەوە بە سۆزترو گردارتر لە چەکی پێشمەرگە، وەک ویژدانێکی بێدار و وشیار ئێشو ئازاری گەلێک بنووسێتەوە و بیهێنێتە زمان کە بێ بەزەیانە کەوتبوە بەر هەڕەشەی نەمان زۆر جارلە تاریکستانی تەنیایی خۆمدا نوقم دەبم. بە ناخی رابردوومدا ڕۆدەچم. بیر هەڵمدەگرێ، بیری ئەو کاتە تاڵ و شیرینانە، ئەو دەمانەی دڵمان گرێدراوی یەک بوو. بیر لەو گشتە فیداکاری یەی لە خۆتت دەنواند.لەو هەموە رەنج و مێحنەتەی دەتکێشا و چەشنی پەپوولەیەکی شەیدا جەزمی خۆ سووتانت دەگرت بۆ ئەوی خۆت بکەیە قەزاو بەلاگێرەوەی خاکێک کە بۆ تۆ لە هەموو شتێکی پیرۆزتر بوو. چاوەروانی زۆر مەرگی ئازیزانی دیکەم دەکرد بەلام قەت پێموانەبوو لە پرێکامەرگ یەخەی تۆ بگرێ و ئاهەنگی سەفەرێکی ئاوا هەتاهەتایی بکەی. ئەو تۆزقاڵە رووناکایی یەش کە لەم غەریبایەتی و تاراوگەییە دا شکم دەبرد پێم رەوا نەبینی و بێبەزەیانە پشتم چۆل کەی وبەجێم بێلی. تۆ دەزانی ئەوە بۆ سالێکی دەچێ لە باوەشی بێڕەحمی سر و بەستەڵەکی خاک دا سەرت ناوەتەوە و بوویتە هاوڕێی هەمیشەیی؟ تۆ بلێی بروا بێنم بارگەی هەتاهەتاییت بۆ یەکجاری تێکەوە نابێ؟ پشتت لە خۆری رووناکی کرد بێ و ملی رێگای تاریکستانی نەمانت گرتبێتە پێش؟ نا هاوڕێ قەت ناتوانم بیسەلمێنم مەرگ توانیبێتی زەفەرەت پێ بەری و لە ویژدانی وشیاری ئەو خەڵکە بە ئەمەگەی کە وەک مۆم بۆیان دەسووتای بتسرێتەوە. مەرگ چۆن دەتوانێ شەپۆلێ خرۆشانی دەریای قووڵت لە حەرەکەت بخا و تافگەی پر لە هاژەی ئەندێشەت راگرێ؟ تۆ ناتوانی بمری و هیچ هێزێکیش ناتوانی لە ناو دلانت بسرێتەوە. تۆ نامری هەروەک کەرامەتی قەلەم نامرێ. تۆ نامری هەروەک رووحی بەرزە فڕی پێشمەرگە نامرێ، تۆ نامریی هەروەک داربەروو, هەیبەتی شاخ, سەخاوەتی بەفرو باران نامرن. تۆ یەکی کە لە بەفرانباری بەستەڵەکی پر لە چلوورە دا چاوت بە رووناکی هەڵێنا و بە بوونت تەنیا چرای بنەماڵەیەکت داگیرساندو تەنیا چەند دڵێکت نوقمی شادی کرد. سووری رۆژگار واهەڵکەوت هەر لەو مانگەی دا کە پێتنابوە بۆتەی ژیان، ئامادەی ئەم سەفەرە بێگەرانەوەیە بی. بەلام ئەمجارەیان هەموو ئەوانەی تۆیان دەناسی و لە رێبازوبیر و هزرو دەنگ و قەڵەمەت ئاگادار بوون هەریەکەو مۆمێکی بۆ رووناکی ئەم رێگە تاریکەت داگیرسان،بە هەزاران جووتە چاو ،کانی فرمێسکیان تەقیوە و بۆت گریان. بە هەزاران دڵ کسپەیان لێهات و بۆت بەداخ بوون.

تۆکێ بووی ئاوا ساکار و بێ فیز دەهاتی و دڵە تۆراو و زیزەکانت داگیر دەکرد و گەرای خۆشەویستی و هۆمێدت سەرلە نوێ دادەچاندەوە. تۆ کێ بووی ژیانت بە هەموو خۆشیو ناخۆشی یەکانەوە بۆ مانا دەکردنەوە و بە وانەکانت دڵگەرمت دەکردن، تێت دەگەیاندن ژیان هەرچەند دژوارو ڕێگا هەرچەند پڕ لە تەمتومان و ڕژد و هەڵەمووت بێ، مادام ئیرادە و هیممەت هەبێ لەبەری بە چۆک دانایەی و پاشی هەر نسکۆیەک سەر لەنوێ رادەبێوە؟

هاورێ! تۆ فێر ببووی وەک قەقنەس لە خۆڵەمێشی ئاگردانی خۆت سەر هەڵێنیێوە و لە حەزو تەمەننا و ئارەزووەکانی لاوەتی خۆت خوازراوانە چاوپۆشی بکەی. خۆت بکەیە مۆمێکی داگیرساو. سات بە سات و چرکە بە چرکە بۆ بەختەوەری و خۆزیاکانی ئەم گەلە بتویەوە. قەت نەبووە و نەم دیت بۆ ساتێکیش بیر لە ژیانی خۆت و لە ویستەکانی خۆت بکەیەوە؟ ئەوەندە نەفس بەرز و خاکی بووی هیچت بۆ خۆت نەدەویست. هەموو تەمەنەت تەرخانی ئەوە کرد مەڵهەم بنێیتە سەر برینی پڕلە ناسۆری هەموو ئەوانەی کە لە دەستی چەپگەردی زاڵمی گەردوون و لە ژێر تەوژمی زوڵم و نابەرامبەریی کۆمەڵگایەکی وەحشی دڕندە وهار هاتبوونە ناڵە، پەنایان بۆ دێنای وبوخچەی دڵیان بۆ دەکردێوە. تۆش ئارام و لە سەرەخۆ بە دەنگێکی نەرم، دڵێکی فرەوان، بزەیەکی سەرلێوان و بە جەفەنگێکی ماناداری هەمیشەییت سووکناییت دەخستە نێو دڵی پر لە ئاه و حەسرەتیان و ئارامیشت پێدەبەخشین.

تۆ سەرمەشق و نموونەی بەرزی مرۆڤێکی بێ ریا، سادە، بێ غەل و غەش، پاک و بێگەرد و لە هەمانکاتدا مووکوور، کاریی و ماندوویی نەناس بۆ هەموو ئەوانە بووی کە لە گەڵت دا کاریان دەکرد. کاتێک سەرنجتم دەداو لێتم دەروانی هەمیشە بۆم جیگای پرسیار بوو. ئەمە چ ئیمانو بروایەکی قاییم، ج هێزو توانایەک، چ ورەو ئیرادەیەکی پۆلایین بوو کە لە تۆ دا پەنگی خواردبۆوە؟ ئەگەر باوەر و ئەوین بە رزگاریی نیشتمان و خۆشەویستی بەگەلی لە پشت نەبێ چۆن ئاوا خۆنەویستانە لە تاڵترین و ناخۆشترین ساتەکانی شاخ دا چەندین کاتژمێر، بە بێ دەست وێرا گەیشتن بە سەرچاوەی نووسین لەسەر ئەژنۆی قاچەکانت دادەنیشتی، خامە بە دەست لاپەرەکانی کاغەزت ڕەش دەکردەوە؟ ئەمە هەر ئەو ئەوینە گڕدارە بوو کە وەک بورکان لەدەروونتدا کڵپەی دەدا بۆ ئەوەی هەزاران جار بێنازیی منالی شەهیدێک بنووسێوە کە بێ باوک بالأی دەکردو گەورە دەبوو. هەزار جار فرمێسکی رژاوی بووکێک بنووسێوە کە یەکەم شەوی زەماوەندیان خەڵتانی خوێن کرد. خۆت ئامادە کەی و دەرە بە

دەرە، شیو بە شیو و لـووتکە بە لـووتکە لە گەڵ رووحـی سەرکەشـی پێشـمەرگە هاوسـەفەر بـی. هەزاران جـار ماندویەتی هەنگاوەکانیان و زەنگۆڵی عارەقەیان بنوسیّوە. بە ناخی رووحیان دا رۆچی و بە قامەتی گەردەنکەش و بەژن و بـاڵای بە هەیبەتیـان هەڵبڵێی وچـریکەی گەرووی لـوولەی تفەنگی دەسـتیان بـکەیە پەخشـان. ئەمە ئەو هەستە پـر لە عەشقە گـردارەی تـۆ بـوو کە سـۆزی نەوای شمشـاڵی هەسـت بزوێنـی "قـاڵەمەرە" بکـاتە هەوێنـی خۆڵقاندنی سەمفۆنیا یەک و تێکەڵ بە قاسپە قاسپی کەوی نیسارو قەڵبەزەی ئـاوی کـانی و هـاژە هـاژی تـاڤگەی کوردستانی بکا، وەها بتهەژێنێ و وەجۆش و خرۆشت خا، سەرخۆش چەشنی دەروێش جەزم بی و خۆت بۆ کوردستان بکەیە قوربانی.

ئەمە چ هێز و توانایەک بوو هەموو رۆژێ لە گەڵ کازیوەی بەیانی لە خەو ڕادەبووی؟ تا بوومەلێڵی ئێوارە بێوچان ئەسپی سەرکێشی خامەت تاو دەدا؟ نە قرچە قرچی گەرمایە و نە تۆف و سۆزی سـەرمایە زەفەریـان پێنەدەبـردی. رووبار راوەستابا تۆ رانەدەوەستای . بۆمبا بارببا باکت نەبوو. شەستیرەبارانی ئاورو ئاسن با ئەوەی لە هەنـاوت دا بـایە هەڵتـدێنجا ودەتهێنـا دەرێ، لاپەر بە لاپەردەتنووسیّوە و نەدەهێشت جگەر گۆشـەکەت، دەنگـی کوردسـتانی ئێران بۆ یەک ساتیش بێ پێخۆر بێ. تۆ وەک دایکێکی میهرەبان وابووی لەگەڵ هەموو ئێش و ئـازارێکی ئەم دەنـگە رووحت ژانی دەکرد. شەو و نیوە شەو لە پـای بێشکەی وەنەوزت دەدا. هەرکە هەستت بە ئـازارو گریـانی دەکـرد، رادەپەری و شیری مەمکەکانت هەڵدەچۆڕی و بە سەخاوەتەوە بە زاریت دادەکرد، بۆ ئەوەی تێر بـێ. چاو لە دەست نەبێ. بـۆ ئەوەی لاولاوەی بەهـاری تەمەنی لە هەڵچوون وگەشـانەوەدابێ، بـاڵا بکـا وگەورەبـێ. هێـز و تینی ئەو راپەڕینە بەرینەی کوردستانی هەبێ کە مێژوو خستبوویە سەر شانی. ببێتە ئەو ئـاوێنەیە هەمووڕۆژێ شەهید قـژی خوێناوی لەبەر دابێنێ، پێشمەرگە و دایکی شەهید بـۆ زەماوەنـدی بـووکی ئـازادی گەری رەشبەڵەک بگرن و سـەری بەرزی خۆیـانی تێدا ببین. کێ دەتـوانێ نکـۆڵی لەو رەنـج و کوێرەوەریـانەت بکـا کە کێشـاتن؟ کـێ ئەوەنـدەی تـۆ مشووری لەم دەنگە رەسەن و زوڵاڵە دەخۆارد؟ کێ ئەوەنـدەی تـۆ وەک پەپـوولە لە بەژن و بـاڵای ئەم دەنـگە دەگەرا کێ وەک تۆ خـۆی بە قوربـانی دەکـرد؟ بـۆ ئەوەی لە پەلامـاری درنـدانەی رەوەی گـورگی هـارو برسـی بیپـارێزی وەک بێچوە پشیلە بە دەمتەوە دەگرت، ئەم شاخ ئەو شاخ و ئەم شیو وئەو شیوت پێدەکرد. وەک بیبیلەی چاوەکانت دەتپارست، وەهات راتدەگوێزت کە دۆست و دوژمن هەست بەم گوێزە گوێزە نەکـا. تـۆ هەنـاسەی گەرمی ئەم دەنـگە بـووی. بە دڵنیـایی تـا دەنگـی کوردسـتان تـرپەی دڵـی بـێ، کەس توانـا و جـورئەتی وەی نـابێ نەخش و رۆڵـی کاریگەرو بەرچاوی تۆ لە گەورەکردن ،پێگەیـاندن و بارهێنـانی ئەم دەنگەدا حاشا بکـا.حاشا لە تەهـای عەتیقی

حاشا لە دەنگی کوردستانی ئێرانە.تۆ مێژووی حاشاهەڵنەگری شانازی و بەرسەرهاتو ڕووداوەتاڵو شیرینەکانی ئەم دەنگەی.

کاک تەها لە پێنجەمینساڵوەگەری ئەم کۆچە ناوەختەت و لە بەرامبەر دۆستایەتی نزیک بە سێ دەیە هاوڕێ یەتی، هەروەها هەستی بەرزی ئینسانی و مرۆڤ دۆستیت دا سەری کڕنۆش دادەنوێنم. ناو و یادت هەروا ڕەمزی مانەوەمە.

٢٧ی دێسەمبەری ٢٠١٤ی زایینی

تێبینی: ئەو بابەتە لەسەر داوای ئامادەکار بۆ یادی پێنج ساڵەی ماڵئاوایی نەمر و تێکۆشەر کاک تەها ئامادە کراوە.

-----------------------------------------------------

٢٠١٥

----------------------------------------

## دیسان پیلانێک بۆ شکاندنی هەیبەتی پێشمەرگە...

بە گوێرەی سەرچاوەکانی زانیاریی دەستانێکی گڵاو بە لێبڕاوی هەوڵی ئەوەیانە ڕووماوی مرۆڤایەتی و جوانمێری پێشمەرگە لەڕوانگەی جیهانییەوە ناشرین کەن، بەم پێیە چەند گروپێکی چەکدار بە ناوی پێشمەرگە کە سەریان لە ئاخوڕی دوژمنانی ئازادیی کوردستان دایە لەژێر دەمامکی شەڕیی بەرگریی لە بەرامبەر داعش دا بە سووکایەتی پێکردن و شێواندنی کەلاکی ئەوداعەشانەی لە بەرەکانی شەر دا بە جێماون، دەیانهەوێ ناوی پیرۆزی پێشمەرگە کە بە هێمای پاکی و بەخشندەیی ویەکەم بەرگریکار دژی تاعونی ڕەشی داعش ناوبانگی جیهانی پەیدا کردوە، بە مرۆڤێکی بێ ڕەحم و دڵرەق و دزێو پێشانی جیهانی دەرەوەی بدەن، هەر بۆ ئەم مەبەستـــە چەپەلە،ئەو لایەنە گۆماناوییانە بەئامانج وێنەی هـــەژێنەر لەو کەلاکانە دەگرن و بە ناوی پێشمەرگە بڵاوی دەکەنەوە...

ئەوەی تائێستا ڕوونە بەدرێژایی محوەری شنگال تا تەلوەرد، پێشمەرگە بە مەبەستی بێ ڕێزی جەندەکی هیچ کوژراوێکی داعشی نەشێواندوە، بەڵام لە ناوچەکانی مەلاعەبدووڵڵای سەر بە پارێزگای کەرکووک وێڕای شێواندنی کەلاکەکان و وەدوای ئوتۆمبیل خستنیان، وێنەو فیلمیان بۆ بڵاوکردنەوە لێهەڵدەگرنەوە...

ئەمکردەوە قێزەونە دوو ئامانجی سەرەکی لەپشتە، یەکەمیان دژی بڕیارەکەی وەزارەتی پێشمەرگە یە کە بەهیچ شێوەیەک نابێ بێ حورمەتی بە کوژراوانی شەری بەرگریی بکردرێ،بەڵام ئەمکردەوەیە ڕاست بە دژایەتی کردن بەم بڕیارەی وەزارەتی پێشمەرگە دێتە ئەژمار، لە لایەکی دیکەش بۆ ئەوەیە ئەو هێما بەرزەی پێشمەرگە خەوشدار بکەن و کورد و پێشمەرگە لە ڕونگەی جیهانی ناشرین بنوێنن.

هەریەک لەئێمە بە پێی ئەرکێکی نیشتمانی کە لەسەر شانمانە بەرپرسین بۆ لە قاودانی ئەوپیلانە چەپەڵەی

دوژمنانی کوردو پێشمەرگە، بۆیە هەقوایە لە هەرشوێنێ وێنەی لەمچەشنەتان دیت کە بە ناوی پێشمەرگە بڵاو دەکرێتەوە، ئەوکەسانە بلۆک بکەن. ئەوە تەنیا کارێکە دەتوانین کەرامەتی پێشمەرگەو کوردی پێ بپارێزین و پیلانەکانی دوژمن پووچەڵ کەینەوە.

٢ی فێبریوێری ٢٠١٥

------------------------------------------

## مەهاباد تەنیا نیٚ و دڵی هەموو کوردستانی لە گەڵە

هاووڵاتیانی خۆشەویست. هاوڕێیانی هێژا

ڕۆژی ٢٤ی بانەمەر، لە لایەن ڕێکخراوەکانی چالاکی مەدەنی و لایەنە پێوەندییدارەکانی کوردستان بۆ پشتگیری لە سەرهەڵدانی ئازایانەی خەڵکی شاری کۆمار،شاری مەهابادی خوێناوی وەک ڕۆژی مانگرتنی گشتی لە سەرانسەری کوردستان راگەیاندراوە.

کاربەدەستانی کۆماری پەتو سێدارەی ئیسلامی لە پێناوی سەرخستنی ویستە چەپەڵەکانیان و لە درێژەی بەکارهێنانی زمانی سەرکوت و هەڕەشە بە مە بەستی بێدەنگ کردنی خەڵکی کوردستان لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا دەیان کەسیان لە ڕۆڵەکانی ئەمەگەڵە بە ناحەق دەستبەسەر کردوە و زمانی هەڕەشەیان لە دژی خەڵکی کوردستان بەکار هێناوە.

ئەمرۆ ئێمە لە بەردەم تاقیکارێکی مێژوویی داین، لە هەموو کاتەکان زیاتر پێویستمان بە هاودەنگی و یەکڕیزی هەیە و دەبێ بە یەکگرتوویی هەمە لایەنە پاشەکشە بە زمانی هەڕەشەی دەسەڵات بکەین. من وەک تاکێکی کورد لەمرۆژەدا دەنگی نارەزاییم تێکەڵ بە دەنگی میلیۆنی خەڵکی کوردستان دەکەم.بۆ ئەم مەبەستەش لە ڕۆژی ٢٤ی بانەمەڕ دا هەموو یەکدەنگ و یەک گوتار خوازیاری جێ بەجێکردنی ئەم خاڵانەی ژێرەوە دەبین.

١- هەموو ئەو کەسانەی کە پاش ڕۆژی ١٧ی بانەمەر لە دەرنجامی هێرش کردنە سەر خۆپیشاندانەکان لە شارەکانی مەهاباد، سەردەشت و شارەکانی تری کوردستان دەست بەسەر کراون ئازاد بکرێن، ئەمە داوایە ئازادیی بێ قەیدو شەرتی هەموو ئەو زیندانییە سیاسییانەی کوردستانیش دەگرێتەوە کە لە ساڵانی ڕابردوو دا زیندانی رکراون.

٢- هەموو ئەوبریندارانەی لە تەقەی هێزە ئەمنییەکانی ڕێژیم دا بریندار بوون ئاسانکاری چارەسەر کردنی برینەکانیان بۆ بکرێ...

٣- ئێمە خۆپێشاندەران خوازیاری دەست لە کار کێشانەوەی جەعفەری کەتانی فەرمانداری مەهابادین کە لە دژی خەڵکی مەهاباد و خەڵکی کوردستان زمانی هەڕەشە و چاو سوورکردنی بەکار هێناوە...

٤- ئێمە خوازیاری دەست لەکار کێشانەوەی عەلیرەزا ڕادفەر جێگری ئەمنی پارێزگاری ورمێین کەقین لە دڵانە، هەرەشەی بەرگرتن بە گەشەی ئابووری شارە کوردنشینەکانی پارێزگای ورمێی کردوە.

٥- وەزیری ناخۆی ئێران وێڕای داوای لێبووردنی بەفەرمی لە خەڵکی کوردستان، دەبێ لێژنەیەک لە کەسانی باوەرپێکراوی خەڵک پێک بێت بۆ لێکۆڵەنەوە لە جەریانی کوشتنی کچە قوربانی کۆمەڵگای پیاو سالار، فەرینازی خوسرەوانی جوانەمەرگ...

٦- دەبێ قەرەبووی ماڵی هەموو ئەوکەسانەش بکرێتەوە کە لە جەریانی سەرهەڵدانی ئەمدوایانەی شارەکانی کوردستان دا زەرەد مەند بوون...

سەرکەتن بۆ هێزی لە بن نەهاتوی گەلی کوردە.

١٣ی مای ٢٠١٥

------------------------------------------

## سەرەڕۆیی پێ کاکا بوو بە هۆی لێدانی ستارتی شەری قڕێژی براکوژی...

لە هێرشی یەکلایەنەی گریلاکانی پێ کاکا بۆ سەر پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێشمەرگەیەک بە ناوی قادر کریمی لە کوێستانەکانی کێلە شین شەهید بوو. رێبەڕایەتی پارتی کرێکارانی کوردستان ئەگەرهەستی نەتەوەییان بەلاوەگرینگ بێ، خۆیان دەرگیری کێشەیەک ناکەن کە پێوەندی بە ئەوانەوە نێ.سیاسەتی دەستێوەردانی پێ.کا.کا لە کاروباری بەشەکانی دیکەی کوردستان سالانێکە سەرچاوەی گرژیو ئالۆزی لە گەڵ هێزە خەباتگێرەکانی ئەم بەشانە بووە، ئەوان دەبێ لەوە تێبگەن بەو حوکمە مێژووییە تالە کە بە سەرنیشتمانی پارچە کراومان دا هاتوە، مەیدان و خەبات و تێکۆشانی پێ کا کا، خاکی باکوری کوردستانە نە ک پارچەکانی دیکەی کوردستان، هەروەک مەیدانی چالاکی حیزبی دێموکراتیش رۆژهەلاتی کوردستانە.

رێبەریی پێ کاکا دەبێ ئەوە بزانێ قازانجی نەتەوەییمان لە هاوخەباتی و یەکێتی هێزەکانمان دایە. ئەمڕۆ هاوکاریی نێوان هێزە سیاسییەکانی کوردستان بۆ بە ئاکام گەیاندنی پرسی کورد لە هەموو کاتێکدا زیاتر پێویستە ،پێ کاکا دەبێ هاوشێوەی هەڵوێستی خۆی لە کوردستانی باشوور و رۆژئاوا لە رۆژهەلاتدا دووبارە نەکاتەوە، پێش بە خەباتی نیشتمانپەروەرانی بەشەکانی دیکەی کوردستان نەگرێت. چونکە ئەو هەڵوێستەیان خزمەت بە دۆزی ڕەوای کورد ناکات. رێبەریی پێ کاکا دەبێ ئەوە بسەلمێنێ کە کوردستان موڵکی تایبەتی هیچ لایەنێک نێ نیشتمانی کورد شوێنی تێکۆشانی هەموو بیروباوەرەکانە. کەس بۆی نێ لە کوردستان کوێخایەتی بکات و شەرعییەتی ئەم کوێخایەتی کردنە ش کەس نەیداوە بە پێ کاکا.

حیزبی دێموکرات حیزبێکی ڕەسەنی ٧٠ ساڵەیە کە لە ناو جەرگەی کۆمەلانی خەڵکی کوردستان دا پێی ناوەتە گورەپانی خەباتەوە. حیزبێکی بەرپرسە بەرامبەر بە چارەنووسی کورد. خاوەنی هەزاران شەهیدی سەربەرزە، پرەنسیپی شۆڕشگێڕیی، حیزبی دێموکراتی هێناوەتەوە سەر ئەوبروایە کەخۆی لە کارووباری پارچەکانی دیکەی کوردستان دا هەڵنەقوتێنێ و هیچکات بە زیانی ئەوان نەچێتە بەرەی داگیرکەرانەوە، بە پێچەوانە هەمیشە بە تەنگ ئەوەوە بوە یارمەتی بزووتنەوەکانی کورد لەوبەر سنوورەدەسکردەکان دا بدا، هەرچەند ئەم هەڵوێستەی بە زیانی خۆی داشکاوەتەوە. ئەمدەستدرێژیە ئاشکرایەی پێ کاکا بۆ سەر پێشمەرگەکانی حدکا دەچێتە خانەی خزمەت

کردن بە ڕێژیمی دژی کوردی کۆماری پەت وسێدارەی ئیسلامی ئێران.هاوتەریبە لە گەڵ هاریکاری کردن بۆ سەرکووت کردنی هەرچی زیاتری بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان،

پێ کاکا لە جێگای ئەوە ڕێخۆشکەری یارمەتی دان بە پێشمەرگاکانی کورستان بێ، دەبێتە لەمپەرلە بەردەم خەبات و تێکۆشانیان. نابەرپرسانە گەلە کۆمەگیان لێدەکات وبە هاوکاری دوژمنانی ئازادی ئەم گەلە پەلاماریان دەدات و خوێنی پێشمەرگەی کورد دەرێژێ.

ڕێبەرایەتی پێ کاکا دەبێ بزانن ڕۆژهەلاتی کوردستان خاوەن و خەمخۆری خۆی هەیە، قەت بە بیریان دانەیە نوسخەی سەقەت بۆ چارەسەری برینەکانی رۆژهەلاتی کوردستان بپێچێتەوە. ئەوان باشترە خەباتی خۆیان لە باکووری کوردستان چڕ کەنەوە، کورد بەو پتانسییەلەی لە باکوور هەیەتی ئەگەری زۆرە سەرکەوتنی مەزن بەدەست بێنێ. کە بێگۆمان سەرکەوتنی باکوور،کاریگەریی خۆی لە سەر بەشەکانی دیکەی کوردستانیش دا دادەبێ.

لە کۆتایی دا شەڕی براکوژی هێڵی سوورە و کەس بۆی نێ ئەم هێڵە ببەزێنێ، هەرکەسێ دەستپێشخەری ئەم شەڕە قرێژە بێ لە دادگای خەڵکی کوردستاندا بە خایین بە ڕێبازی کوردایەتی تاوانبار دەکرێ، پێ کاکا دەبێ لەوە تێبگا زمانی چەک تەنیا بۆپژانی کەڵەی داگیرکەرانی کوردستانە نەک بۆ سینگی ڕۆڵەی کورد.

سڵاو لە خوێنی بەناحەقرژاوی پێشمەرگە قادر کەریمی کە یەکەم قوربانی شەری براکوژی پاوانخوازیی پێ کا کا بوو...سەرەخۆشی لە هاوسەنگەرانی و لە بنەماڵەکەی دەکەم...

نەمان بۆ داگیرکەرانی کوردستان.

٢٥ی مای ٢٠١٥

----------------------------------

## شکستی هەڵبژاردەنەکانی پەرلەمانی حیزبی ئۆردۆگان

بەدوای شکستی هەڵبژاردەنەکانی پەرلەمانی حیزبی ئۆردۆگان لە تورکیا کە نەیتوانی زۆربەی کورسیی یەکانی پەرلەمانی ئەم وڵاتە وەکوو دەورە کانی پێشوو مسۆگەر کات و، لەم لاشەوە کوردەکان بە دەستەبەرکردنی ۸۰ کورسی پەرلەمانی توانیان بوونی خۆیان وەک پێکهاتەیەکی مافخوازی سەر گۆڕەپانی سیاسی تورکیە بسەپێنن وپرسی کورد بە شێوەی مەدەنی بەرنەپێشێ و ببنە لەمپەرێک لە بەر دەم پێکهێنانی حکوومەتی یەک لایەنەی حزبی ئۆردۆگان. ئاگر بەسی دوولایەنەی چەندین ساڵەی نێوان دەوڵەتی ئۆردۆگان و پارتی کرێکارانی کوردستان (پێ کاکا) بە مە شکێندرا کە دوو ئەفسەری تورک لە لایەن گریلاکانی (پێ کاکا) وە کوژران و بەدوای ئەویش دا فڕوکە بۆمب هاوێژەکانی تورکیە پەلاماری بنکەو بارەگاکانی ئەم حیزبەیان لە قەندیل دا و ژمارەیەک قوربانی لێکەوتەوە..

ئۆردوگان دەمێک بوو لە بیانوویەک دەگەرا بۆدەستپێکردنەوەی شەر، لە ڕوانگەی ئەوەوە دیموکراتیزەکردنی سیاسی لە تورکیا، کوردستان و کوردەکان ناگرێتەوە، بەشداری کورد لە یاری پەرلەمانی بۆ دابینکردنی دێمۆکراسی لە تورکیە لای ئۆردۆغان، ئەم مانایە ناگەیێنێت کە کورد وەک دوژمنێکی بنچینەیی و هەمیشەیی شوێنێکی نەگۆڕی هەیە.

بێگومان هەڵگیرسانی شەری دووبارە لە نێوان پێ کا کاو دەوڵەتی تورکیە پرۆسەی دێمۆکراتیزە بوون لەم وڵاتە دا دەخاتەوە مەترسییەوە.ئۆردۆگان وای پێشبینی کردوە بە دەستپێکردنەوەی ئەم شەڕە خەڵکەکە بە سەر دوو بەرە دا دابەش دەبن.بەرەیەک لایەنگرانی درێژە دانی شەرن و بەرەی دوهەمیش لایەنگرانی پرۆسەی دێمۆکراسین ...

روونە کە ڕەوتی دیموکراتیزە بوون لە تورکیە سنووردارە و دێمۆکراسی خوازیی لەم وڵاتە هیچ دەسەلاتێکی بەسەر هەیمەنەی سیاسی دەوڵەتی ناوەندیی دا نیە. دەستپێکردنەوەی شەریش سەلمێنەریی ئەوەیە کە هەم لە ناو سیستمی سیاسی تورکیە دا هێزێکی باڵاتر بوونی هەیە کە حوکمی وڵات دەکات وهەمیش لە ناو پێ کاکا دا بالێک هەیە کە خوازیاری دەستپێکردنەوەی شەرەو باوەری بە خەباتی پارلەمانی لە ناوخۆ دا نێ...

ئێستا کە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست شەرێکی قورسی تێدا جێگیرە، بە دەستپێکردنی بەرەکانی ئەم شەڕەش لە تورکیە، ناوچەکە زیاتر بەرەو ئاڵۆزی دەڕوات. حیزب و لایەنەکانی کورد، ئەگەر بە جیدی لە بیری دارشتنی پلان و پلاتفۆرمی هاوکاریی لە گەڵ یەکتردا نەبن و پێش بە تەشەنا کردنی ئەم شەرە نەگرن؛ بلێسەی ئاگرەکە لە پێشدا بەرۆکی ئەوان دەگرێتەوەولە ئاکامدا باجەکەشی هەر بە سەر خەلکی بێدیفاعی کوردستان دەشکێتەوە...

٢٧ی جوولای ٢٠٥

----------------------------------------

## بۆمباباران کردنی بنکەو بارەگاکانی پێ کاکا

بە دوای بۆمباباران کردنی بنکەو بارەگاکانی پێ کاکا لە ناوچەی قەندیل لە لایەن فرۆکە بۆمبهاوێژەکانی تورکیە کە تێیدا ژمارەیەک خەلکی سویلیش شەهیدو بریندار بوون، گرژی وشەرو وپێکدادانی پێ کاکاو تورکیا گەیشتە چلە پۆپە، شەرخوازیی و سیاسەتی دەستدرێژکەرانەی دەولەتی تورکیە لەوە ئاشکراترە کە بە نیاز و مەبەستەکانی نەزانرێ و لێی تێنەگەین...

حیزبی دادو گەشە پێدانی ئیسلامگەرا بە سەرۆکایەتی ئۆردوغان لە دوای شکستە پەرلەمانی یەکانی کە بەشێک لە هۆکاری شکستەکەشی دەگەڕێتەوە سەر یەکگرتوویی هێزو لایەنەکانی کوردی باکور بۆ هەلبژاردنەکانی پەرلەمانی، بۆ ئەوەی قورسایی وسەنگی لە دەستچووی خۆی لە کۆمەلگای تورکیە دا قەرەبوو بکاتەوە و سۆزی پانتورکیستەکان بۆ لای خۆی راکێشێتەوە نیازی بە دەستپێکردنەوەی ئەم شەرە لە گەل خەلکی باکوری کوردستان بوو کە پێ کاکا و پارتی دیمۆکراتێکی گەلان نوێنەرایەتی دەکەن، هەر بۆیە درێژەی ئەم شەرە و ئاکامە زیانبارەکانی زیاتر شوێندانەر دەبن لە سەر تەماوی کردنی پرۆسەی ئاشتەوایی و بەیەکەوەهەڵکردن لە کۆمەڵگای تورکیە دا.
ئۆردوغان دەمێکە سیناریۆکانی دەستپێکردنەوەی شەری لە گەڵ باکووری کوردستان دارشتوە.

لە راستی دا بەرێوە بردنی ئەم سیناریۆیەش بە دانی چرای سەوزی ئامریکا پیادە دەکرێ کە هاوکات هۆشدارییەکیشە بۆ سەرۆکی هەرێمی کوردستان مەسعود بارزانی کە داوای دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی لە ئێراق دا نەکات. ئەمەش لە بەیانییەی ئەم دوایانەی کۆشکی سپیی دا خۆی نیشان دا کە ئێراق دەبێ بە یەکپارچەیی بمێنێتەوە...

رووکارێکی دیکەش کە زەمینەی دەستپێکردنەوەی ئەم شەرەی لە ناوچەکەدا خووڵقاندوە دەگەرێتەوە سەر گرژی نێوان تورکیاو ئێران لە سەر پرسەکانی ناوچەکە و بەتایبەتی پشتیوانی ئێڕان لە پێ کاکا و لە گرووپە دەستکردەکانی ئەم حیزبە و دەستتێوەردانە ئاشکراکانی رێژیمی ئێران لە کاروباری ئێراق وکوردستان، کە لە گەڵ

یەکێتی نیشیمانی و لایەنەکانی تر لە دژی هەیمەنەی دەسەڵاتی سیاسی مانەوەی بارزانی لە پۆستی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان دا پێرەو دەکرێ...

کورد بۆ دەرباز بوون لەم قەیرانە ناچارە پێداگری لە سەر ئیمتنا نەتەوەییەیەکانی خۆی لە چوارچێوەی هاریکاری هەموو هێزو لایەنەکانی سەر گۆڕەپانی سیاسی کوردستان لە هەر چوار پارچەکەی دا بکات و بە یەکگرتوویی بەرامبەر بەم ئالۆزییە هەڵوێست بگرێ.

٢ی ئاگۆستی ٢٠١٥

----------------------------------------------

## ئاژانسی هەواڵدەری "ایرنا"

ئاژانسی هەواڵدەری "ایرنا" زمانحاڵی ڕێژیمی کوماری ئیسلامی ئێران لە راپۆرتە هەواڵی سەردانی مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ تورکیە و بە دانانی ئالای کوردستان لە کۆشکی بڕیاردەری ئەم ولاتە، نەیتوانی نیگەرانی و پەرۆشیی ڕێژیمەکەی بە ڕەوتی پێشکەوتنەکانی پرسی کورد لە گۆرەپانی سیاسەتی ناوچەکەو نێونەتەیی دا بشارێتەوە، بە سووکایەتی کردن بە جلو بەرگی کوردی کۆمەڵگای کوردستانی هرووژاند. ئاشکرایە ئەوەی ئەمرۆ کۆماری ئیسلامی هەراسان و بێ هەسار کردوە و خەوی لە چاوی زڕاندوە، هێزو دەسەڵات و قورسایی کوردە لە گۆرەپانی سیاسی ناوچەکە و بە جیهانی بوونی پرسی کورد و ناوی پڕ لە ئاوازەی پێشمەرگەیە کە هەموو کەوشەنەکانی بڕیوە.

ڤین و داخی کوێرانەی کۆماری ئیسلامی ئێران لە کوردو لە کوردستان زۆرتریش لەوەڕا سەرچاوە دەگرێ کە کورد بە درێژایی هەموو ئەوسالانەی تەمەنی ڕەشی ئەم ڕێژیمە خوێنرێژە لە بەرامبەر سەرکوت و دیکتاتۆری ڕەهای کۆنەپەرەستانەی دا شێلگیرانە ڕاوەستاوە و بەربەرەکانی لە گەڵ دەکات... ڕێژیم هەموو ڕێگایەکی دژی گەلیانەی گرتۆتە بەر کە خەڵکی مافخوازی کوردستان بە چۆک دابێنێ و بێرێزی بە بەهاکانی بکات. بەڵام وشیاری و چاونەترسی و بروا بە خۆبوونی رۆلەی کورد هەموو پیلانەکانی پووچەڵ کردۆتەوە...

هیوادارم ئەو هێزو لایەنانەی کە ئەمرۆ لە بەرەی کۆماری ئیسلامی دان و پێیانوایە ئەم ڕێژیمە ناجی و ڕزگاریدەریی کوردانە بە تێگەیشتن لەم راستییە وبۆ پاراستنی بەرژەوەندی یەکانی کورد بە سیاسەتەکانیان دا بچنەوە و خوێندنەوەیەکی نوێیان هەبێ...

جلو بەرگی والای کوردی بە سەرەکی ترین بەهاکانی ناسنامەی گەلی کورد ئەژمار دەکرێ.لە درێژایی مێژو دا کوردەکان جگە لە زمانی دایکێتی، بە پاراستنی جلو بەرگیان توانیوانە لە گەردەلوولی ڕووداوە سامناکەکانی مێژوو دا رەسەنایەتی نەتەوەیی خۆیان بپارێزن و هەروا کورد بمێننەوە و رۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتریش گەشە بە زمان و بە فەرهەنگ و کەلەپووری خۆیان بدەن...

**جلو بەرگی کوردی،**

**ناسنامەی منە و بە هەموو ژیانم دەیپارێزم...**

**هاوینی ساڵی ١٣٦٥هەتاوی،**

**گاورە دێی ناوچەی شینکایەتی باشووری کوردستان**

**١٣ی دێسەمبەری ٢٠١٥**

-----------------------------------------

## یادێک لە شەش ساڵەی کۆچی لەنەکاوی کاک تەها

یادێک لە شەش ساڵەی کۆچی لەنەکاوی کاک تەها و چەندپەیڤێکی تاڵ لە دۆخی نالەباری کورد

هاوڕێ... ئەمساڵیش بەرەو کۆتایی هاتو و کۆچت پێی نایە شەش ساڵ. ساڵانی پێشوو لەم رۆژە تاڵە دا لە تۆ و لە ئاکارەکانت دەدوام، کە چەندە راستگۆ بووی لە گەڵ خەلک و ئەو نیشتمانەی کە تۆ ساڵانێک وەک مۆم بۆی توایەوە. ئەمساڵ لەم یادەدا وێرای کرنۆش بردن بۆ گیانە پاکەکەت، کورتەیەکت لە بەسەرهاتی تاڵی کوردستان بۆ دەگێڕمەوە کە لە ماوەی ئەم کۆچەت دا بەرۆکی گەلەکەمانی گرتوە...

ئەمسالەش دا کوردستان چەندین کارەساتی دیکەی بە خۆیەوە دیت کە تۆ نەدیت.هەنووکە خوشکو براکانت لە باکوری کوردستان لە ژێر دڕندانەترین هێرشی قەرەقۆڵەکانی سوڵتان دان.کوشت وکوشتار یەکجار گەرمە ،جیهانیش بێ بەزەیانە لە حاندیان دا بێدەنگە ،کەچی حیزبە بە ناو زەبەلاح و گەورەکەشیان کە ئەمشەڕەی بۆ ناونەوە لە هیچکوێ سەرو سۆراغیان نێ و بە هومێدی خودای بە جێهێشتوون. وەک دەڵێن ئەوە لە هەورامانن. نازانم بۆ گەیشتوونەتە وێ؟ ئەمرۆ خەلکانیش بۆ ئەوەی لە کاروان بە جێ نەمێنن لە لەتۆرە کۆمەڵایەتییەکان لافیتەیان هەڵواسیوە و دەلێن:

"من باکورم"
نازانم سبەی چی دیکە دەقەومێ هەتا ببن بە ئەو...

لە باشووریش دۆخەکە هەتا دێ بەرەو شڕی دەڕوات و کەس خەتی کەس ناخوێنێتەوە. ئێستا کوردستان لە گرەوی قازانجی پێنج شێری بێ یاڵ دایە، هەرکامەی لە ژێر کارتێکەری دەوڵەتانی ئیقلیمی دا شعووری خەڵک بە گاڵتە دەگرن، لەو نێوەدا تەنیا پێشمەرگەیە بێ مووچە خوێن دەدات و کوردستان لە پەلاماری دڕندانەی داعش دەپارێزێ ... هەستی نیشتمانی والە کزی داوەو وای لێهاتوە لە رۆژی "ئاڵا" دا کە بۆتە ناسنامەمان و هەزاران ڕۆلەی کورد خوێنی بۆ داوە ،وەکوو ساڵان رێز لە شکۆمەندی شەکانەوەکەی نەگیرێ و بە ساردی بەرێ بکرێ.. هەتا دێش

کوردستان لە لاوەکانمان زیاتر بەتال دەبێ و خۆ بە ئاو وئاور دادەدەن بگەنە بەهەشتی خەیالی هەندەران. دروستبوونی دەوڵەتی کـــوردیش دەمێکە بۆتە تراویلکـــە...

باسی ڕۆژهەڵاتەکەی خۆشت هەر مەپرسە. جاران چۆنت دیبوو ئێستا لە و دەمیش خراپترە و هیچ ئاســۆیەک بەدی ناکرێ. تەنانەت براکانیشت لەمبەرو لەوبەر نەتەنیا هیچ پشتت ناگرن بەلکوو حاشاشت لێدەکەن. بە خێری سلامەتی کەمپینێک وەڕێ خرا و حەشیمەتێکی زۆریش لە دڵسۆزانی کوردو دێمۆکرات ڕەگەڵی کەوتن بۆ بە یەکەوەلکاندنەوەی دوولاباڵەکان، بەڵکە م مەلی لانەوازی ڕۆژهەڵات لەوئاسمانە لێڵە دا هەلفرێ وپەیامی هیوایەک بۆ گەلی دوورو نیزیک بەرێ، کەچی کەمپینی بێچارەش هیچ موعجزەیەکی نەخوڵقاند، وایان لێ تێگەیاندن کە وەدوای کلاوی خوار کەوتوون و دووکەرت بوون گەلێک بە قازانجترە لە بە یەکەوە بوون.

لە ڕۆژئاواش ململانییەکە قووڵتر بوەو دووبەرە ی دژ بە یەک پێکهاتوە کە کوردە لێرەش دا دووبەش بوە و هەر یەکەی چۆتە ناو بەرەیەکەوە... ورچە سپیە تەوەزەلەکەش لە خەوی زستانی رابوە و لە ئاسمان را خۆی گەیاندۆتە ناوگەمەکە... دەنگۆی وەش هەیە و دەلێن کوردە لە ڕۆژاوا بۆتە خاوەنی مووشەکی دژە فرۆکە،،. من ناوێرم پرسیاری ئەمەیان لێبکەم لەوەبەشەی کوردستان موشەکی دژە فڕۆکەیان بۆچێ؟ هەموو دەزانین داعش هەمووشتێکی هەبێ فرۆکەی نێ. خۆ ئینشاڵلە ناشتوانن فرۆکەی هاوپەیمانان بەردەنەوە؟

کاک تەهای خۆشی لە خۆ نەدیو، پرسی دیکە زۆرە بۆتی باس بکەم بەلام بۆ ئەوەی هاورێکانم لە فەیسبووک ماندوو نەکەم تکایە با بۆ ئەمساڵت ئەوندە بەس بێ. هیوادارم سالی دیکە هەروا نەبمە قەلە رەشەو مزگێنی خۆشت پێبدەم...

بخەوە هاورێ، خەوی خێرت بێ..

٢٧ی دێسەمبەری ٢٠١٥

-----------------------------------

**ساڵی: ٢٠١٦**

---------------------------------------------------

## پەیمانی سایکس - پیکۆ

لە رۆژێکی شوومی وەک ئەمرۆدا ١٦ی مانگی مەی ١٩١٦ی زایینی واتە ١٠٠ ساڵ لە مەوپێش بە پێی سازانێکی نهێنی نێوان دوو دەوڵەتی زلهێزی براوەی شەری یەکەمی جیهانی، بریتانیا وفەرانسە پەیمانێک لە نێوانیان دا واژۆ کرا کە بە پەیمانی سایکس- پیکۆ ناوبانگی دەرکرد.بە پێی ئەم رێکەوتنە کۆمەڵێک وڵات لە رۆژهەڵاتی ناڤین سەریان هەڵدا ، درووست بوونی ئەم ولاتانە نەتەنیا لە بەرژەوەندی گەلی کورد دانەبوو بەڵکووسەرلەنوێ نیشتمانی کورد لە بری ئەوەی لە دوای هەرەس هێنانی سەرشۆرانەی ئیپراتورەیەتی عوسمانی ببێتە خاوەنی کیان وناسنامەی خۆی ،هەمیسان دابەش کرایەوە و بوو بە چوار پارچە. لەم رێکەوتەوە نەهامەتی ورۆژرەشی و ماڵوێرانیی کورد دەستی پێکرد.حکومەتە فاشیستەکانی ئەم وڵاتانەی کوردستانیان بە سەردا دابەش کرا، بە شێوەیەکی سیستماتیک کەوتنە سڕینەوەی زمان وناسنامەی کورد، بۆ ئەمەش هەموو رێگایەکی فاشیستی و دژی مرۆڤایەتیان گرتە بەر.

هەرچەند ئەوپەیمانە شوومە نیشتمانی کوردی دابەش کرد ونەهامەتێکی زۆری بۆ کورد بەدوای خۆی داهێنا .بەڵام کوردەکان لە ماوەی ئەو ١٠٠سالە دا بە دایم بۆ پاراستنی ناسنامە و هویەتی خۆیان ڕاپەریون و لە گەڵ داگیرکەرانی کوردستان لە خەبات دابوون.

ئەمرۆ بە هۆی هەلومەرجێکی تایبەتی کە لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەراست دا هاتۆتە پێش و هەلێکی زێرین کە بۆ کورد رەخساوە، سنوورە دەسکردەکانی رێکەوتننامەی سایکس پیکۆ بە کردەوە کاڵ بۆتەوەوە فەشەلی هێناوە . ئەگەر کورد لەم قۆناخەدا یەکیەتی یکی نیشتمانی هەبێ و ناوماڵی خۆی رێک خات ،هەموو نیشانەکانی پێکهاتنی خەریتەیەکی نوێ لە ناوچەکە دا پێمان دەڵێن کە دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی لەڕێگا دایە.هەربۆیە

کۆنگەرەیەکی نیشتمانی لە هەموولایەنەکانی سەر گۆرەپانی سیاسی کوردی بە بێ هــەژمۆنی و پاوانخوازی لایەنێک پێویستییەکی مێژووییە. هەمووکوردێکی خاوەن هەست و کوردســتانی ئەرکدارە کە لەپێناو دامەزراندنی دەوڵـەتێکی کورد دا بانگەشەی یەکێتی و رێکخستنی ناو ماڵی کورد بدات...

هەرکەسێک لە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی دا ببێتە لەمپەرو بەرد بخاتە سەر رێگای وەدیهاتنی ،دێتە بەرەی داگیرکەرانی کوردستان و لە بارەگای مێژوودا بە خائین بە کوردستان و بە کورد ناوزەد دەکرێ.

بۆ پێشەوە بەرەو یەکێتی یکی نیشتمانی بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردســـتان ...

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - رێکەوتی: ١٦ی مەی ٢٠١٦

----------------------------------------

## چاوپێکەوتن لەگەڵ ماڵپەڕی ڕۆژی کورد

ئەزموونی خەباتی کورد لە خۆرهەڵاتی کوردستان پاشەکشەی بەرچاوی بە زۆرداری دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی ئێران کردووە ئاماژەو دەسکەوتەکانی لەوانە ڕێگەنەدان بەکولتووری کۆنە پەرەستانەی زۆرداری،وەگەڕخستنی هێزی لەبڕان نەهاتووی داهێنەریی جەماوەری بۆ بەربەرکانێی دیکتاتۆڕی و خستنەگەڕی توانایەکانی خەباتگێڕانە لەخۆرهەڵاتی کورستان ئەو دەرئەنجامن کە قەیرانی مەشروعیەتی ڕەوانی، لۆژیکی، ئەخلاقی، سیاسی، کۆمەڵایەتیو... بۆ کۆماری ئیسلامی بە شوێنەوە بووە بە چە شنێک کەئەمڕۆ لە ئاکامی ململانێی بزاڤیی ڕزگاریخوازانە ینەتەوەیی - دێموکراتیکی کورد یەکلابوونەوەیەک بە هاوکێشەی سیاسی لە نێوان کورد و دەسەڵات دەبیندرێ نە کۆماری ئیسلامی کورد و مافەکانی دان پێدادێنی نە کوردیش دەسەڵاتەی تاران دەسەڵمێنێت.

لە پانتایی وڵاتی ئێرانیشدا دەسەڵاتی سەرکوتکەری وڵایەتی فقیە، لێئەستاندنەوەی دەسەڵات لە تاک بە تاکەکانی ئەندامانی کۆمەڵگاو پاوانکردنی بە هۆی تاکێک لە پێگەی دەسکردی وەلی فەقیە، کە وەک نوێنەری خواو بەرێوەبەری ڕاسپاردەکانی ئایینی پێناسە کراوە،بابەتێکی ئاسایی بووە. پێخوستکردنی شوناسی سیاسی تاکو کۆمەڵگا بە هۆی دیکتاتۆرەوە تەنیا بە ڕەهەندی دەسەڵات وەرگرتنەوە لە خەڵک نەبەستراوەتەوەو پێشێل کردنی هەمان شوناسی باڵو لایەنەکانی هاوبەرە، هاوچارەنووسو هاوهەڵوێستی دەسەڵاتیش بە هۆی ڕێبەری ئایینییەوە پەیرەو کراوە. بە مەودای تەمەنی دیکتاتۆری کۆماری ئیسلامی ئێران کێشەو پێکهەڵپرژانی باڵە دەسەڵاتسالارەکان گرینگترین کێشەی سیاسی لە ئێراندا بووەو باڵەکان لە ژێر ناوو ناتۆرەی جۆراوجۆرو پێناسەی هاوبەشدا وەک باڵەکانی مام ناوەندی، توندئاژۆ، چاکسازیخوازو... خۆیان دەرخستووە.

بۆ زیاتر تیشکخستنە سەر ئەو مژارە لە گەڵ چالاکی سیاسی لەمێژینە و بێژەری ناسراوی کورد، ڕێزدار "ئەحمەد شێربەگی" چاوپێکەوتنێکمان کردووە بۆ شیکردنەوەی وەڵامی ئەو پرسە ئاوڕمان لە تێڕوانینی داوەتەوە؛

**ڕۆژی کورد**: تکایە سەرەتا پێناسەیەک لە کۆماری ئیسلامی ئێران بفەرموون.

**ئەحمەد شێربەگی**: هەروەک لە پێشەکی باسەکەتان دا ئاماژەتان پێکردووە کۆماری ئیسلامیی ئێران لەسەر بنەمای ئیدئۆلۆژی تووندئاژۆیی ئیسلامی دامەزراوە، یانی کۆمەڵگایەکی تەوحیدی کە لەسەر بنەمای ئایین بەڕێوە دەچێ و لەودا هەموو ئیدەکانی دیکە ڕەت دەکرێتەوە و ئیزن بە هیچ بیرێکی جگە لە خۆی نادات کە گەشە بکات. دین لەم سیستەمەدا دەبێتە ئەهرومی دەسەڵاتێکی بێ هەوساری ڕەهای کەسێک بەناوی وەلی فەقیهـ بۆ بە سیاسی کردنی هەموو پرسەکانی پێوەندیدار بە ژیانی دانیشتوانی وڵاتێک بە ناوی ئێران و بگرە وڵاتانی ئیقلیمیش. لەم سیستەمەدا مرۆڤ دەبێتە کۆیلەی ئەو بیرە چەقبەستوویە و ژیانی کویلایەتی خۆی درێژە پێدەدات. لە کۆماری ئیسلامیدا پرسە نەتەوەییەکان دەخرێنە پەراوێز و هەموویان لە ژێر تەوژمی داپڵۆسەرانەی ئەو بیرەدا بە تووندی سەرکوت دەکرێن. لەم سیستەمەدا ژن و پیاو و گەورەو چووکە و ڕەوش و سپی دەبێ گوێڕایەڵی ئەو یاسا و ڕیسایانە بێ کە بۆی دیاری کراوە. دژایەتی کردنی دەچێتەی خانەی شەڕ لە گەڵ خودا (محاربە با خدا) و سزای مەرگی بۆ دیاری دەکرێ .بە گشتی ئەم سیستمە لە دێمۆکراسی و مافی ڕادەربڕین دادەماڵدرێ و بیری تەوحیدی باڵ بەسەرهەموو لایەنەکانی سیاسی، ئابووری، فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی وڵاتدا دەکێشێ. ئەوەیکەی ئێمە هەمووموان لەماوەی دەسەڵاتی ڕەهای کۆماری ئیسلامیدا دیتوومانە و بە ڕەگ و پێستەوە هەستمان پێکردوە، دەزانین کە کۆماری ئیسلامی ڕێژیمێکی تۆتالیتێری تەواوییەت خوازەو بەزەیی بە هیچ بیرێکی دیکە دانایەت وبەتووندی سەرکوتی دەکات.

**ڕۆژی کورد**: بەو پێناسە گشتیەی لە دەسەڵاتێکی دیکتاتۆڕ باستان کرد لە بنەڕەتدا چاوەڕوانی ماف و پێدانەوەی ماف و ئازادی بۆ کورد ئیمکانی هەیە؟

**ئەحمەد شێربەگی**: هەروەک لە پرسیاری یەکەم دا لەسەر ناساندنی سیستمی ویلایەتی فەقیهـ دا ئاماژەم پێکرد کە ئەم سیستمەدا لە دێمۆکراسی و لە ئازادی ڕادەربڕین بێ بەرییە، یانی لەگەڵ هەر چەشنە بیرێک لەم ڕاستایەدا دژایەتی دەکردرێ. مافی نەتەوایەتیش کە یەکێک لە بنەماکانی دێمۆکراسیە لەم سیستەمەدا نەفی دەکرێتەوە. هەروەک دەزانین ئێران وڵاتێکی فرە نەتەوەییە و گەلی کوردیش یەکێک لەونەتەوانەیە کە بەر لە هاتنە سەرکاری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ پاراستنی ناسنامە و هۆوییەتی خۆی پێشینەیەکی دوورودرێژی خەباتی هەیە، هەستی نەتەوایەتی لە بیر وزەینی تاکی کورد دا ڕەگاژو بوە. بە ڕووخانی سیستمی کۆنەپەرەستیی پاشایەتی، دیسان دەرفەتێکی دیکە ڕەخسا کە کورد بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانی ڕاپەڕێ و داوای مافی خۆی بکات. دیتمان کە

بزووتنەوەیەکی جەماوەری بە هێز و پڕ لە بەرخۆدان لە خۆرهەڵاتی کوردستان دەستی پێکرد. هەرچەند بزوتنەوەی خۆرهەڵاتی کوردستان لە ژێر کارتێکەریی ڕووداوە خێراکانی ناوچەکە و کوشتاری ڕێبەرانی کاریزمای کورد تووشی لاوازی هات بەڵام پشکۆی ئەوبزوتنەوەیە هێشتاش دانەمرکاوەو کورد لە ئێران دا فاکتۆرێکە کە ناتوانرێ پەراوێز بخرێ. هەروەک سەلمێندراوە ماف شتێک نیە کە کەسێک بە خێری خۆی بداتێ بەڵکوو ماف دەبێ بستێندرێ. ئەستاندنی مافیش حەوجێی بە خەبات و بەرخۆدان هەیە، ئەمەش مسۆگەر نابێ هەتا کورد ماڵی خۆی یەک نەخات و یەک نەگرێ و نەخشە ڕێگایەکی دیاریکراو وکۆنکرێتی نەبێ. لە پێشدا دەبێ کورد خوێندنەوەیەکی نوێی لە سەر سیستمی کۆماری ئیسلامی هەبێ کە ئەم ڕێژیمە بەو پتانسیلەوە چەندە دەتوانێ مل بۆ داخوازییەکانی کورد نەوی بکات و مافی لێ بستێندرێ. هەمووی ئەو ئەگەرانە بەستراوەوتەوە بە توانایی کورد. ئایا کورد ئەو ئامادەیی و ئیرادەی هەیە لە حاڵەتێکی وادا کە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناڤین پێدا گوزەر دەکات و ئەگەری ڕوودانی هەموو ئەگەرێکی هەیە بە قازانجی خۆی بیقۆزێتەوە؟ ئەمەیان بەستراوەتەوە بە دەرک و تێگەیشتنی هێزەکانی کورد کە ئەمڕۆ لەسەر گۆڕەپانی سیاسیی خۆرهەڵاتی کوردستان تێکۆشانیان هەیە...

**ڕۆژی کورد:** هەنووکە هێزە کوردییە نەیارەکانی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی ئێران بە سەر دوو بەرەی جیاواز دابەش بوون بەشێکیان لایان وایە لە چوارچێوەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی شتێک بەر کورد ناکەوێ کە خەونە نیشتمانییەکانی پێ بخەملێنێ لایەنی دیکەش لایان وایە دەکرێ لە چوار چێوەی ئەو سیستمەشدا بۆ کورد دەسکەوتێک هەبێ... بەرێزتان لێرە و لە زۆربەی نووسینەکانتاندا باستان کردووە کورد تەنیا بە هێزی خۆی دەتوانێ پشتبەستوو بێ و کێشەی لایەنەکانی دەسەڵاتی تاران بە بابەتێکی نەرێنی بۆ کورد هەڵدەسەنگێنن دەمهەوێ لە سەر ئەو بابەتە لە پێگەی نووسەرێک راوەستان و شرۆڤەیەک بکەن

**ئەحمەد شێربەگی:** بە بڕوای من هێزەکانی کورد لە سەر گۆڕەپانی سیاسی کوردستان هێشتاکانەش ڕوون نین کە داوای چ دەکەن و توانا و وەزەی خۆیان بۆ چی دەبێ وەگەڕ بخەن. ئەگەر بە خێرایی چاوێک بە دوا بەڵگەکانی کۆنگرەکانیاندا بگێڕین لە هەموو بەڵگەنامەکانیاندا بۆ داهاتووی ئێران ئاماژەیان بە سیستمێکی دێمۆکراتیکی فیدرال کردوە کە کورد لەو سیستمەدا بە مافەکانی بگات. بەڵام پرسیارەکە لێرەدایە کە ئاخۆ بۆ گەیشتن بە سیستمێکی ئەوتۆ دەبێ چۆن هەڵسووکەوت لەگەڵ کۆماری ئیسلامی بکەن؟ ئەم ڕێژیمە کە لە بنەڕەتڕا دژی مافی نەتەوایەتییە و کۆمەڵگایەکی تەوحیدی بنەمای دامەزراندنێتی، چۆن ڕازی دەبێ دەسەڵاتت لەگەڵ دابەش بکات و

بتکاتە شەریکی خۆی کە تۆی کورد هیچ باوەڕێکت بە ئامانجەکانی ئەو ڕێژیمە نەبێ؟ کەوابوو تۆ وەک هێزێکی سیاسی یان باوەڕت بە هێزی و توانایی خۆت و بڕیاری کۆنگرەکەت نیە کە دوورەدیمەنی ئامانجەکانی بۆی دیاری کردووی کە چۆن مافەکانی کورد دەستەبەر بکەی یان ئەوەتا لە بێ تواناییت دا ئامادەی بە چووکەترین شت ڕازی بی کە ڕێژیم خێرت پێ بکات و بداتێ؟ بۆ هەڵگرتن و پراکتیزەکردنی درووشمێکی وا (دامەزراندنی سیستمی فیدرالیزمی دێمۆکراتیک) دەبێ هەوڵی ڕووخاندنی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بدەی، من دەزانم کە کۆماری ئیسلامی بەمنی کورد بە تەنیا ناڕووخێ بەڵام دەکرێ بۆ ڕووخاندنی ئەم سیستمە مکانیزمێکی دیکە ڕەچاو بکردرێ ئەویش هاوپێوەندی دەگەڵ نەتەوەکانی دیکەی ئێرانە. کورد ئەگەر دەیهەوێ فیدراڵی لە ئێراندا جێگیر بکات دەبێ چەق لە سەر ئەو مێتۆدە بکات و هەوڵەکانی خۆی لەو ڕاستایە دا وەگەڕ بخات کە ئەمەشیان هەروەک لە وەڵامی پرسیاری پێشووم دا کوتم مسۆگەر نابێ هەتا ناوماڵی خۆت ڕێک نەخەی، گوتارت نەکەیە یەک و نەخشە ڕێگایەکت پێ نەبێ، هەموو کەس دەتوانێ درووشم بدات، بەڵام چەندە دەتوانرێ ئەو درووشمە بکرێتە ئەمری واقع، ئەمەیان گرینگە. ئەوبەشە لە گەڵاڵەداڕێژەران و بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی کە پرسی کێشەی کوردیان و ئەستۆ گرتووە ناسینێکی باشیان لەسەر کورد وهێزەکانی کورد هەیە. هەر بۆیە لە مانۆڕدانەکانی خۆیان دا ناوە ناوە باس لە پرسی وتوتوێژ دەکەن کە بەم جۆرە هەم ناکۆکی بخەنە ناوماڵی کورد وهەم مەترسی لەسەر خۆیان لابەرن ئەگینا کێیە نەزانی کە پێکهاتەو قەوارەی کۆماری ئیسلامی لە سەر چ بنەمایەک دامەزراوە و چ بیرکردنەوەیەکیان لەسەر پرسی نەتەوەیی و یەک لەوان پرسی کورد هەیە. بۆ من وەک تاکێکی کورد وتووێژ لەگەڵ کۆماری ئیسلامی جگە لە بە فیڕۆ دانی وزەو توانای کورد وخۆڵ لە چاوی خەڵک کردن هیچی دیکە نیە و خەباتی سیاسی لە ناوخۆی ئێران و کوردستان و دابین کردنی ماف بۆ کورد لەم ڕێگایەوە لە تراویلکەیەک زیاتر نیە.

**ڕۆژی کورد:** پێکناکۆک بوونی ڕواڵەتی باڵەکانی دەسەڵاتی تاران دەتوانێ پێکناکۆک بوونێک لە بەرەی نیشتمانی خۆرهەڵاتی کوردستان ڕێک بخا ؟ ئەوە دەتوانێ خەسارێکی مەترسیدار بۆ داهاتووی کورد بێ؟

**ئەحمەد شێربەگی:** بە بڕوای من پێکناکۆک بوونی ڕواڵەتیی باڵەکانی دەسەڵاتی تاران، سیناریۆیەکە کە کۆماری ئیسلامی لەسەرەتای دامەزرانی تا هەنووکە نووسیوێتی و شارەزایانەش موو بە موو بەندەکانی ئەو سیناریۆیە بەڕێوەی دەبات. بە دابەشکردنی دەسەڵات لە نێوان دووبەری ئوسولگەرا و ڕێفورمخوازدا، کۆمەڵگای ئێرانیان تووشی

تەوەهوم کردوە هەر بۆیە هەتا ئێستا زۆر باشی توانیوێتی درێژە بە دەسەڵاتی سەرەڕۆیانەی خۆی بدات. هەمووبمان دەزانین لە ساڵی ٥٧ ـەوە تا کوو ئێستا چەندین سەرکۆمار هەڵبژێردراوە کە لە هەر دووباڵی ناو ڕێژیمی تێدا بووە، بەڵام کێ دەتوانێ بیسەلمێنێ کە پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ و لە سڕینەوەی جەستەیی دژبەرانی ئەو سیستمە لە سەردەمی سەرۆک کۆمارە بە ڕواڵەت ڕێفۆرمخوازەکاندا زیاتر نەبووە لە سەرۆک کۆمارە ئوسولگەراکان؟ پێم سەیرە تا ئێستا سیاسیکارانی کورد کەوتوونەتە ناو ئەو سیناریۆیە و نەیانتوانیوە خوێندنەوەیەکی زانستیانەوە و ورد و کۆک لەسەر ئەم شانۆیەی ڕێژیم بەدەستەوە بدەن. بە بڕوای من ڕێژیم باش توانیوێتی لەم ڕێگایەوە نەتەنیا ناکۆکی بخاتە ناو هێزەکانی کورد و ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی بەڵکوو جیهانی دەرەوەشی تووشی ناکۆکی کردووە. هەرچی کوشتنی سیاسیی دژبەرانی بوو چی هی ناوخۆ و چی هی دەرەوەی سنوورەکان لە سەردەمی دەسەڵاتدارەتی ڕەفسەنجانی بە ڕواڵەت پراگماتیست دا ئەنجامدرا. من پێموایە کوردەکان لە جیاتی ئەوەی توانای خۆیان تەرخانی وەعدەووەعیدە بێ بنەماکانی کۆماری ئیسلامی بکەن بە ڕوانینێکی دیکە سەیری باڵەکانی ئەو ڕێژیمە بکەن کە هەردووکیان باوەڕمەندی سیستمی ویلایەتی فەقیهن و لە سەر پرسی کورد هیچ جیاوازییەکیان لەگەڵ یەکتری نیە، بۆیە توانا وهێزی خۆیان بە شێوازێکی دیکە وەگەڕ بخەن. ناکۆکیەکانی خۆیان وەلا نێن، گوتاری نەتەوەیی بدەن و ساخ ببنەوە کە چۆن دەتوانن بزووتنەوەی خۆرهەلاتی کوردستان ببنە سەر ڕێڕەوی سەرەکی خۆی.

**ڕۆژی کورد**: **تکایە ئەگەر بابەتێکی وا هەیە لە پرسیارەکاندا ئاماژەی بۆ نەکراوە سەربەستن تیشکی بخەنە سەرو باسی بکەن**

**ئەحمەد شێربەگی**: سپاس بۆ ئەو دەرفەتەی بۆتان ڕەخساندم. هەمووبمان دەزانین کە ئەمڕۆ ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناڤین بەتایبەتی ئەو وڵاتانەی کوردیان بە سەردا دابەش کراوە، گەلێک ئاڵوگوڕی بنەڕەتییان تێدا هاتۆتە پێشێ. ئەو سنوورانەی کە ١٠٠ ساڵ لەوە پێش لە پەیماننامەیەکی دوو قۆڵیی نێوان فەرانسەو ئینگلیس دا (سایکس-پیکۆ)هاتەوە ئاراوە، ئەمڕۆ کاڵ بۆتەوەو سنوورەکان بە کردەوە هەڵگیراون و لە سێ لە چواری کوردستانی دابەش کراو، کورد دەسکەوتێکی بەرچاوی لە مەڕ گەیشتن بە مافەکانی وەدەست هێناوە. ئەگەر ژێرانە هەڵسووکەوت لەگەڵ دۆخەکە بکردرێ، دەسکەوتەکانی کورد زۆر لەمەش زیاتر دەبن و جوغرافیاین ناوچەکە گۆڕانی بەسەردا دێ کە بێگۆمان تیشکی ئەو دەسکەت و ئەو گۆڕانە ڕوو بە خۆرهەڵاتی کوردستانیش دەبێ، بەو

مەرجەی هێزو لایەنەکانی کورد لەم پارچەیەی کوردستان دووبەرەکی و ناکۆکیەکانیان وەلانێن و بە کۆبوونەوە لە دەوری پلاتفۆرمێکی هاوبەش، خەباتی خۆیان لە دژی کۆماری ئیسلامی چڕ بکەنەوە کە بە دڵنیایی شوێندانەر دەبێ لە بەوەر پێش بردنی ڕەوتەکە .دیسان سپاس

**سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕۆژی کورد - ڕێکەوتی: ۹ی جوونی ۲۰۱٦**

---------------------------

# ئەوەی لە تورکیا رووی دا کودەتا بوو

ئایا بەراســتی ئەوەی دوێنێ شەو لە تورکیا رووی دا بەرنامەیەکی دارێژراوی تۆکمەی کودەتـا بـوو بـۆ لەسەر کـار لابردنی ئۆردۆگان، یان ســـناریۆیەکی نووسراوی لە پێشدا ئامادەکراوی نـاوبراو بووبۆسرپینەوەی ژمارەیـەک مۆرەی ئەرتەش و هەڵگرتنی ئەولەمپەرانەی لە بەر دەم سیاسەتەکانی دا خۆیان قووت کردبۆوە بۆ ئەوەی ئۆردۆگان ببێتە سولتانێکی دەست ئاواڵای بەهێز لە پێرەوکردنی سیاسەتەکانی لە داهاتووی ئەم وڵاتەدا؟

گومان لەوە دانێ ئۆردۆگان بە هۆی دەزگای هەوڵگریەکانیەوە لە نیەتی کودەتـا چی یەکان ئاگادار بوو. هەربۆیەش ئەوشەوە کۆشکی کۆماری بێ جێ هێشتبوو چوبۆوە شوێنی زێدی، سەرۆک وەزیرەکانیشی کـەس نەیـدەزانی لـە کوێ خۆی حەسار داوە. کودەتـاچیەکانیش کە بەشێکی بچووک بوون لە ئەرکانی ئەرتەشی ئـەم وڵاتـە و کەسێکی ناسـراو ودیاری ناو کۆمەڵگای تورکییە ی تێدا نەبوو، بێ ئاگا لەم پیلانە کەوتنە ناو داوێک کە بۆیـان نابوونـەوە.چەند کاتژمێر دوای کودەتا ئۆردوگان دەرکەوت و داوای لە خەلکی ئەم وڵاتـە کـرد بڕژێنـە نـاو شـەقامەکان و بـەرەنگاری کودەتـاچیەکان ببنەوە...

پرسیارەکە لێرەدایە. کودەتـایەک ئەگـەر لـە پێشـدا خـۆی بـۆ ئـامادە نـەکرابێ چـۆن ئـاوا زوو سـەرکوت دەکـرێ؟ بـە قەولێک ئەگەر بەفریش بایە ماوەیەکی پێویست بوو هەتا بتوێتەوە...
بـە بـڕوای مـن ئـەوەی دوێنـێ شـەو کودەتـای کرد،ئەرتـەش نـەبوو بـەڵکوو ئۆردۆگـان بـوو کـە بـۆ هەمیشـە تـابۆی هەیمەنەی ئەرتەشی لەم وڵاتە کە نوێنەری کەمالیستەکان بووشکاند.

کودەتـا تێـک شکاو کودەتـا چیـەکانیش یـان کـوژران یـان دەستبەسـەر کـران. هـەر لـە ئێسـتاوە هـەزاران کـەس لـە پلەدارانی ئەرتەش گیراون و لە رۆژەکانی داهاتووش دا ئاکامەکانی بەڕێوەچـــوونی ئەم سیناریۆیە زۆر بە ڕوونی خۆیێمان نیشان دەدەن...

١٦ی جوولای ٢٠١٦

## خەڵاتێک کە خودا بۆ ئۆردۆغانی نارد!!!

بەدوای هەوڵی بێ ئاکامی کودەتا سەربازییەکەی تورکیە، ئەردۆغان گوتی کە ئەم کۆدەتایە "دیارییەکی ئیلاهی بوو"

ئەگەر لەم کودەتایە چ وەک سیناریۆ و چ وەک راستیی بڕوانین هیچ لە پرسە کە ناگۆڕێ. ئەردۆغان ئێستا بەکردەوە خەونە خۆشەکانی کە ساڵانێکە بە ئاواتی وەدیهاتنیان بوو جێبەجێدەکات. ئێستا دەستی لە هەمووکات ئاواڵەترە هەرکەسێکی کە پێیوایە بۆنی خزمەتکردن بە نەیارەکانی لێبێ لەسەرکاری لابەرێ. هێشتا چەند کاتژمێر لە کودەتاکە تێنەپەریبوو کە بە هەزاران کەسی لە دەزگاکانی دادوەری وسوپای ڕەپێچەک دا کە لەرابردوود گرتنیان دژوار بوو.ساڵی ٢٠١٣ لە ئۆپەراسیۆنی چەکوچ دا، دەیان ژەنەرال و ئەفسەری پلە دارقۆڵبەست کران، کە دوایی دەرکەوت بەڵگەکان هەمووی دروستکراو وساختە بوون. ئوردوغان لە ماوەی دەسەڵاتدارەتی دا، ناوە ناوە دەستی کردوە بەسڕینەوەی نەیارەکانی لە دەزگاکانی میت و پۆلیسدا، ئەوەی زیاترهۆکاری دەڵە ڕواکەی بوو ناوەندەکانی دادوەری و هێزی سپا بوون کە ئەمەشیان بەوخەلاتەی کە لە لایەن خوداوە بۆی نازڵ بوو جێ بە جێی دەکاتو بە حەزی خۆی هەموو نەیارەکانی لەودوو دەزگایەدادەسپێرێتە دادگا.

لەم بەستێنەدا ئەم پرسیارانە دێنەگۆڕێ:

ئایا لە سبەینێی تورکیەدا ئانکار بەو ئالۆزی و کێشانەی کە بەرۆکی گرتوە رووی ئارامی بە خۆیەوە دەبینێ؟

ئەونیمچە دێمۆکراسی یە کە لە م سالانەدا بە سەر کەشی سیاسی وڵاتدا کشا بوو بەو دەسەلاتە رەهایە کە ئۆردوگان لەمەوبەدوا دەیبێ بەرتەسک نابێتەوە؟

بەو پێکهاتەیەی کە لە کۆمەڵگای کوردستان دا هەیە پرسی کورد چ ڕەوتێک دەپێوێ؟

دانوستانەکان بۆ پرسی ئاشتەوایی سەر لەنوێ دەست پێدەکاتەوە یان کوردستان دەکەوێتە ناو فازێکی دیکە لە کوشتارو وێرانی؟

لە کۆتایی دا جیهانی دەرەوە چۆن تەعامول لە گەڵ تورکیەی ئیسلامگەرای هەنووکەدا دەکات؟

١٧ی جوولای ٢٠١٦

## دێموکرات پێی نایە ٧١ ساڵەی تەمەنی.

چەندە بەژان و جەرگبرە میللەتێک بە داڵانە تاریکەکانی رابردوو دا عەوداڵی داهاتووی بێ ...
دێمۆکرات پێی نایە ٧١ ساڵەی تەمەنی. ٧١ یەک ساڵ ماوەیەکی کەم نیە بۆ پێگەیاندن و گۆڕینی کۆمەڵگایەک. ئەگەر لەوماوەیەدا دارێکمان ناشتنبا ،ئێستا ئەم دارە سێبەرێکی گەورەی بۆ حەسانەوە دەبوو، کەس نیە بلێ پاشی ئەم گشتە خوێن وقوربانی دانە کە لە جەستەی ئەم حیزبەو خەڵک رۆیوە هەنووکە رۆژهەڵاتی کوردستان بۆچی لە معادلاتی سیاسی ناوچەکەدا خاوەنی هیچ پێگەیەکی هیوابەخش نیە؟. بەداخەوە ئێستا هەمووداهاتوومان لە بازنەی رابردوومان دا دەخولێتەوە، چەندە بەژان وجەرگبرە میللەتێک بە داڵانە تاریکەکانی رابردووی دا عەوداڵی داهاتووی بێ. کەس نیە پرسیارێک لە ویژدانی خۆی بکات کە بەم گشتە قوربانی دانە بۆچی بزووتنەوەی رۆژهەڵات گەیشتە ئەو ئاقارە؟ جگە لە خۆمان کێ بە بەرپرسی ئەم نەهامەتیانە بزانین؟

ئەوکەسە دێموکراتێکی راستەقینەیە کە دان بە و هەڵانە دا بنێ و لە پشدا ئەنگوستی تاوان بۆ لای خۆی راکێشێ. دەمارگرژی حیزبایەتی چاری دەردەکانمان ناکات و بە هیچ جێگایەکمان ناگەیەنێ، جگە لەوەی ببێتە لەمپەرێک لە سەر رێگای گەیشتن بە ئامانجەکانمان...
وە رن با بە بەشەهامەت و بە سەداقەتەوە دان بەم هەڵانە دابێنین کەئێمەی ئەندامانی دێمۆکرات بە هەر دوو بەشەکەی لەم دابڕان و نسکۆیەدا خەتابار بووین، بۆ ئەوەش ئەم هەڵەیە لە تەوێڵی خۆمان بسڕینەوە بە داوای لێبوردن لە روحی شەهیدەکانمان و لە خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان دێموکراتانە ئامێز بۆ یەکتر بکەینەوە...

ئەگەر ئازادیی خەلکی کوردستانمان بەلاوە گرینگە و خەباتمان بۆ لابردنی ستەمەکان لە سەر ئەوخەڵکە بێدەرەتانەیە با دەست لە دروشم دان هەڵگرین وهەنگاوی بە کردەوەی بۆ هەڵێنین، با چی دیکە دەرفەتەکانی لێک نیزیک بوونەوە و گەرانەوەی هیوا بۆ خەلک نەسووتێنن...

شەکاوە بێ ئالای پیرۆزی ٢٥ی گەلاوێژ ٧١مین ساڵوەگەڕی دامەزرانی حیزبی دێمۆکراتی گەورە...

١٥ی ئاگۆستی ٢٠١٦

## دیسان بۆسۆی سووتانی هەناوی دایکی کورد

هێشتا لە تەمی خەمی شەهیدانی راسان دابووین، هێشتا زامەکانی پووشپەر لە سەر دلمان سارێژ نەببووە کە دیسان زامێکی دیکە لە جەستەی نیشتمان کەوت. دیسان هەوالی شەهید بوونی دووپێشمەرگەی دیکەی ئەم خاکە نوقمی پەژارەی کردینەوە. دیسان بۆسۆی سووتانی هەناوی دایکی کورد نیشتمانی داگیرکراوی تەنییەوە..مەرگی ئەمجارەی ئەم دووپێشمەرگەیە ووەرێ خستنی شەپۆلی هاودەردی بە هەموومانی سەلماند کە دێمۆکرات یەک هەناو و یەک جەستەیە، هەر لایەک زامێکی وێکەوێ لایەکی دیکە لە ئازاری ئەم زامە ژان دایدەگرێ. هیوادارم جۆگەی خوێنی شەهیدانی پووشپەرو وشەهیدانی خەرمانان تێکەلی یەک بێتەوەو ببێتە هەوێنی یەگرتنەوەی ئەم بنەماڵە ڕەسەن و گەورەیەیە...

لە ناخی دڵمەوە لە پەژارەی شەهید بوونی کاک ئازاد ئاڵی خەڵکی گوندی "دۆڵەگەرم"ی سەردەشت و کاک ئەمیر قادریان ناسراو بە ئەمیر نستانی خەڵکی نستانی ناوچەی ڕەبەت، بەشدارم و لەگەڵ ناردنی هەزاران سڵاوی پر لە ئەمەگ وخۆشەویستیی بۆ گیانی هەر گیز نەمریان سەرەخۆشی لە هاورێیانم لە حیزبی دێمۆکراتی کوردستان و بنەماڵە داخدارەکانیان و هەموو خەلکی کوردستان دەکەم...

نەمریی بۆگیانی پاکی ئەم شەهیدانە و هەموو شەهیدانی کوردستان
نەمان بۆ رێژیمی داگیر کەری کۆماری پەت وسێداری ئیسلامی ئێران...

بژی یەکەتیی و تەبایی ناو ماڵی کورد

٧ی سیپتەمبەری ٢٠١٦

----------------------------------------

## بە بۆنەی مەرگی فیدل کاسترۆ

**گاڵتە جار نووسێک(تەنزنووس) لە مەرگی فیدل کاسترۆ دا نووسی:**

**"تەنیا شتێک کە لە ماوەی چوار دەیە لە دەسەلاتی کاسترو بەسەر کوبادا تێپەڕی و هەروا درێژەی هەبوو ریشی ئەو شۆرشگێرە بوو"...**

**هەواڵی مەرگی فیدل کاسترۆم گوێ لێ بوو بەڵام سادەم وەرگرت.هەرچەند سەردەمانێک لە تەمەنی گەنجێتم دا بە خوێندنەوەی "شەری شەکر"ی "ژان پول سارتر" خۆم وەکوو هاورێیانی فیدل کاسترۆ لە کێوەکانی "سیئراماسترا" دیتەوە، بەڵام کاتێ منی کورد بۆ خۆم بووم بە یە کێک لە قوربانیەکانی پێشلکردنی مافی مرۆڤ لە ئێرانی ئینقلابی و کەین و بەینی کاسترۆم لە گەڵ رێژیمی ئیسلامی دا دیت لە جیهانی نێوان ناتەبایی شۆڕشگێڕی و دیکتاتۆرییەتی کاسترۆش دوور کەوتمەوە.**

**فیدل کاسترو دوایین وێنە لە شۆڕشگێریي ئارامانج خوازی بوو کە کاتێ گەیشتە دەسەڵات تووشی فەساد هات. نەک فەسادی مالی ودارایی، بەڵکو فەسادی دەسەلات و دیکتاتۆری و جینایەت. نیشانەکانی ئەم فەسادەش قوربانی وزیندانی و ئاوارە بوونی بە سەدان هەزار کەس کوبایی لە نیشتمان ی خۆیان بوو... هەرچند هێشتاکانەش لەناو توێژی دانسقەدا ئەو بڕوایە بە هێزە کە چەپی باش چەپێکە کە نەگەیشتۆتە دەسەڵات، بەڵام دەسەڵات لەوانیش دیکتاتۆری سەر ســـورهێنەر دروست دەکات...**

**من هەنووکە دەتوانم لە خۆشحاڵی دەربرینی ئەو کوباییانە تێبگەم کە لە مەرگی کاســترۆ دەریان بری. بەڵام هەرگیز لەوانە ناگەم کە خۆیان بە نووســەرو لایەنگری مافی ڕادەبرین دەزانن بەڵام بۆ مەرگی کاســترۆ فرمێسک هەڵدەوەرێنن...**

**٢٧ی نۆڤەمبەری ٢٠١٦**

## کەڵاشی خوێناوی چمان پێدەڵێ؟،



کردەوەی تێرۆریستی شەوی یەڵدای بەردەم بارەگای "حدک" سەرەتای دەستپێکی هەوڵێکی نوێی تێرۆریستییە کە ڕێژیمی تێرۆریستیی کۆماری ئیسلامی ئێران

لە دوای نەوەدەکان لە دژی ئۆپوزیسیونی کوردی رۆژهەڵات لە باشووری کوردستان بەرێوەی برد.

ئەوەی کۆماری ئیسلامی لەم شەوەدا کردی مەبەستێکی تایبەتی لە پشت بوو. زۆر سرووشتی بوو کە ڕێژیم لە دوای چالاکیەکانی ڕاسانی هاوینی ڕابردووی پێشمەرگەی دێمۆکرات کە هەیمەنەی تێک شکا بوو بە دوای زەبر لێدان لە حیزبی دێمۆکرات دابگەڕێ، بەڵام بۆچی شەوی یەلدای بۆ ئەم مەبەستە هەڵبژارد؟

شەوی یەلدا لە فەرهەنگی میترایی دا شەوێکی پیرۆزە و بۆ کوردی رۆژهەڵاتی کوردستانیش پیرۆزێکی تایبەتی هەیە کە لەودا گەورەترین وخۆشەویسترین ڕێبەری کورد، دوکتور قاسملوو تێیدا لە دایک بوە، بۆ ئەم مەبەستە کۆماری ئیسلامی بە پیلانێکی جینایەتکارانەی دارێژراو توانی ئەم شەواهەنگە شادیهێنەرە بکاتە شەوی شین و ماتەمین، بە خەیاڵی خاوی خۆی وابیر بکاتەوە کە لە شەو ییەلدای ساڵانی داهاتوو دا کەس یادی دوکتور قاسملووی مەزن بە خۆشی نەکاتەوە...

بێگۆمان ئەم هەنگاوەی کۆماری ئیسلامی لەم ساتەوەختەدا دەبێ بە جیددی هەڵوێستی لەسەر بگیردرێ و بە هیچ شێوەیەک نابێ وەپشت گوێ بخرێ. ئاسایشی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش کە پسپۆری دۆزینەوەی ئەمجۆرە کردەوانەیە ئەرکێتی هەموو هەوڵەکانی خۆی بۆ ناساندنی بکەرانی ئەو کردەوە تێرۆریستیە بخاتە گەڕ و بە بێ هیچ ساتو سەودا و شاردنەوەیەک کۆمەڵگای کوردستان وجیهان لە ناساندنی بکەرانی ئاگادار بکاتەوە...

ئەم کەلاشە خوێناوییە کە پەڵەیەکی نەنگە بە تەوێڵی کۆماری ئیسلامی پێمان دەڵێ: لەم ساتە هەستیارە دا کە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوڤین پێیدا گوزەر دەکات و ئاڵوگۆڕەکان بە خێرایی برووسکە تێدەپەڕن، کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەبێ ناومالی خۆی ڕێکخات.

پێماندەلێ بوونی بەرەیەکی هاوبەش بە بێ هیچ بەندو مەرجێک لە نێوان هەموو هێزە ڕەسەنەکانی سەر گۆرەپانی سیاسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەمرێکی حەیاتیە.

ئەم کەلاشە لە خوێن دا شەلالە پێمان دەلێ، بۆ پاراستنی بەرژەوەندییە بالاکانی نەتەوەی کوردو بۆ پووچەڵکردنەوەی ئەگەری هەرکردەوەیەکی ئیحتمالی تێروریستیی دیکەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و هەروەها بۆ کاراکردنی زیاتری خەباتی جەماوەری بزووتنەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ناکۆکیەکان وەلانێن و یەکبگرن ...

سڵاو لە ڕوحی شەهیدانی یەلدا شەوی خوێناوی....

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٢٥ی دێسەمبەری ٢٠١٦

---------------------------------------------

**ساڵی: ٢٠١٧**

---------------------------------------------

## جێگای مشکان کادێنە

**هەرچی دەکەم تێناگەم لە هەڵوێستی کەسانێک کە لە بەرگی رووناکبیریی دا لە دژی بەرژەوەندییە باڵاکانی نەتەوەی کورد وەک دوژمنەکانمان قسەدەکەن و پەیڤی روخێنەری دوژمن پێخۆشکەر دەدەن...**

**هاورێیان!**

**بمبوورن ئەگەر بە زمانێکی زبر لەگەڵ ئەو زڕە بەناو رووناکبیرانە بدوێم.. شەرم دەمگرێ و دەردەکە بەلامەوە زۆر بەژان وجەرگبردەبێ ئەگەر بەرامبەر بەم گشتە فیداکاری و لەخۆبووردوویيەی پێشمەرگە کە ئاوا خۆبەخشانە سینگی کردۆتە قەڵغانی ئازادیی بەهانەتەوەییەکانی کوردستان و ناو و ئاوازەی کەوشەنەکانی بڕیوە بێدەنگی رەچاوکەم و بێلایەن بم. هەرچەند لە کۆنەوە گوتویانە کە جێگای مشکان کادێنە، بەڵام بۆ خۆمان گەورەیان دەکەینەوە وبە هێندیان وەردەگرین. ئەگینا "عەلی کەریمی" ناوێک چ سیغەیەکە جگە لەوەی کەرێکی مل پانی چاوبرسی چەرچییان بێ و لە ناو هیندێک لە حیزبە پاشەڵ پیسەکانی کانی باشووری کوردستان دا بەرەڵڵا کرابێ و لە ئاخوڕیان دا بلەوەرێ... من هیچ جیاوازییەک لە نێوان ئەمکەسە و قەڵەمفرۆشێکی مەعلوم الحالی وەک عیرفانی قانعی فەرد دا نابینم کەبە مەبەست و بە هۆی داگیرکەرەوە بێ رێزی بە پیرۆزییەکانی کورد دەکات... ئەوەی ئەوکابرایە کاوێژی کردۆتەوە، بە دڵنیاییی گریمانەیەکی دەروونیە کە لە منداڵیی را لە گەڵێتی وەهەتا ئەورۆژەش دەمرێ وەک قیر بە شاقلیەوە نوساوەو لێی نابێتەوە...**

**نەقلی عەلی کەریمی هەمان ڕەوایەتی کابرای گۆرینە بۆ ئەوەی بیخوێننەوە لەسەر چەقی رێگای مەزگەوت پیسایی**

دەکرد.

گەلۆ!

تۆ بلێی ئاوی زەریا بە دەمی سەگ (لەگەڵ داوای لێبوردن لە ئەمەگ و چاکەی سەگ کە ئەو نا مرۆڤە گڵاوە سپڵەیەم پێ شـــوبهاندەوە) پیس بێ؟...

ڕوورەشی بۆ قەڵەمفرۆشان و بۆ پێشەوە بەرەو دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەر بەخۆی کوردی.

٤ی جانێوێری ٢٠١٧

--------------------------------

## ڕەفسەنجانی مرد

ڕەفسەنجانی مرد، ئەو ئاخوندە کۆسەیەی کە دەریای ئارامی شڵەژاند هەتا ماسیە کان بکاتە قوربانی خۆشخزمەتی بە ڕاوچییەکان...

بە مردنی ناوبراو، کۆماری پەت وسێدارەی ئیسلامی یە کێک لە کۆڵەکە بنەرەتیەکانی خۆی لەدەست داو کۆمەڵێکی بەرچاو نهێنی گرینگی ئەوسیستمەی لە گەڵ خۆی بردە ژێرخاک،. بەداخ بووم لەوەیکە ڕەفسەنجانی وا بە سانایی مرد، دەبوو مابا هەتا سەبارەت بەو جینایەتانەی دەرهەق بە گەلانی ئێران ویەک لەوان نەتەوەی کورد کردویەتی بدرابایە دادگایەکی گەلیی و بە سزا گەیشتبا.

بێگۆمان لەدوای خومەینی جەلاد هیچ مۆرەیەکی دیکەی ڕێژیم هیندەی ڕەفسەنجانی لە شکڵ دان بەوسیستمە مافیایە دا دەستی نەبوو .لە کارنامەی ڕەشی ئەو ئاخوندە بەرواڵت نەرم ولە دەروون دڕندەیەدا دەتوانرێ ئاماژە بە سەرکوت وئێعدامی بە کۆمەڵی جیابیرانی سیاسی، پشتیوانی لە توندوتیژی بەرامبەر بە ژنان لە دەیەی شەستەکاندا، درێژەی شەڕی هەشت ساڵەو کوتایی پێهێنانی لە گەڵ عێراق، قەتڵە نهێنیە زنجیرەیەکان، کوشتاری ڕێبەرانی کوردی ڕۆژهەڵات لە مێکۆنوسی بێرلێنی ئەڵمان، دزین و تالانی سەروەت و سامانی گەلانی ئێران و هەروەها دیاریکردنی ئاخوند خامەنەیی بۆ ڕێبەریی ئەو ولاتە بکەین...

دوایین هەوڵی سیاسیشی ئامادەکردنی لیستی "هیوا" بوو بو مەجلیسی بژاردەکان(خبرگان) کە پێکهاتبوو لە ژمارەیەک جینایەکاری دیکەی وەک دری نجف آبادی و ریشهری ...

بەمجۆرە ڕەفسەنجانی مرد بەلام نەفرەت و بێزاری میلیونان خەڵکی داخداری بۆ ڕووحی درندەی خۆی و بابە مردۆکەی خومەینی مرۆڤکوژ کرێیبوە...

٩ی جانێوێری ٢٠١٧

## هەڵکرانی ئالای کوردستان لە کەرکووک

**هەڵکرانی ئالای کوردستان لە کەرکووک گریاندمی بەڵام بەداخیشی کردم...**

ئەمرۆ ئالای کوردستان لە سەر بریارێکی مێژوویی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووک لە بەردەم باڵاخانەی ئەم پارێزگایە لە تەنیشت ئالای عێراق هەڵدرا.. هەرچەند هەڵدانی ئەم ئالایە شەپۆلێکی پر لە خۆشی و شادیکی بێ وێنەی بە دوای خۆی داهێنا و میلیون ها چاوی چاوەڕێی نوقمی فرمێسکی شادی کرد، بەڵام هەڵکرانی بەمشێوەیە لە جێگای خۆی دانەبوو. ئالای کوردستان خوێنبایی هەزاران هەزار قوربانی رۆڵەکانی ئەم نیشتمانەیە. فیدکاری و لە خۆبوردوویی کەرکووکیکانە، ئاوارەیی و ڕاوەدوونانی دەیان هەزار خەلکی ئەمشارە "تەهجیر وتەعـــریب" کراوەیە... بۆیە هەڵکرانیشی دەبوو شیاوی گەورەیی ئەو گیانانە بایە کە لە پێناوی دا بەخت کراوە. بەڵام بەداخەوە جۆری هەڵکرانی ئالای بەردەم پارێزگای کەرکووک کارێکی هەڕەمەکیانە و پڕ لە نوقسانی وکەم وکوڕی بوو.

ئێمە لە چاخەکانی رابردوو داناژین، هەمووڕۆژێ دەبینین کە بۆنە رەسمیەکان چۆن بەرێوەدەچن. ئەنجومەنەی پارێزگای کەرکووک کە دەیزانی ئەم بریارە بە زۆربەی دەنگ پەسند دەکرێ دەبوو لە پێشدا ئامادەکارێکی تۆکمەی بۆ کردبا، دەبوو لە قەرارێکی ڕەسمی دا ڕۆژێکی تایبەتی بۆ دیاری کردبا، بانگەشەی بو کردبا بە بەشداری نوێنەرانی هەموو چین وتوێژەکان وبە بانگهێشتن لە هەموو پێکهاتەکان و لە هەموو نوێنەرایەتی وڵاتان کە ئەمڕۆ کۆنسولگەریان لە کوردستان دا هەیە، دەبوو لەژێر دەنگی هەژێنەریی مارش و سروودی نەتەوایەتی ئەی رەقیب ئالای کوردستان هەڵکرابا.. بەلام بەداخەوە هەڵکرانی بە بێ هیچ ڕێ وشوێنێکی ڕەسمی و پڕۆتوکولی و بەبێ ئەوەی هیچ بەرنامە رێژێکی ڕەسمی بۆ کرابێ لەبەرچاوی مێدیاکان بە سادەیی هەڵکرا.

لە گەڵ ئەوەش دا بە کوێرایی چاوی ناحەزان، ئەمە سەرکەوتنێکی مەزنە و پڕ بەدڵ دەلێم:

هەر شەکاوەتر بێ ئالای پیرۆزی کوردستان...

۲۸ی مارچی ۲۰۱۷

## سڵاو لە مەحمەد سەدیقی کەبودوەند

١٩ی بانەمەڕیی ئەمساڵ بەگوێرەی ڕۆژمێری گرتوخانەی کۆماری ئیسلامی، ماوەی زیندانی کردنی مەحەممەد سەدیقی کەبودوەند دامەزرێنەری ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان دەگاتە کۆتایی.

کەبودوەند کە بە باوکی مافی مرۆڤی کوردستان ناسراوە بە پێی حوکمی نادادپەروەرانەی دادگای شۆڕشی ئیسلامی تاران دە ساڵ زیندانی بەسەر دا سەپا. ئەوەی سیستەمی مافیایی ڕێژیم لە زیندان بە سەر کەبودوەندی هێنا لە گێڕانەوە نایە. هەمووحەولی داگیرکەر ئەوەبوو کەسایەتی بشکێنێ و بە چۆکی دابێنێ و لە ئیدەو مەرامە ئینسانیيەکانی پاشگەزی کاتەوە. بەڵام کەبودوەند زیندانی کردە سەنگەری دیفاع لە بەها پیرۆزەکانی نەتەوەی کورد و هەموو خەونەکانی داگیرکەری بە نەزۆکی هێشتەوە...

مەحەممەد سەدیقی کەبودوەند لە ماوەی ئەم دەساڵەدا جگە لە ئازارەکانی جەستەیی وڕووحی ناو زیندان، لە دوو هەڵوێستی شۆڕشگێڕانە ی جیادا بۆ چەسپاندنی ویستەکانی مانی لە خواردن گرت کە یەکەمیان ٥٩ ڕۆژ وئەویتریيان ٣٤ ڕۆژی خایاند بەجۆرێک هە تا لێوارەکانی مەرگ هەنگاوی نا، بەڵام لە بیروباوری بەشەردۆستانەی نە وازی هێنا و نە پاشەکشەی کرد.

خۆراگریی و کۆڵنەدان و سوور بوون لە سەر ڕێبازی، وای لە کەبودەند کرد ناووناوبانگی جیهانی دەربکات ولە لایەن زۆرێک لە ڕێکخراوە جیهانییەکان وچالاکوانانی مافی مرۆڤ ببێتە کاندیدو بەر بژێری خەڵاتی ئاشتی نۆبل...

ئێمە هەمووومان لە ڕۆژی ١٩ی بانەمەڕی ئەمساڵدا بەسەبرەوە هیواداری دەردەبڕین دەرگای زیندان بە ڕووی باوکی مرۆڤی کوردستان دا بکرێتەوەوە شنە بای ئازادی بۆ کەبودوەند تێهەڵکات. جێگای خۆیەتی هەمووخەڵکی کوردستان وتێکۆشەرانی ڕێگای ئازادی لە پێشوازیی ئەورۆڵە قارەمانەی نەتەوەکەمان دا وێڕای هەلهەلەی شادیی خۆراگریی و بەرخۆدان و فیداکاریی ئەم گەنجینەیەی دوارۆژی کوردستانیش بەرز بنەرخێن...

سڵاو لە ئازادیی

سڵاو لە مەحمەد سەدیقی کەبودوەند

٦ی مای ٢٠١٧

## عیرفان قانعی فەردی قەڵەمفرۆشی جاشە.

ویستم بە زمانێکی شیاوی خۆت لەسەرت بنووسم بەڵام کەدیتم ئەرکی باوکایەتیت لە سەر شانە وازم لێ هێنا. لە بەر ئەوەی ئەگەر خوێریترین کەسی سەر گۆی زەویش بێ مادام باوکی، لە روانگەی مندالەکەتەوە وەک پاڵەوانێکی ئەفسانەیی سەیردەکرێ. منداڵیش نابێ لە داهاتوو دا تاوانی نەزانینەکانی بابی بداتەوە، هەربۆیە خودا بە قوربانی تاڵە موویەکی منداڵەکەت بکات کە زمانی لە گۆ خستم. ئەگینا ئەوەی تۆ لەسەر دوکتور قاسملووی مەزن گوتویەتە هەمان ئەدەبیاتی سواو و سەقەتی دامودەزگای ئیتللاعاتی کۆماری ئیسلامی ئێران و مەلیجەکەکەی موحسین رەزایی، عیرفان قانعی فەردی قەڵەمفرۆشی جاشە. ئەدەبیاتێک کە مەبەستدارە. ئەدەبیاتێک کە تەنیا لە زمان داگیرکەر و کەسانی وەک قانعی فەردەکان دێتەدەر کە گریمانەی دەروونیان هەیە. ئاخر کەس نێ پێت بلێ پیاگ خاسەگە ، تۆ و ئەربابەکانی تۆ چ لە گەورەیی قاسملوو دەزانن؟ ئەگەر مەبەستێکی تایبەتیی بەرنامە بۆ داڕێژراو بۆ شکاندنی کەسایەتی ئەم رێبەرە هەڵکەوتەیەلە ئارا دا نەبێ ئەوە چ کێشەی تۆیە قاسملوو سەروەت و سامانی حیزبەکەی بەناوی ژن و منداڵەکانی کردبێ یان نەکردبێ؟ ئەوەی تۆ وا ناجوانمێرانە لەسەر قاسملووی مەزن دەدوێی و هەلپەرستانەش نوشێروان مستەفای کۆچکردوو دەکەیە ئامرازێک بۆشکاندنی کەسایەتی ئەم زاتە گەورەیە دێتە چ خانەیەکەوە؟ تۆکێی بەخۆت ئیزن دەدەی شتێک کە هیچ پێوەندی بەتۆوە نیە خۆی تێهەلقوتێنی؟ تۆ پێتوایە ئەندامانی ئەوحیزبەی کە قاسملووی نەمر رێبەرایەتی دەکردن، ئەوانەی دەیانجار مەرگیان دەستەمۆ کردوە، ئەوە ندە بێ دم ودوودو بێ دەسەلات وترسەنۆک بوون تۆ بێی لە جیات ئەوان قسە بکەی؟ ئاخر بە خۆت ناڵێی تۆی بێ ئاگای گێرە لەهەولێر گەراو، چ لە ژیان وگوزەرانی منداڵەکانی قاسملوو و چ لە ژیانی خوشکە نەسرینی خێزانی دەزانی کە بووختانیان دەخەیە پاڵی؟ پێمناڵێی ئەم درۆ وبوختانانەت چ قازانجێکی بۆ بزاڤی ڕزگاریخوازیی کورد هەیە، جگە لە شکاندنی هەیمەنەی ناوی کورد و خزمەتکردن بە داگیرکەرێکی خوێنڕێژی وەک کۆماری ئیسلامی؟

دڵنیام ئەگەر نەخۆشی و گریمانەی دەروونی نەبێ، ئەگەر لە شوێنێکەوە قورمیش و دنە نەدرابی و پێت دیکتە نەکرابێ قەت پەنا بۆ بووختان هەڵبەستن و ناوزڕاندنی لەم چەشنە نابەی...

داوشێی، بە خۆت داوەرەوە، شەرم لە ڕیشی چەرمووت بکە و مەبە هۆی شەرمەزاریی منداڵەکەت. لە جیاتی ناوزڕاندن و بوختان هەڵبەستن، پیاو بە وانەی مەردایەتی و کوردایەتی و کوردستان خۆشەویستیی فێری منداڵەکەت بکە، کە ئەمکارەت ببێتە خزمەت بە دۆزی ڕەوای میللەتەکەت...

٢٧ی مای ٢٠١٧

------------------------

## ڕادیوی دەنگی کوردستانی ئێران

**ساڵوەگەری دەنگێک و کۆچی بێدەنگی هاوڕێیەکی نەجیب...**

**هەموورۆژێ دەنگێکی چیایی سرکی هیوابەخش هەناسەی لەو سینگانە دا حاسێ دەکرد کە لە جەنگەی بەرەنگاریی دا گیانیان بۆ سەرفرازیی نیشتمان تەرخان کرد بوو.دەنگێک کە تاکە ئاورگی جۆشدانی بەرخۆدان و تاکە خاڵی هیوا بوو بۆ لەقاودانی قەوارەی گەورەی جینایەتەکانی داگیرکەر.**

**دەنگێکی تاقانە ی ساوا کە بە تێکۆشانی بەردەوامی شەووڕۆژی کۆمەڵێک پێشمەرگەی خۆ نەویست لە دژوارترین ساتەکانی شاخ دا باڵای کردوبێ باکانە لە گڕ درەندەترین تاعوونی سەردەم ڕاچوو...**

**"ڕادیوی دەنگی کوردستانی ئێران"**

**یەکێک لەم پێشمەرگە ڕووحسووکانەی لەم دەنگە دا دەوری گێرا و هەموورۆژێ نەوایەکی نەرمی بلاوێنی ڕوو بەدەوەری باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان بڵاو دەکردەوە "میکایل باسۆ" ناسراو بە "مەکۆ" بوو کە جوانتر لە ڕواڵەتی و خاوێنتر لە جلو بەرگەکانی، دڵە گەورە مێهرەبانەکە ی بوو.**

**مەکۆی نەجیب، مەکۆی مەتین ومەکۆی نیشتمانپەروەر بە داخەوە بە ئازاري شێرپەنجە وە دەینالاند. لەدوا ڕۆژەکانی پێش ئەم سەفەری کۆچەی دا بۆ چەند خولەکێک بەختی ئەوەم هەبوولە ڕێگای دوورەوە دەنگی شکاوی ماندووی ببیسم و بە دوور لەچاوی وبە شاراوە یی چەند دڵۆپە فرمێسکی بۆ هەڵوەرێنم.**

**سلاو لە گیانت هاورێ مەکۆ کە ئەستێرکێک بووی لە ئارامی...**

**پیرۆز بێ ساڵرۆژی دامەزرانی رادیو دەنگی کوردستانی ئێران ...**

**١٦ی جوونی ٢٠١٧**

## "کە من مردم کورد نامرێ"...

کەڵ ژیان و کەم ژیانت ناسنامەی هەرە بەرزی تۆیە، وانەیەکە بۆ جیهانی مرۆڤایەتیی و بۆ نەتەوەیەک کە بە درێژایی مێژووی سووری بەدوای ئازادیی دا وێڵە... لەم لاشەوە ئەم کۆچە هەژێنەرەت هەموو ئەوانەی کرد بە پەند کە لە ساڵرۆژی ئەم غەدرە دا چوونە بەرقاپی نەوەکانی سەفەوی و تەنانەت شەرمی شەهیدانی خۆشیان نەیلەرزاندن و پەیمانی سەرسپێردراویان سەرلەنوێ بۆ بکووژەکانت نوێ کردوە...

------

نیوەڕۆ بوو شەقامی "مەهاباد" شەوی دا بە خۆی دا
کیژۆڵە بچووکەکانی "سنە" بوون بە پەپوولەی باڵ رەش و
سلێمانی بوو بە فرمێسکێکی قەتیس ماو لە چاوی پیرە مەگرووندا
دیاربەکر بوو بە کسپەیەکی گڕدار و
خۆی لەگۆلی "وان" هەڵکێشا...
ئاخر
قاسملوو،
چراوگی داگیرساوی سەر لووتکە بوو
لە پێکەنینیدا کانی و
لە تووڕەبوونیدا باهۆز و
لە بیرکردنەوەشیدا
پەنجەرەیەکی لەسەر پشتی
ئاسۆ بوو...

١٤ی جوولای ٢٠١٧

# چ غەدرێکی گەورەیە

چ غەدرێکی گەورەیە کە یەکێتی نیشتمانی لە "مامە"ی بەستەزمانی دەکات.

لە کاتو ساتێکی وادا کە پرسی کورد لە باشووری کوردستان گەیشتۆتە قۆناخێکی هەستیار و مژاری سەربەخۆیی بۆتە ئامانجی دوارۆژی خەڵک و تارانیش بە ئاشکرا دژایەتی سەربەخۆیی کوردستان دەکات، چ مانایەکی هەیە یەکێتی نیشتمانی مام جەلالی بەستە زمان وەپێشخۆی بدات و ببیاتە تاران؟...

بەداخێکی گرانەوە "مامە" هەر بە ڕواڵەت زیندوویە و لەوەتەی تووشی نەخۆشی بوە، تائێستاشی لەگەڵ بێ نە تەنیا خەڵکی کوردستان بەڵکوو نیزیکەکانی خوشی قسەیەکیان لە زاری نەبیستوە. ئەگەر مامە ساخ بایە بۆچی یەکیتی تووشی قەیرانێکی ڕێبەریی لەمچەشنە دەبوو؟ هەربۆیە پە یکەرێکی بێدەنگی وا کوا شەرعییەتی ئەوەی هەیە ودەتوانێ نوێنەرایەتی خەلکی باشوور بکات لە تاران کە واژۆی گرێبەستی پێبکەن،ئەویش گرێ بەست لەگەڵ داگیرکارێکی جینایەتکاری وەک ڕێژیمی پەتو سێدارە کە لە هەموو کردارەکانی دا ڕیاکاری وپیلان دەتکێ...

هەرکەسێ تۆزقالێک لە ئەلفو بێی سیاسەت بزانێ تێدەگات کۆماری ئاخوندی لە ساتەوەختێکی وادا بۆچی دەبێ بانگهێشتی یەکێتی بکات بۆ تاران کە سەرۆکەکەی ئەوە بارودۆخیی ساخلەمەتی بێ. کورد دەلێ: ئەو ماستە بێ موو نیە...

چاک دەزانین هەموو دژایەتییەکان وپیلانەکان لە دژی ئەم هەڵوێستە لێبراوانەیە کە بۆ یەکەمجارە خەڵکی باشووری کوردستان بۆ پرسی سەربەخۆیی داویتی...

بەرپرسانی بالای یەکێتی دەبێ بزانن بەم سیاسەتە جامبازی کردنەیان ناتوانن لەوزیاتر خۆڵ لە چاوی خەڵکی وشیاری کوردستان کەن. باڕاشکاو و بوێر بن و رابگەیەنن کە مامەیان نەخۆشەو چیتر ناتوانێ وەک بریادرەی یەکییەتی هەڵسوکەوت بکات، با بەزەییان پێیدابێ و لێیگەرێن پاشی تەمەنێک کوێرەوەری، وچان بداتو بحەسێتەوە.

خۆ دەمێکە خەڵکی کوردستان لە ڕەنگ گۆڕینەکانی یەکییەتی گەیون کە لە هەولێر پارتی، لە سلێمانی گۆڕان ولە تاران وبەغدا شیعەیە...

١٢ی جوولای ٢٠١٧

## سەربەخۆیی لە نێوان دوو هزری دژ بە یەکدا...

٢٥ی سێپتامبری ئەمساڵ رۆژی یەکلایکردنەوەی نەتەوەی کوردە لە گەڵ بەغدای داگیرکەر.رۆژی کۆتایی هێنان بە تەعریب و تەهجیر وئەنفال و کیمیا باران،رۆژی چارەی خۆنووسینە لە دیرۆکی هاوچەرخماندا. هەتا لەم رۆژە ش نیزیکتر دەبینەوە نەیارانی سەربەخۆیی و تابوری پێنجەمی دوژمن زیاتر هەراسیان رێدەنیشێ وزیاتر پڕۆپاگەندەی ژەهراوی بڵاودەکەنەوە. هێندێک لەمانە لەبەر چاوچنووکی و ئێرەیی بردن بە لایەنێک و هێندێکیشیان بە پشتیوانی و بە دەهۆی راستەوخۆی دوژمنانی قەستە سەری کورد بڕیاریان داوە دەنگی "نەخێر" بە سەربەخۆیی کوردستان بدەن.

هزری دووهەمیش هی ئەو خەڵکە نیشتمانپەروەرەیە کە بۆ ڕزگاریی لە ژێر دەستەیی و کۆتایی هێنان بە کۆیلەیی بە دەنگی "بەڵێ" بەشداری رێفراندۆم دەکەن.

لە ئەگەری لاوازی ئەوەیکە رۆژی دوای ٣ی ڕەزبەر، رێفراندۆم بۆ سەربەخۆیی دەنگی پێنەدرێ، ئەوانەی دژایەتیان دەکرد چ پاساوێک بۆ ویژدانی خۆیان و بۆسبەینێی منداڵەکانیان دێننەوە؟، هیچ پێم سەیر نابێ ئەم دژبەرانە وێڕای داگیرکەرانی کوردستان نەیکەنە ڕەشبەڵەک و تەقەی خۆشی نەکەن...

بەڵام لەوە دڵنیام کە ئەمجارەیان کورد بڕیاری لێبڕاوی خۆی داوە و پرسی سەربەخۆیی متمانەی رەهای زۆرینەی خەڵک بەدەست دێنێ و سەردەکەوێ. ئاخۆ ئەوانەی خوازیاری بە کۆیلە مانەوەی کورد بوون، ڕوانین و بیرکردنەوەیان لەم ڕۆژەدا دەبێ چۆن بێ،؟خۆ ناتوانن خۆیان هەڵخەڵەتێنن و لە بەیانی زەماوەندی سەرکەوتنی کوردستان دا سینگیان بێننە پێشێ و سەرچۆپی بگرن؟ ئەو بوێری و ئازایەتیەش لە خۆیان دا شک نابەن راستییەکان لای خاووخێزان و منداڵەکانیان ئاشکرا بکەن. رۆژی ڕەش وتاریکی ئەوان لێرەدا دەست پێدەکات .نهێنییەکی کوشەندە کە هەتا ئەورۆژەی ئاویلکەی مردنیان بە زاری دا دێتە خوار لە خۆیان داهەڵیدەگرن و پێیدەتلێننەوە.

خوشک و برای نیشتمانپەوەری کوردم لە باشووری کوردستان!

هەڵوێستی لێبڕوای ئەمڕۆت ودەنگی "بەلێ" ت بۆ سەربەخۆیی هەڵوێست و دەنگدانتە بە داهاتوویەکی گەش بۆ منداڵەکانی دوارۆژی ئەم نیشتمانە...

برۆ چاوت نەترسێ و بە ئیرادەیەکی پتەو و باوەر بە ئازادیی نەتەوەی کورد ەنگ بدە:

بە سەر بەخۆییت...

٥ی ئاگۆستی ٢٠١٧

-------------------------------------------

## سەربەخۆیی کورد،

**لە نێوان ناسیونالیزمی هەستی (ئیحساسی) و ناسیونالیزمی هزری (عەقڵانی) دا...**

**لەوەتەی بووە نەتەوەی کورد لەبازنەی ناسیونالیزمی هەستی واتە ئیحساسی دا خــولاوەتەوە. بۆیەش تا هەنووکە نەیتوانیوە ئەو دەرفەتانەی بۆ پێک هێنانی دەوڵەتی کوردی هاتۆتە پێش بیقۆزێتەوە. بۆ وێنە ڕێزی لە جلو بەرگی کوردی گرتوە، شانازی بە مۆسیقاو کەلەپووری خۆی کردوە، حەزی لە خۆراک وکولتوری خۆی بوە. هانی منداڵەکانی داوە بۆ پاراستنی ناسنامەی نەتەوایەتی بە زمانی دایکی قسە بکەن، شانازی بە مێژووی کردوە و ڕەچەڵەکیشی بۆ گرینگ بووە... بەڵام کاتێ هەنگاوێک بەرەوبانتر داوێژێ و تێدەفکرێ کەچ بەرپرسیارەتێکی لە کۆمەڵگاکەی خۆیدا گرتۆتە ئەستۆ و هەتا چەندە ئامادەبوە حەوڵ بۆ کیانی نەتەوایەتی بدات ناسیونالیزمەکەی لە کورتی دەدات، کە ئەمەیان دێتە خانەی نەبوونی ناسیۆنالیزمی هزری واتە عەقڵانی...**

**با نموونەیەکی چووکە بێنمەوە: کاتێ من وتۆ لە ژوورێکی داین و دەمانهەوێ وەدەرکەوین لە بەر ئەوەیکە یەکتر دەناسین، ڕێزی یەکترمان لە بەرە و هەوڵ دەدەین وەپێش یەکتر نەکەوین، بەڵام ئەوکاتەی لە شەقامێک خەریکی لێخورینی ماشێنین، بە سانتیمیترێش ئیزن بە کەس نادەین وەپێشمان کەوێ. هۆکارەکەشی ئەمەیە کە من وئەو هیچ هەستێکی هۆگریمان سەبارەت بە یەکتر نیە.**

**بۆچی هونەری بیستن واتە گوێگرتن لە لای کوردەکان لاوازە؟ بۆچی منی نەوعی پێداگریی دەکەم لە سەرئەوەی کە وتەکانی من هەمووی ڕاستەن و دەبێ بەڕاستی وەرگرن؟لە بەر ئەوەیکە منی کورد لە بازنەی یەکەمی تاکە کەسی ولە نەهایەت دا لە بازنەی دووهەمی گرووپی دا حاسێ بووم.ئەم بازنە گرینگ و سێهەمە نیشتمانییە کە هەمووی ئێمە بە یەکەوە دەبەستێتەوە بووونی نێ، هیچکەسیش فێری منی نەکردوە کە چارەنووسی بازنەی یەکەم ودووهەم پێوەندی بە چارەنووسی بازنەی سێهەمەوە هەیە. چوونکە وا بار هاتووین وقەدمان گرتوە.**

**هەتا ئەوکاتەی ناسیۆنالیزمی عەقڵانیمان ئەوندە بە هێز نەبێ و بیرێک لە چارەنووسی تەماوی ئەم نیشتمانە**

داگیرکراوە نەکەینەوە و پرسی سەربەخۆیی نەبێتە ئامانجی نەهایی، هەتا داهاتوی منداڵانی دوارۆژمان گرینگایەتی پێنەدرێ، هیچ ئاڵوگۆڕێکی بنچینەیی لە پێکهاتەی نیشتمانەکەمان دا ڕوونادات، بۆیە ئێستا باشترین دەرفەت بۆ کوردی باشوور هاتۆتە پێش کە ئەم هەڵە لە قازانجی خۆی دا بقۆزێتەوە و بە هیچ شێوەیەک لە سەربەخۆیی پاشەکشە نەکات. لەبەر ئەوەی هەموونەگەرەکان لە بەرژەوندی کورد دایە و پێماندەڵێ کە سەربەخۆیی کوردستان ئەمریکی واقیعە...

١٤ی ئاگۆستی ٢٠١٧

---------------------------------------------

## کورد یا نازانێ چی دەوێ یا دەزانێ چی ناوێ...

شاندێک لە لایەن حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە ناردراوەتە بەغدا.ئەو شاندە دانوستانکار نیە کە بچێ لەسەر کێشەکانی هەولێر وبەغدا مشتو مڕ بکات، بەڵکوو راسپاردەی هەریمی کوردستانە کە بە لایەنە پەیوەندیدارەکانی بەغدا رابگەیەنێ باشووری کوردستان لە ڕێکەوتی سێی رەزبەر(٢٥ی سێپتامبر)ی ئەمساڵ رێفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان بەڕێوەدەبات. شاندەکە تاهەنووکە لە دیدارو چاوپێکەوتنەکانی دا بەردەوامەو هێشتا نەگەراوەتەوە هەتا کۆی چاوپێکەوتنەکانی بە سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان رابگەیەنێ. هەرێمی کوردستانیش هیچ لێدوانێکی فەرمی لەمبارەوە نەداوە.

بەڵام ژمارەیەک کێچیان لە کەوڵی کەوتوە، یان لەڕووی بێ ئاگایی و نەزانی و یان بە ئانقەست و لەرووی بەرنامە وەپێش رووداوەکان کەتوون و لێدوانی هەڵەونادروست لەمباروە بڵاو دەکەنەوە ...

ئەگەرسەرنجیشتان دابێتێ هەتا لە رۆژی رێفراندۆم نیزیکتر دەبینەوە پرۆپاگەندەکانی دژی سەربەخۆیی روو لەزیاد بوون دەکات. ئەمە نیشاندەدات کە رێفراندۆم لە لایەک بۆتە چقڵی چاوی نەیاران و لە لایەکی دیکەش تەنیا چەکێکی کاریگەری ڕەوا و مەشرووعە لەبەر دەستی کورد دا کە دەتوانی زمانی نەیارانی پێ ببەستێ...

ئەم هەڵمەتەی هەرێمی کوردستان کە بۆ پرسی سەربەخۆیی دەستی پێکراوە ئەگەر لە کاتی دیاریکراودا بەڕێوە نەچێتو بیخرێتە کاتێکی نادیار، مادەی ١٤٠چۆن رەزیل کرا، ئەمیش بەو دەردەی دەچێ و متمانەی خەڵک لەدەست دەدات و هەموو رۆئیا و خەونەکان کورد دەبێتە بلّقی سەر ئاو...

بەلێ بۆ سەر بەخۆیی کوردستان

١٩ی ئاگۆستی ٢٠١٧

## بۆ فەرهاد سەنگاوی: ئێستا رۆژی تۆیە هاواربکەی بۆ سەربەخۆیی

ئەحمەد شێربەگی، بێژەری بەنێوبانگی رادیۆی دەنگی کوردستانی ئێران لە شۆڕشی رۆژهەلاتی کوردستان پەیامێکی ڤیدیۆیی لە هەژماری تایبەتی خۆی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بۆ فەرهاد سەنگاوی،

بێژەری پێشووی رادیۆی دەنگی گەلی کوردستان لە سەردەمی شۆڕشی باشوور دەنێرێت و دەڵێت:" لە سەردەمی شاخەوە تۆ دەناسم، لە شاخ دەنگی زوڵاڵی تۆ دەنگی شۆڕش و بەرخودان بوو".

شێربەگی لە پەیامەکەیدا بە فەرهاد سەنگاوی"کە ئێستا ئەندامی ئەنجوومەنی جوڵانەوەی نەخێر لە ئێستادایە" دەشڵێت:" تۆ لە باشوور، منیش لە خۆرهەلات، بانگەشەمان بۆ رزگاری وڵات دەکرد".

کاتێ تۆ هاوارت بۆ باباگوڕگوڕی کەرکووکی دزراو دەکرد، لەوبەری شەپۆلەکانەوە تەزوویەک هەموو جەستەمی دەتەنی، منیش هاوارم بۆ خاکی دزراوی باوباپیرانم دەکرد، دەنگی حەقبێژی تۆ زایەڵە و دەنگی من بوو، دەنگی ملیۆن مرۆڤی نیشتمان پەروەر بوو، هاوار و بەرخودانی تۆ، هاواری من و هەزاران شێت و شەیدای ئەم خاکەی ژێر پۆستاڵی داگیرکەربوو".

لە درێژەی پەیامەکەیدا ئەحمەد شێربەگی گوتی:"ئەو دەمەی زایەڵەی دەنگت رووحی شەهیدەکانی قەڵادزێی دەلاواندەوە، من بەرامبەر گەورەیی ناویان کڕنۆشم دەبرد". شێربەگی چەند پرسیارێک ئاراستەی فەرهاد سەنگاوی دەکات و دەپرسێت:" پێم بڵێ فەرهادی برام، ئەو دەنگەی بانگەشەی بۆ ئازادی دەکرد چی لێهات، کوا ئەو دەنگەی ئازاری دایکی شەهیدانی دەلاواندەوە؟ کوا ئەو دەنگەی جەماوەری بۆ راپەڕین هاندەدا؟ بەڕاست تۆ هەر فەرهادەکەی شاخی؟ تۆ هەر ئەو دەنگەی کە بە هەزارانت شێتی کوردستان کرد؟ کوا ئەو دەنگەی کە هاواری دەکرد تۆڵە بە سەبرە، ئەمما بە زەبرە؟ کوا ئەو دەنگەی دەیگوت بەفریش گڕیگرت؟ فەرهاد تۆ دەمێکە ئەو دەنگە نەماوی گیانی بەرخودانت دەگەڕاندەوە بۆ داروبەرد و کێو و تەلانی ئەم کوردستانە".

بێژەرە بەنێوبانگەکەی شۆڕشی سەدەی رابردووی رۆژهەڵاتی کوردستان دەشڵێت:" ئەو دەنگەی من دەمناسی ئەوە نەبوو کە بانگەشە بۆ قازانجی نەیاران و سەرمایەدارانی هەژارکوژی قازانجپەرستی لەخودا بێخەبەر بکات. ئێستا رۆژ رۆژی تۆ بوو هاواربکەی بۆ سەربەخۆیی، ئێستا رۆژی تۆ بوو جەماوەر هانبدەی کۆتایی بە کۆیلەیی بێنن. چی روویداوە؟ بۆچی دەنگت نەماوە؟ مەگەر سەربەخۆیی ئاواتی هەرە گەورەت نەبوو؟ مەگەر هەزاران پێشمەرگە بۆ ئەم کوردستانە و بۆ سەربەخۆیی گیانیان نەبەخشی کە تۆ ناویانت دەخوێندەوە؟ مەگەر بەڵێنت پێیان نەدابوو کە درێژەپێدەری رێبازیان بیت؟ ئێستا چیت هەیە بۆ رۆحی شەهیدانی مەزڵوومی ئەنفال؟ پێیان دەڵێی حەقبوو واتان بەسەرهات؟ ئێستا چیت هەیە بە هەڵەبجەی خنکاوی بڵێی؟ پێیان دەڵێی چاکیانکرد بە کیمیایی خنکاندیانت؟ فەرهاد ئەوەی ئێستا تۆ دەیکەی داگیرکاریش هەمان شت دەکات! ئیرادە و شوناسی کوردی باشوور بۆ سەربەخۆیی، ئیرادە و شوناسی هەموو گەلی کوردستانە لە هەموو پارچەکانی کوردستان".

سەبارەت بە بانگەشەی نەخێری سەنگاوی بۆ گشتپرسی باشووری کوردستانیش دەڵێت: "دەنگنەدانت بە سەربەخۆیی، دەنگدانە بە کۆیلەیی و ژێردەستەیی تاهەتایی کورد. تاوەکو درەنگ نەبوو جارێکی دیکە بەبیر و بۆچوونتدا بچۆوە، بگەڕێوە بەرەی سەربەخۆیی خوازان، دەنگ و هاوار و نەعرەتت بۆ سەربەخۆیی هەڵبڕە".

فەرهاد سەنگاوی، ئەندامی فراکسیۆنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە پەرلەمانی کوردستان، دوای راگەیاندنی ئەنجوومەنی جوڵانەوەی نەخێر لە ئێستادا، ناوبراو پەیوەندی بەو ئەنجوومەنەوە کرد و بووەتە ئەندامی ئەنجوومەنەکە. سەنگاوی لەکاتی بەشداریکردنی لە بەرنامەی رووداوی ئەمڕۆدا گوتی:" من ئەندامی پەرلەمانی کوردستانم، دەنگی من دەنگی مافخوراوانە".

سەرچاوە: ماڵپەڕی رووداو - رێکەوتی: ٩ی ئاگۆستی ٢٠١٧

-----------------------------------------------

## "مام جەلال" کۆنە سیاسەتوان

جەلال تاڵەبانی ناسراو بە "مام جەلال" کۆنە سیاسەتوان، سکرتێری هەمیشەیی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و یەکەم سەرۆک کۆماری کورد لە عێراق لە یەکێک لە نەخۆشخانەکانی شاری بێرلینی وڵاتی ئەڵمان لە تەمەنی ٨٤ساڵی دا کۆچی دوایی کرد.

مام جەلال هەر لەهەرەتی لاوتییەوە تێکەڵ بە کەش وهەوای سیاسەت بوەو وەک سەرکردەیەکی دیار، یەکێ لە ئاکتەرە هەرە بەرچاو و چالاکەکانی گۆرەپانی سیاسەتی کوردستان و عێراق و ناوچەکە بوە وجێ پەنجەی ناوبراو بە هەموو ڕووداوەکانەوە بە چاک و بە خراپ دیار بوە. بێگۆمان ئایندەش حەکەمێکی باش دەبێ لە سەر کەسایەتی راستەقینەی ناوبراو.

مام جەلال چەند ساڵێک بوو بەهۆی نەخۆشێک کە تووشی هاتبوو لە دەورگێرانی راستەوخۆ لە ڕێبەرایەتی کردنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە و سیاسەتی عێراق و ناوچەکەدا دوورکەوتبۆوە . نەبوونی ناوبراو کەلێنێکی گەوەری خستە ناو یەکێتی، بە جۆرێک کە کەشێکی ناجێگیرو قەیرانێکی ڕێبەریی لەناو یەکێتی دا سەرهەڵبدات و ئەم حیزبە بەرەو ئاقارێکی بێ سوباتی دا بەرێ. بە دڵنیایی لە دوای مەرگی مام جەلاڵ ئاڵوگۆرێکی بنەرەتی لەناو یەکێتی دا پێکدێ، بەدیاری کردنی سکرتێرێکی نوێ، هێلە گشتیەکانی ناویەکێتیش لە داهاتوو دا چاکتر روون دەبنەوە.
هیوادارم مەرگی مام جەلال، ببێتە هۆی تەبایی و برایەتی ناو ریزەکانی یەکێتی و بەمەش دەسکەوتی گەورە و دڵخۆشکەر بۆ گەلی کوردستان بە دوای خۆی دا بێنێ...

بە بۆنەی مەرگی مام جەلال سەرەخۆشی لە یەکێتی نیشتمانی و لایەنگرانی و خەڵکی کوردستان دەکەم...

٣ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧

## کاک کۆسرەت عەلی رەسووڵ

هەواڵی تێکچوونی باری تەندروستی کاک کۆسرەت عەلی رەسووڵ نیگەرانی کردم. هیوادارم ئەم تێکچوونەی ناوبراو ئاسایی بێ وپیلاگێڕیی داگیرکەرانی کوردستانی لەپشت نەبێ...

کاک کۆسرەتم بە گەنجێتی لە قەندیل دیوە و لەنیزکەوە ناسیومە. لەوساتەوە هۆگری کەسایەتی ناوبراو بووم. ئیمان و ئیرادەی قەندیل ئاسا لە سیمای شۆڕشگێڕانەی بەدی دەکراو باوەڕ بە رێبازی کوردایەتی هەمووڕایەڵ و پۆی جەستە و ڕوحی تەنیبوو. رێژیمی ڕووخاوی بەعس بە هەمووشێوازێک هەوڵی لەناو بردنی دا و گەلێک پیلانی لە دژی بەرێوە برد کە دواپیلان ژاراوی کردنی ناوبراو بوو. بەڵام کۆسرەت عەلی رەسوول نەتەنیا سەنگەری کوردایەتی چۆل نەکرد، بەڵکوو بۆ ساتێکیش لەدرێژەدان بە ڕێبازەکەی هەنگاوی پێ سست نەکرد... هەر ئەوندە بەسە بۆ ئەوەی پەی بە ئیمانی قایم و لەشکاننەهاتوویی کاک کۆسرەت بەرین کە کۆماری پەت وسێداری ئیسلامی ئیرانی داماو کردو نەیاتونی زەفەربە ئیرادەی شۆڕشگێڕانەی بەرێ و بیکرێتەوە وخائینی لێ دروسکات .هەروەک زۆرێک لە بەرپرسەباڵاکانی ناو یەکێتی کرێ وگەورەترین خەیانەتی مێژووی هاوچەرخی کوردی پێ ئەنجامدان و لە زەلکاوی خاکفرۆشی دا نوقمی کردن.

کاک کۆسرەت ڕەسوول تاکە هومێدی ناویەکێتیی نیشتمانی شپرزەی بێ باوکی ئابلۆقەدراو بە خەیانەتە کە سەروەریی بۆ بگەرێنێتەوە و ئەم رێکخراوەیە لە چنگ ناپاک ونیشتمانفرۆشان پاک کاتەوە و بیخاتەوە سەر رێڕەوی جارانی خۆی.

لەکانگای دڵمەوە هیوای چاکبوونەوە بۆ کاک کوسەرەت عەلی رەسووڵ دەخوازم.

١١ی نۆڤەمبەری ٢٠١٧

-----------------------------------

## خاتوو شەفیقە خان هاوژینی فایەق بێکەس

ماڵئاوبی ژنێکی ڕوحسووک، ژنێک لەڕەگەزی هاوژین ، ژنێک لە تۆرەمەی دایک کە کێڵگەیەکی بە پیت بوو لە چاندنی دانەوێڵەی وشەی پاراوی کوردی، ژنێک کە لەلایەک هاوسەر و لەلایەک دایکی دوو هۆزانڤانی مەزن بوو کە هەرکامەیان سۆار چاکێکی بلیمەتی گۆڕەپانی ئەدەبی کوردی بوون.

خاتوو شـــەفیقە خان هاوژینی فایەق بێکەس و دایکی شێرکۆ بێکەسی مەزن لەتاراوگەیی سەری نایەوە.

------

بە دڵنیایی ئەگەرئیمپراتوری وشە شێرکۆی مەزن مابایە و شاهیدی مەرگی شەفیقە خانی دایکی بایە، شاکارێکی مەزنی دیکەی ئەدەبی کوردی دەخولقاند. شێرکۆی دایک پەرست و شێرکۆی ژن خۆشەویست شینگێرییەکی وەهای لە پلەی مەزنی "ژن" و "دایک" بۆ رۆڵەکانی ئەم گەلە بە جێدەهێشت کە هەتاهەتایە خۆشەویستیی ژن و گەورەیی دایک لەبیر هیچ تاکێکی ئەم نەتەوەیە نەچێتەوە...

من کێڵگەی گەنم و جۆی شێعر بووم
دایکیشم بارانی پەڵەدان،
من بەردی ناو لانکەی شاخێ بووم
دایکیشم نیشتمان،
من کرمی ئاوریشمی قۆزاخەی بەهرە بووم
دایکیشم درەختی برک و ژان،
من جەستەی مەلێکی سپی بووم
دایکیشم ئاسمانی وەک قەتران،
من خەو بووم و دایکم سەرم

من کەروێشک و ئەو نزار بوو

من جۆلانە و ئەو لقی دار،

من هەناسە و دایکم سنگ بوو،

ئەو قەفەز و من کـەوەکەی

من چیرۆک و ئەو شەوەکەی...

-----

سڵاو لە گیانی شەفیقە خان، هیوادارم روحی بێ ئۆقرەی لە ئارامگەی خاک دا حەسانەوەی هەتاهەتایی بکات، یاد و ناوی وەک خەرمانەی شێعرەکانی فایەقی هاوژینی و شێرکۆ مەزنی کوڕی لە بەرەکەت دابێ.....

١٥ی نۆڤەمبەری ٢٠١٧

-----------------------------------

## ساڵی: ٢٠١٨

---------------------------------------------------------

## بۆ هاوڕێیانی هەر دوو بەشی "حدکا" و "حدک"

هاوڕێیانی تێکۆشەر!

ئاماژەکان ئەوەمان پێدەڵێن کە ئێران لەبەردەم گۆڕانکاریی بنەڕەتیی دایە و ئەم سیستەمە بەم قەوارەیە وبەم قەیرانە ناتوانێ دەوام بێنێ. هەربۆیە دوولایەنی دێمۆکرات ئەگەر ناوماڵی خۆیان رێکنەخەنەوە و هەلی یەکگرتنەوە نەرەخسێنن کوردی خۆرهەڵات لە ئێرانی سبەینێ دا سەری بێ کڵاو دەمێنێتەوە. ئەوەی بزانن شەقامی کوردی لە خۆرهەڵات یەک دێمۆکراتی دەوێ، بە بێ یەکگرتنەوەتان ریزەکانی خەڵک لەبەریەک دەترازێ.

ئاشکراشە کە دێمۆکراتێکی بەهێز دەبێتە پارسەنگێکی کاریگەر بۆ راگرتنی بالانس لە ئێرانی داهاتوو دا.لە لایەکی دیکە یەکگرتنەوەی دوو دێمۆکرات هاندەرێکیش دەبێ بۆ لێدانی چەخماغەی داگیرسانی یەکگرتنەوەی لایەنەکانی دیکە. لەدۆخێکی وا دایە کە بەرەی کوردستانی لە سبەینێی ئێران دا دەتوانێ لە مەوزعی هێزەوە مانۆر بدات و بە نوێنەرایەتی کوردی خۆرهەڵات لە گەڵ تارانی دوای دەسەلاتی کۆماری پەت وسێدارە لەسەر مافەکانی کورد دانووستان بکات.ڕوونە ئەگەر یەکگرتوویی لە نێوان هێزەکانی کورددا نەیەتە ئاراوە، شوینیزمی فارس فێلەزانترو زیرەکتر لەمەیە لەم بۆشاییە بە قازانجی خۆی کەڵکی خراپ وەرنەگرێ.

هیوادارم دوولایەنی دێمۆکرات بەتایبەتی "حدکا" کە لەبەردەم پێکهێنانی کونگرەی ١٦هەمی خۆی دایە بەخوێندەوەیەکی وردو بە تێگەیشتن لەم بارودۆخە هەستیارە بەم ئەرکە مێژووییە نیشتمانیە هەستن،

جیاوازییەکانی نێوانتان ئەوەندە بەرین نەبوو کە بزووتنەوەیەکی گەورە تووشی نسکۆ بکەن.هەر بۆیە بە هەست بە گیانی لێبوردەیی و بە دەرک کردن لەم قوناخە دەتوانن هەڵی یەکبوونەوە برەخسێنن ومزگێنی هیوابەخش بدەنە خەڵکی خۆرهەڵاتی کوردستان.

تەنیا هێزی کارای یەکگرتووییتانە کە ئاواتی پیرۆزی شەهیدان وەدی دێنێ ...

١٥ی فێبریوێری ٢٠١٨

---------------------------------

## فرخ نگهدار چۆن پێناسه دەکرێ؟

نازانم خەزێنەی وشەکانم فەقیرە یان "فرخ نگهدار" لە رادەبەدەر نزمە کە وشەش دەرەقەتی نەیە پێناسەی بکات. یادی بەخێر رەوانشاد کاک فەتتاحی کاویان زۆرجار دەستەواژەیەکی بۆ ئەمجۆرە کەسانە بەکار دێنا و پێدەگووتن فاحشەی سیاسی. کەچی من ئەم نازناوەش بۆ فرخ نگهدار بەکەم دەزانم. قەومی فارس هی وەک ناوبراویان زۆرە بەڵام ئەمەیان بێ ئەخلاقترین وبێ بنەماترین مرۆڤی سیاسیە لە سەدەی رابردوو وئێستای ئێران دا. بە قەولی مامۆستا هەژار موکریانی ئەگەر لەنێو فارسان دا کۆمۆنیستێکی راستەقینەت دیتەوە دەبێ پەیکەری ئاڵتونی لێ سازکەی.

ناوبراوکەخۆی پێ تێئۆریسیۆنە وئەندامی رێبەریی رێکخراوی چریکە فیدایەکانی ئەکسەرییەتە لەسەرەتاکانی شۆڕش دا مارکس - لێنێنیستێکی دوو ئاتەشە بوو. پاشان بە بیانووی بەناو دژی ئەمپریالیست بوونی خومەینی جەللاد زوو کەوڵی گۆڕی و بووبە پەسند بێژی ئەم رێژیمە جنایەتکارە و رۆلێکی نەرێنی لە بەرژەوەندیی سەقامگیر کردنی ئەم سیستەمە مافیایە لە دژی بزووتنەوەی دێمۆکراسیخوازیی ئێران دا یاری کرد، شۆونیست بوونەکەشی لەولای بوەستێ کە چەندە بیر تەسک و چاوچنووک و بێ باوەڕ و دژ بە ئازادیی گەلانی ئێران و یەک لەوان گەلی کوردە. کەچی ئێستا ناوبراو بۆتە ئیسلاح تەڵەبێکی بێ بەدیل، بەرگرییەکی چڕ لە ڕوحانی کۆنەپەرستی ڕیاکار دەکات . چاوی لە بەرامبەر هەموو ئەوجینایەت و ئیعدام و جەزرەبە و ئازارانە دا نووقاندوە کە لەماوەی سەرۆکایەتی ڕووحانی دا دژ بە خەڵک و بە ئازادیخوانی ئەم وڵاتە کراوە.

بێ ئەخلاقی و سەرسپێردراوی ئەوکاتە دەگاتە چڵە پۆپە کە دەزگای راگەیاندنی (BBC) فرخ نگهدار و پاسدارێکی حیزب الهی دیکە بەناوی محسن مخلباف بە ئۆپۆزسیون پێناسەیان دەکات...

١٩ی فێبریوێری ٢٠١٨

------------------------------------

## عەفرین وانەیەک بۆ سبەینێی ئەم نەتەوەیە

عەفرین خوێنی لەبەر ڕۆیی، عەفرین بریندار بوو، عەفرین بوو بە مێژوو، مێژوویەک هاوتای دەستە خۆشکەکەی کۆبانێ. لێرە لە عەفرین چەمکی باوڕبە پیرۆزیی خاک، باوەڕ بە ئازادیی دەبێتە بنەمای هزریی تاکی کورد. وانەیەک کە دوژمنەکانیشمان دەزانن ناتوانن بە شەڕ ئیرادەی تێکبشکێنن. بۆیە لە چەکی فێل کەڵک وەردەگرن. لە مێژوواداگیرکەر زۆرجار ئەمەی ئەزموون کردوە و شکستی هێناوە. بەڵام هەمان مێژوو پێماندەڵێ تەنیا بە چەکی ماڵوێرانکەری خەیانەت بووە توانیوێتی ئامانجە گڵاوەکانی بپێکێ. تراژدیای خەیانەتباری ١٦ی ئۆکتۆبری ٢٠١٧ی باشووری کوردستان زورتاڵ بوو، زۆر گەران بە سەر کورد دا شکایەوە کە ئاکامە زیانبارەکانی ساڵانێکی زۆر بە جەستەی نیشتمان دەمێنێتەوە، لە رۆژاوای کوردستانیش بە هەمان شێوە سیاسەتی نێونەتەوەیی بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی لە ئەخلاق دادەماڵدرێ ودیسان کورد تێیدا زەرەمەندی سەرەکی دەبێ.دوێنێ عەفرین لە خۆڕاگریی و بەرخۆدان لە گەڵ درندەترین هێزی سەربازی ناتو دابووە، ئەمڕۆ سپای داگیرکەری بەشارئەسەد تێیداجێگیرە.داگیرکەرێک کە هەتا دوێنێ نکۆڵی لە بوونی کورد کردوە. تاران، ئانکاراو دمێشق ناخوازن عەفرین بە دەست کوردەوە بێ، ئەوان کورد بۆ گەمەکانی خۆیان بەکار دێنن. کەرکووک و عەفرین دوو جومگەی گرینگی ئیستراتیژیکن کە نابێ کورد خاوەندارەتیان بکات. داگیرکەران پشتی یەکتریان گرتوە و بەتەواوی لەسەری کۆکن. پرسیار ئەمەیە:

بۆ منی کورد داگیرکەر داگیرکەرە و چ جیاوازییەک لە نێوانیان دا دەبێ هەبێ؟ بۆ چی وەک کورد دەبێ ببمە بەشێک لە پاراستنی بەرژەوەندییەکانی داگیرکەرانی کوردستان؟

هەتا کەنگێ ڕێبەرانی کورد نایەنە سەرئەو بروایە کە هیچ داگیرکەرێکی کوردستان ناتوانێ دۆست و دڵسۆزی ستراتیژیکی کوردبێ؟

دواوتە:

هەتا چاوێک بە سیاسەتی سەقەت وسواوی رابردووماندا نەخشێنینەوە ،هەتا خوێندنەوەیەکی نوێمان لە هێزی خۆمان و لە داگیرکەرانی کوردستان نەبێ، هەتا خەیانەت بە خاک لە لایەن تاکی کوردەوە حەرام نەکرێ و لە رەگ هەڵنەقەندرێ، هەتا ئەزموون لە داگیرکەران وەرنەگرین کە بۆ سەرکوتکردنمان پشتی یەک بەرنادن، نابێ چاوەڕوانی ئاسۆیەکی روون بین. ئیتر ئەومافەشمان نیە بە بیانووی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی، رۆڵەکانی ئەم گەلە بکەینە سووتمانی ئاگری سیاسەتی سواوی ماوە بەسەر چوومان.

٢٢ی فێبریویری ٢٠١٨

-----------------------------------

## برینی بە سۆترو جەرگبڕتر

تادێ برینی بە سۆترو جەرگبڕتر ڕووح و جەستەمان دادەگرێ و گۆرستانی شەهیدانمان شەهیدی زیاتر لە خۆی دەگرێ. ئێمە هەم بەدەردی خۆمان دەزانین هەم بەچارەسەرەکەشی، بەڵام بەرزە دەماخی و بێ باوەری و دڕدۆنگی لە یەکتر ئێمەی گەیاندۆتە ئەم ئاقارە. ئەگەر کرمی دڵەکانمان لانەبەین، ناتوانین پێش بە شاڵاوی ئەم تیرۆر ورەشەکوژییە بگرین. کێ بیرەوەری تاڵی تیرۆرەکانی سالەکانی نەوەدی لە بیر چۆتەوە؟ منی رۆژهەڵاتی لە باشوور دەمێکە بۆ بکووژ دەستنیشانکراوم، ئەو دەوڵەتێکی دڕ و بێ هەوساری لەپشتە، ساڵانێکە بۆ ئەمە راهێنراوە کە چۆن دەستم لێبوەشێنێت. بەڵام بۆ خۆی لە تاریکی دایەو نەناسە، ئەگەریش بیناسم دەستم بەستراوە و ناتوانم تێی سریوێنم.

ئێمە هێشتا بە خۆمان نەزانیوە کە سەرمایەی دوارۆژی ئەم خاکە داگیرکراوەین و پێویستە خۆمان بپارێزین بۆ ئەورۆژەی دەبێ بوونمان هەبێ. داگیرکەر بەم تاکتیکی تیرۆرکردنە دەیهەوێ من لە جموجۆڵی سەربازی بپرینگێنێتەوە کە تەنیا خاڵی لاوزی ئەمرۆیەتی. هێزێکی لاوی خوێنگەرم و چاونەترس ئێستا لەناوخۆ بوونی هەیە کەبە هۆی سیاسەتی زەبر و زەنگ و تۆقاندن هەموو دەروونی ڕق و قینە لەو سیستەمە و لەهەلێک دەگەرێ ئەم قینەی پێ برێژێ. داگیرکەریش لەمە ئاگادارە کەبوونی پێشمەرگە لە ناوخۆ ئەم هەستی بەرگرییە لە نێو لاوان دا دەجووڵێنێ. بۆیە ئەرکی حیزبە بە پلانی هەمەگیری تۆکمە ئەم هێزە نووستوویە وەخەبەر بێنێ و شانە نووستوەکانی لە ناوخۆی ڕۆژهەلات بجوولێنێ.

بەسە باچی دیکە خەمساردی و بێ هیوایی و ترس و دڵەراوکە نەبێتە بنەمای ژیانی تاکی ڕۆژهەڵاتی لەم باشوورە. ئاخر هەتا کەی ئەم خوێنانە ئاوا مەزلوومانە برژێن و چاوەکان ئەسرینیان تێکەرێ؟ هەرخوێنێکی برژێ تۆبالەکەی دەگەرێتەوە سەر خۆمان و ئێمە لێی بەرپرسیارین...

٩ی مارچی ٢٠١٨

**"اقتصاد مال خر است"**

**"خمینی"**

بەم ڕوانینە لە ئابووری وڵاتێک چاوەروانی ئەورۆژە دەکردرا کە ئابوری ئێران ئاواتووشی دارمان بێ و تمەنی ئێرانی بەرامبەر بە ئەرزی خاریجی ئاوا سووک و چرووک بێ.

دەوڵەتی ڕووحانی رایگەیاند (٧٥٥)حیسابی دەلاڵەکانی ئەرز بە بیست هەزار میلیارد تمەن سوورانی دراوی دادەخەن. پرسیار ئەمەیە ئەم گشتە پارەیە لە کوێرا ڕژاوەتەوە ناو ئەم حیسابە بانکیانە؟
روونە کە خاوەنی ئەم حیسابە بانکیانە دامەزراوییەکانی ماڵی، بانکەکان و بەتایبەتی دامەزراوەی "کوثر"ە. شەست لە سەتی سەرمایەی وڵات نە لە دەستی دەوڵەت دایە نە لە دەستی کەرتی تایبەتی بەڵکوو لە دەستی سپای پاسداران، بنیادی مستضعفان، بنیادی تعاون، بنیادی برکت ،بنیادی مسکن انقلاب، ستادی اجرایی احکام امام، بنیادی علوی، بنیادی کرامت و استان قدس و هتد.. دایە
بە تێپەرینی دۆلار لە سنووری شەش هەزار تەمەن ئێتر نابێ چاوەروان بین کە کرینی نیشتمانی(ملی) توانا بە خۆیەوەبگرێ و فەقرو بێدەرەتانی بنەبڕ بکات. بەڵکوو هێزو دەسەلاتی مافیاکانی پەرەپێدەرانی فەساد و دزی تا دێ زیاتر دەبێ. لە ملاشەوە ڕوومای دزێوی وەعدەووەعیدە درۆینەکانی ئاخوندە ڕیاکارەکانیش بۆ خەڵک زیاتر دەردەکەوێ، ئەمەش دەبێتە هەلێک بۆ ئەوەی دزی گەورەتر ئاشکرا بکردرێ، فشارو زەختو زۆری بانکەکانیش بۆ سەر خەڵک بۆ وەرگرتنی نزوول وادەکات لەشکری هەژاران و بێدەرەتانان زیاتر پشتیان لەژێر باری گرانی دابچەمێ .لە لایەکی دیکەش چوونەسەری نرخی دولار دەبێتە هۆی وەرشکست بوونی کاسبکاران و ئەو شیرکەتانەی هەتا ئێستا بە کولەمەرگی لەسەر پێ مابوونەوە. بە کورتی دابەزینی نرخی تمەنی ئێرانی یانی چکۆڵە بوونەوەو بەتاڵبوونی سفرەی خەڵک.
ئەمە تەنیا گۆشەیەکی بچووکی راستییەکانە کە دەرکەوتوە، لە ڕۆژانی داهاتوو دا دەبێ چاوەروانی رووداوی گەورەتر بین، بێگومان کۆنترۆل کردنیشی بە تەواوی لە دەستی سیستەم دەچێتە دەر.

٩ی ئەپریلی ٢٠١٨

## بۆ ماڵئاوایی صارم الدین صادق وزیری(سارم خان)

صارم الدین صادق وزیری(سارم خان) لە تەمەنی ٩٧ ساڵی لەیەکێک لە کۆمۆنەکانی لۆزانی سویس کۆچی دوایی کرد.

بێگۆمان ڕەوانشاد صارم الدین صادق وزیری کەسایەتێکی بیرمەندو یەکێک لە سیما ناسراوەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان و ئێرانە، باس لە تێکۆشان و خەبات و ژیانی سادق وەزیری زۆر هەڵدەگرێ و حەوجێی بە کاتێکی زۆرە. من ناچمە سەر باسی پێشینەی سیاسی و خەبات و تێکۆشانی ناوبراو لە سەردەمی ڕێژیمی پێشوودا کە سارم خان گەلێک بەرپرسیارەتی لە ئەستوە بوە و لەو پێناوەدا ماندوویی نەناسانە تێکۆشاوە.

لە پێوەندیی لەگەڵ بزووتنەوەی کوردستان لەدوای ڕووخانی شا دەکرێ بڵێم لە بڕگەیەکی ئەم بزووتنەوەیە دا بە هۆی زانستی مافناسی لە داڕشتنی گەڵاڵەی پێشنیاریی خودموختاری بۆچارەسەری پرسی کورد لە رۆژهەڵات لە گەڵ ڕێژیمی ناوەندیدا دەوری سەرەکی گێراوە، بەڵام مەخابن لەم ڕێکەوتە بەملاوە رۆڵ وپێگەی ناوبراو بەو ئەزموون و خەباتە دەوڵەمەندەی کە لە پاشخانی خۆی داکەڵەکەی کردبوو، پێویست بوو لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستان داوەگەڕی خستبا کاڵ دەبێتەوە. هەرچەند نەمر سارم خان پێوەندی خۆی لە گەڵ حیزبی دێموکرات و بەتایبەتی شەهیدی نەمر د.قاسملووی زانادا نەپچراندوە و لە زۆربارەوە نەمر دوکتور قاسملوو ئاڵو گۆڕی بیروڕای لە گەڵ دا کردوە.

ساڵی پار دەرفەتێک هاتە پێش لە گەڵ هاورێم "ئالان دیلانی" سەردانی سارم خان لە ماڵەکەی خۆی دابکەم. نایشارمەوە بەداخ بووم لەوەیکە کەسایەتێکی ئاوا ئاکادمی بەم گشتە زانستە کە پاشەکەوتی کردوە ساتەکانی تەمەنی تاراوگەیی بەمچەشنە بە بێدەنگی بڕوات.

بە بۆنەی کۆچی دوایی سارم خانی سادق وەزیری ئەو تێکۆشەرەی ڕێگای عەداڵەت و دادپەروەری و ئازادیی، لەناخی دڵمەوە پرسە و سەرەخۆشی خۆم پێشکەشی هاوژینە ڕووحسووکەکەی مینوو خانم و کەس و کارەکەی و

**هەموو تێکۆشەرانی ڕێگای ئازادیی کورد و کوردستان دەکەم.**

**سڵاو لە گیانی و ڕووحی شادبێ...**

**بۆ ناسینی زیاتری سارم خانی سادق وەزیری لە زمان خۆیەوە چاو لە کومێنتی یەکەم بکەن...**

**١١ی ئەپریلی ٢٠١٨**

**----------------------------------**

## بڕیاری ڕێفراندۆم بۆ سەربەخۆیی

وەرگرتنـەوەی ئـازادیی لـە خـەڵکانێک کـە نایانهـەوێ کویلـە بـن دژوارە، بـەڵام دانـی ئـازادیی بـە خـەڵکانێک کـە دەیانهەوێ کۆیلە بمێننەوە دژوارترە...

"مارتین لۆتر کینگ"

بوێرانەترین بڕیارێک کە کورد لە سەت ساڵی رابردوو دابێتی بڕیاری ڕێفراندۆم بـۆ سـەربەخۆیی بـوو. بـەم بڕیـارە بەڵگەنامەیەکی مێژوویی بە دەنگی رەهای خەڵک واژۆ کرا کە وەک گـەورەترین دەسکەوت بـۆ جیلی داهـاتووی ئـەم نەتەوەیـە دەمێنێتـەوە. هەرچەندلـە دوای ڕێفرانـدۆم بـە گەلەکۆمـەکێکی نـاپیرۆز و دەسـتی خەیانـەتی نـاوخۆیی نەتەوەی کورد تووشی نەهامەتی هـات، بـەڵام ئەمە هیچ لـە شـانازیی و بایـەخی ئـەم دەسکەوتە مێژووییـە کـەم ناکاتەوە وبە دڵنیایی تیشکەکانی لـە داهـاتووی ئەمگەلـەدادرەنگ یـازوو پرشـنگ داوێـژێ و بـۆ کوردسـتانی بـوونی کەرکووک و ناوچە دابڕێندراوەکانی دیکە پێویست ناکـات بـەدوای کۆنـە کتێـب وخـەریتان دا بگـەرێیی... بـەڵام لـەم لاوە خاکفرۆشـان لەترسـی ئاینـدەی تاریکیـان بۆئـەوەی لـە نرخـی خەیانەتەکـەیان کـەم کەنـەوە، بەئانقەسـت باروودۆخەکە نائـارامتر دەکەن بـۆ ئـەوەی هەلپەرستانە بیقۆنەوە بـۆ پـەلاماردانی نیشتمانپەروەران و سـەربەخۆیی خوازان.

چ دنیایـەکی سـەیرونامۆیە، شـەرمو قـوبحی خەیانـەت لـەم باشـوورە دەبـێ چەنـدە دابـەزیبێ کـە ئـەم خەڵکانـەی بڕیاریان داکۆتایی بە کۆیلەیی بێنن و بەئازادیی بژین بدرێنە دادگا، بەڵام ئەوانـەی خاکیـان فرۆشت و کەرامـەتی خەڵک و پێشمەرگەیان شکاند چاوەڕوانی میداڵن لە بەرۆکیان بدرێ...

لە بـری ئـەوەی نیشتمانپەروان و سـەربەخۆیی خـوازان مـدعی بـن، خاکفرۆشـان سینگیان دێننـە پـێش کەبـە دهـۆی داگیرکەر کوردستانیان گەیاندە ئەم دۆخە نالەبارەی هەنووکە.

لەدوای بڕیاری مێژوویی ٢٥ی سێپتامبر، بێگومان ئەم ژمارەیە جاش و خاکفرۆشەی نیشتمانیان هەرراج کردوە

دەچنە ناولیستی خەیانتکاران کە نەمێژوو و نە ئایندە لە خەیانەتیان خۆش نابێ. لەبەرئەوەیکە ئەوانەی بڕیاریان دا لە ژێرِ حوکمی بێگانە بێنەدەروسەربەخۆ بن لە هەسارەیەکی دیکەرا نەهاتبوون بەڵکوو هەمان خەڵکی شارو شارۆچکەکانی باشووری کوردستان بوون کە بەرێژەی ڕەهای ٩٣% ی دەنگەکانیان کوتیان:

بەڵێ بۆ سەربەخۆیی...

٢١ی ئەپریلی ٢٠١٨

------------------------------------------------

## دەمامکی ڕووناکبیریی و گۆڕانخوازیی

ئەوەی ئەمڕو لە باشوورلە ژێر دەمامکی ڕووناکبیریی و  گۆڕانخوازیی دە گوزەرێ هەوڵدانێکی سیستماتیکە بۆ خەساندنی هەستیی نەتەوەیی لە ناوتاکی کورد دا. ئەوەی گۆڕان و گۆڕانخوازەکان لەم باشوورە دادەڵێین و دەیکەن پەیرەوکردنی سیاسەتی داگیرکاریی ڕێژیمی ڕێوی سفەتی کۆماری پەت وسێدارەی ئیسلامی ئێرانە و بەتەواوی لەخزمەت بەرژەوەندییەکانی ئەم ڕێژیمە دژی کوردە دایە. هەربۆیە ئەگەر زووتر ئەم دیاردە نامۆیە لغاو نەکرێ و پێشی پێ نەگیرێ لە داهاتوویەکی نزیکدا وەک شێرپەنجە، نەتەنیا باشووری کوردستان بەڵکوو هەموو بەشەکانی دیکەی کوردستانیش دەتەنێ و ئالوودەی دەکات.

گومان لەوە دانیە  پێکهاتەی ئەم بیرە هەر لە سەرەتای دەستپێکی ڕا بە مەبەست و لەسەر بنەمای بە کۆیلە کردنی تاکی کورد بۆ مرۆڤێکی دەستەمۆی بێ دەمار دامەزراوە بەڵام بەرگی ڕیاکاریی رۆشنبیریان لەبەر کردوە بۆ ئەوەی کەس نەوێرێ دەستیی بۆ بەرێ. هەروەک چۆن بەناوی ئایینەوە کوردیان سەرکوت کردوە ئێستاش بەبیری سەقەتی گۆڕانخوازیی دەیانهەوێ لە هێماکان و پیروزییەکانی کورد بدەن ولە کۆیلەیی دا بهێڵنەوە. ئەگینا چۆن بە بیری مرۆڤێکی کورد دادێ کوردێک داوای سەربەستی وئازادیی خۆی بکات کە وەک هەموو مرۆڤێکی ئەم گەردوونە بڵێ ئازادیم دەوێ ، بێشەرمانە بە بەرچاوی میدیاکاران بە گژی دابێی و پێ بڵێی:

دەبێ لەسەر بیریی ڕێفراندۆم دادگایی بکرێی؟

ئەمە ئەگەر فەرهەنگی بە کویلەکردنی تاکی کورد نەبێ و ئەگەر بێ ڕێزی و سووکایەتی بە بڕیاری ٩٣% ی دەنگی خەڵکی باشوور بۆ سەربەخۆیی نەبێ چ ناوێکی دیکەی لێدەنرێ...

بۆیە ئەرکی هەر وڵاتپارێزێکی نیشتمانپەروەری کوردە ڕاشکاوانە لە دژی ئەم بنەمافیکرییە مەترسیدارە هەڵوێستی جیددی بگرێ و بانگەشەدەرانی ئەم بیرە بەتووندی ریسوا بکات ودەرفەتی سەرهەڵدانی پێنەدات، ئێمە هەموومان دەبێ شەڕی خۆمان لەدژی ئەم بیرە بکەین هەتا ئەم کارخانەی جاش دروستکردنە نەگاتە ڕۆژهەڵاتی ئازارەکان...

٢٢ی ئەپریلی ٢٠١٨

## ساڵی: ٢٠١٩ و ٢٠٢٠

-----------------------------------

## ژن،

**ڕێز گرتن لە ٨ی مارس**

لەوپەری جەستەی دا ببینە
لەوپەڕی جەستەی دا ببیسە
لەوپەڕی جەستەی دا تێبگە.

لەکاتێکدا لە پشوازی ڕێز گرتن لە ٨ی مارس ڕۆژی جیهانی ژن، ڕۆژی پیرۆز کردنی جوانترین بوونەوەری سەر گۆی زەویی داین، کە بەختیاریی کۆمەڵگای جهانی لە گرەوی ئازاد بوون ویەکسانی ئەوان دایە، جێگای دوو ژنی خەباتکارونەبەز، دوو داکۆکیکاری مافی ژن و مافی نەتەوایەتی لە ناومان دا گەلێک بەتالە، دوو سەرکردەی ژن کە لە ١٧ی خەرمانانی ساڵی پار(٢٠١٧) لەپیلانێکی قرێژدا تێکەڵ بە کاروانی شەهیدانی کوردستان بوون، شەهیدان مامۆستا نەسرین حەدداد و مێدیاکار سوهەیلا قادری.

وەک یەکسانیخوازێک کە سالانێک لەم ڕێبازەودا تێکۆشاوم ٨ی مارس بەناوی ئەم دو شەهیدە سەرکردەیە پیرۆز دەکەم، وێرای ناردنی سلاوی ئەمەگ و وەفاداریی بۆ گیانی هەرگیز نەمریان ئەم ڕۆژە لە سەر جەم ژنانی کوردستان و هەموو ئەوانەی بۆ مافی دادپەورەری کۆمەڵایەتی و یەکسانیخوازیی خەبات دەکەن پیرۆز بایی دەکەم.

٨ی مارچی ٢٠١٩

## کاک "سمایل شەریفزادە" و هاوالانی

١٢ی مانگی گولان(بانەمەڕ)ی ١٣٤٧ی هەتاوی ٥١ ساڵ بەسەر داخوشانی یەکێک لە ئەستێرەهەرەگەشەکانی ئاسمانی کورد، رووناکبیرو پێشمەرگەی رێگای ئازادیی کوردستان کاک "سمایل شەریفزادە" و هاوالانی دا تێدەپەڕێ...

پەنجاو یەک ساڵ لەمەوپێش لە گوندی "دارێنە"ی ناوچەی بانە، لە بەرەنگاری یەکی ئازایانەی کەم وێنە دا دڵە گەورەکەی کاک سمایل لە لێدان کەوت و ئەستێرەی هیوای بەرەو ئاسمانی شینی کوردستان هەڵکشا.

بە شەهید بوونی خوێندکاری شۆڕشگێڕ سمایل شەریفزادە و هاڤالانی هەرچەند بلێسەکانی ئاوری جوولانەوەی ساڵەکانی (٤٦ - ١٣٤٧) دامرکاو رێژیمی کۆنەپەرستی شایەتی توانی بۆ ماوەیەک دەسەڵاتی شوومی خۆی بەسەر کوردستان دا زاڵ کاتەوە، بەڵام تەکانەکانی بۆمەلەرزەی ئەوکاتی ئەم جووڵانەوەیە کە دووڕگەی ئارامیشی محمدرەزاشای دیکتاتۆری شڵەقاند بوو، دە سال دواتر بە ریشتێرێکی بە هێزتروە دەستی بە هەژان کرد، بە جۆرێک قەڵای زۆرداریی ٢٥٠٠ ساڵەی رێژیمی گەندەڵی پاشایەتی بۆ هەمیشە تەفروو توونا کرد ولە سەر خەریتەی جیهان پاکی کردەوە ...

١٢ی مانگی گوڵان، رۆژی شەهیدکرانی کاک سمایلی شەریفزادە لە کۆمەڵگای خۆرژهەلاتی کوردستان دا بە رۆژی "خوێندکار" ناودێر کراوە.لەمرۆژەدا وێرای بەرزراگرتنی یادی نەمر کاک سمایل شەریفزادە، رێز لە خوێندکارانی شۆڕشگێڕ دەگیرێ کە بوونەتە چاوی بینا و دەنگی ڕەسای کۆمەڵگای کوردستان...

سڵاو لە گیانی خوێندکاری شۆڕشگێڕ کاک سمایلی شەریفزادە و هاڤاڵانی

بەرزو پیرۆز بێ یادی ١٢ی گولان رۆژی خوێندکارانی کوردستان.

٢٨ی ئەپریلی ٢٠١٩

## ترامپ لە بەرجام هاتە دەر،

ترامپ سپای پاسدارانی خستە ناو لیستەی تێرۆرەوە.
ترامپ لە بڕیارێک دا هەموو ئە ولاتانە دەخاتە لیستی تەحریمەوە کە لە ۱۲ی مانگی گوڵان دا نەوتی ئێران دەکڕن.
ترامپ گەمارۆی لە سەر ئاسن و پۆڵا و ئالمینیۆمی هەناردەی ئێران دانا.

کۆماری ئیسلامی ئێستا حالەتی قەلەموونەیەکی خەرتی بە خۆیەوە گرتوە و خۆی فش دەکات و هەڕەگیفان لێدەدات کە تەنگەی هورموز دەبەستێ.
بەدوای ئەم هەڕەشانە دا ناوی فرۆکە هەڵگری "ئابراهام لینکولن" لە حەرەکەت دایە بەرەو نیزیک بوونە لە ئاوەکانی کەنداو.

بەستنی تەنگەی هورموز یان هەر هەڕەشەیەکی دیکەی لەمچەشنە راستیش بێ هیچ لە کێشەکە ناگۆڕێ. ڕێژیمی مافیایی کۆماری ئیسلامی گرفتاری دارمانێکی ناوخۆیی قووڵ بووە کە توانای بەرەنگار بوونەوەی نیە. تووڕەیی خەلک گەیوتە ئەوپەڕی خۆی. تەوژمی هاتنە سەر شەقامی خەڵک ترسی هەرەگەورەی ڕێژیمە و لە بەرامبەر خەڵکی وەزاڵە هاتوو دا نازانێ کامە تەنگە ببەستێ.
تەنیا شانسێک کە کۆماری ئیسلامی تا هەنووکە هەیەتی نەبوونی ئاڵتێرناتیڤێکی بە هێزە.

پەراوێز:

سۆسەو ئەگەریی نەرمشێکی قارەمانانەی دیکەی ڕێژیم هەیە کە بۆ پاراستنی خۆی مل بۆ ویستەکانی ترامپ نەوی بکات و بەمجۆرە دیسان خەونە خۆشەکانی ئۆپۆزیسیونی پرش و بلاوی خوشخەیال بڕەوێنێتەوە...

۸ی مای ۲۰۱۹

## نێچیروان بارزانی

١٠ی ژوئنی ٢٠١٩ی زایینی بەرامبەر بە ٢٠ی جۆزەردانی ٢٧١٩ی کوردی "نێچیروان ئیدریس مستەفا بارزانی" لە پەرلەمانی کوردستان کە بە شێوەیەکی کاتی بۆ هۆڵی "سەعد عەبدوللا" لە هەولێری پێتەختی هەرێمی کوردستان ڕاگوێزرا بوو لەبەر دەم هەزار و دووسەت کەس لە بەرپرسانی پۆستەبالاکانی عێراقی، کۆتلە سیاسی یەکان ونوێنەرانی دەیان وڵاتی جیهان و هەموو پێکهاتە و هێزو لایەنەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان بە شێوەیەکی فەرمی سوێندی یاسایی خوارد.

بانگهێشتنی دوکتور بەرهەم ساڵح سەرکۆماری عێراق، بەشداریکردنی شاندێکی باڵای یەکێتی نیشتمانی بە یاوەری کۆسرەت ڕەسووڵ، بوونی قوباد تاڵەبانی و شەهێن تاڵەبانی وەک سەرۆکی فراکیسیونی یەکێتی نیشتمانی بۆ پێشوازیکردن لە میوانەکان هەڵگری ئەوپامە بوو کە نێچیروان بارزانی نەیهەویست بە تەنیا وەک سەرۆکی پارتی و بەشێکی کوردستان سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بکات بەڵکوو بە ڕواڵت ئارمانجی ناوبراو ئەوە بوو کە لە ماوەی چوار ساڵی داهاتوو دا نوێنەرایەتی هەموو پێکهاتەکانی کوردستان بکات.

نێچیروان بارزانی پاش سوێند خواردن لە پەیامێکی هەمە ڕەهەند دا هێڵە گشتیەکانی سەرۆکایەتی خۆی باسکرد، ناوبراو بۆ جارێکی دیکە وەک کەسایەتێکی سیاسی و دیپلوماتکاری میانەڕەو دەرکەوت.

لەسەر یەک ناوەرۆکی پەیامەکەی ناوبراو پەیامێکی ئاشتەوایی بوو کە کوردستان و عێراق وتەنانەت وڵاتانی ئیقلیمیشی لە خۆی دەگرت.

ناوبراو تیشکی خستە سەر ئەوپرسەگرینگانەی لە کوردستان و عێراق و ناوچەکەدا لە ئارادایە کە دەبێ هەوڵ بۆ چارەسەرکردنیان بدرێ. ئەو تەئکیدی کرد کە گەلی کورد فاکتەرێکی سەرەکیە لە ئارامی ناوچە کەداو نابێ لە پەراوێز بخرێ.

ناوبراو لە سەرەتای پەیامەکەیدا پاش ڕێزگرتن لە خەبات و تێکۆشان مەسعود بارزانی و تەئیدی سیاسەتی حەکیمانەی ناوبراو لە ماوەی پەنجاوپێنج ساڵ ڕێبەرایەتی کردنی ناو جەرگەی ڕووداوەکانی کوردستان و ناوچەکەدا سپاسی هەموو ئەو هێز و لایەنانەشی کرد لە پرۆسەی هەڵبژرادنی سەرۆکایەتی ناوبراودا لە پارلەمان بەشدار بوون و دەنگیان پێدا، چ ئەوانەی لە پارلەماندا بەشدار بوون و دەنگیان پێ نەدا و تەنانەت ئەوانەش کە بایکۆتی پارلەمانیان کرد ودەنگیان بە ناوبراو نەدا.

ناوبراوبەمە ویستی پێشانی جیهانی بدات کە کوردستان سەرەرای ئەمە کە لە ناو جەرگەی ڕووداوەتاڵ و ناخۆشەکاندایە بەڵام هەروا نموونەیەک دەبێت لەو دیمۆکراسییە کە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەزموونی دەکات.

بەڵام ئەوەی بۆ من جێگای پرسیار بوو و تێنەگەیشتم بە چ هۆکارێک لەو پرۆتۆکۆلەدا سروودی ئەی ڕەقیب غایب بوو، لە گەڵ ئەویکە لە ڕیزبەندی بەرنامەکەدا مارشی عێراق وسروودی ئەی ڕەقیب گونجا بوو. ئەگەر هەڵەیەکی تکنیکی بایە ئەشێ هەڵەکار لێپرسینەوەی یاسایی لێبکردرێ، ئەگەریش هۆکارەکەی زەختی دەرەکی بێ بەمە سەربەخۆیی سەرۆکایەتی هەرێم دەکەوێتە ژێر پرسیارو ئیعتباری نامێنێ. لەبەر ئەوەی سروودی نەتەوایەتی ئەی ڕەقیب سروودی نیشتمانییە و یەکێکە لە بنەماکانی هەرێمێکی خاوەن سەروەریی.

١٠ی جوونی ٢٠١٩

---------------

## چایخانەی باگردان و دەنگی کوردستانی ئێران.

جەوی کوردستان لە حاڵەتی نە شەر و نە ئاشتی دابوو.لە هیندێک شوێن هێزەکانی کۆماری ئیسلامی هێرشیان دەبردە سەر پێشمەرگە و پشمەرگەش لێیان وەدەست دەهاتن. لەم لاشەوە دەوری ووتووێژەکان لە نێوان نێردراوانی کۆماری ئیسلامی وهەیئەتی نوێنەرایەتی کورد زۆر بە سستی دەچوە پێش ،هیچ هۆمێدێک بۆ چارەسەریی حەللی کێشەی کورد لە ئێران دا نەبوو.لەراستی دا پەیامی ٩ی خەزەڵوەری خۆمەینی پەیامێکی تاکتیکی بوو بۆ دووبارە خۆ رێکخستنەوەی هێزەکانیان لە کوردستان کە زەبری یەکجار قورسیان لەشەری سێ مانگە دالە لایەن هێزی پێشمەرگەی حیزبەوە وێکەوتبوو.لە مانگی خەرمانانی ١٣٥٩ی هەتاوی شەر لە هێندێک لە ناوچەکانی کوردستان دەستی پێکردبۆوە بەڵام هێشتا تەواو رەسمییەتی پێنەدرابوو. ڕێبەرایەتی حیزب بۆ پێشگرتن لە ڕوودانی هەر ئەگەرێکی نەخوازراو بڕیاری ڕاگوێزتنی بنکەی سەرکردایەتی لە دۆلی شێخان را بۆ قووڵایی ناوچەکانی دیکەی کوردستان دابوو.لەڕاستیی دا دۆڵیشێخانی مەنگورایەتی بە هۆی سەختی زستان و کوێستان بوونی ناوچەکە بۆ وەی نەدەبوو وەرزی زستان لێی بمێنییەوە، هەر بۆیە لە ئاخرو ئۆخری مانگی خەرمانان لە بناری" قەلاتێ شای "دۆڵی شێخان حەرەکەتمان کرد بچینە دۆڵی دێمۆکرات لە گوندی شێوەجۆی ناوچەی کاڵەشینی رەبەت...ئەمە لە ڕاستی دا یەکەم گوێزتنەوەی دەنگی کوردستانی ئێران بوو.پێشتر بۆ ئەوەی بەرنامەکانی دەنگی کوردستانی ئێران نەوەستێ دووبەرنامەی ئامادەکراوی زیادیمان تۆمار کردبوو کە بەدامەزراندنی یەکێک لە دوو دەزگا فرستەندەکە دەرفەتی ئەوەمان هەبێ لەماوەی ئەم دوو ڕۆژەدا لە شوێنی نوێ جێگیر بین وسەر لەنوێ کاری رادیۆیی دەست پێبکەینەوە. حەرەکەتمان کرد وگەیشتینە گوندی باگردان، لە بەشی فەنیی ڕادیو ڕا بە بێسیم ئاگاداریان کردین دەبێ لە زووترین کات دا بەرنامەیەکی زیادی دیکەش تۆمار بکەین وبە پەیک دا زوو بینێرن.ئەگینا رۆژێک بەرنامەکانی دەنگی کوردستانی ئێڕان لە وەشان دەوەستێ. بۆیە ناچار بووین بەپەلە بارو بنە لە گوندی باگردان بکەینەوەو بەرنامەیەکی دیکەتۆمار کەین.لەم دەمو دەستە دا نەدەکرا خێوەت هەڵدەین. گوندەکە چایی خانەیەکی چووکەی لێ بوو ، بڕیارمان دا بچینە ئەو چایخانەیە و بەرنامەکە لەوێ تۆمار بکەین.کەلو پەلەکانی رادیومان کردەوە،نەمر کاک تەها کە ئامادەکاری بەرنامەکانی دەنگی کوردستانی ئێران بوو کەوتە خۆ و بە پەلە پەل دەستی کرد بەنووسین ، بە خەبەرێک لەم لای و خەبەرێک لەولای وشێعرێک ودانانی دووسروود گەیشتە نیوسەعاتەکە ونووسراوەکانی دایە دەستم.لەوبەریش هەتا خاوەن چاییخانەمان رازی کرد کە بۆ ماوەیەک چاییخانەکەمان لە

ئیختیار بنێ ئەویش کاتی برد. کابرای خاوەن چاییخانە هەر نەیدەزانی ئێمە کێن وبۆچی دەبێ چاییخانەکەمان بۆ چۆل کات. بەڵام دەیزانی دێمۆکراتین.کورێکی مام ناوەندی ڕەش ئەسمەری چاوزیتی سمێل قەیتانی دەوری سی وپێنج ساڵێک دەبوو ، مەنسووری خوسرەوی دەزگاکانی تۆمارکردنی ئامادە کرد و منیش چوومە پشت میکرۆفۆنی و بە ئاماژەی دەستی ئەو کە کاتی دەست پێکردنی بەرنامەیە ئامادە بووم، لە ژووری چایخانە دا سێ جار م گوڕاند:

''ئێرە دەنگی کوردستانی ئێرانە''

کە وام کوت خاوەن چایخانە چاوی دەرپەرین.قوشقم بوو،بڕوای نەدەکرد ئەودەنگەی کە ڕۆژانە لەڕێگای شەپۆلەکانی ڕادیو دەنگی کوردستانی ئێران گوێی لێ دەبوو ئەوە لە بەر چاوی خۆیەتی و لە چاییخانەی خۆی دا دەیبیسێ و دەبینیێ...ئەوکات هێشتا لە دەنگی کوردستانی ئێران دا ئەزموونی ئەوەمان نەبوو ئەوبەشەی کە هەمووڕۆژێ لە ڕادیو وەک سەرەتایەک بڵاو دەبۆوە تۆماری کەین و حەوجێ بەوەینەکات هەمووجارێ بە زیندوویی بیڵێینەوە.بۆیە بەدوای من دا سروودی نەتەوایەتی ئەی ڕەقیب لێدراو کابرای چاییخانە قیت ڕاوەستابوو متەقی لێوە نەدەهات هەرکە سروودەکە تەواو بوو سەر لەنوێ نۆرەی من هاتەوە کە دەنگی کوردستانی ئێران دەنگی خەباتی گە لی کوردە، دەنگی پێشمەرگە قارەمانەکانە،زمانی حاڵی شەهیدە سەربەرزەکانی ڕێگای ئازادیی ورزگاریە ،دەنگی جوتیاران ودەنگی کرێکاران ودەنگی هەمووچین وتوێژەکانی کۆمەڵی کوردەواریە.دەنگی کوردستانی ئێران لە خەبات گەلانی ئێران لە دژی ئەمپریالیزیمی جیهانی بەتایبەتیئەمپریالیزمی ئەمریکا پشتیوانی دەکات..بە مجۆرە بە ئامانجەکانی دەنگی کوردستانی ئێران دا دەهاتمە خوار وکابرای چایخانەش هەر بڕوای نەدکرد کە ئەوە ئێمە بین...بەرنامە گەیشتە کۆتایی و دەستمان کرد بە خۆ کۆکردنەوە.خاوەن چایخانەکە چاوی پر ببوو لە فرمێسک ،قوڵپی گریان گەرووی گرتبوو.پێش تۆمارکردنی بەرنامە پەیتاپەیتا قسەی دەکرد.بەڵام دوایی قسەی بۆ نەدەهات.سامی دەنگی کوردستانی ئێران گرتبووی و بەتەواوی غافلگیری کردبوو. هەتا توانی ماچی کردم.خۆشم هەستم بە خۆشییەکەی لەرادەبەدەر دەکرد کە دەنگی کوردستانی ئێران لە ماوەیەکی کورت دائاوا بۆتە جێگای خۆشحاڵی و متمانەی خەڵک. کەلو پەلەکانی ڕادیومان کۆ کردەوە و کاسێتی ئامادەکراومان دا بە پەیک و بە پەلە ڕوویی و لە چایخانە هاتینە دەر...

پیرۆز بێ یادی ٣٩ ساڵەی دامەزرانی ڕادیودەنگی کوردستانی ئێران

**ئێرە دەنگی کوردستانی ئێرانە**

**سەرچاوە دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ١٧ی جوونی ٢٠١٩**

..............................................

## وتوویژ لە گەڵ کۆماری ئیسلامی.

دەنگۆی ئەوە بڵاوبۆتەوە گۆیا دوو دێمۆکرات و جووتەی کۆمەڵە بەیەکەوە خەریکی وتوویژ لە گەڵ کۆماری ئیسلامین.

ئەم وتوویژە لە کوێ کراوە و لە گەڵ کێ کراوەو لایەنی سێهەم کە دەستپێشخەری ئەم وتوویژە بوە کامەیە کەس نازانێ، تا هەنووکەش هیچ لایەنێک ئەمەی پشتڕاست نەکردۆتەوە.

ئەم شێوازی وتوویژکردنە سەردەمی ڕێبەری مەزن دوکتور قاسملوومان دەخاتەوە بیر کە لە دەرەوەی حیزب هەموو کەس بە وتوویژی نێوان حیزب و کۆماری ئیسلامی دەزانی جگە لە ئەندامانی حیزب. دواییش دیتمان وتوویژی بە نهێنی و لە پشتی دەرگای داخراو چ کارەساتێکی قەرەبوو نەکراوی لێکەوتەوە.

ئەوەی باش دەزانین کە تاقە ڕێگای چارەی دۆزی کورد هەر دانووستان و وتوویژە. کورد بە خەباتی چەکداریی و بە هێزەوە تەنیا دەتوانێ هەلومەرجی وتوویژ بخوڵقێنێ و بە دەسەڵاتی ناوەندیکێشێتە پای میزی وتوویژ. بەڵام لەم ساتە وەختە دا کە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناڤین تووشی هاتوە و ڕێژیمی ئاخوندی لە سەرووی هەموو کێشەکانی ئەم ناوچەیەیە ئایا ئێستا دۆخێکی گونجاوە کورد لە گەڵ سیستمێک بکەوێتە دانووستان کە پایەکانی لەزرۆک بووە و سێبەری نەمان وەک مۆتەکە بەسەری کشاوە؟

بە چ پێوەرێک دەتوانرێ دەستبەری ئەومافانە بکردرێ لە ڕێژیمێک کە قەیران هەمووجەستەی داگرتوە و بێ سوباتەو ئەگەری ڕووخانی هەیە؟

ئایا خواستەکانی کورد هەمان ئەو خواستانە دەبن کە هەیئەتی نوێنەرایەتیی کورد لە دوای هاتنە سەر کاری کۆماری ئیسلامی هێنایانە گۆڕێ؟ یان داواکان تەنیا لە ڕەچاوکردنی ماددەکانی ١٥ و ١٩ی ڕەشنووسی یاسای بنەڕەتیی ئێران دا کورت دەکرێتەوە؟

ئایا ڕێژیمی دژە کوردی ئیسلامی بەڕاستیی بڕوای بەوە هەیە دان بە مافەکانی کورد دابێنێ؟ ئەی بۆچی نیزیک بە چل ساڵە خۆی لەومافانە بواردوە؟

ئەگەر وتووێژ دەکەن، چ وەڵامێکتان هەیە بۆ ئەمریکا وەک سەرەکیترین لایەنی کێشە لە گەڵ کۆماری ئیسلامی؟

ئایا نوێنەرانی کورد توانایی ئەمەیان هەیە ئەو پارسەنگە لە نێوان خۆیان و ئەمریکا و کۆماری ئیسلامی دا ڕابگرن؟

ڕێبەرانی کورد بە خوێندنەوەیەکی سەرەتایی لە مێژووی خوێناوی کورد دەبێ لە گەڵ ئەندامانی حیزبەکانیان و لە گەڵ خەڵکی کوردستان بەرچاو و ڕوون بن، خەڵکی کوردستان دەبێ ئاگاداری هەموو ئەو کەین و بەینانە بێ کە ڕێبەرانی کورد دەیکەن، لەبەر ئەوەی دانووستان لە سەر چارەنووس وداهاتووی ئەوانە. وتووێژ لە پشتی دەرگا داخراوەکان ئەزموونی تاڵمان دەخەنەوە بیر.

٣٠ی جوونی ٢٠١٩

-----------------------------------

## گەڕانەوەیەک بۆ بیرەوەریی دانیشتنەکانی گۆڕاییەکەی "قەڵاتی شا"

پێش ڕووخانی ڕێژیمی شا ناوبانگی دوکتور قاسملووم بیستبوو، بەڵام نەمدەزانی ڕەنگ و ڕوخساری چۆنە، بۆ یەکەم جار لە ١١ی ڕەشەمەی ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی لە میتینگی سەت هەزار کەسی گۆڕەپانی تۆپی پێی شاری مەهاباد دووراودوور دیتم و گوێم لە دەنگی بوو. دواییش لە چەندین بۆنەی پێوەندیدار بە ڕووداوەکانی کوردستان وەک وتەبێژی هەیئەتی نوێنەرایەتیی کورد دیتم. هەتا ڕۆژی ٢٩ی جۆزەردانی ساڵی ١٣٥٩ دوو ڕۆژ دوای دەستبەکاربوونی دەنگی کوردستانی ئێران بۆ یەکەم جار کە هاتمە شاخ لە نیزیکەوە دەستی لەنێو دەستی نام و بەخێر هاتنی کردم بۆ نێو شۆڕش. لەم ڕێکەوتە بەملاوە بەردەوام دوکتور قاسملووم لە نیزیکەوە دیوە، چ لە کۆبوونەوەکانی ڕادیۆ و ئینتشارات، چ لە کۆبوونەوە گشتییەکانی دەفتەر و چ لە بۆنە و شەودانیشتنەکاندا. دوکتور قاسملوو لەگەڵ بەرپرسیارەتیی قورسی سکرتێری حیزبی دێموکرات و ڕێبەریی بزووتنەوەی کوردستان یەکێک لە نووسەران و هاوکارانی بەردەوامی ڕادیۆی دەنگی کوردستانی ئێران و ڕۆژنامەی کوردستان بوو. لە سەرەتاکانی کاری مێدیاییمدا بە هۆی کەم ئەزموونی زۆر کلۆڵ بووم، تەنانەت لە خوێندنەوەی دەقەکانیشدا گرفتی یەکجار زۆرم هەبوو، ئێواران کاتی شێوخواردن لە گۆڕاییەکی چووکە لە داوێنی قەڵاتی شای لە دەوری یەک کۆ دەبووینەوە. دوکتور قاسملوو زۆر جار بە هێمنی و زۆر مامۆستایانە بۆ ئەوەی کە لە ئەرکەکەمدا دڵسارد نەبمەوە دەستنیشانی ئەو وشانەی کردبوو کە لە ڕادیۆ بە هەڵە خوێندبوومنەوە. ئەودەم وەک لاوێکی مەهابادی کە هاتمە شاخ و لە دەنگی کوردستانی ئێراندا درێژەم بە ئەرکی حیزبی دەدا ئەو زاراوەیەم ڕاگرتبوو کە خەڵکی مەهاباد قسەیان پێدەکرد. هەمووجارێ دەیگوت:

کاک ئەحمەد ئێمە لە ئەدەبیاتی حیزبدا ناڵێین خێن؛ دەڵێین خوێن، ناڵێین خێری؛ دەڵێین خوێری. دەبێ زارت کۆکەیەوە، مەڵێ کوردوستەن؛ بڵێ کوردستان، وەک پاکستان، خووزستان، پیتی ئەلەف درێژ کەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەموو جارێ تەشویقی دەکردم کە دەنگم زۆر باشە، دەنگم دەنگی شاخە و شوێندانەرە لەسەر بزووتنەوە. دەبێ زۆر هەوڵ بدەم، دەبێ زۆر ڕاهێنان بە خۆم بکەم. بەمجۆرە ساتەکانی شاخ دەهاتن و دەڕۆیشتن. هەتا زەمان زیاتر تێدەپەڕی زیاتر لە دەریای زانست و گەورەیی دوکتور قاسملوو دەگەیشتم. لە شەودانیشتنەکانی شاخ کاتێک دەهاتە قسە بە دەنگێکی ئارام و بزەی سەر لێوان باسی ڕووداوەکانی کوردستان و چونیەتیی خەبات و تێکۆشانی

دەکرد. شرۆڤەکانی هەمووی هیوابەخش بوون. هەستت دەکرد شوورەیەکی پۆلایینت لە پشتە و بە بوونی ئەو هێز شک نابەی زەفەرت پێ بەرێ. خاکەڕایی و سادە ژیانی و هەڵسوکەوتی باوکانەی وای لێدەکردی کە بە هەموو تواناتەوە کار بکەی. دوکتور قاسملوو سادە دەژیا و هەرچێکی هەبایە بە لەززەتەوە لەگەڵ ئێمە دەیخوارد. بۆ تاقە جارێکیش نەمدیت گلەیی لە خواردن هەبێ. زمانێکی پاراو و خاوێنی هەبوو. تەنانەت لەگەڵ نەیارەکانیشی بە زمانێکی زبر قسەی نەدەکرد. ئەوینداری کوردستان و خەڵکی کوردستان بوو. باوەڕێکی یەکجار زۆری بە هێزی جەماوەریی خەڵک هەبوو. دڵگەرم بوو بەو پشتیوانییەی کە خەڵکی کوردستان لە حیزبی دێموکراتیان دەکرد. حیزب هەموو ژیانی بوو، هەمیشە هیوای لێی دەباری. هەتا دیتوومە پێکەنینی لەسەر زار بوو. هەمیشە نوکتەی خۆشی دەگێڕایەوە. جەفەنگی لێ دەدا. هەرچەند ئەو کەسی یەکەمی حیزب بوو بەڵام لە مەجلیساندا قەت وای خۆی نیشان نەدەدا کە کەسی یەکەمە. فەزایەکی پێک دەهێنا کە بتوانی قسە بکەی. ڕێزی کادر و پێشمەرگەی زۆر لەبەر بوو. دوکتور قاسملوو هەر بەتەنیا سکرتێر و کەسی یەکەمی حیزب نەبوو و، ئەو کۆکراوەی چەندین کەسایەتیی گەورە بوو کە دوکتور قاسملوویان پێناسە دەکرد. د.قاسملوو بێجگە لەوەی سیاسەتمەدارێکی ناوازە و ئابووریزانێکی گەورە و زمانزانێکی کەموێنە بوو کەسێکی بە فەرهەنگ و ئەدیب و ئەدەبدۆست، مێژووناس، شێعرناس، بەئەخلاق، مەجلیس خۆش، نوکتەزان، ورد و دەقیق و، ئاراستە و پاک و خاوێن بوو، هەتا لەکوردستان بوو بۆ جارێکش نەمدیت لە بەرگی پێشمەرگایەتی جیا بێتەوە و جامانەی بەسەرەوە نەبێ. ڕێکوپێکترین پێشمەرگە بوو. وەک کتێبخانەیەکی گەڕۆکی دەوڵەمەند لێم دەڕوانی کە پڕ بوو لە ئەخلاق، لە نەبەزین و ڕاوەستان، لە ڕوانین بۆ ئایندە.

لە ماوەی ئەو چەند ساڵەدا کە شانازیی ئەوەم هەبوو لە نیزیکەوە کاری لەگەڵدا بکەم و وەک مامۆستایەکی مەزن لێی بڕوانم گەلێک بیرەوەریی تاڵ وشیرینم لەگەڵی هەیە. لێرە تەنیا ئاماژە بە گێڕانەوەی بیرەوەرییەک دەکەم کە زۆر لەسەر هەستی دوکتور قاسملوو شوێندانەر بوو.

شەوانە کە لەدەوری یەک کۆ دەبووینەوە پاش بیستنی باس و خواسەکانی شار و شاخ، نۆرەی گەڕەلاوژە دەهات. هەرکەسە لە نۆرەی خۆیدا یان گۆرانییەکی دەگوت یان نوکتەیەکی دەگێڕایەوە. یەکەمجار من سروودی «خوایە وەتەن ئاوا کەی»م وت. ئەوکاتە دەنگم لەوپەڕی بەرزی و ڕەساییدا بوو. بێدەنگی باڵی بەسەر دۆڵەکەدا کێشابوو، دەنگم کە لێ بەرز کردەوە زایەڵەی دەنگی خۆمم گوێ لێ دەبۆوە. سروودەکەم کە خوێندەوە هەموو وێکڕا

**سەربەندەکەیان لەگەڵ دەگوتمەوە. هەستم کرد ئەم سرووده شوێنێکی یەکجار قووڵی لەسەر د.قاسملوو داناوە. فرمێسک لە چاوی چزا بوو. ئەو سەردەمە بەهۆی تەئسیراتی ژەهراویی حیزبی توودە بەیتێکیان لەو سرووده زیاد کردبوو کە:**

**« ستالین پێشەوایە بۆ کوردان وەک باب وایە**

**هەستن هەڵکەن ئاڵایە ئەوا بەرلین گیراوە...»**

**هەرکە دەگەیشتمە کۆتایی سروودەکە د. قاسملوو دەیگوت ئاخرییەکەی نەڵێی کاک ئەحمەد. ئێستاش نەمزانی د.قاسملوو چ بیرەوەرییەکی لەم سرووده هەبوو کە هەمووجارێ کە دەیبیست فرمێسکی لە چاوان دەگەڕا.**

**سڵاو لە گیانی نەمری ڕێبەری مەزنی کورد د.قاسملوو، یاد و ناوی بەرز و پیرۆز بێ.**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٣ی جوولای ٢٠١٩**

----------------------------------------

دوکتور شەرەفکەندی:

"من کێم هەتا کەسایەتێکی بەرزی وەک دوکتور قاسملو لە ژیان دابێ وێنەم لێرو لەوێ بلاو بکرێتەوە؟"

بۆ زۆر کەس جێگای پرسیار بوو کە بۆچی دوکتور سەعید وێنە ناگرێ؟

لە ماوەی هەمووئەوسالانەی لە گەڵ دوکتور سەعید هاوڕێ ودۆست بووم هەتاپێش کۆنگرەی ٩ی حیزب تاقە وێنەیەکم لە گەڵی نەبوو. کاک سەعید نەک تەنیا لە گەڵ من بەڵکوو لەگەڵ کەس وێنەی نەدەکێشا. ئەگەریش وێنەیەکی دیترابێ بە خۆاستی خۆی نەبوە و ئاگای لێنەبوە، جارێک بێ ئەوەی بۆ خۆی ئاگای لێبێ بەدزی وێنەیەکمان لێگرت دوایی کە وێنەکەی دیت زۆر تووره بوو، زوو وێنەکەی دڕاند و کوتی ئیتر لەو کارانە بە هیچ شێوەیەک مەکەنەوە. ئێمە وەک هاورێ نیزیکەکانی هەمووومان پێمان سەیر بوو کە کاک سەعید بۆ چی وێنە ناگرێ؟

جارو بار وەسەر شاخ دەکەوتین، بەدڵ پێمخۆش بوو لە بەرزایی شاخ وێنەیەکم لە گەڵی داهەبێ، تەنانەت لە بۆنەکانی وەک نەورۆز، سێزدەبەدەر، جێژنی دامەزرانی رادیو دەنگی کوردستانی ئێران، ٢٥ی گەلاوێژ، رۆژی پێشمەرگە و ٢ی رێبەندانیش دا وێنەی نەدەگرت. بە بیری ناتەواوو سەقەتی خۆم پێموابوو کاک سەعید لەبەر ئەوەیکە ژن و منداڵەکەی لە ناوخۆیە و لەوانەیە بلاوبوونەوەی وێنەکانی ببنە هۆی ئەوەی ئیتلاعات ئەزییەت و ئازاریان بدات بۆیە وێنە ناگرێ. لە هەموو ئەوسالانەدا تەنیا یەک دوو وێنەم لێ دیبوو ئەویش لە گوندی گەلالەی ناوچەی شینکایەتی باشووری کوردستان ئەوکاتەی خەریکی خانوو ساز کردن بووین لە دوورەوە لە وێنەیەکی دا دیارە ئەورۆژەش کەهەر لە گەلالەی را بۆ گەوره دێ بارمان کرد کاک سەعید وێنەیەکی لە گەڵ نەمر کاک تەهای عەتیقی و یای خەج کێشابوو. بۆیەش رەزایەتی دابوو بە کێشانی ئەم وێنەیە چوونکە هاورێ خەجیج لە لای خۆی ڕایگرتبوو بلاوی نەدەکردەوە. تەنانەت لە کۆنگرەکانی حیزبیشداخۆی لەبەر چاوی وێنەگری کۆنگرە دەشاردەوە یان بە جۆرێکی دەردەکەوت کە روخساری نیشان نەدرێ. ساڵەکان هاتو چوون هەتا دوکتور قاسملووی مەزن لە پیلانێکی قڕێژدا شەهید بوو، کاک سەعید بوو بە سکرتێری حیزب. لەوسەروبەندەدا کاک تەها دوو دەست

جل و بەرگی لە مەهابادەوە بۆ هاتبوو. نازانم بەرگەکانیان بە کێ ئەندازە گرتبوو هەر دوو دەست لیباسەکە بۆ نەمر کاک تەها تەنگ و چووکە بوون. بۆیە هەر دووکی دا بە کاک سەعید. کاک سەعیدیش کە جگە لە دەستێک جل و بەرگی پێشمەرگانە هیچی دیکەی نەبوو دەتکوت خەنیان کردوە یەکجار زۆری پێخۆش بوو، بەدوای وێنەگری رەسمی حیزب شەهید حەسەن کتابی دا نارد، شەهید حەسەن چەندین وێنەی لە دیوی کارەکەی و لە لای کتێبخانەکەی بەوجلوبەرگانەی کاک تەهاوە لێگرتوو و وێنەکانی بڵاو کردەوە، لەمەوبەدواوە هەرکەسییێکش داوای لێکردبا وێنەی لە گەل بگرێ کاک سەعید بەڕوویەکی گەشەوە ئامادەیی خۆی دەردەبری. ئەگەر سەرنجی وێنەکانی کاک سەعید بدەین لە زۆربەیان دا پێدەکەنێ و بزەی لەسەر لێوانە. بۆمن کەزیاتر لە ١٣ ساڵ لە گەڵ کاک سەعید لە ژێر میچێکدا خواردن و هەستان و دانیشتینمان بەیەکەوە بوو، هاورێ و هاوکار و دۆست بووین هەتا کۆنگرەی نۆهەمی حیزب کە لە "گەلی بەدران"ی قەندیل گیرا نەمتوانی وێنەی لەگەڵ بگرم. کاتێ هۆکاری ئەم وێنە نەگرتنەی سالانی پێشوویم لێ پرسی، کاک سەعید زۆر بە نەرمی و بە بزەیەکی هەمیشەیی سەرلێوانی وەڵامی دامەوە:

"من کێم هەتا کەسایەتێکی بەرزی وەک دوکتور قاسملو لە ژیان دابێ وێنەم لیرو لەوێ بلاو بکرێتەوە؟"

کاتێ ئەوەی کوت لەخۆم شەرمم کرد کە چۆن دەرکم بەوەنەکرد، چۆن لەوەی نەگەیشتم کە دوکتور سەعید چ ئەڤینێک و چ باوەڕێکی بە رێبەری مەزن دکتور قاسملووی نەمر هەبوو .بە هەر ئەوخۆشەویستییەش بە د. قاسملوو بوو وای لێبکرد هەتا دوکتور قاسملوو مەزن رێبەری ئەوحیزبە بێ و لە ژیان دابێ وێنە لە گەل نیزیکەکانی خۆشی نەگرێ و لە هیچ شوێنێکی وێنەی بلاو نەبێتەوە...

١٢ی سێپتەمبەری ٢٠١٩

------------------------

### دوکتور شەرەفکەندی:

"...دەبێ شانازی بە خۆمان بکەین کە کوردین، خەبات بۆ مافی نەتەوایەتی خەباتێکی پیرۆز و ڕەوایە .تەنیا گەلی کوردە ئەمرۆ بە کردەوە لە گۆڕەپانی سیاسی ئێران دا بۆ ئازادیی خوێنی دەرژێ و قوربانی دەدا، کەواتە هیچ کەس ناتوانێ لە ئێران خۆی بەسەر کورد دا فەرز بکات."

بەشێک لە قسەکانی کاک دوکتور سەعید لە دەهەمێن ساڵرۆژی دەنگی کوردستانی ئێران دا...

لێبڕاوی و باوەری بە هێزی دوکتور شەرەفکەندی بەو ڕێبازە ئەوکاتە دەبێ بایخی پێبدرێ کە ئەوسەردەمە هێڵە فیکری یەکانی چەپی کلاسیک لە قاڵبی سوسیالیزمی مەوجود دا باڵیان بە سەر کەشی سیاسی ئێران دا کێشا بوو، بیری نەتەوەخوازی و دیاریکردنی مافی چارەنووس لە ڕوانگەی زۆرێک لە هیز ولایەنە سیاسیە ئێرانی یەکانی سەر بەم ڕێبازە فکرییە ئیرتجاعی و دواکەوتوانە پێناسە دەکرا. دوکتور سەعید لەو سەنگەرەشەوە بێ ئەوەی بکەوێتە ژێر تەوژمی ئەو تیئۆری یە پووچ و تاریخ بە سەر چوانە، لەبیری نەتەوەخوازیی دابوە و بە هەموو توانایەوە ڕاشکاوانە دیفاعی لێدەکرد. زۆرێک کاک سەعیدیان بە دژی کۆمۆنیست تاوانبار دەکرد، بەڵام کاک سەعید چەپێکی هەتا سەر ئێسقان دێمۆکراتو باوەڕێکی تەواوی بە دادپەوەریی کۆمەڵایەتی و بە سوسیالیزم هەبوو، بەڵام دژی نۆکەریی و سەرسپێراوی ئەوانە بوو کەگوێچکەیان بۆ مۆسکۆ دەلەقاند...

١٣ی سێپتەمبەری ٢٠١٩

---------------------------------------

### د.شەرەفکەندی وەک ڕێبەرێکی لێبڕاوی مافی نەتەوەیی

هەر لەسەرەتاکانی شۆڕشی ئێرانەوە ناڕوونییەک لەرێکخراوە چەپە پێشکەوتنخوازەکان لەسەر مافی نەتەوایەتی، دێموکراسی و چارەنووس و پێگەی نەتەوەکان لەسیستمی سیاسیی ئێراندا هەبووە. کاک د.سەعید لەوتارو

وتووێژەکانیدا هەندێک پێشمەرجی روون لەو بارەوەشیتەڵ دەکاو نموونەی بەرجەستەدێنێتەوە. زۆر راشکاوانە ئاماژە بەوەدەکا کەمانەوەی کورد لەئێراندا بەوەوە بەستراوەتەوە کەمافەکانی دابین بکرێن و لەسەر چارەنووسی خۆی تەنیا پرس بەخۆی بکەن و خۆی بڕیاردەر بێ. هیچ یەک لەنەتەوەکانی دیکەی ئێران نابێ ببنە دەمڕاستی خەڵکی کوردستان، بۆ ئەمەش داوا لەرووناکبیرانی ئێرانی دەکا لەدوگم بوون بێنە دەر و ئەوەقبووڵ بکەن کەلەئێراندا وێڕای ستەمی گشتی، ستەمی نەتەوایەتیش هەبووەو هەیە. بەو شێوەیە پێ لەسەر هەندێک ئەسڵی بنەرەتی بۆ ئەو هاوکارییە بەرهەمهێنەرانە دادگرێتەوە، کەئەوانیش داننان بەمافی رەوای نەتەوەکانی ئێران، دێموکراسی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و هەماهەنگی ئابووری و کۆمەڵایەتییە...

١٦ی سێپتەمبەری ٢٠١٩

---------------------------------

## د.شەرەفکەندی چەپێکی نەتەوەیی

بەدوای بەهاری پراگ وبە چالش کێشرانی سوسیالیزمی کلاسیک شەهید د.قاسملوو زۆر زوو دەکەوێتە حەولی ئەوە لە کۆنفرانسی سێهەمدا، حیزبی دێموکراتی کوردستان لەو گێژاوە دەربێنێ و تۆوی سەربەخۆیی سیاسی و چەپییەکی داهێنەرانە لەبەرژەوەندیی گەلی کورد لەحیزبدا بچێنێ.

بە ئاشکرابوونی تێکۆشانی سیاسی حیزبی دێمۆکرات د.شەرەفکەندی لە ئەندامێکی نهێنی را دەبێتە ئەندامێکی ئاشکرا و تێکۆشانی خۆی لە ناوی ریزەکانی حیزب دابە فەرمی دەست پێ دەکات. بەهۆی لێهاتوویی و باوڕێک کە بەڕێبازی کوردایەتی و مافی نەتەوایەتی هەیەتی زۆر زوو پلەکانی تەشکیلاتی دەبڕێ و دەبێتە یەکێک لە کاراکتێرە هەرە شوێندانەرەکانی رێبەریی حیزب و کاریگەرییەکی بەرچاوی لەداڕشتنی سیاسەتەکان و شێوازەکانی جێبەجێکردنی بڕیارەکاندا دەبێ، رۆڵ و نەخشی د.شەرەفکەندی لەڕەوتی رووداوەکانی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان دا زۆر بەرچاوە، بەهووی کێشمەکێشە ئیدئۆلۆژییەکانی نێو رێکخراوە چەپەکان لە ساڵانی سەرەتاکانی سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێراندا لێکدانەوەی جیاواز لەسەر سوسیالیزمی کلاسیک دێتە ئاراوە کە دەبێیتە

سەرچاوەی بڕیاردانی زۆریان د.شەرەفکەندی بەپێی سروشتی رەخنەگرانە لەچەپی کلاسیک بەتایبەتی لە هەڵوێستیان لەپێوەندی لەگەڵ مافەنەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لەگەڵ دوکتور قاسملوو هاودەنگ دەبێ. بەمشێوە لەگەشەکردنی ئەو پرەنسیپانە و پاراستنیان لەنێو حیزبدا، رۆڵێکی بەرچاو دەگێڕێ. لەو ماوەدا کەحیزب بەتوندی لەلایەن ئەو حیزبە چەپ و تەنانەت ئیسلامییانەوە دەکەوێتەبەر هێرش و هەوڵدان بۆ بەلاڕێدابردنی، د.سەعید لە راگەیەنەکانی حیزبی و کۆبوونەوەکاندا، زۆر بەروونی و بەبەڵگەوە هەڵوێستی داهێنەرانەی حیزب لەسەر کۆمەڵێک چەمکی گرینگ وەک مافەنەتەوایەتییەکان، سوسیالیزم، دێموکراسی، پێوەندییەکان لەگەڵ رۆژهەڵات و رۆژئاوا، کۆماری ئیسلامی و مانەوە لەئێرانێکی دێموکرات کەدەستەبەری مافەکانی نەتەوەیی کورد بێ روون دەکاتەوە بەمشێوەیە پەرژینێک لەنێوان حیزب و ئەو رێکخراوانەدا دروست دەبێ. دواتر بەپەسەندکردنی "سوسیالیزمی دێموکراتیک" ریزبەندییەکان ئاشکراتر دەبن. مێژووش ئەوەی نیشان دا کە چەقینی هێندێک لەو رێکخراوانە لەناو ئەم زەلکاوەدا بووبە هۆی تووناً بوونیان.

لایەنگریی لێبڕاوانەی کاک سەعید لە"سوسیالیزمی دێموکراتیک"، دەگەڕێتەوە بۆ لایەنگری لەچەپییەکی داهێنەرانە نەک بە سۆغرە گرتنی وشەی "سوسیالیزم" لەبڵاوکراوە چەپییەکان و چەمکی "دێموکراسی" لەتێئۆرییەکانی رۆژئاوا، بەڵکوو هەر لەبنەڕەتدا سوسیالیزمی دێموکراتیکی پێ سیستمێکی ئابووری و سیاسیی گونجاو بوو بۆ کۆمەڵگای کوردەواری کەهەژاری لەناو بەرێ، دادپەروەریی کۆمەڵایەتی، یەکسانی و ئامرازو موئەسەساتی گەشەئەستاندنی ئابووری دابمەزرێنێ و کۆمەڵگا بەرەو پێشەوەببا. کاک د.سەعید لەوەی کە شەهید دوکتور قاسملوو لەهێندێک جێدا ئاماژەی پێدەکا کە "حیزب ناکەوێتەژێر هیچ جەویکەوە،بەڵکوو جەو دروست دەکا"، زۆر کارسازو کاریگەر بووەو بوێرانە لەو هەڵویستانەی حیزب کەلەسەر بنەڕەتی سیاسەتە سەربەخۆکانی حیزب پێک دەهاتن، روونکردنەوە دەداو بەرگریی دەکات. بەمشێوە داهێنەریی و سەربەخۆیی لەبڕیاردان لەحیزبی دێموکراتدا، دەبێتە ئەسڵێکی بێئەملاوئەولای حاشاهەڵنەگر و تاکی حیزبی لەم ژینگەیە دا مێشکی شکل دەگرێ.

١٧ی سێپتەمبەری ٢٠١٩

---------------------------------------

## وەفاو ئەمەگی کاک سەعید بۆ گەورەیی دوکتور قاسملوو

بە دوای شەهیدبوونی دوکتور قاسملوو، کاک سەعید وەک جێگری سکرتێڕی گشتی هەرچی کردی دڵی بروایی نەدا بچێتە ماڵەکەی د.قاسملوو. پێشمەرگەکانی پارێزەری شەهید قاسملوو بە هۆی دووری ماڵەکەی کاک سەعید لە بنکەکەیان بۆیان زەحمەت بوو وەک پێویست پارێزگاریی لێبکەن، کاک سەعید هەر لە گەڵ ئێمە دەژیا، بەڵام ئەمجارەیان بەم جیاوازییە بە جێگای کاری رادیو و ئینتیشارات ئەرکی هەموو کاروباری بزووتنەوەی لە ژوورەکەی خۆی دا گرتبوە ئەستۆ، نزیک بە شەش مانگ بە سەر ئەم کارەساتە دا تێپەریبوو، هەتا لەسەر بریاری پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندیی کاک سەعید ناچار کرا جێگۆرکێ بکات و بچێتە جێی ژیانی دوکتور قاسملوو.

کاک سەعید لەبەر ئەوەی ملکچی بڕیاراتی حیزب بوو قبووڵی ئەم بڕیارەی کرد.بەڵام کاتێ چوو بۆ خانوەکەی دوکتور قاسملوو لە دوو هۆدەی ماڵەکەی تەنیا یک هۆدەی بۆ ژیان و بۆ کار هەلبژارد، ئەویش ئەوهۆدەیە کە شوێنی کاری ڕۆژانەی دوکتور قاسملوو بوو، ژوورەکەی دیکە کە دیوی حەسانەوەی بوو دەستی لێ نەدا، هەرچی کەل و پەلی شەخسی دوکتور قاسملوو بوو کۆی کردەوە، بە ئەمانەتەوە لەودیوەی دانا و مەلافەی بەسەر داکێشاو دەرگاکەی قفل کرد هەتا ئەوکاتەی خوشکە نەسرینی هاوسەری د.قاسملوو لە پاریس را گەرایەوە قەندیل، ئینجا بە چاوەدێریی ئەو دەرگای ژوورەکەی کردەوە و مەلافەکانی لەسەر هەڵگرت.

کاک سەعید لە گەڵ ئەوەیکە لەدوای شەهید بوونی د. قاسملوو ببووە کەسی یەکەمی حیزب، بەڵام هەتا پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندی کە بە تێکڕای دەنگ وەک سکرتێری گشتی دیاری کرا لە ژێری هەر نامەیەک دا کە دەینووسی وەک جێگری سکرتێری حیزب واژۆی نامەکەی دەکرد.

دوایی دیتمان دوای مەرگی خوێناوی کاک سەعید چۆن گوێپچکرێنەی کورسی دەسەڵات لە ناو حیزبدا دەستی پێکرد...

١٩ی سێپتەمبەری ٢٠١٩

## سووریا گۆڕەپانی ململانیەکی گەورەی نێوان زلهێزەکان

ئاشکرایە ئەمریکا لە ناوچەکەدا بەدوای بەرژەوەندیی خۆی دا دەگەڕێ. بۆیە هاوپەیمانەتیش لە گەڵی دەبێ لەسەر ئەو بەرژەوەندییە بێ، تۆی کورد لە ڕووی ناچاری لەگەڵ ئەو هاوپەیمانییەتە دا کەوتی کە ڕووداوەکانی ناوچەکە بەسەریان سەپاندی.

سووریا گۆڕەپانی ململانیەکی گەورەی نێوان زلهێزەکان وولاتانی ئیقلیمی و گروپە میلیشیاکانە.ئەگەر گورگەکانی نیئۆ عوسمانی بیانهەوێ پەلاماری ڕۆژاوای کوردستان بدەن بەدڵنیایی زۆر لایەن دێنە سەر خەت.

کورد لە ڕۆژاوا شەڕ لە سەر مان ونەمانی خۆی دەکات. ڕۆژاوا دەرفەتێکی زێرینە کە کورد لەدوای پەیماننامەی شوومی سایکس - پیکۆ بۆی لە بۆسەی دایە. پەلاماری تورکیە بۆ سەر ڕۆژاوا کوردەکانی بەشەکانی دیکە ش دێنێتە سەر هێڵ و لێکیان نیزیکتر دەکاتەوە، هەر وەک "کۆبانێ" کە چاوی هەموو کورد و جیهانی لەسەر بوو.

لە لایەکی دیکە بۆ ئەوەیکە ئیعتبار بۆ سیاسەتی ناڕوونی ئەمریکا بگەڕێتەوە ناکۆکی لە نێوان دێمۆکراتەکان و کۆماری خوازەکان دا دێتە پێش، تەنانەت بەشێک لە کۆماریخوازەکان لە دێمۆکراتەکان نیزیک دەکاتەوە بۆ ئەوەی ترامپ لغاوبکەن. ئەوەش دەزانین کە ئەمریکا بەرژەوەندی خوازە و هەروا بە سانایی لەو ناوچەیە ناچێتە دەرەوە. لە لایەکی دیکەش ئەو هاوپەیمانەتییەی نێوان روسیە وئێران وتورکیە لەمەر قەیرانی سووریە وەک خۆی نامێنێ و هەڵدەوەشێتەوە. وەنەبێ وڵاتانی ڕۆژاوایی لەماهییەتی تورکیە و ئۆردووگان بێ ئاگانەبن و بە مەترسییەکانی نەوەکانی عوسمانی نەزانن.

تورکیە هەنووکە لەزەلکاوێکی قووڵی ئابووری دا چەقیوە، بە چوونە ناو ڕۆژاوای کوردستان زیاتر لەو باتلاقە دەچەقێ کە دەرچوونی زەحمەت خوی دەنوێنێ. ئەمەش دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی قووڵتری نارەزایەتیەکانی ناوخۆیی و لە نیهایەت دا پارچە بوونی تورکیەی لێدەکەوێتەوە.

لە کۆتا قسە دا هەرچەند شعووری کوردو ژێئۆپۆلتیکی کوردستان فاکتەرێکی بە هێزن بۆ ئەوەی کورد لە حیساباتی ناوچەکە دا پەراوێز نەخرێ، بەڵام بەهۆی نەبوونی ئەزموونی سیاسەت لە زۆر قۆناخ دا لە کورد تەنیا وەک کارت کەڵک وەرگیراوە. زۆرمان گوێ لێ بووە کە کورد شەرکەری چاکە و لە مەیدانی شەڕ دا ئازایە، بەڵام کورد هاوتەریبی شەرکەڕیی و ئازایەتیی نیازی بە سیاسەتمەداری کارکوشتە ش هەیە. سیاسەتیش ئەو باتلاقە نیە تێیدا بچەقی ولێی نەیەدەرێ، بەڵکو سیاسەت ئامرازێکە بۆ دابینکردنی ویستەکانت، ئەوەیکە کورد هەتا هەنووکە نەیتوانیوە کۆدەکانی ببینێتەوە.

٨ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٩

------------------------------

## نا بۆ لێکترازانی شەقامی کوردی.

ئاگادارم ئەمڕۆ لە نۆرویژ لە دوو شوێنی جیاواز دوو خۆپیشاندانی ئیعترازی لە دژی داگیرکاریی تورکیا بۆ ڕۆژاوای کوردستان بەڕێوەدەچێ. خۆپیشاندانی یەکەم لە لایەن ڕێکخستنەکانی سەر بە یەپەگە و ئەویتریشیان سەر بە یەنەکەسێ یە. هەرچەندی لێکمدایەوە بۆم قووت نەدرا لەم هەل و مەرجە هەستیارەدا کە ڕۆژاوای کوردستان هەڕەشەی قەلاچۆکردنی لێدەکرێ، کارەساتەکانی دوای ئەم داگیرکارییە هەموو کوردی دڵنیگەران و بەپەرۆش کردوە چۆن ئەم دووڕێکخستنە هێشتا نەهاتوونە سەر ئەو عەقلییەتە کە ناکۆکێکانیان وەلانێن و وزەو تواناکانیان تێکەڵی یەک بکەنەوە؟

ئێوەی کوردی ڕۆژاوا ئەگەر ئاوالێکنەبان و دژ بەیەک بن چ چاوەڕوانیەکتان لە کوردی پارچەکانی دیکەی کوردستان هەیە کە پشتیوانتان بن؟

دیاردەی دوو خۆپیشاندانی دیادەیەکی قێزونە و ناچێتە خانەی پشتیوانیکردن لە دۆزی کوردی ڕۆژاوا. وێڕای مەحکوم کردنی ئەمدیاردەیە دڵنیام سەرجەم نیشتمانپەروەرانی گەلی کوردیش دڵیان لە گەڵ منە و داواتان لێدەکەن بەرپرسیارانە تر بجووڵێنەوە، بیری چەقبەستووی حیزبایەتیی وەلانێن، کوردانە و نیشتمانپەروەرانە تەنازول بۆ ئیرادەی نەتەوەی کورد بکەن. ئەمڕۆ ڕۆژی یەکگرتنەوە دەنگی ئیعترازیتان تێکەڵی دەنگی یەکتر بکەن و هاوپێوەندیی کورد لە ڕۆژەڕەشەکان دا نیشانی داگیرکەر و جیهان بدەن. بەمجۆرەیە کە نوتفەی ئەو هیوایە لە دڵی داگیرکەران دا دەکوژن کە خەون بە دووبەرەکی و ناتەبایی نەتەوەی کورد دەبینن...

١٢ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٩

-----------------------------------

**نادیه مراد!**

**خەڵاتەکەت لای گەلی کورد بایی پووشێکە...**

**نەتەوەی کورد وەکوو هەموو کارەساتەکانی دیکەی مێژووی خوێناوی ئەم قۆناغەش تێپەر دەکات و هەروانامێنێ. مادام "زەمان هەیە هیواش هەیە"، بەڵام مێژووی کورد لەو کەسانە هەرگیز خۆش نابێ کە کارێکیان لە دەست دەهات و نەیانکرد.**

**من پەژیوان نیم لەوەی پیرۆزبایی ئەوخەلاتەم لێکردی کە پێیانبەخشی. لە بەر ئەوەی تۆ ژانی برینە بە سۆیەکانت چێشتبوو، لەمانای تەواوی ئازاری هاو ڕەگەزو هاوخوێنەکانت گەیشتبووی، بۆیەش ئەو خەڵاتەت درایە کە لە هەرجێگایەک نادادپەروەریت دیت، لە هەرشوێنێک پێشلکردنی مافی ئینسانت دیت بێ لایەن نەبی و دەنگی خۆت لە دژی هەڵببڕی ولە بایەخی ئەو خەلاتەت بۆ پێشگرتن لە ڕژانی خوێنی غەدرلێکراوان کەڵک وەربگری.**

**نەکا نەتزانیبێ کە کوردی ڕۆژئاوا ئەوە ماوی دە ڕۆژە لە زەمین و ئاسمانەوە کەوتوونەتە بەر شاڵاوی دڕندەترین سپای داگیرکەری تورک، لەو پێیەدا سەدان ژن و منداڵی بێدیفاع ژیانیان لە دەست داوە، بە سەدان هەزار کەس ئاوارە بوون و مەترسی قەلاچۆکردن لە نەتەوەیەک دەکردرێ؟**

**من زۆریت لێناکەم و لێتناخوازم وەک کوردێک سەبارەت بەم غەدرە دەنگ هەڵبری، بەڵکوو بەناوی نەتەوەیەکەوە داوات لێدەکەم وەک ئینسانێک وەک پێبەخشراوی گەورەترین خەڵاتی ئاشتی داکۆکی و بەرگریی لە مرۆڤە لێقەوماوەکان بکەی. ئەگینا تۆ هەرگیز شایانی ئەوخەلاتە نابی کە پێتدراوە.**

**کورد خەڵاتەکەت بە پووشێک دانانێ...**

**٢٠ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٩**

## هەرگیز چیرۆکی گەورەیی ژنی کورد ناگاتە کۆتایی.

ئەم شەرڤانە ناوی چیچەک(گولێ)یە و شێرەژنی دەوەری کۆبانیە. هەمان کۆبانی کە داستانی بەرخۆدانی کەوشەنەکانی بڕی و بوو بە میراتی ئازایەتی پشتاوپشتی بابو کالمان، گولێی شێرە ژن هەنووکە ئەسیرەو دەوری بە کەمتیارە چاوبرسییەکان گیراوە.

گەلۆ.

ئەگەر ئەمە لووتکەی بەرزیی هەڵوێست و مەزنایەتیی ژنی کورد نەگەیەنێ، ئەگەر ئەمە دڕندەیی تورک و هێزی درۆیینی ئانکارا دەرنەخات، ئەگەر ئەم دیمەنە ترسی کەمتیارەکان لە بوونی ژنی کورد نیشان نەدات، چۆن ئاوا بێشەرمانەو ترسەنۆکانە دەتوانن وێنەی یادگاریی لە گەڵ شێرە ژنی ئەسیری کۆبانێ دا بگرن؟

ئەم شەرڤانە بەم دیمەنەی جارێکی دیکە ئانکارای تێرۆریستی دژە کوردی ریسوای جیهان کرد و ڕوومای راستەقینەی خێڵی دڕندەی تورکی بۆ هەموو لایەک دەرخست.

تۆی تاکی کورد بە دیتنی ئەمدیمەنە چ هەستێک داتدەگرێ؟

ئەگەر ناتوانی سەنگەری بەرەنگاریی پڕکەیەوە خۆ دەتوانی بە چەکی کاریگەریی بایکۆت کردن ئانکارای داماڵدراو لە هەستی مرۆڤایەتی بە چۆک دابێنی.

سڵاولە گولێی کوردان شێرە شەڕڤانی ڕۆژئاوای نیشتمان.

٢٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٩

## دەسەڵاتی تاران بەرامبەر بە کورد قین لەزگە...

ئێران کەوتۆتە حالەتێکی تەقینەوەی جەماوەریی. چەخماخەی تەقینەوەکانی خەڵک لە زۆربەی شارەکانی ئێران لە دژی سیاسەتە دژی گەلی یەکانی ڕێژیم لێدراوە. ئەم ڕەوتە چەندین شاری رۆژهەڵاتی کوردستانیشی گرتۆتەوە. بەڵام خۆپێشاندانی خەڵکی کوردستان بە ئاوری توندی هێزەسەرکوتکەرەکانی ڕێژیم وەڵام دراوەتەوە، بەجۆرێک بۆتە هۆی کوژران و برینداربوونی دەیان کەس. ڕێژەی بەرچاوی قوربانییەکانی کوردستان نیشاندەدات کە دەسەڵاتی تاران رقێکی نەشاراوەی لە گەلی کورد لە دەروون دایە، گەلی کورد لە ئێران هەمیشە گەلێکی پێشەنگ بوە و لە ڕوانگەی گەلانی ئێرانەوە بە گەلێکی چاونترسی خەباتگێڕ ناسراوە، بۆیە ڕێژیم بۆ چاوترسێن کردنی گەلانی ئێران و سەرکوتکردنی هەر چەشنە سەرهەڵدانێکی خەڵک، بێ ڕەها دەست لە کورد دەوەشێنێ. بۆ ئەوەی کوردستان نەبێتە جێگای بەتاڵکردنی رقی گڵاوی دوژمن و بیان و نەدرێتە ڕژیم بۆ کوشتاری زیاتری خەڵکی کوردستان پێویستە نارەزایەتیەکان بە شێوازێکی ئارام بەڵام لە هەمانکاتدا بەربڵاو و هەماهەنگ دەست پێبکات، نارەزایەتییەکانیش گرێ بدرێتە نارەزایەتی سەرانسەری ئێڕان. بەمجۆرەیە کە دەسەلات لە ئاست خەڵکی یەکگرتوودا بە چۆکدادێ و مل بۆ زۆر شت لە ڤازانجی خەڵکدا نەوی دەکات.

پێویستە لە هەموو شارەکانی کوردستان کۆمیتەی بەڕێوەبەریی خۆپێشاندان پێک بێ و ئەم کۆمیتانەش ڕەبەرایەتی ناڕەزایەتیەکان بکەن...

لەوە دڵنیاین هیچ هێزێک لەبەرامبەر لافاوی بەتەوژم و پڕ لە تووڕەیی هێزی گەل دا خۆ ناگرێ و ڕادەماڵدرێ.

سلاو لە گیانی شەهیدانی ڕۆژهەڵات

بژی هێزی گەل، هێزی خەبات و ڕاپەڕین...

١٧ی نۆڤەمبەری ٢٠١٩

## تاوان و غەدرێکی ئاشکرا

تاوان و غەدرێکی ئاشکرا کە لە ١٧ی سەرماوەزی ساڵی ١٣٧٦ لە پێشمەرگە کرا. جنایەتێک کە قەرارگای ڕەمەزان گەلاڵە داڕێژی بوو بەشێکیش لە بەکرێگیراوانی ناو یەکێتی نیشتمانی کوردستان بەڕێوەیان برد. جینایەتێکی سامناک کە درێژەی هەمان ئەو زنجیرە کوشتارانە بوو لە باشووری کوردستان دەرهەق بە تێکۆشەرانی خۆرهەلات ئەنجامدرا. تۆماری چیرۆکێکی تاڵ لە مێژووی ڕەشی خەیانەت کە نەوە لەدوای نەوە دەیبیسێ ونابڕێتەوە.

دڵنیا بن:

لە نیگای تووڕەی هەر دایکێکی شەهیدو، هەر منالێکی باب کوژراو، هەر پێشمەرگەیەک وهەر نیشتمانپەورێک وهەر ئازایخوازێک، سکالایەک بۆ ئەم شەرمەزاریتان بۆ دادگای مرۆڤایەتی بەرزدەبێتەوە،لە سپێدەی ئەم نیشتمانەدا دا دەکەونە ناودۆزەخی رق ونەفرەتی بنەماڵەی شەهیدان و بە بلێسەی ئاە و نزایان دەسووتێن. هەرگیز ویژدانی کورد ناتانبووری و لە تاوانتان خۆش نابێ.

یاد و ناوی شەهیدانی ١٧ی سەرماوەزی بازگەی کۆیە و هەموو شەهیدانی سوورخەڵاتی ڕۆژهەلات کە لە باشووری کوردستان بە غەدر خوێنیان ڕژا بەرز و پیرۆزبێ.

سڵاو لە گیانی نەمرییان

نەمان بۆ ڕێژیمی پەت و سێدارە و بۆ بەکرێگیراوەکانی خەیانتکارو کورد کوژ..

٨ی دێسەمبەری ٢٠١٩

-----------------------------------------

**ساڵی: ٢٠٢٠**

------------------------------------------

**دۆخی عێراق و کۆمەڵە پرسیارێک کە پێویستە وەڵامیان بۆ بدۆزرێتەوە.**

**کوژرانی قاسم سولەیمانی و ئەبومەهدی موهەندیس و لێکەوتەکانی، باشووری کوردستان دەخاتە دۆخێکی هەستیار و چارەنووس ساز.**

**١- سەرکردایەتی کورد چۆن دەتوانێ بە راگرتنی بالانس لە نێوان هێزەکانی دەرگیری ناوکێشەکە کوردستان لە مەترسیەکان بپارێزێ؟**
**٢- دەزانین لە ڕوانینی نێوان دووهێزی سەرەکی باشوور واتە یەکێتی و پارتی سەبارەت بە ئەمریکا و ئێران جیاوازی زۆرە، ئایا ئەم دوو هێزە چۆن هەڵسوکەوت لەگەڵ دۆخەکە دەکەن کە کورد زەرەمەند نەبێ؟**
**٣- ئایا پارلەمانی عێراق حوکم بە دەرکردنی هێزەکانی ئەمریکا لەم ولاتە دا دەدات؟**
**٤- ئایا کودەتایەکی سەربازی لە بەغدا لەلایەن حەشدی شەعبییەوە ڕوونادات؟ ئەگەر ڕووی دا کورد دەبێ چ بکات؟**
**٥- لە سیناریۆیەکی ئەوتۆ دا کەرکووک وناوچە دابڕاوەکانی کوردستان پێشمەرگەیان بۆ ناگەڕێتەوە؟**
**٦- ئایا ئەم دۆخە، عێڕاق ناکێشتە ناوشەرێکی ناوخۆیی لە نێوان شیعە لە گەڵ شیعە و سوننە لە گەل شیعە و کورد لە گەڵ حەشدی شەعبی؟**
**٧- ئەمریکا ئەگەر هێزەکانی خۆی لە شوێنە عەرەب نشینەکانی عێراق بکشێنێتەوە و لە کوردستان جێگیریان بکات، بەمکارە هەولێر ناکەوێتە بەر هێرشی مووشەکی ئێران؟**
**٨- ئایا تورکیا بە بیانوی پاراستنی تورکمانەکانی عێڕاق پێ نانێتە ناو خاکی هەرێمی کوردستان؟**

٩- ئایا ڕێکخراوی تێرۆریستی داعش سەرلە نوێ سەرهەڵناداتەوە و ئەگەر چالاک بێتەوە ڕێکارەکانی بەرگری کردن چۆن دەبێ؟

١٠- ئایا هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کوردی ڕۆژهەڵات نیشتەجێ لە باشوور خۆیان بۆ ئەگەرەکانی هەر هێرش و پەلامارێکی دووبارەی مووشەکە دوورهاوێژەکانی ئێران ئامادە کردوە؟

وەڵامدانەوە بەم پرسیارانەو چەند پرسیارگەلێکیتر کە لەم پێوەندییە دا دێنە پێش، بەرچاوورونێکمان دەداتێ بۆ دۆخی هەستیاری ئەمرۆی عێراق وناوچەکە.

٤ی جانێوێری ٢٠٢٠

---------------------------------------------------

## گۆیا هۆکاری خستنەوە خواری فرۆکە ئۆکراینیەکە ئاشکرا بووە...

دەنگۆی ئەوهەیە یەکێک لە سەرنشینانی ئەم فرۆکەیە کە تەمای هەبوو لە ئێران رابچێتە ئوکراین ولەوێش را پەنابەری کانادا بێ یەکێک لە پارێزەرەکانی پێشووی قاسم سولەیمانی بووە بەناوی محمد صالحیە کە تکواندوکارە ویەکێکیشە لە نوخبەکان، دەزگای زانیاری سپا لە خولەکی نەود دا لە پلانی ڕۆیشتنی ئەوکەسە لە گەڵ خێزانەکەی بەناوی زهرا حسینی ئاگادار دەبێ، فرۆکە لە کاتی هەڵفرین دایە، بۆ ئەوەی نەگاتە مەقسەد فەرمانی تەقاندنەوەی دەدەن و بە مووشەک دەیخەنە خوارەوە. بۆ چی فرۆکەکەیان ناچار بە نیشتنەوە نەکردوە ئەمە خۆی جێگای پرسیارە؟

محمد صالحیە دەبێ هەلگری چ زانیارییەکی گرینگ بووبێ کە ئامادە بوون ۱۷۵ کەسی دیکە ی لە گەڵ دا بکووژن؟ لەسەرەتاکاندا سیستەم پاساوی کێشەی تکنیکیان بۆ فرۆکەکە هێنایەوە بەلام دوایی لە ژێر فشاری نێودەلەتی دا ناچار بوون دانی پێدانێن کە بە هەڵەفرۆکەکەیان بەرداوەتەوە وشانۆیەکی فریودەرانەی منداڵانەیان ساز کرد.

ئاخر رێی تێناچێ مووشەک لە فرۆکە جیانەکرێتەوە، ئەویش لە تاریکی شەودا کە مووشک ئاوری لە پشتی دێتە دەر و خێرایی دووهنیدەی فرۆکەیە، بەڵام فروکە هەم قەبارەی مەزنترە و هەم چراکانی پێشەوەی دایسێ و هەمیش کابینی فڕۆکەوان و ناوژووری نیشتەجێ بوونی سەرنشینەکانی رووناکە...

۱۳ی جانێوێری ۲۰۲۰

-----------------------------------

## لە پەراوێزی پێشانگاکەی لۆزانی سویس دا

میللەتێکی چەوساوەی وەک کورد ئەگەر شارەزای مێژووی خۆی نەبێ و هەوڵیش نەدات بەدواداچوونی بۆ بکات بە دڵنیایی هەر لە جەغزی بێشووناسی خۆی دادەخولێتەوە وهەروا بە کۆیلەیی دەمێنێتەوە.

لە ڕێکەوتی هەشتی فێورییەی ٢٠٢٠ی زایینی پێشانگایەک وفیلمێکی بەڵگەنامەیی لە ژێر ناوی "یازدە مانگ و بیست ڕۆژ بەختەوەری" لە سەر کۆماری کوردستان لە کۆمۆنی Renens سەربە شاری لۆزانی سویس کرایەوە کەلایەن هونەرمەندی بە پەرۆش کاک سمایلی مامڵێ بە خەرجی خۆی و بە ماندووبوون و زەحمەتێکی زۆر ئامادەکرابوو.

دەگەڵ ئەوەیکە سێ حەوتوو پێشتر ئافیشی ئەم پێشانگایە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی وەک فەیسبووک ولە ڕێگای واتساپ و تێلەگرامەوە بلاوکرابۆوە لە ناباوەڕێکی زۆردا ژمارەیەکی زۆر کەم لە دیاسپۆرای کوردانی سویس بەتایبەتی کوردانی رۆژهەلاتی کوردستان بەشدارییان کردبوو. ئەمە بۆ من زۆرجێگای داخو کەسەر بوو، خۆ نەبێ نەزانم چەند کوردی ڕۆژهەلاتی وبەتایبەتی ئەندامانی حیزبی دێمۆکرات بە هەر دوو لایەنەکەیەوە لە سویس دەژین، بەتایبەتیش ئەوە دەزانین سویس جوغرافیایەکی زۆر چووکەی هەیە، دوورترین شاربە لۆزان لە سێ کاتژمێر تێناپەڕێ. ئەوەندەیش ئاگادار بم زۆربەی ئەندامانی حیزبی لە مەودای یەک کاتژمێرو نیوی لۆزانەوە دەژین. لە ژنێف دەیان کوردی رۆژهەڵاتی دەژین، بەشداریی نەکردنیان لەم پێشانگایە وەک خەمساردییە پێناسەدەکرێ کە چۆنە میراتێکی مێژوویی حەفتاوچوار ساڵەی حیزبەکەی خۆیان بۆ گرینگ نەبوو؟ دەبوو هەموو ئەندامێکی ئەوحیزبە ئەمەیان وەک ئەرکێکی نیشتمانی سەیر کردبا. دەبوو کردنەوەی ئەو پێشانگایە و نیشاندانی ئەم فیلمە دێکۆمانتارییە لە لایەن ئەوانەوە بانگەشەی بۆ کرابا نەک کەسێکی تر.

ئەو بەڵگەنامانەی کۆماری کوردستان کە لەم پێشانگایە دا دیتم بۆ من زۆر نوێ بوون، هەتا ئەودەمە زۆریانم نەدیتبوو. دەگەڵ ئەوەیکە وێنەکان و دەستنووسەکان و فیلمەکە دەتبەنەوە ئەوەسەردەمە، بەلام لەلایەکی تر سەرسامت دەکەن کە کۆماری نیشتمانی کوردستان کە بوو بە جێگای شانازی و سەرفرازی گەلی کورد، چۆن لە خالی

سیفرەوە دەبێتە ئەم کۆمارە کە ناسنامە بە کورد دەبەخشێ و تیشکەکانی کۆمار سنوورە دەسکردەکان دەبڕێ و پڕشنگ دەهاوێژێتە هەموو نیشتمانی کوردان؟

نەهاتن و بەشداری نەکردنی ئەندامانی حیزبی دێمۆکرات هیچ پاساوێک هەڵناگرێ...

پێویستە بۆ مێژوو بڵێم کە لە هەردوولایەنی حیزب تەنیا شەش کەس بەشدار بوون، سێیان لەمبەرو سێشیان لەوبەری...

بەڕێز مامۆستا ئاسۆ پیرۆتی لەسەر ئەرکی خۆی چ لە باری ماڵی وچ لەباری مەعنەوی و چە لەباری بەڕێوەبەریی ئەو پێشانگایە دەورێکی بەرچاوی گێڕا...

١٠ی جانیۆری ٢٠٢٠

-----------------------------------------------

## ئەحمەدی شاملوو و ژان پول سارتر

ئەوکاتەی شاعیر وبیرمەندێکی وەک شاملوو نەیتوانی شۆڕش مانا کاتەوە ئاخوند یش ئاوا چل ساڵان دەبێتە جەللاد و خوێنی خەڵک لە شووشە دەکات و دەیخواتەوە.

ئەحمەدی شاملو شاعیر، نووسەر ویەکێک لە خەباتکارانی چەپی کلاسیک لە بەشێک لە بیرەوەرییەکانی خۆی دا دەنووسێ:

....... لە دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ٥٧ بە پێی دۆستایەتی وناسینێک کە لە گەڵ "ژان پۆل سارتر" نووسەرو بیرمەندی بەناوبانگی فەرانسەوی هەمبوو، سەرخۆشی ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی پەهلەوی بووم، نامەیەکم لێنووسی و ئاوام کۆتایی پێهێنا:

جەنابی سارتر!

بۆچی ئێوە لەمبارەوە پیرۆزبایی سەرکەوتنی شۆڕشتان لێ نەکردین

شاملوو دەنووسێ:

سارتری مەزن وەڵامێکی پێدامەوە کە هەتا هەموو ئەوساڵانە وەک کوتێکم لەسەری دەن وابوو.

"ئەوە چ ڕاپەڕینێکە کە ڕێبەرەکەی کەسێکی ئاینی بێ و ئاکامەکەشی سوڵتەی حکومەتێکی دینی بێ و پێشی بڵێین شۆڕش؟ مەگەر نە ئەوەیکە شۆڕش گۆڕانە بە رەو پێشەوە؟ێ ئێوە گەڕانەوەتان بەرەودواوەکردوە، ئەوەی ئێوە کردتان شۆڕش نەبوو. ئێوە لە داهاتوو دا ناچار بە شۆوڕشێکی ڕاستەقینە دەبن ئەویش روداوێکی هاوتای ڕونسانسی ئورووپا، یانی هێنانە خواری دەسەلاتی دینە کە بەداخەوە جگە لە شۆڕش هیچ شتێکی دیکە چارەی ناکات"...

١٢ی فێبریوێری ٢٠٢٠

## مەرگی سیامەند ڕەحمان و چەند قسەیەک

سیامەند قارەمانی چەندین پارائۆلۆمپیکی جهان بە هۆی راوەستانی دڵ کۆچی داویی کرد.

شک لەوە دانیە جیهانی وەرزیش یەکێک لە گەورەترین کەسایەتیەکانی وەرزیشی خۆی لەدەست دا. سیامەند رێکورد شکێنی بێ رەکابەری جیهانەو ئەمەش ناوبراوی لەم بوارەدا هەتاهەتایی کرد.

مەرگی سیامەند لە ناو تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان دا دەنگیدایەوە هەرکەس بە پێوەری و بە گوێرەی تێگەیشتنی خۆی چاک و خراپ لەسەر ی نووسی، کۆمەلێک بێ بەزەیانە پەلاماری رووح و کەسایەتی ناوبراویان دا و بە خراپی ناویان زڕاند.

سیامەند کورە کوردێکی مافخوراوی نەقوستان بوو. باسی کورد بوونەکەی لەولای ڕاوەستێ، بەڵام مرۆڤێک بە نەقوستانی و بەم ئیمکاناتە بتوانێ خۆی بگەیەنێتە چڵە پۆپە و ناوی لە مێژووی وەرزش دا وەک قارەمان تۆمار بکات جێگای ڕێزلێنانە. کورد ئەگەر چەند قات زولمی لێکرابێ و بەشی خواربێ سیامەندی نەقوستان پلەیەک زیاتر بەشی خوراوە. ئەو نەتەنیا نەقوستانێکی سەر وێلچر بوو بەڵکوو بەهۆی کێشی زۆری هیندەی دیکە لە تەنگ و چەڵەمەی ژیان دابوو، بەڵام لەسەر ئەم حاڵەش ڕا نەیهەویست کۆمەڵگا بە چاوی مرۆڤێکی بێکەڵک سەیری بکات. ئەو بڕیاری دا چۆک بە نقوستانی دابدات و جیهان سەرسام بکات...

بێ بەختی سیامەند یەکەم ئەوەبوو کوردە دووهەم لە ولاتێک دا دەژیا کە حکومەتەکەی یەکێک لە سەرەڕۆترین و هارترین حکومەتەکانی جیهانە. لە سیستەمێکی وادا کەس خاوەنی خۆی نیە، هزرو تواناکان دەبنە پاوانی دیکتاتور. سیامەندیش قوربانی ئەو سیستەمە هارە بوو.

ئەگەر تەنیا گلەییەکی من لە سیامەندی کۆچکردووم هەبووبێ ئەوە بوو لەو دەرفەتانەی بۆی هەڵکەوتبوو کەڵکی وەرنەگرت کە وەکوو دەیان قارەمانی دیکە شەپ لە ئێران هەڵدات و ببێتە پەنابەری ولاتێکی دیکە کە هەم بە

ناسنامەی کوردی شانازییەکانی بۆ خۆی تۆمار بکات و هەمیش بە هۆی پێڕاگەیشتن و ئیمکاناتی چاوەدێری پزیشکی ئەم وڵاتانە سڵامەتی گیانی خۆی پاراستبا و...

سیامەند وەکوو سەدان پاڵەوانی دیکەی ئەوم ولاتە بوو قوربانی سەرەڕۆیی دیکتاتۆرو بەداخەوەش ئەو جۆرەش کە پێویست بوو رێزی لێنەگیرا.

ڕوحی شاد.

سەرەخۆشی لە کەس وکاری و لە خەڵکی شنۆی هەمیشە کورد وکورد پەورەر دەکەم.

٣ی مارچی ٢٠٢٠

-------------------------------------

# کۆمەڵێک هونراوە

-------------------------------------

**سەردەشت،**

تەزوویەک بەجەستەی کوردســتانەوە
سەردشتی من
هەرچی ساڵە بە بێدەنگی
هەر بەتەنیا،

بۆ خۆی بیشکەی خەمی ڕادەژێنێ

هەر بە تەنیا،

لێوەکانی خوی دەکرۆژێ

هەر بەتەنیا،

خۆ ی فرمێسکی خوێن دەڕێژێ

هەر بە تەنیا،

خۆی لەپرسەی مەرگی بزەکانی دادەنیشێ

قورگی ویشک و برینداره

هیچ کانییەک تینوویەتی ناشکێنێ

ســـەردەشتی من

سالآنێکە خەولە چاوەکانی زڕاوه

کوانووی ئازار دەوری داوه

ســـەردەشتی من

هیچ شەوێ نێ

سـێوی دڵی ڕانەچڵەکێ

هیچ شەوێ نێ

خـــەمەکانی بە پێی پەتی

شەقامەڕێ و کۆڵانەکانی شارنەگەرێ

سەردەشتی من

زۆر دەمێکە بۆتە ژانی خاکم

بۆتە خوێنێکی دەڵەمەی شـادەماری کوردستانم

بۆتە هەناسەی خینکاوی سییەکانی نێشتمانم...

شـێربەگی ئەحمەد

سەردەشت لە ئازارت دا بەشدارم...

## سوورە شنگاڵ

سوورە شنگاڵی برینداری کورد!
بارەگای پڕ خەم و ئازاری کورد!
کورد، لە سەر تۆیە هەموو یەک دەنگن
دەست بە ئاڵاوە هەموو یەک ڕەنگن
چاوی باشوور و دڵی باکووری
بە قەدەر تاڵێی مژۆڵ لێم دووری
شەو بە قرمەی چەکی ڕۆژ ئاواوە
مۆمی هیوا لە دڵم بووژاوە
ڕۆژهەڵات، ڕۆژی کە هەڵدێ بە سڕی
پیری کۆمارە بە ڕوویدا دەگری
مینبەرە ئاواڵەکەی کۆمارە
وا بە زامی گەلەوە، زامدارە
لەشکری کورد، بە شەڕی کوفرەوە دێ
لە مەهاباد و دیار بەکرەوە دێ
خوێنی هەولێر دێ لە زامی شنگاڵ
ڕۆحی قامیشلوو لەگەڵتایە، هەڤال
با بنووسرێ بە هەزاران داستان
بووی بە قوربانی هەمووی کوردستان
لە هەڵەبجەی خەم و ئازارەوە دێم
نا لە سەردەشتی چیا و دارەوە دێم
کورد! لە ئەنفالەوە ڕابوونەتەوە
ئەم برینانە بە سۆ بوونەتەوە

جینۆساید، دەربەدەری و ڕاگواستن

زیاتری خاک و گەلم پاراستن

ئەوەتا، لەشکری کورد هاودەنگن

ڕوو لە شنگالْ گوڵی شۆخ و شەنگن

ئایین و هێڵی سنوور، زاراوە

کاتی تەنگانە هەمووی تاراوە

سەنگەرم و شاخ و چیای خۆڕسکە

گۆڕی وێڵداشی کەرو بیر تەسکە

کورد، وڵاتێکە، سنوور دەستکردن

ئەوەتا ئەمڕۆ هەمووی لابردن

دەگەلۆ! وەرنەوە خۆ، ئەم کوردین

هەر چی ویست، دوژمنی گەل لێی کردین

حەوت هەزار کەس لە مەهابادی سوور

ڕووس هەڵی لووشی بە لوولەی بافوور

ئەوە شیمیایی هەڵەبجەی نازدار

ئەوە سەردەشتی گوڵی لەش زامار

کامە ئایین بوو لە کورد، خواردی خەم

ئەوە شنگاڵی هەتیوی سەردەم

قوڕی کوێ کەم بە سەرمدا بۆتان

گەیوەتە کۆشکی سپی، بۆ سۆتان

ویستی کۆشنیرە ئورووپا دێنێ

دیپلۆماتان لە خەو هەڵدەستێنێ

بۆنی قاسملووە دێ لەو ناوە

ڕێز و سنگی لە ئورووپا ماوە

منی کورد، لەشکری ئیسلامی چی؟

جارییە و کوشتن و ئێعدامی چی؟
قاعیدە و داعش و ئیخوان و جیهاد
خوێن و شمشێری بەرێم دێننەوە یاد
هەر دەمەی ڕیشی بە ڕەنگێکەوە دێ
بە پەڕۆی چڵکنی نەنگێکەوە دێ
سەلەفی و کۆنەپەرست و بۆژۆ
هەر یەکەی جۆرێ دەکەن، ڕیشاژۆ
گەندەڵ و پۆگەن و دڵ کرمۆڵن
ڕەنگ حەرامزادە، هەموویان زۆڵن
شەڕی ئیسلام هەوەڵیش هەر وا بوو
قەولی دەسکەوتی بە لەشکر دابوو
ماڵ و ناموسی حەڵاڵ بوو دوژمن
لە کچی چووکەوە تا پیرێژن
جارییە، ئەو دەمی ناوی دەرکرد
ئایەت و شەرعی لە تاوی دەکرد
یەک لە پیرێژنی خوێن تاڵ دەگەڕا
یەک لە کیژانی دە، نۆ ساڵ دەگەڕا
کێی دەویست، زوو کەرەکەی مانی دەگرت
تۆڕعابا بوو کچی جوانی دەگرت
من مەسیحیم و یەزیدیم و یەهوود
کوردم و بۆ هەموو دنیایە، بە سوود
هەر درۆ و کوفرە بە ناوی خواوە
بە عەبا و ڕیشەوە هەڵواسراوە
بەس خودا و جوانی خودا بەد ناو کەن
بەس بە نێو خواوە مرۆڤ پاکتاو کەن!

خوا بزانێ ڕەگەزێ بێ گەڵگە
مێکرۆب و زیانیخۆری ناو خەڵکە
دەسەڵاتی هەیە خولْقاندوویە
وا بە زانستەوە سازاندوویە!
دەسەڵاتی نییە بیوەستێنێ؟!
ڕیش و شمشێرە حەقی دەستێنێ؟!
گوێ گرن هەرچی بە ناو ئیسلامن
شوێنی پێی ئێوە هەمووی هەر زامن
خوا سنوورێکی بە کورد بەخشیوە
لەوەتای خاکە، لەوێدا ژیوە
عەرەب و فارس و تورک یەک شێوەن
دژی ئازادی وڵاتی ئێوەن
داعش و هەرچی هەیە ئی وانن
بە دژی ئێمەیە، هاوپەیمانن
خوێنی کوردە لە قەڵا و کۆشک و سەرا
بۆ بە سەرنانەوە، لە پیاڵە کرا
شاربەدەر پیرەژن و پیرە پیاو
ئەوە میراتگرە هاتۆتەوە ڕاو
جارییە یاکوو کەنیزن کچ و کاڵ
سەربڕاون ژن و پیاو، پیر و مناڵ
لەشکری سوورەتی ئەنفالە کە هات
دێ هەتا کامە کچی جوانە ببات

لە ناوخۆی کوردستانەوە ئەو قەسیدەیە م لە سەر شەنگال بۆ هاتوە، لە بەر هۆکاری ئەمنییەتی هۆنەرەکەی نەیویست ناوی بڵاو بکەمەوە بۆیە منیش وێرای پاراستنی ناوی پێشکەشی دەکەم بە ڕووحی قوربانیەکانی

شەنگال...

٣٠ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٤

--------------------------------------

## مەرگی قاسملوو، مەرگی خۆرە تاوە...

گۆڕێک لە پێرلاشێز هەیە،
فریشتەکان دەبینن،
هەموو شەوێ نیشتمانم بۆ لای دەفڕێ،
دەچێتە ژوور سەری،
دڵنەوایی دەداتەوە.
گۆڕێک لە پێرلاشێز هەیە،
بەهاری هەموو ساڵێک،
نیرگزەکان چەپک چەپک، دەچنە سەری رادەوەستن،
لە تاسەی مردنی دا،
شەونم ئاسا،
زەنگوڵ زەنگوڵ ئارەقەیان دڕژێتە خوار،
هۆن هۆن فرمێسک هەڵدەڕێژن.
لەم هەوارە دوور دەستەدا،
گۆڕێک هەیە،
هەموو جارێک کە ئازادی لە گەڕان دا شەکەت دەبێ،
دەچێتە لای ئۆقرە دەگرێ.

گۆڕێک لە پێرلاشێز هەیە،
نەتەوەیەک لە تامەزرۆی دیتنی دا،
بۆی دەسووتێ و ئاور دەگرێ.
گۆڕێک لە پێرلاشێز هەیە،
پێغەمبەرێک تێدا خەوتوو،
شۆڕەسوارێکە گلاوە،
کەڵەمێرێکە پێکراوە،
لە سەر کێلەکەی نووسراوە،
کە من مردم، کورد نامرێ.
هۆ قاسملوو! هۆ پێغەمبەرە پێکراوەکەی کورد!
تۆ کێ بووی کە پەیڤەکانت لە ئامێزی دایکم گەرمتر،
هەناسەکانت لە شنەبای ئازادی فێنکتر،
خەندەکانت لە هەرچی مۆسیقایە خۆشتر،
خۆزگە بتزانیبا ژیان بە بێ تۆ چ ئاوازێکی حەزینە و
چ نەغمەیەکی غەمگینە.
مامۆستا گۆڕ غەریبەکەم!
گیانە شیرینەکەم!
من چیم هەیە لە ساڵڕۆژی نەبوونت دا پێشکەشت کەم،
تەنیا جەستەیەکی لاوازی گڕ گرتوو نەبێ،
کە ئەویشم ساڵانێکە کردۆتە، خەڵاتی سووری ڕێبازەکەت.
ئەمشەو گەرمە شینە،
هەنووکە دایە پیرەم ڕاسپاردووە بێتە دەرێ،
بەرۆکی خۆی دابدڕێ، شین بگێڕێ،
پرسەی گشتی ڕاگەیەنێ،
منیش لێرە، دوور لە زێدو کاشانەکەم،

لە سەر بستە خاکێکی سەر ئەم ئەستێرە نامۆیە،

دەستی هەرچی کێژ و کوڕە دەگرم،

دەیکەمە ڕەشبەڵکی گریان و

ڕوو بە پێرلاشێز،

سروودی ئەبەدی دەڵێینەوە.

ئێمە خەڵکی وڵاتێکی بێ ناسنامەین،

دەمانکوژن،

دەمانبڕن،

قڕمان دەکەن،

سێدارەمان بۆ هەڵدەخەن.

قاسملوو!

هاتنت لە پشکوتنی هەڵاڵە برایمە و

ئۆغر کردنت لە گوڵزاری پەپولەیەک دەچوو،

کوێر بن کە تۆیان کوشت،

ژیانیشیان کوشت،

کە تۆیان کوشت جوانیشیان کوشت،

هەرچی پێکەنین و بزە بوو تۆرا،

کۆترەکان لە گمە کەوتن،

هەمووی هەڵفرینە تاریکی،

کاتژمێرەکان کڕبۆی کەوتن.

قاسملووی کورد

تکا کارتین

بگەڕێوە چاوەرێتین،

کفنی سپیت بدرێنە،

سینگی زەوی شەق کە

بگەرێوە بە یەکجاری،

کوردستانم لە بێ نازی دا دەخنکێ

ڕزگاری کە،

بگەرێوە بە یەکجاری، کوردستانم لە بێ نازی دا دەخنکێ ڕزگاری کە،

ڕزگاری کە..

چارەگە سەدەیەک لە مەرگی سوورت تێپەری کەچی خۆری

قەندیلەکەی ناو دڵمانی

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ٧ی جوولای ٢٠١٤

---------------------

## شەرەفکەندی رووبارێک لە جوانمێری، تاڤگەیەک لە بەڵێنی

### بە بۆنەی نۆزدەهەمین ساڵوەگەری شەهید بوونی "کاک د.سەعید"و هاورێیانی

**لە باوەردا**:

لە رەمز و رازی شەو دەچووی

هەموو شەوێ

لە مێرگە جاری ئاسمانێ

مانگت لە گەڵ چەند ئەستێرە دێنا خوارێ

بە سەر بێشکەی خەونەکانت هەڵداوەسی

ترس و دڵە راوکە ی شەوت

بە دەسرازەی ورە و باوەڕ دادەپۆشی

**لەرێبازدا**:

**دەبووی بە خۆر**

**لە سپێدەی بەیانی دا**

**لە پشت لووتکەی هیواکان را دەهاتی دەر**

**بە قەڵەمی تیشکی بەژنت**

**تابلۆیەکی ئەرخەوانیت**

**لە ئاسۆی کورد وێنا دەکرد**

**لە جوانمێری**:

**هەم باران بووی**

**تەمی برسێتت دەرەواند**

**مژدەی بووژانەوەت دەدا**

**هێندێ جاریش**

**لە زەوێکی بەپیت دەچووی**

**بە گاسنی بەخشەندەیت**

**مەزرای ئەوینت دەکێڵا**

**هومێدی تێر بوونت دەدا**

**لە تەدبیر دا** :

**دەبووی بە پیرە شاخێکی بڵیند**

**بۆ پێشمەرگە دەچەمێوە**

**لە کۆنە ژوانی جارانت**

چەپکێ مێلاقەت بۆ دەچنی
رایەخێک لە ئەتڵەسی سەوزی بەژنت بۆ رادەخست
بە شێنەیی کورتەیەکت
لە سەربووردەی خوێناوی خاک بۆ باس دەکرد

لە هەڵوێست دا:

رووبارێکی خرۆشان بوو
هەرچی پیس و گەدەڵی بوو
لەرەگەوە دەرت دەێنا
لەم لاشەوە :
ویشکە ساڵێت لە گۆر دەنا
هێدی هێدی
کیلگەکانی خۆشەویستیت تێر ئاو دەکرد

لە روونی دا:

ئاوێنە بووی
پرچی خاوی تاڤگەی بیرت
بە تیشکی خۆر شانە دەکرد
لە بەرزایی هیواکان را
دەرژایە ناو دەریای خەڵک
چەلی وابوو مەندو ئارام
وەکوو نەغمەی گوێ لاوێنی نمەی باران
هیندێ جاریش

تۆفانێک بووی لە تووڕەیی
وەک گەردەلوول
وەک شریخەو و گرمەی هەوران
خۆشویستن و ڕابوونەوە:
لە گەورەیی دەریا فێر بووی
ئێمە جارێک،
هەنگاو مان نا بۆ لێواری خۆشەویستیی
کە چی ئەتۆ نەدەسرەوتی
شەپۆل لە دوای شەپۆل هاتی
بە عیشقەوە
دەتکرد ماچی هەنگاوی مە

**بەڵام هاورێ لە پاشی تۆ:**

نە خاک چرۆی گەنمی کوێر بوویەوە
نە خۆر زنە وکانی تیشکی
نە مانگ ژوانی بیر چوویەوە
نە لووتکە  قرمژنی چەک و ئاگردانی پر پریشکی
لەو رۆژەوە تاڤگە و رووبار
دوو دڵداریی عاشق و شەیدا
بوونە هاورێی هەمیشەیی دەریا
لەدەوری یەک کۆبوونەوە
بەستەی سروودێکیان نووسی
کەتا ئێستاش
مناڵانی رووت و برسی

ئەم سرووده دەڵێنەوە...

**ماڵپەری گیارەنگ**

-----------------------------------

سادقی شەرەفکەندی، وەک چیا سەر بلندی
ئەی هەڤاڵی تێکۆشەر، ئەی ورە و هێزی سەنگەر
جێی شانازی و تاجی سەر، ئەی شەهیدی بەختەوەر
سادقی شەرەفکەندی، وەک چیا سەر بلندی
سادقی شەرەفکەندی، وەک چیا سەر بلندی
تا ئازادی کوردستان، ئەم ڕێگا ڕێگەمانە
دەرس و ئامۆژگاری تۆ، مەشخەڵی ڕێگەمانە
ناوی بەرز و پیرۆزت، هەمیشە لە یادمانە
ناوی بەرز و پیرۆزت، هەمیشە لە یادمانە
سادقی شەرەفکەندی، وەک چیا سەر بلندی
سادقی شەرەفکەندی، وەک چیا سەر بلندی
ئامادەین هەر ساتو کات، بۆ گیان فیدایی و خەبات
خوێنی تۆ قەت وون ناکەن، پێشمەرگەی ئازای وڵات
سادقی شەرەفکەندی، وەک چیا سەر بلندی
سادقی شەرەفکەندی، وەک چیا سەر بلندی

-----------------------------------------

## کۆبانێ!

تۆ هێشتالە بەر زامی ژانی رابردووت هەڵنەستابوویەوە
تۆهێشتا چەمەری شینی دایکانی زگ سووتاوت نەبڕابۆوە
تۆ هێشتا ڕندۆکی هەوری چاوەکانت نەسڕیبۆوە
کە دیسان هاتن،
سەر لەنوێ برینیان لە زامی قووڵت ختسەوە
ئەمجارەشیان کە هاتن
بە هەمان ئالای ڕەشیی ڤیناوی دڵیان هاتنەوە
بە لووزەو و بە دەنگی پڕ لەترسی ئایەتەکانی ئاسمانی هاتنەوە
هاتن سەرلەنوێ،
هەناسەی خەندەکانی وەرزی سەرکەوتنت بخنکێنن
هاتن، هەڵالەی هەنگە کانت ژاراوی کەن
ئاگر لە پەپوولە ڕەنگاڵەکانت بەردەن
کە لەوەرزی پێگەیشتنی دار گێلاسەکاندا
بەدەم شنەوە سروودی مانەوەیان دەکوتەوە
هاتن تەزووی ماچ بە سەر لێوەکانتەوە داخ کەن
کۆبانێ!
منیش لێرە لە وڵاتی غەریبی دا،
ئەگەر،
بۆ مەرگی سووری ئەم بەهارەت نەگریم ،
چ بکەم؟
منیش ئێستا کە بوومەتە هەورێکی دڵگیراو،
ئەگەر هۆن هۆن بە سەرت دا نەبارێنم،

چ بکەم؟

٢٧ی جوونی ٢٠١٥

-----------------------------------

**٥ ساڵ بەسەر نەمانت دا تێپەڕی بەلام تۆ هەر ئەو ئەستێرەی پڕشنگدارەی کە بە دایم لە ئاسمانم دا دەترووسکەیەوە...**

بۆ رووحی ئەمریی کاک تەها عەتیقی

من ئەو دەنگەم: شۆڕش بۆ ژیان دەخوڵقێنم

ئەو قەڵەمەم: خەمی نان وگەنم وئازادی دەچێنم

چلۆن دەبێ باوەر بێنم

مەرگ هێندە چاو چنووک بێ

دەنگی نەرمو پر لە تاسەت بخنکێنێ،

هێند بەخیل بێ

ئەو قەڵەمە چاونەترسەت تێک بشکێنێ

دڵنیا بە

نەغمەی دەنگت

منالانی وەچەی تازە دەلاوێنێ

قەڵەمەکەت ئازادیمان بۆ دەنووسێ

مەڵۆ مەڵۆ گەنم دینێ

ئەتۆ شاخی،شاخ نامرێ .

ئەتۆ تاڤگەی

لەبەرزایی ئەم شاخەوە

هەمووڕۆژێ

دەرژێتە خوار، هەر هاژەت دێ

کەی بڕیار بوو بستێک لە خاکی غەریبی

دوایین مەنزڵگەی ژیانت بێ

تارام بگرە،بنوو هاورێ

لە هەر کوێ بی

لە سەر عەرز و

لەژێر گڵکۆ

لە گەڵمانی

لەبیرمانی...

---------------------------------------------

## فرین بە ئاسمانێکی تەماویدا.

### لە یادی چلەمین رۆژی کووژانەوەی مۆمی تەمەنی نەمر تەها عەتیقی دا

ئەو کاتە واپۆستی تەتەر

نامەبەری رێ یەکی دوور

زۆر پەشۆکاو،

ماندووشەکەت ،خۆی کردە ژوور،

بە دەستێکی لەرزۆکەوە، رەنگ بزرکاو

پسوولەی مەرگی تۆی دامێ،

بروام نەکرد

بڕوام نەکرد

رانەچڵەکیم،خۆم سڵ نەکرد،

کە بە پەلەو سەر لێشواو

خۆم گەیاندە لای ئەوانەی ئازیزت بوون

توێشەی هیوای داهاتووت بوون.

هەگبەی پڕی دەسکەوتت بوون.

خۆشتیان دەویست،خۆشت ویستن،

چاوپڕگریان سەیریان کردم!!

بروام نەکرد

بڕوام نەکرد،کاتێک لە وێنەتم روانی،

بزەی لێوتو زیتەزیتی چاوەکانتم،

لەرووناکیی کزەڵۆکەی

دوو مۆمی شێتی عاشق دا بەدیکردن،

قووڵ دەتروانی،

بروام نەکرد.

بڕوام نەکرد،

ئەوکاتەش وا،تابووتی ساردی بێ روحت

تاجە گوڵی رەنگ هەناریی داپپۆشیبوو،

تەرمت سەرمەست،لە بەرامەی بۆنی گوڵاو،

پیلووی چاوت بە ئارامی نابوە سەر یەک،

نمێکی تەر داپپۆشیبوو،

بروام نەکرد.

بڕوام نەکرد، ئەو رۆژەی واچەشنی هەڵۆ

دات لە شەقەی شاباڵی باڵ،

ئەردت جێهێشت،

ئاسمان ئاوسانی باران بوو،

ماتو بێرەنگ

بە بێ دەنگی بۆ غەریبیت

ئەسرینی بە کوڵی دەرشت،

بڕوام نەکرد،

بڕوام نەکرد،

کاتێ چوومە ژێر تابووتت،

سووک بووی هیندەی رووحی مناڵ.

هەستم بە قورساییت نەکرد

چەشنی پەپوولەی سووکە باڵ.

بروام نەکرد

ئەوکاتەش وا

ئالای پرشنگی خۆری کورد،

بوو بە خەڵات دایانپۆشی.

خۆری ئالا،

لە سەر دڵت بووبەچرا،بە رووناکی ،

بەئارامی رۆیان هێشتی،

عەرزلە باوەشی گرتی؛

بروام نەکرد.

بڕکو ژانی ئەم کۆچبارەت،

ئەودەمە بوو:

یەکەم کەس بم،ببمە پێشەنگ!

کرو بێدەنگ، پێمەرەیەک،

گڵوخۆڵی سەر گڵکۆکەت: برێژمەسەر

چۆنم وێرا!

مێژووی زیندووی سێ دەیە خەم،

سێ دەیە ژان،

سێ دەیە ئێش،حەشار بدەم،

بروام نەکرد،بە دەستی خۆم ،

خۆڵ بکەمە سەرمێژووی خۆم!!

بەلام ئەمرۆ کە دەبینم،

ئەوەی عەشقی کوردستانتی لە دڵ دایە،

ئەوەی بۆ نەورۆز و

بۆ بەهاری سەربەستی کورد،

دەمێک سەر مەست،دەمێک عاشق،

دەمێکیش شێت و شەیدایە

ئەوەی دەروێشی رێگاتەو ئەتۆی ناسی

لە رووباریی بەتەوژمی شەپۆلاویت،

کەوتە مەلە،

ئۆگرت بوو،وەکوو ماسی

ئا لێرەیە،

راوەستاوەکزو خەمبار،

دەست لە سەر دڵ،بە ملی لار

یادو سۆزیی،

ئەو ساتانە دەکاتەوە،

کە تۆی ناسیی

ئەو کاتەیە:

ئارامیشێک رووم تێدەکا،

ئۆقرە دەگرم.

بروا دێنم؛
کە کۆچباری ئەمجارەیەت،
راستەو،دەبێ بیسەلمێنم.
بە حەسرەتی ئەوکاتانەی،
شینمان یەک بوو.
دڵمان یەک بوو،
ژینمان یەک بوو،
خۆزگەو هیواکانمان یەک بوو.
بە سەفەری یەکجارەکیت،
خۆم رابێنم.
بەڵام هاورێم! ئارام بنوو،
وچان بدە،با شەکەتی رێت دەر بچێ.
زۆرت جەور کێشا،بۆ گەل
زۆرت جەفا هاتە سەر رێ.
زۆر بێ مرادسەفەرت کرد،.
زۆر ئاواتت وەدی نەهات بردتە ژێر گڵ،
بەئارامی سەر بنێوە،
وچان بدە،
چاوەکانت بە ئارامی بخە سەر یەک،
بەهەر چرکە لە ساتێکی ئەو سی ساڵە،
بەڵێنی بێ،
لە هەر شوێنێ پێشمەرگەیەک،
گوڵێکی سوور
لە پەنجەرەی دڵی کەوتبێ،
لە هەر شوێنێ مەتەرێزێک

خوێنی گەشی پێشمەرگەیەک،

نەخشی کرد بێ،

ئەو کاتەش وا، کە پێنووسی مێهرەبانت

ڕستە ڕستە لە جوامێری،

لەگیانبەخشی،لە گەورەیی

پێشمەرگەکانی خۆر دەدوێ

ئەوزەمەنەش،دەنگی زوڵاڵو ئارامت

شەپۆل شەپۆل، فرمێسک فرمێسک،

ئاهەنگی شین،

هیندێ جاریش،گۆرانی ژین،

بە کوڵ دەچڕێ،

یادت بکەم

بەڵێنی بێ.

لە مەجلیسێ، لە کۆزیلەی هەر میوانی یەک،

لەگۆوەندورەشبەڵەکی هەرشایی یەک

یادت بکەم.

لە سەر کانیو لە کەناری هەر رووباری،

لە سەر دووندولە بناری هەر چیایێ

یادت بکەم،

لە هەر شوێنێ،

چرکەکانمان گرێ دەدا

چەلی وابوو بە ناو زاری هەژدیهاداو،

هێندێک جاریش لە ناو نوێنی خەونەکاندا

ساتەکانمان تێپەر دەکرد.

یادت بکەم، سەر دانوێنم.

کرنۆش بەرم،

باوەش بە رووحتدا بێنم.

بڵێم:

هاوڕێم،یادت بە خێر،

هەزاران جار یادت بە خێر

یادت بە خێر

یادت بە خێر

سەرچاوە: ماڵپەری گیارەنگ - ڕێکەوتی: ١٠ی فێبریویری ٢٠١٠

--------------------------------------------

## داگیرسانی مۆمێک

### بۆ رووحی نەمریی کاک تەها عەتیقی

من ئەو دەنگەم: شۆڕش بۆ ژیان دەخۆڵقێنم

ئەو قەڵەمەم: خەمی نان وگەنم وئازادی دەچێنم

چلۆن دەبێ باوەر بێنم

مەرگ هێندە چاو چنووک بێ

دەنگی نەرمو پر لە تاسەت بخنکێنێ،

هیند بەخیل بێ

ئەو قەڵەمە چاونەترسەت تێک بشکێنێ

دڵنیا بە

نەغمەی دەنگت

منالانی وەچەی تازە دەلاوێنێ

قەلەمەکەت ئازادیمان بۆ دەنووسێ

مەلۆ مەلۆ گەنم دینێ

ئەتۆ شاخی، شاخ نامرێ.

ئەتۆ تاڤگەی

لەبەرزایی ئەم شاخەوە

هەموو رۆژێ

دەرژێتە خوار، هەر هاژەت دێ

کەی بڕیار بوو بستێک لە خاکی غەریبی

دوایین مەنزلگەی ژیانت بێ

تارام بگرە،بنوو هاورێ

لە هەر کوێ بی

لە سەر عەرز و

لەژێر گلکۆ

سەرچاوە: ماڵپەری گیارەنگ - رێکەوتی: ٣ی ئەپریلی ٢٠١١

-------------------------------------------

## شینێک بۆ پەپوولە باڵ سووتاوەکانی "شیناوێ"

ئەمرۆ گۆلە سپی یەکانی "سپی رێز"

گولالەکانی" سپی سەنگ"

لە ماتەمی هەلقرچانی پەپوولە کانی "شیناوێ"

تێکرا بەرگی رەشیان پۆشی،

شینیان گێرا بەکوڵ گریان

بە خەڵووزی جەستەی ڕەشیان

لەسەر تەختە ڕەشەی قوتابخانە

ڕستە ڕستە

"خەم"یان نووسی

قوتابخانە ئەمرۆ بۆتە

هەزیایەکی چاوچنووکی هاری برسی

هەرنێڵەی دێ

هەر گرفەی دێ

سووتمانەکەی

چەند کوڵمەیەک لە پەری گوڵ

خەرمانەیەک لە ئاوریشم و لە قژی لول

ئاوردووکەی

هاوار و رووحی ترساوی پۆلێک پەپوولەیە

هەر پەنجەیە،ئاور دەگرێ و هەڵدەوەرێ

هەر جەستەیە بۆتە مەشخەڵ

گری گرتوە بۆ چرووکی لێ هەڵدەستێ

هەر خونچەیە دەزریکینێ .دەقیژێنی

دەم و لێوی هەڵدەقرچێ

ئاسمان ئەمرۆ هەر ڕەش دەچێ

ترسناکە

جگە لە سووتانی گۆشت و لە دووکەڵ و لە رەنگی ڕەش

هیچ بۆنی تر ،هیچ ڕەنگی گەش

بەدی ناکرێ

خۆر خەمناکە

خۆر تاریکە

یەک ئەستێرەش رووی تێناکا

پەپوولەکانی "شیناوێ"

لەتاو ئازار

پێکەنینی لێوەکانیان زیزە

چاوەکانیان داخراوە

بێ برژانگە

پەنجەکانیان قەڵەم ناگرێ

ئیتر حەزیان لە نووسین نێ

بێزوو بە نەققاشی ناکەن

ئەمرۆ شەوقی سەمایان نێ

ئەمرۆ هێزی فڕینیان نێ

نە ئاڵە بووک،

نە بووکەڵەی ڕەنگاو ڕەنگ و نە مۆسیقا،نە گۆرانی

نە رەنگی گوڵ، هیچکامێکیان شادیان ناکا،

هیچکامێکیان شادیان ناکا

شادیان ناکا...

سەرچاوە دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٨ی دێسەمبەری ٢٠١٢

-----------------------------------------------

## وەچەی دوای قاسملوو

ئەو رۆژە دێ
منالانی دەم بەخەندەی وەرزی گێلاس
کرۆکاڵی بەختەوەری وەچەی پووشپەر
بە بێ هەراس
بۆ خوێندنەوەی دیر بە دێری مێژووی سووریان
پۆل پۆل برۆن بچنە چیا
ڕوو لە هۆزی هەڵۆ بکەن
هەتا ژینی بڵێندایی و سەرلووتکەیان بۆ باس بکەن
لە شاخە پیرەکان بپرسن
چۆنە ئاوا خۆڕاگر و چاو نەترسن؟
رووبار و تاڤگە بدوێنن
لەکێ فێری نەسرەوتن بوون، ئارام نەگرن؟
بێشکەی باران ڕاژێنن
بە ئەسپایی بە گوێچکیلەی دا بخوێنن
چۆن توانیوێ
لووتکەی بەرزی بەخشەندەیی ببەزێنێ؟
دارە بەڕووی بەساڵاچووی قەدپاڵی شاخ بێننە زمان
تا ئەو ڕازە بدرکێنێ
چلۆن توانی خۆ لە شاڵاوی گەردەلوول لادا،
بەرگەی "ڕەشەبا" بگرێ
چۆک بە گڕ و تۆفان دادا؟
چاک دەزانم هەر هەموویان

وەڵامێکی ڕوونیان پێ یە:

ڕەمزو رازی بەرزە فریی،

راوەستان و بەخشەندەیی

نەسرەوتن و خۆراگریی

قاسملوویە

قاسملوویە

قاسملوویە

سەرچاوە دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ١٢ی جوولای ٢٠١٢

---------------------------------------------------

## "مەحەممەدی نەزەری"

ئەی ئەستوورەی داری ئیرادە

بەفری تەمەن،

کلوو کلوو بەسەر ئاسمانی بوونت دا دەبارێ

هێدی هێدی دەکەوێتە سەر داری تەمەنت

تۆ هەر باڵا دەکەی

سەرلە بەرزیی ئاسمان دەسوێ

هەمووڕۆژێ

تاڤگەیەک لە تیشک

لە توێی لکو پۆپەکانت

دەرژێتە ناوتاریکی

تۆ ڕووناکی دەبینی

زیندانەوانیش تاریکی ...

بای سروە

بە ناولکەکانت دا تێهەڵدەکات

هەتا جاری دووبارە ژیانەوە بدات

هەروا بە پێوە بە ئەی داری بێ هاوتای ژین

ئەی سنەوبەری باهۆز بەزێن

ئەی چناری قامەت بەرزی شۆخو شەنگ

ئاشقە شێتەکانت

یادت دەکەنە ڕەمز،

شەتڵی هیوای ئەم نەبەزینت،

چڵ بە چڵ لە دێراوی سەربەستیی دا دەچێنن

تۆدەمێکە،

ئاوێتەی ڕووناکی بووی

ڕووناکی ناشکێ

ڕووناکیی ناچەمێ

تۆ بەرەو لووتکەی بەرزی ئازادیی ئەم خاکە دا

سەردەکەوی...

-----

" مەحەممەدی نەزەری"

سەمبولی ئێرادەی لەشکان نەهاتووی گەل، ٢٤ ساڵە زیندانی بەچۆک داهێناوە، نیزیک بە سێ مانگە مانی لە خواردن گرتوە... مان ناشکێنێ هەتا مل بۆ خواستەکانی نەوی نەکەن.

با هەموومان هاواری خۆراگریی مەحەممەدی نەزەری بین....

٣ی نۆڤەمبەری ٢٠١٧

## یادت هەرمان هاوڕێ

گەورەم
سپی ترم لە زستانی بێ تۆیی دا
خەمگین ترم لە کۆچی غەریبیت دا
لەوەتەی بۆ ناو ئاگردانی شۆڕش هاتی
هەرچی ڕۆژە
ڕۆمانی خاکەڕاییت دەخوێنمەوە
پەیڤەکانی بەخشەندەییت دەگێڕمەوە...
زۆر جار کە لێت ڕادەمێنم
تەبێکی سارد دەمسووتێنێ
تراویلکەم لە بیابانێکی قاقڕدا
شەپۆلانت دەمڕفێنێ
خۆزگە لە دوای ئەم کۆچەت دا
پاپۆری تۆفاناوی دڵم
کەناراوێکی شک دەبرد لەنگەر بگرێ
خۆزگە سۆمای چاوەکانم
تیلماسکە ڕووناکێکی
لە هیوا مەییوەکانی تۆی تێگەڕێنێ
چ ڕێکەوتێکي نامۆیە
لە ئاگردانی بەفرانبار
لەدوای هەرەسهێنانی کۆمار
چاوی بیردۆزیت هەڵێنی
لە خۆراوابوونێکی خەمگینی هەمان وەرزیش

بۆ هەتایە

چاوی پڕ ئەوینت بنووقێنی...

-----

یادت هەرمان هاوڕێ

٢٧ی دێسەمبەری ٢٠١٩

----------------------------------

## ژانێک بە روحی بریندارى شارێکەوە

ئاوازی: بێهجەت یەحیا

سی ساڵە تەزوویەکی ســـڕ بە جەستەمدا دێتو دەروا و دەگەڕێ، سی سالە روحم بۆتە پەڕەسلێرکەیەکی بێ ئۆقرە بە ئاسمانی تەماوی شارەکەم دا خوڵ دەخوات، سی ساڵە خەم و ئازار ی شاری ساڵ دوازدە مانگ چاو بە فرمێسکم لە ئامێز گرتوەو بۆساتێکش بۆم ژێر نابێتەوە ...

ئەمرۆ دایکانی شارەکەم جارێکی تر شیوەن دەکەن ئەمجارەیان بۆ ٥٩ ڕۆڵەی شەهیدی لەسێدارە دراوی شار، منیش لیرە لە ولاتی غەریبدا لە گەڵ نەغمەی پەنجەیەکی گریاناوی کەمانچە ژەنێکی شین پۆش هاوار دەکەم، هاوار دەکەم پڕ بە دنیا هاوار دەکەم هۆ خەڵکینە! هۆ خەڵکینە! لە کوێ یە ڕوح؟ لە کوێ یە دڵ؟

ئێستا لە وێ لە نێو تابووتی نارنجی خۆرنشینی شارەکەمدا

پەنجا و نۆ مناڵم. پەنجاو نۆ جگەرم

سەت و هەژدە چاوم، سەت و هەژدە گوێچکەم

هەزار و سەت و هەشتا پەنجەی هەر دو دەست و هەر دوو قاچم بە یەکەوە هەڵدەوەرێن
ئێستا لە وێ
لە نێو تابووتی نارنجی خۆرنشینی شارەکەم دا
پەنجا و نۆ منالم . پەنجاو نۆ جگەرم
بە جاجمی خەزانێکی ئەم پایزەم
یەواش یەواش دادەپۆشرێن...
ئەی شین پۆشی کەمانچە ژن!
بم بەرەوە:
ئێستا لە وێ گەڕەک هەوالم دەپرسێ
شەقام چاوم بۆ دەگێڕێ
کۆلان بە دوامدا دەگەرێ
پۆستی تەتەر
بە هەر دوو دەست
لە دەروازەی مالە کۆنەکەمان دەدات
ئێستا لە وێ "داشامەجید"
پەنجا و نۆ نێرگزی شەهیدی تر دەدا لە سەر
ئیستا لە وێ "زاوابووکم"
پەنجاو نۆ کراسی هەلالەی تر دەکاتە بەر
پەنجاو نۆ جووت گوارەی گوڵە باخم دەکاتە گوێ
لە سەر گومبەزی بەر هەتاوی "بداغ سوڵتان"
پەنجاو نۆ یاقووتی سوور دادەنێ
لە سەر هەر چڵێکی "تاقەدار"
پەنجاو نۆ چرا دادەگیرسێنێ
لە سەر گەڵکۆی "پێشەوا"
پەنجاو نۆ مۆمی تر دەسووتێنێ

دوڵ دوڵ وەرە بم بەرەوە، بۆ وڵاتی

ساڵ دوازدە چاو فرمێسکاوی

بۆلای درەختی مل بە کوێن

بۆ لای بەفری پرچ خوێناوی

هاوار هاوار هاوار هاوار

لە کوێ یە رووح

لە کوێ یە دڵ

لە کوێ یە دەم


لە کوێ یە گوێ

ئەی پۆستی نوێ... ئەی پۆستی نوێ...

**ئەم هونراوەیە بە شیوەی دەنگ لە یوتوب دا بڵاوم کردۆتەوە تێکەڵاوێکە لە هەستی خۆم و لە هۆنراوەی مامۆستا شێرکۆ بێکەس کە هونەرمەند بێهجەت یەحیا ئاوازی لەسەر داناوە...**

----------------------------

## وێنەیەکی زیندوو و ئاواتێکی کۆچکردوو



پاش ساڵانێکی درێژ دابران لە "دایە مەلەک" هەلێک رەخسا وبەهاری ساڵی ٢٠٠٣ی زایینی لە تاراوگە بە دیداری شاد بوومەوە، لەو ماوە کورتەدا کە لەلام مایەوە پاشنیوەرۆیەکی بردمە گۆرەپانی "گەلان" لە شاری "ژنێڤ"

کاتێ هاتە ئەو گۆڕەپانە و بۆ یەکەم جار چاوی بەو گشتە ئاڵایە کەوت کە لە بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکان دەشەکەیتەوە، فرمێسک بە چاوانی دا هاتنە خوار، هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا، بە حەسرەتەوە رووی تێکردم و کووتی:

رۆڵە! تۆ بڵێی هەموو ئەو بەیداخانەی کە ئاوا بەسەربەستی دەشەکێنەوە هێندەی کورد خوێنیان لە پێناوی دا رژابێ؟ تۆ بڵێی رۆژێک دابێ تۆ و منداڵەکانی تۆ ئاڵای کوردستان لە ریزی ئەو ئاڵایانەدا ببین؟

لە کاتێکدا بوغز گەرووی گرتبووم رووم تێکردو کوتم:

خەمت نەبێ دایە مەلەک ئاخری یەکەی "رۆژ"ی کوردیش هەر هەڵدێ و "ئاڵای کوردستان"یش درەنگ یا زوو دێتە ریزی ئەم ئاڵایانە و هەموومان بە چاوی خۆمان ئەو رۆژە دەبینین...

بەدەم ئەو پرسیارەی دایەمەلەک دا کەوتمە یادی هۆنراوەیەکی کورتی "شاملوو":

ئاخری یەکەی شەوێک

مانگ هەر دیتەدەرێ

تریفەی لە باڵای شاخ دەسوێ

بە سەر شیو و دۆڵ، بەسەر ئەم گورەپانە دا

بە پێکەنینەوە تێدەپەڕێ...

٩ی جانێوێری ٢٠١٣

-----------------------------------------

سەرچاوەی بابەتەکان: دیواری فەیس بووکی نووسەر

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

بانەمەڕی ٢٧٢٠ی کوردی - ئەپریلی ٢٠٢٠ی زایینی

## داگیرسانی مۆمێک بۆ یادەوەری یەکانی خوسرەو

من هاوڕێیەکم ناوێ کاتێ کوتم دەرۆم پێم بڵێ مەرۆ. بەڵکوو گیانم فیدای ئەو هاوڕێیە دەکەم کاتێ کوتم دەرۆم بڵێ: پەلە مەکە، لە سەرم راوەستە و منیش لە گەڵت دێم...




**خوسرەو! براجوامێرە جوانەمەرگەکەم!**

٢٨ی خەزەڵوەری هەموو ساڵێک مۆمێک بۆ یادەوەری یەکانت دادەگیرسێنم. ٢٩ ساڵ لەکوژانەوەی مۆمی تەمەن و لە مەرگی تاڵ و دڵتەزێنت رادەبرێ.ساڵی ١٣٦١ی هەتاوی لە ئێوارە پاییزێکی سارد و بەستەڵەک لە کوێستانی "بۆگەنیوە"ی نیزیک "سیاقۆڵ"ی ناوچەی مەنگورایەتی مەهاباد لە تۆفانێکی لەنەکاو وکوت و پڕی بەفر و کڕیوە دا لێت دەقەومێ، تەنیا نۆختەی هومێدت یارمەتی هاورێکانتە کە جێت ناهێڵن و لەم دۆخە تاڵە رزگارت دەکەن، ئەوەی تۆ لە ساتە سەختەکاندا بۆ ئەوانت کردبوو. بەڵام مەخابن ئەوان دەرۆن... لەم چۆڵەوانی یەدا بە تەنیا

دەمێنێتەوە. زەمەن چەق دەبەستێ و چرکەکان زۆر بە دژواری تێدەپەڕێن.شەوت بە سەردادێ، تاریکی، کریوە، گڤە گڤی با، لوورە لووری گورگ، سەرما، برسێتی وتەنیایی دەست دەدەنە دەستی یەکتری و گەلەکۆمەکیت لێدەکەن و پریشکەکانی هومێدت دانە دانە پەلامار دەدەن. قتماخەی زامی برینە کۆنەکانت سەرلەنوێ دەکولێنەوە ئازار هەموو جەستەت دادەگرێ، سێبەری شوومی مەرگ تا دێ بەسەرت دەکشێ. پلێتەی چرای هومێد و ئاواتەکانت لە داکشان دایە و رووناکی بیرو ئەندێشە بەرزەکانت لە کزی دەدا. دوایین هەوڵ و تەقەللات بۆ رزگاری لە چنگ دیوەزمەی سەرما و رەق هەڵاتن لە تۆفانی دۆزەخی بەفر وکریوە دەخەیە گەر، دوایین فیشەکی خەشابی تفەنگەکەت دەتەقێنی کە هاورێکانت ئاگادار کەیەوە و پێیان بڵێی هێشتاش درەنگ نەبوە هەر زیندووم، چرۆی ژینم هەڵنەوریوە و مۆمی تەمەنم هێشتاکانە نەکووژاوەتەوە... فریام کەون و لەم تاریکەسەلاتە رزگارم کەن...

به تەنیا جێم مەهێلن ئەم شەو زریان دەمچێنێ
تەم و مژ دامدەپۆشێ مانگەشەو دەمرفێنێ ...

خەسارێکی گەورە و مەرگێکی جەرگهەژێن بەڵام پرانی لە ئەزموون و وانە، لە بەر ئەوەی چاک دەزانم ئێمە لە جیهانێک دادەژین کە گۆی زەوی رۆژێ دوو جار بە دەوری خۆی دا خول دەخواتەوە و هەربەوپێیەش سۆزو بەڵێنیی یەکان زۆر جار لایەنی کرداری بە خۆیانەوە نابین و دەبنە بادی هەوا و هەروا سەرزارەکی دەمێننەوە. هەربۆیەشە ئەزموون پێتدەڵێ تەنیا لە کاتە سەخت و تەنگەژەکاندا هاورێیەتی و هاوڕێ بوون رووخساری راستەقینەی خۆیان دەردەخەن و لە مەحەک دەدرێن...

یادت بە خێر بێ برا جوانەمەرگەکەم

(خوسرەو بە هۆی چاو نەترسی، ئازایەتی و باوەر بە رێبازی کوردایەتی بوو بە ئەندامی چالاک و هەڵبژاردەی ئەو تیمە لە پێشمەرکەکانی هێزی "شەهید پێشەوا" کە بۆ هەڵایسانی چەخماخەی خەباتی چەکداری لە جەنگەڵەکانی باکووری ئێران لە لایەن رێبەرایەتی حیزبەوە مەمورییەتی پێدرابوو)

٨ی نۆڤەمبەری ٢٠١١






## بۆ دایکم

ئەو شەوەی هەگبەی سەفەرت تێکنا
لە نیگامدا یەک بە یەکی ئەستێرەکان کوژانەوە
نەتەنیا خۆم و تەنیاییم
وشەکانیشم بێنازی دایک مانەوە
پەیڤەکانم سڕ بوون
چوون لە هەناوی ساردی مانگەوە
خامەم زمانی کلیل کرد
کاتێ دەفتەرەکەم داخست،
تۆم دیت،
لە لێواری ئەستێرێک دانیشتبووی
ژانی ژن بوونی خۆت
لە گەڵ ماسی یە وردیلەکان دابەش دەکرد...
لەودەمەدا،
هەوری هزرم چەخماعەی دا،
شێعرم نمە نمە باری.
شێعر یانی ....... ئاو
شێعر یانی......... ئەستێرک
شێعر ............. یانی ماسی
شێعر یانی........ دایە مەلەک...
-----
دایە مەلەک: هەموو ساڵێ لەم وەرزەدا دا بە خەیاڵی بینینەوەت دێمەوە و دەستی پیرۆزی ئازارەکانت ماچ دەکەم...

